زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# دەلالەتەکانی شوێن لە دەقەکانی (نەوزاد ڕەفعەت)دا

**نامەیەکە**

پێشکەش بە ئەنجوومەنی کۆلیژی پەروەردە لە زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر کراوە
وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا

**لە لایەن**

**ماریا جەلال عەبدولمحەمەد**

بەکالۆریۆس- زانکۆی سەلاحەدین - ٢٠٠٤

**بە سەرپەرشتی**

**پ. د. سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی**

**ڕەزبەر ٢٧١٥**

# بەڵێنامە

من بەڵێن دەدەم کە ئەم ماستەرنامەیەکە ناونیشانەکەی بریتیە لە (***دەلالەتەکانی شوێن لە دەقەکانی (نەوزاد رەفعەت)دا***) هەمووی کاری ڕەسەنی تاکە کەسی خۆمە. جگە لەو جێگایانەی کە بە ئاشکرا ئاماژەم پێکردووە، هەموو نووسینەکان و ئەنجامەکان توێژینەوەی سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لە هیچ شوێنێک بڵاوم نەکردۆتەوە و پێشکەشی هیچ شوێنێکم نەکردووە بۆ ئەوەی بڕوانامەیەکی پێ وەربگرم. بەڵێن دەدەم لە هەر جێگایەک شتێکم وەرگرتبێت ئاماژەم بەسەرچاوەکەی کردووە.

واژوو:

ناوی قوتابی: ***ماریا جەلال عەبدولمحەمەد***

بەروار:

# پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیە لەژێر سەرپەرشتیاری من ئامادەکراوە و نووسراوە و نێردراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لەپسپۆری ئەدەبی کوردی من پشتگیری دەکەم و ڕازیم کە بەمشێوەیەی ئێستا پێشکەشی لیژنەی تاقیکردنەوە بکرێت.

ناو: **پ. د. سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی**    واژوو:

بەروار: ٢٠١٥/٧/١٢

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستیەکان جێبەجێ کراوە و هەروەها ئاماژە بەپشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار، من ئەم نامەیە دەنێرم بۆ گفتوگۆ.

واژوو:

ناو: **د. گۆران سۆران عزالدین فەیزی**

سەرۆکی بەشی کوردی

بەروار: ١٢ / ٧ / ٢٠١٥

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستیەکان جێبەجێ کراوە، بۆیە ڕازیم کە ئەو نامەیە بنێردرێت بۆ گفتوگۆ.

بەرپرسی خوێندنی بالا لەکۆلێژ

واژوو:

ناو: **پ. ی. د. محەمەد قادر خورشید**

بەروار: ٢٠١٥/٧/١٢

## بڕیاری لیژنەی تاقیکردنەوە

ئێمە وەکو لیژنەی تاقیکردنەوە، ئەو ماستەرنامەیەمان کە ناونیشانی بریتی بوو لە: (***دەلالەتەکانی شوێن لە دەقەکانی (نەوزاد رەفعەت)دا***) خوێندەوە و قوتابییەکەمان بە ناوی (***ماریا جەلال عەبدولمحەمەد***) بوو، لە ناوەڕۆکەکەی تاقیکردەوە. ئێمە بڕیار دەدەین کە پێداویستیەکانی بڕوانامەی ماستەری لە پسپۆڕی ئەدەبی کوردیدا تێدایە.

واژوو :
ناو: **پ.ی.د.شنۆ محمد محمود**
ئەندام
بەروار: / /٢٠١٥

واژوو:
ناو: **پ. ی. د. پەخشان صابرحمد**
ئەندام
بەروار: / /٢٠١٥

واژوو :
ناو: **پ.د.سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی**
ئەندام و سەرپەرشتیار
بەروار: / /٢٠١٥

واژوو:
ناو: **پ. ی. د. نوزاد وقاص سعید**
سەرۆکی لیژنە
بەروار: / /٢٠١٥

واژوو:
ناو: **پ. ی. د. سعید عمر ابراهیم**
ڕاگری کۆلیژی پەروەردە - بریکار
زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر
بەروار: / / ٢٠١٥

هەواڵنامەی کتێب

# پێشـــــكەش

ئەم نامەیە پێشكەشە بە:

- باوك و دایك و خوشك و براكانم.
- هەموو خزم و دۆست و هاوڕێیانم.
- هەموو ئەو مامۆستا و بەڕێزانەی کە لە خوێندنی ماستەردا وانەیان پێ وتینەوە، زانیاری بە سوودیان فێرکردین.
- هەموو ئەو کەسانەی تامەزرۆی زانست و زانیاریین.

هەواڵنامەی کتێب

# سوپاس و پێزانین

سوپاس و پێزانینم بۆ:

- سەرۆکایەتی بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردە زانکۆی سەلاحەددین
- بەڕێز مامۆستای سەرپەرشتیاری نامەکەم (پ.د. سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی) کە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی نامەکەی گرتە ئەستۆ و بە سەرنج و تێبینی و پێشنیارەکانی ڕێی بۆ خۆش کردم لە بەئەنجام گەیشتنی نامەکەدا یارمەتی داوم. هەروەها لە دەستخستنی چەندین سەرچاوەی گرنگ هاوکاری کردووم.
- مامۆستا و شاعیری بەڕێز (نەوزاد ڕەفعەت) کە لە ڕوونکردنەوەی هەندێک بابەتی پەیوەندیدار بە دەقەکانییەوە هاوکاری کردم.
- مامۆستای بەڕێز (مەولود ئیبراهیم) کە بە دڵێکی فراوانەوە وەڵامی چەند پرسیارێکی دامەوە.
- ڕێزی تایبەتم بۆ دایک و باوک و خوشک و براکانم کە هەر یەکەیان لە بواری جیاوازدا بە پێی توانای خۆیان یارمەتییان داوم.
- مامۆستای بەڕێز (م. شوکر سلێمان) کە لە وەرگێڕانی دەقە عەرەبییەکان و لە چاپکردنی نامەکەدا هاوکاری کردم.
- هاوڕێی بەڕێز و خۆشەویستم (م.کەژاڵ عەبدولقادر عوسمان) کە لە دەستخستنی چەندین سەرچاوەی گرنگدا یارمەتی داوم.

# پوختەی لێکۆڵینەوەکە

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی (دەلالەتەکانی شوێن لە دەقەکانی (نەوزاد ڕەفعەت)دا هەوڵێکە بۆ خوێندنەوە و بەدواداچوونی ئەو واتاو و مەبەستانەی کە شوێن لەنێو دەقدا بەخۆوەی ئاوێزان کردووە. باسی لە گەورەیی و دەسەڵاتی شوێن کردووە لای مرۆڤ بە گشتی و لای شاعیر بە تایبەتی. توێژینەوەکە لە سێ بەش پێکهاتووە.

بەشی یەکەم لە پێنج تەوەر پێکهاتووە، لە تەوەری یەکەمدا چەمکی شوێنی لە ڕوانگەی تێگەیشتنی هەندێک لە فەیلەسووفانەوە باس کردووە، تەوەری دووەم باسی لە (شوێن) لە نێو دەقی شیعریدا کردووە. لە تەوەری سێیەمدا دەسەڵات و دەلالەت و ناسنامەی شوێن بە شێوەیەکی گشتی باس کردووە. تەوەری چوارەم باسی لە پەیوەندی کات و شوێن کردووە و، کاریگەری هەریەکەیان بۆ سەر یەکتری ئاشکرا کردووە. تەوەری پێنجەم باسی لە ڕۆڵی شوێن لە ژیانی مرۆڤدا کردووە. کاریگەری هەریەکەیان بۆ سەر یەکتری باس کردووە.

بەشی دووەم لە دوو تەوەر پێکهاتووە. تەوەری یەکەم باسی لە دوالیزمی شوێن کردووە، گرنگیمان بە دەست نیشانکردن و شیکارکردنی ئەو دەقانەداوە کە دوالیزمی شوێن تیایدا حوکم دەکەن. چەند جۆرێک لە دوالیزمی شوێنیمان دیاری کردووە. پەیوەندی شاعیری لەگەڵ شوێندا ئاشکرا کردووە. ئەوەی ئاشکرا کردووە کە هەڵچوون و داچوونە دەروونییەکانی شاعیر ڕۆڵیان لە دەرخستنی شوێن لە شێوەی دوالیزمدا لەنێو دەقدا هەبووە. تەوەری دووەم گرنگی بە مرۆڤ کردنی شوێن داوە. سیفەتە مرۆییەکانی شوێنی ئاشکرا کردووە. هەروەها ئەو دەقانە شیکار کراون کە شوێن سیفەتی مرۆیی پێبەخشراوە و وەکو مرۆڤ دەرکەوتووە.

بەشی سێیەم باس لە ڕەهەندەکانی شوێن لە دەقەکانی (نەوزاد ڕەفعەت)دا دەکات. کە خۆی لە پێنج ڕەهەنددا دەبینێتەوە. کە بریتین لە ڕەهەندەکانی (دەروونی، کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی، مێژوویی، ئەفسانەیی). شوێن ڕەنگدانەوەی واقیعی بابەتیانەیە بەسەر ئەندێشەی شاعیردا، بۆیە شوێن لەنێو دەقدا لە چەمکی جۆراوجۆردا ڤاڵا نییە. ناسنامەی شوێن لەنێو دەقەکانی (نەوزاد رەفعەت)دا دەردەخات. سەرەتا بە شێوەیەکی تیۆری باسی لە شوێن کردووە کە هەڵگری ئەو جۆرە ڕەهەندانەیە، دواتریش ئەو دەقانە شیکار کراون کە شوێن بەو ڕەهەندە جۆراو جۆرانەوە لە دەقدا خۆی دەرخستووە.

لە کۆتاییشدا ئاماژە بە گرنگترین ئەو ئەنجامانە دراوە کە لێکۆڵەر لە میانی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکەدا پێی گەیشتووە. دواتر لیستی ناوی ئەو سەرچاوانەی کە لە نووسین و بە ئەنجام گەیاندنی لێکۆڵینەوەکەدا بەکارهاتوون، خراوەتەڕوو.

هەواڵنامەی کتێب

## ناوەرۆک


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| بەڵێنامە | II |
| پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار | III |
| بڕیاری لیژنەی تاقیکردنەوە | IV |
| پێشـــــکەش | V |
| سوپاس و پێزانین | VI |
| پوختەی لێکۆڵینەوەکە | VIII-VII |
| ناوەرۆک | X-IX |
| پێشەکی | ١-٧ |
| بەشی یەکەم: چەمک و پێناسە و ئیستاتیکای شوێن | ٨-٣٥ |
| تەوەری یەکەم: چەمکی شوێن | ٨ |
| ا-چەمکی فەلسەفی شوێن | ٨ |
| ب- چەمکی هونەری شوێن | ١٢ |
| تەوەری دووەم: ا- شیعر و شوێن | ١٥ |
| ب- واقیعیەتی شوێنی شیعری | ١٩ |
| تەوەری سێیەم: ئیستاتیکای شوێن | ٢٠ |
| تەوەری چوارەم: جەدەلیەتی کات و شوێن | ٢٥ |
| تەوەری پێنجەم: مرۆڤ و شوێن | ٣٠ |
| بەشی دووەم: دوالیزمەکانی شوێن لە دەقەکانی (نەوزاد رەفعەت)دا | ٣٦-٨٠ |
| تەوەری یەکەم: ا-دوالیزمی شوێن | ٣٦ |
| ب- دوالیزمی شوێن لە دەقەکانی (نەوزاد رەفعەت)دا | ٣٨ |
| ١- دوالیزمی شوێنی دەرەوە و ناوەوە | ٤٠ |
| ٢- دوالیزمی شوێنی تەنگەبەر و فراوان | ٤٥ |
| ٣- دوالیزمی شوێنی هۆگر و بێ ئۆقرە | ٤٨ |
| ٤- دوالیزمی شوێنی تایبەتی و گشتی | ٥٥ |
| ٥- دوالیزمی شوێنی چۆڵ و قەرەباڵغ | ٥٦ |
| ٦- دوالیزمی شوێنی ژیان و مردن | ٥٩ |


هەواڵنامەی کتێب

| | |
|---|---|
| ٧- دواليزمی شوێنی گەورە و بچووک | ٦١ |
| ٨- دواليزمی شوێنی باو و ناباو | ٦٢ |
| ٩- دواليزمی شوێنی بەرز و نزم | ٦٤ |
| ١٠- دواليزمی شوێنی ئاسمانی و زەمینی | ٦٥ |
| ١١- دواليزمی شوێنی فریادڕەس و فریودەر | ٦٦ |
| ١٢-دواليزمی شوێنی ڕەش و سپی | ٦٨ |
| تەوەری دووەم:ا- بە مرۆڤ کردنی شوێن | ٧٠ |
| ب- بە مرۆڤ کردنی شوێن لە دەقەکانی (نەوزاد ڕەفعەت) دا | ٧٣ |
| بەشی سێیەم:ڕەهەندەکانی شوێن لە دەقەکانی (نەوزاد ڕەفعەت)دا | ٨١-١٤٣ |
| ١- ڕەهەندی دەروونی | ٨٤ |
| أ- نوستالیژیای شوێن | ٨٤ |
| ب-هەڵاتن لە شوێن | ٩٣ |
| ت-لاواندنەوەی شوێن | ٩٨ |
| ٢- ڕەهەندی کۆمەڵایەتی | ١٠٣ |
| ٣- ڕەهەندی نەتەوەیی | ١١٠ |
| ٤- ڕەهەندی مێژوویی | ١٢٥ |
| ٥- ڕەهەندی ئەفسانەیی | ١٣٥ |
| ئەنجام | ١٤٤ |
| سەرچاوەکان | R١٥٤-R١٤٦ |
| پوختەی نامەکە بە زمانی ئینگلیزی | ii-i |


هەواڵنامەی کتێب

# بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

## پێشەکی

شوێن پێکهاتەیەکە هاوڕێیەتی هەموو شتێک دەکات. هەموو تەنێک دەتوانێت ببێت بە شوێن بۆ تەنێکی دیکە. چەمکی شوێن هەموو شتێکی داگیرکردووە. هەر بۆیە فەیلەسووفان سیفەتی ڕەهایی دەدەنە پاڵ شوێن و پێیان وایە شوێن شتێکی ڕەهایە. هەر تەنێک شوێنی نەبێت، بوونی نییە. چەمکی (شوێن) و چەمکی (بوون) هاوتەریبن.

سەبارەت بە مرۆڤیش بەو شێوەیە. شوێن بە مرۆڤەوە نووساوە، چونکە شوێن پەیوەندی بە هۆشی مرۆڤەوە هەیە. مرۆڤ هەمیشە ژمارەیەک لە وردەکارییانەی شوێن لە هەست و سۆز لە یادەوەریی ئەرێنی و نەرێنی لە یادگەیدا تۆمار دەکات، ئەمە وادەکات کە شوێن ئامادەگییەکی بەهێز و کاریگەری لای مرۆڤ هەبێت. یادگەی مرۆڤ هیچی تێدا نییە جگە لەو وردەکارییانەی کە لە شوێندان. بەهۆی ئەمەشەوە شوێن واتایەکی دیکە لای مرۆڤ دەبەخشێت جیاواز لەوەی کە شوێن پارچەیەک زەوی یان ڕووبەرێکی جوگرافی بێت. شوێن لای مرۆڤ گرنگییەکی دەروونی هەیە، بۆیە مرۆڤ بە ڕووی شوێنە جیاوازەکانەوە کێش دەکرێ.

لێکۆڵینەوە لە شوێن و دەرخستنی ئیستاتیکایەکەی لەنێو دەقی داهێنراودا بەم دواییانە لە زیادبووندایە. بووەتە پێکهاتەیەکی بنچینەیی لە هەندێک لە لێکۆڵینەوە هاوچەرخەکاندا. جێی بایەخی کۆمەڵێک نووسەر و ڕەخنەگری ڕۆژئاوایی و عەرەبی بووە. کۆمەڵێک زانیاریی بە سوودیان لەبارەی ئەم بابەتەوە پێشکەش بە خوێنەر کردووە.لەم لێکۆڵینەوەیەدا سوودمان لە کۆمەڵێک سەرچاوە وەرگرتووە کە زۆربەی زۆریان بە زمانی عەرەبی بووە. هەندێکیان وەرگێڕدراون و هەندێکی دیکەشیان لە داهێنانی خودی نووسەری عەرەبن. لە زمانی کوردیشدا پەرتووکی (چەمک و ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا) لە نووسینی مامۆستا سەباح ئیسماعیلە، زۆر سوودمان لێ بینیوە.

ئایا دەکرێت باس لە جوانییەکانی شوێن لەنێو دەقی شیعریدا بکرێت. بە واتایەکی دیکە ئایا شوێن بووەتە بابەتی ئەندێشە و بیرکردنەوە لای شاعیری کورد؟ ڕەنگە خووگرتن بە شوێنەوە لای مرۆڤی ئاسایی تەنیا ئەو کاتانەبێت کە تیایدا هەستی بە خۆشی کردووە، بەڵام لای شاعیر بەو شێوەیە نییە.

ئەم لێکۆڵینەوەیەمان لەژێر ناونیشانی ((دەلالەتەکانی شوێن لە دەقەکانی (نەوزاد ڕەفعەت)دا)) ئەنجام داوە، (نەوزاد ڕەفعەت) بە یەکێک لە شاعیرە دیار و ناسراوەکان دادەنرێت. ئەم لێکۆڵینەوەیە خوێندنەوەی شوێنە بەهۆی ئەو ئەزموونە مرۆڤایەتییەی شاعیر لە ژیانیدا لە نێو دەقەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. بەدواداچوونی شوێنە لە دەقدا کە سەرچاوەی سۆز و حەسرەت و ئاە و ناڵە و بزوێنەری هەستە. ئاشکراکەری قووڵایی دەروونیەتی کە هەندێک جار بەهۆی دووری لێیەوە تووشی ئازار بووە.

**هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی لێکۆڵینەوەکە:**

هەڵبژاردنی ئەم بابەتە، بۆ گرنگی پێدانی تایبەتمان بە دەقەکانی ئەم شاعیرە دەگەڕێتەوە. بەو سیفەتەی کە ئەزموونێکی شیعری دەوڵەمەندی هەیە. دەقەکانی کاریگەری لای خوێنەر بەجێدەهێڵێت، هەروەها (شوێن) ڕەگەزێکی دیارە لەنێو دەقەکانیدا. بۆ بەدواداچوونی ئەو دەلالەتانەیە کە شاعیر ویستوویەتی لە ڕێگەی شوێنەوە ئاماژەی پێبکات. ئەو شوێنەی کە لە لایەن شاعیرەوە وێنەگیراوە چ پاشخانێکی هەیە. شوێن لە دووتوێ هاوکێشە دەروونییەکانی شاعیردا بە چ ڕەنگێک لە دەقدا دەردەکەوێت. شوێن چ بەڵگەیەک لەبارەی شاعیرەوە دەخاتە بەردەست. لێکۆڵینەوە لە شوێن لەنێو دەقی شیعری کوردیدا زۆر بە کەمی ئەنجام دراوە، ئەوەی کە هەیە بە زۆری لێکۆڵینەوەیە لە شوێن لە چوارچێوەی تەکنیکەکانی گێڕانەوە و لەناو بازنەی ژانری ڕۆماندا ئەنجام دراوە، هەروەها لێکۆڵینەوەی دیکەش لەسەر دەقەکانی شاعیردا کراوە. بەڵام هێشتا لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ لەبارەی (شوێن)ـەوە لەنێو دەقەکانیدا ئەنجام نەدراوە.

**سنووری لێکۆڵینەوەکە:**

دیوانە چاپکراوەکانی شاعیر کە لە چوار نامیلکەی شیعری و دیوانە شیعرێک پێکهاتووە، کە بریتین لە (پەرییەکان هەڵدفڕێنمەوە، دارستانی ئەو بنارە، ڕێی تاوسان، شێنی شالوور، نیگەرانی). ئەمانە سەرچاوەی بنەڕەتی بوون و دەقەکانمان لێوەرگرتوون و، کردوومانە بە کرۆکی قسەکردن لە (شوێن) لە لێکۆڵینەوەکەماندا.

**ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:**

ئامانجمان لە ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، پێش هەموو شتێک هەوڵمانداوە شتێکی نوێ لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا بۆ سەر خەرمانی ئەدەبیاتی کوردی زیاد بکەین،

زیادکردنێکی نوێ لە بواری لێکۆڵینەوە لە شوێن لە نێو دەقی شیعریدا نەک گێڕانەوەییدا. هەوڵمانداوە نهێنی پەیوەندی شاعیر بە شوێنەوە ئاشکرا بکەین. پێمان وانییە ئەم ئامادەگییەی شوێن یان ئەم بانگکردنەی شوێن لە ماناو مەبەستی تایبەتی بەتاڵ بێت.

**میتۆدی لێکۆڵینەوەکە:**

لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕەچاوی میتۆدی (تیۆری – پراکتیکی)مان کردووە. سەرەتا لە ڕووی تیۆرییەوە باس لە بابەتەکە دەکەین، پاشان زانیارییەکان لەسەر دەقە هەڵبژێردراوەکەدا پراکتیزە دەکەین.

**گرفتی لێکۆڵینەوەکە:**

وەکو گرفتی زۆربەی قوتابیی کورد، کەمی سەرچاوە بە زمانی کوردی تایبەت بەم بابەتە، گرفتی سەرەکی بووە، بەڵام هەوڵمانداوە لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە چارەسەری بکەین. سوپاس بۆ خوا کە گرفتی ئەوتۆ نەهاتۆتە پێش کە شایەنی باس بێت.

**پرۆگرامی لێکۆڵینەوەکە:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە سێ بەش پێکهاتووە، بە پێشەکی دەست پێدەکات و بە ئەنجام کۆتایی دێت. ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکەم بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

**ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکە:**

بەشی یەکەم بەشێکی تیۆرییە. لە پێنج تەوەر پێکهاتووە. هەموو ئەو چەمکانەی کە دەکەونە چوارچێوەی ئەو دەستەواژانەوە، خراونەتەڕوو. دەستەواژەکان بریتین لە (چەمکی شوێن، شیعر و شوێن، ئیستاتیکای شوێن، جەدەلیەتی کات و شوێن، مرۆڤ و شوێن). ئەو زانیارییانەی کە لەم بەشەدا خراونەتەڕوو بەرچاو ڕوونی دەدەنە لێکۆڵەر تا لە بەشەکانی دیکەدا کارەکەی بۆ ئاسان بێت، بۆ نموونە لە تەوەری (شیعر و شوێن) لە بەشی یەکەمدا ئاماژەمان بە ستراتیژییەتی بەکارهێنانی شوێن لە دەقدا کردووە. کە لە بەشی سێیەمدا لێکۆڵەر پێویستی پێ دەبێت. هەروەها زۆربەی تەوەرەکانی دیکەی بەشی یەکەم بەرچاوڕوونی دەدەنە لێکۆڵەر بۆ تەوەری دوالیزمی شوێن لە بەشی دووەمدا.



هەوڵنامەی کتێب

تەوەری یەکەم لە دوو لق پێکهاتووە. لقی یەکەم باسی لە چەمکی فەلسەفی شوێن کردووە. چەمکی شوێن لە ڕوانگەی بۆچوونی فەیلەسووفانەوە باس دەکات. چەمکی شوێن چەمکێکی نوێ نییە، هەر لە کۆنەوە فەیلەسووفان سەرقاڵی ڕوونکردنەوە و تێگەیشتن لەم پێکهاتەیەن. لقی دووەم باسی لە چەمکی هونەری شوێن کردووە. باسی لەو شوێنە کردووە کە ئەندێشەی هونەرمەند خوڵقاندوویەتی. خاوەن چێژێکی ستاتیکییە. باسی لە جیاوازیی شوێنی هونەری و شوێنی واقیعی کردووە.

تەوەری دووەم باسی لە شوێن لەنێو دەقی شیعردا کردووە، ئەویش لە دوو لق پێکهاتووە. لقێکیان گرنگی بە ستراتیژییەتی بەکارهێنانی شوێن لەنێو دەقی شیعریدا داوە، لقەکەی دیکەیان باسی لە واقیعیەتی شوێنی شیعری کردووە و، ئەو هۆکارانە چین کەوا دەکەن شوێن واقیعیەتی خۆی لەدەست بدات لە نێو دەقی شیعریدا.

تەوەری سێیەم باسی لە ئیستاتیکای شوێن کردووە. واتە باسی لە دەسەڵات و دەلالەت و ناسنامەی شوێن کردووە. باسی لە گرنگی شوێن، لە جوانییەکانی شوێن، لە ڕاز و نهێنی و یادەوەرییانەی کە لە شوێندا هەڵدەگیرێت، کردووە.

تەوەری چوارەم باسی لە پەیوەندی نێوان کات و شوێن کردووە. بیروڕای زانا و فەیلەسووفان لە پەیوەندی بەم بابەتەوە خراوەتەڕوو. باسی لەو هۆکارانە کردووە کە دەبێتە هۆی دروستبوونی پەیوەندی لەنێوانیاندا. دواتر باسی لە کاریگەری هەر یەکەیان بۆ سەر یەکتری کردووە.

تەوەری پێنجەم باسی لە ڕۆڵ و گرنگی شوێن لە ژیانی مرۆڤدا کردووە، هەروەها دووانەی ئەو پەیوەندییە چ کاریگەرییەکیان بەسەر یەکترییەوە هەیە، واتە شوین چەندە کاریگەری بەسەر مرۆڤ و بەپێچەوانەشەوە مرۆڤ چەندە کاریگەری بەسەر شوێنەوە هەیە.

سەبارەت بە بەشی دووەم، بەشێکی تیۆری پراکتیکیە. ئەم بەشە لە دوو تەوەر پێکهاتووە. تەوەری یەکەم باسی لە دوالیزمی شوێن کردووە، لەم تەوەرەدا دەستمان بە خوێندنەوەی شوێن لە ڕوانگەی چەمکی دوالیزمەوە کردووە. تێبینی ئەوەمان کرد کە دەقگەلێک هەن دوالیزمی شوێنیان تێدایە، بۆیە لە تەوەرێکی تایبەتدا پەرژاوینەتەوە سەری. تەرکیزمان خستە سەر گرنگترین ئەو دوالیزمە شوێنیانەی کە لە ناو دەقەکاندا حوکم دەکەن. لەژێر کۆمەڵێک ناوی دوالیزمیدا چەندین جۆری دوالیزمی شوێنیمان

باس کردووە. شوێن لە دوو ڕێگەوە دەکەوێتە حاڵەتی دوالیزمەوە. زیاتر تەرکیز خراوەتە سەر ئەو ڕێگەیەی کە هەست و دەروون و هەڵوێستی مرۆڤ ڕۆڵیان هەیە لە دروستکردنیدا. شوێن ئەو دیدە پۆزەتیڤە یان نێگەتیڤە هەڵدەگرێت کە کاریگەری لە دەروونی شاعیر کردووە. پەیوەندی شاعیری لەگەڵ ئەم شوێنە یان شوێنی تری ژیانی ئاشکراکردووە. دەکرا هەندێک لە دوالیزمەکان لەژێر ناوی هەندێکی دیکەیاندا دابنێین. بۆ نموونە دەکرا دوالیزمی شوێنی چۆڵ و قەرەباڵغ لەژێر ناوی دوالیزمی هۆگری و بێ ئۆقرەدا جێ بکەینەوە، بەڵام شوێنەکان لە چ خاڵێکی دیکەدا پێچەوانە دەوەستنەوە، هەوڵمان داوە ناونیشانی دوالیزمەکان لەو ڕێگەیەوە ناوبنێین. هەر لە میانی شیکاری دوالیزمی شوێندا زۆربەی زۆری جۆرەکانی شوێن پێناسەکراوە.

شوێن لە بەکارهێنانێکی جیاوازدا وەکو مرۆڤ لەنێو دەقدا بەکارهاتووە، بە پێویستمان زانی لە تەوەرێکی سەربەخۆدا لە بەشی دووەمدا باس لە مرۆڤ کردنی شوێن لەنێو دەقەکانی شاعیردا بکەین. ئەم تەوەرە لە دوو لق پێکهاتووە. لە لقی یەکەمدا لە باسێکی ستاتیکیانەدا دوور لە بواری ئەدەبیات باس لەو سیفاتە مرۆییانەمان کردووە کە (شوێن) هەڵگرییەتی. لایەنە لێکچووەکانی نێوان ئەم دوو پێکهاتەیەمان (مرۆڤ و شوێن) ئاشکرا کردووە. کە سەرەتا بە مرۆڤ کردنی پێناسە کردووە. مرۆڤ بۆچی هانا بۆ بە مرۆڤ کردنی دەبات؟ دواتر باسی لەم دیاردەیە لە لای هونەرمەند کردووە. دواتریش باسی لە ڕێگەکانی بە مرۆڤ کردنی شوێن کردووە. لقی دووەم باسی لە بە مرۆڤ کردنی شوێن لە دەقەکانی (نەوزاد ڕەفعەت)دا کردووە. شوێن لە چ ڕێگەیەکەوە بە مرۆڤ کراوە لە دەقەکاندا. دواتر چەندین دەقمان شیکارکردووە کە شوێن وەکو مرۆڤ تیایدا دەرکەوتووە.

لەو ڕوانگەیەی کە شوێن لەنێو دەقی شیعریدا ڤاڵا (خال) نییە لە واتای جۆراوجۆر، بەشی سێیەمی لێکۆڵینەوەکە بۆ ڕەهەندەکانی شوێن لە نێو دەقەکانی شاعیردا تەرخان کراوە. لێکۆڵینەوەیە لە شوێن بە دەرچوون لە ئاستی فەرهەنگی و زمانەوانی بۆ ئاستی دەلالی. لەم بەشەدا زۆر پێویستمان بەو پێناسانە هەبووە کە شوێنیان وەک کۆمەڵە شتێک یان کۆمەڵە دیاردەیەک پێناسە کردووە نەک تەنیا پێکهاتەیەک بێت بۆ لە خۆگرتنی شتەکان. ئەم بەشە باسی لە ناسنامەی شوێن لەنێو دەقی شیعریدا کردووە. دواتریش باسی لە ڕەهەندەکانی شوێن لە دەقەکانی شاعیردا کردووە. باسی لەو هۆکارانە کردووە کەوا دەکەن شوێن ڕەهەندی جیاوازی هەبێت. دواتر ئەو ڕەهەندانە باسکراوە کە شوێن لەنێو دەقەکاندا خاوەنییەتی. کە خۆی لە پێنج ڕەهەندا دەبینێتەوە.

هەولێرنامەی کتێب

ڕەهەندی یەکەم دەروونییە. باسی لەوە کردووە کە شوێن چ کاتێک ڕەهەندی دەروونی هەیە لەنێو دەقدا. هۆکارەکانی باس کردووە. باسی لە کاریگەری دەروونی شاعیر لە دەرکەوتنی شوێن بەم ڕەهەندەوە کردووە. شوێن بە ڕەهەندی دەروونییەوە لە سێ هەڵوێستدا باس کراوە. هەر هەڵوێستێک لەو هەڵوێستانە دیدی سۆز و مەشاعیر و دەروونی شاعیری بەرامبەر بە شوێن ئاشکرا کردووە. هەڵوێستی یەکەم نۆستالیژیای شوێنە. سەرەتا چەمکی نۆستالیژیا پێناسە کراوە، دواتر باسی لە نۆستالیژیای شوێن کردووە، باسی لەو هۆکارانە کردووە کە وا دەکات مرۆڤ سۆزی بۆ شوێنی لە دەستچوو هەبێت. ئەم هەڵوێستە لە دەقەکاندا بەرچاو دەکەوێت. دەسەڵاتی شوێن بەسەر یادەوەری شاعیردا ئاشکرا بووە. هەڵوێستی دووەم هەڵاتن لە شوێنە. باسی لەو هۆکارانە کردووە کەوا لە شاعیر دەکەن لە شوێن هەڵبێت. لە میانەی شیکارکردنی دەقەکاندا کاریگەری و دەسەڵاتی ڕووداو بەسەر (شوێن)دا ئاشکرا بووە، ڕووداوەکان ڕۆڵیان هەبووە لە لەبەرچاوخستنی شوێن لای شاعیردا.

شوێن لە هەڵوێستێکی دیکەدا لە دووتوێی دەروونی شاعیرەوە هەڵقووڵاوە ئەویش لاواندنەوەی شوێنە. باسی لە هاوخەمی و هاوسۆزی کردنی شاعیر بۆ شوێن کردووە. ئەو دەقانە شیکارکراون کە هەڵگری شوێن بەم ڕەهەندەوەن.

ڕەهەندی دووەم کۆمەڵایەتییە. باسی لە شوێن وەک هەڵگری بەشێک لە ئاکار و بیر و هۆشی دانیشتوانەکەی کردووە. ڕۆڵی شوێن لە دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتیدا چییە؟ دواتر ئەو دەقانەمان شیکار کردووە کە شوێن وەک ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی بەدیارکەوتووە، داب و نەریت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە شوێندا کۆبوونەتەوە.

ڕەهەندی سێیەم نەتەوەییە. سەرەتا باسی لە بابەتی نەتەوەیی لەنێو دەقی شیعریدا لە لای شاعیردا کردووە. دواتر باسی لە بەرجەستەکردنی ئەم ڕەهەندە لە ڕێگەی شوێنەوە کردووە لەنێو دەقدا. لەنێو شوێنیشدا باس لە (نیشتمان)کراوە. دواتر بەهای ئەم ڕەهەندەی لە لای هەر یەک لە نێرەر و وەرگر ئاشکرا کردووە. دواتر باسی لە ڕەهەندی نەتەوەیی لەنێو دەقەکانی شاعیردا کردووە، هەروەها ئەو هۆکارانە باس کراوە کە شوێن لە ڕێگەیانەوە ڕەهەندی نەتەوەیی وەرگرتووە، لە کۆتاییشدا ئەو دەقانە شیکار کراون کە شوێن تیایاندا بە پرسە نەتەوەییەکانەوە گرێدراوە.

ڕەهەندی چوارەم مێژووییە، باسی لەو هۆکارانە کردووە کە پاشخانی مێژوویی بە شوێن دەبەخشن بە گشتی، نەک تەنیا لە دەقی شیعریدا. دواتر باسی لەو

تایبەتمەندییانە کردووە کە ئەو جۆرە شوێنە هەیانە، دواتر باسی لە شوێن بە ڕەهەندی مێژووییەوە لەنێو دەقی شیعریدا کردووە، هەروەها باسی لە جیاوازی لەنێوان مێژوو وەک زانست و ئەو مێژووەی لەنێو دەقی شیعریدا دەردەکەوێت، کردووە. ئەرکی شاعیری لەم بوارەدا دەستنیشان کردووە. دواتریش ئەو دەقانە شیکارکراون کە شوێن تیایاندا ئەزموونێکە دەتوانین نهێنییەکانی مێژوو بخوێنینەوە.

رەهەندی پێنجەم ئەفسانەییە، سەرەتا باسی لە چەمکی ئەفسانە کردووە. دواتر باسی لە پەیوەندی نێوان ئەفسانە و شیعر کردووە. دواتر باسی لە تایبەتمەندییەکانی شوێنی ئەفسانەیی کردووە، شوێن لە ڕێگەی چەند هۆکارێکەوە دەلالەتی ئەفسانەیی وەرگرتووە. دواتر ئەو ڕێگایانەی باس کردووە کە دەقەکانی نەوزاد ڕەفعەت بە ڕووی ئەفسانەدا کراونەتەوە و بە هۆیانەوە شوێن ڕەهەندی ئەفسانەیی وەرگرتووە، دواتر چەند دەقێک کە شوێن تیایاندا ڕەهەندی ئەفسانەیی هەیە، شیکارکراون.

کتێبخانەی هەولێر

# بەشی یەکەم:

# چەمک و پێناسە و ئیستاتیکای شوێن

تەوەری یەکەم: چەمکی شوێن

تەوەری دووەم: شیعر و شوێن

تەوەری سێیەم: ئیستاتیکای شوێن

تەوەری چوارەم: جەدەلیەتی کات و شوێن

تەوەری پێنجەم: مرۆڤ و شوێن

کتێبی هەولێرنامەی

### ١- چەمکی شوێن

### أ- چەمکی فەلسەفی شوێن

لێکۆڵەر بۆ بە ئەنجام گەیاندنی لێکۆڵینەوەکەی، بۆ ئەوەی کارێکی زانستییانەی پوخت پێشکەش بکات، وا پێویست دەکات بگەڕێتەوە سەر ئەو سەرچاوانەی کە باس لەو بابەتەی ئەم دەکەن کە بڕیار وایە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات. لێرەدا ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر هەیە، ئەویش ئەوەیە بۆ گەڕانەوە بۆ کۆنترین یان یەکەمین سەرچاوە لە زۆر لە بوارەکاندا پێویست دەکات بگەڕێینەوە سەر بیروڕای زاناو فەیلەسووفانی گریک. بە هەمان شێوە بۆ لێکۆڵینەوە لە چەمکی شوێن، بۆ بەدەست خستنی کۆنترین ئەو بابەت و زانیارییانەی کە لەسەر ئەم چەمکە نووسراون، ئەوا بە دڵنیاییەوە لای فەیلەسووفە یۆنانییەکان دەستمان دەکەویت. فەیلەسووفانی گریک یەکەمین کەسانێکن کە بوونەتە هەڵگری ئەم چەمکە و تایبەتمەندی دیاریکراویان پێ بەخشیوە و لەسەرجەم چەمکە فەلسەفییەکانی دیکەیان جیاکردووەتەوە، دوای ئەوانیش ئەم چەمکە گرنگی پێدراوە و سەرنجی فەیلەسووفانی بیرکاریناس و فیزیکناس و فەیلەسووفانی موسڵمانیشی بۆ خۆی ڕاکێشاوە، بەڵام پێش پەیدابوونی فەلسەفە، چەمکی شوێن هزری مرۆڤە ئاساییەکانیشی بەخۆوە سەرقاڵ کردووە. ((پێش دەرکەوتنی فەلسەفە شوێن لای دێرینەکان سروشتێکی میتۆلۆژی و وەرگرتووە، لەو باوەڕەدا بوونە کە شوێن بەسەر سێ جیهانی جیاوازدا دابەش دەبێ، کە بریتین لە ئاسمان و زەوی و جیهانی خوارەوە، کە ئەوانیش بە خواوەند و مرۆڤ و مردووەکانەوە بە بەردەوامی ئاوەدانە.))[1]

شوێن بە هەموو دەرکەوتە و ڕووڵەت و شێوەی جۆراوجۆرییەوە، هەڵگری گرنگییەکی دەروونی و فەلسەفی و ئەدەبی و ڕۆشنبیری و هزرییە، ئەو شوێنەی فەیلەسووفان باسی لێوەدەکەن جیاوازە لەو شوێنەی کە لە ڕەخنەی ئەدەبیدا باس دەکرێت. ((ئەو شوێنەی کە فەیلەسووفان باسی لێوە دەکەن، شوێنێکە ڕاستەقینەیە و لەسەر ئەرزی واقیعدا بوونی هەیە و تایبەتمەندی تۆبۆگرافی خۆی هەیە.))٢ بەڵام ئەو

---

[1]- عالم الزمان والمكان عند قدماء العراقيين، زهير محمد، مجله افاق عربية، ع١٨، لسنه ٩، بغداد، ١٩٨٤، ص١٠٧.

[2]- بنية المكان- دراسة مقارنة بين روايتي (الجحيم المقدس) لبرهان شاوى و (هيلانه) لحسين عارف، سالار عبدالله تاكوزى، رسالة ماجستير، جامعة صلاح الدين، كلية اللغات، قسم اللغة العربية، اربيل، ٢٠١٢،ص١٧.

شوێنەی شاعیران باسی لێوە دەکەن شوێنێکە هزر و خەیاڵی شاعیری ئاوێتە بووە. ئامادەگی شوێن لای شاعیر ستراتیژیەتێکی دیکەی هەیە. ئاوازی ئەو شوێنانە دەچڕن کە کاریگەری تایبەتی لە دەروونیان کردووە. شوێن لەنێو دەقی شیعریدا بە ڕەگەزێکی گرنگ هەژمار دەکرێت. کەرەستەیەکە لەبن دەستی شاعیر، شاعیر دەتوانێ شوێن بۆ ئامرازێکی دەربڕین بگۆڕێت.

یەکەم بەکارهێنانی زاراوەیی بۆ شوێن لە فەلسەفەدا، لای ئەفلاتوون بووە، ئەو یەکەم کەس بووە کە پێناسەی شوێنی کردووە، لە ڕووی ئاوەزەوە (عقلیا) لە شوێنی کۆڵیوەتەوە. لای ئەفلاتوون ((شوێن گرتنە خۆ و تێدابوونە، بوونێکی ڕاستەقینەی هەیە.))[1] ئەفلاتوون شوێنی بە ((پەناگە داناوە. کە قابیلە بۆ شتەکان. شوێن وەهمێکە جەستە سەرقاڵ دەکات و ڕێگەی پێ دەدات ڕەهەندەکانی خۆی تێدا جێ بەجێ بکات.))[2] دوا بە دوای ئەو گرنگیدانەی ئەفلاتوون بە شوێن، چەمکی شوێن بووە جێگەی بایەخی فەیلەسووفانی دیکەش، ئەرەستۆ کە قوتابی ئەفلاتوون بووە پێی وایە شوێن ((ئاستێکی نەجوولاوی ڕاستەوخۆی پەناگەیە، هەروەها پێی وایە ئەستەمە بتوانین بوونی شوێن بسەلمێنین. شوێن لای ئەو دابەش دەبێتە سەر دوو بەش: یەکێکیان هاوبەشە کە زیاتر لە جەستەیەک لەخۆ دەگرێت، ئەوەی دیکەیان تایبەتە کە هەموو جەستەیەک بە پێی تایبەتمەندی خۆی تێیدایە و ناسێنراوە کە پەناگەیە بۆ یەکەم جەستە.))[3] (ئەرەستۆ)ش لەژێر کاریگەری ئەفلاتوون هەر لەسەر بناغەی بیری (گرتنەخۆ) باسی شوێن دەکات. کەواتە ((یەکێک لەو بنەڕەتانەی دەبێ لە شوێندا بەدی بکرێت، ئەوەیە کە دەبێ بیری گرتنە خۆ و تێدابوونی تێدا بەدی بکرێت.))[4] زانای فیزیکی (نیوتن) تیۆریەکی لەبارەی شوێنەوە هەیە. وەک فەیلەسووفێکی ئایدیالی (میپالی) پێی وایە کە ((شوێن لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە تەواو سەربەخۆیە لەو ماددانەی کە تێیدایە و بوونەکەی پێش بوونەکانی دیکە کەوتووە، وەکو دەفرێک وایە

[1]-نظرية المكان في فلسفة الحسن بن هيثم الطبيعية، نعمه محمد ابراهيم، مجلة الاداب مستنصرية، عدد١٢، ١٩٨٥،ص٥٢٠.

[2]- الكليات – معجم المصطلحات والفروق اللغوية لابي البقاء ايوب موسى الحسيني الكوفي، عدنان درويش و محمد المصري، منشورات وزاره الثقافة والارشاد القومي، دمشق، ١٩٨٩، ص٢٢٤.

[3]- تاريخ الفكر الفلسفي، ارسطو، د. محمد علي ريان، الدار القومية للطباعة والنشر، القاهرة، ١٩٦٦، ص١٨٤.

[4]- بینای هونەری چیرۆکی کوردی – لە سەرتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، پەرێز سابیر، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ، ٢٠٠١، ل٣٢٤.

ناگۆڕێت، کاتێ ئەوەی لە ناویەتی دەتویتەوە. واتە شوێن شتێکی ڕەها و سەرمەدییە، وەکو خۆی دەمێنێتەوە، جا حاڵەتی ڕووداوەکان هەر چییەک بێت. (نیوتن)یش لەگەڵ ئەو بیرۆکە گوتراوەدا یەک دەگرێتەوە کە خودای گەورە لە توانایدایە جیهان لە بابەتێکی دیکەدا دروست بکاتەوە لەناو شوێنێکی ڕەهادا، کە بابەتی ئێستا نەبێت، بەبێ ئەوەی هیچ گۆڕانکارییەک لەو شوێنەدا بکرێت. هەروەها دەڵێت شوێن شتێکی ڕەهایە، یەکێکە لە سیفەتەکانی خودا، بوونەکەیشی لە خودا دایە.))[1] نیوتن تیۆری (شوێنی ڕەها)ی داهێنا، بۆچوونەکانی نیوتن و ئەو بابەتانەی باسی دەکات ڕەهەندێکی ئایینی هەیە و لە ئایینەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەم زانایە شوێنی بۆ دوو جۆر دابەش کردووە. ئەوەی یەکەمیان شوێنی ڕەهایە، دووەمیشیان شوێنی ڕێژەییە، ((شوێنی ڕەها) لە سروشتە تایبەتییەکەی خۆیدا هەمیشە پێکچووی خۆیەتی و جێگیر و نەگۆڕە، بەڵام (شوێنی ڕێژەیی) بە جووڵا و گۆڕاو دادەنرێت یان یارمەتی دەرێکە بۆ (شوێنی ڕەها) کە هەستەکانمان دیارییان دەکەن بە یارمەتی هەڵکەوتە و پێگەی لە جەستەدا.))[2] فەیلەسووفە ماددییەکان تێڕوانینێکی دیکەیان بۆ شوێن هەیە، (لیبینتس)ی فەیلەسووف سەرپێچی (نیوتن)ی کردووە و، تێڕوانینێکی ماددیانەی بۆ شوێن هەبووە، دژی ئەو وتە ئایینە بوو کە دەڵێت: ((خودا لە هەموو شوێنێکدا بوونی هەیە.))[3] (لیبنتس) پێی وایە ((شوێن شتێکی ڕەها نییە و ناکرێ گەوهەریش بێت، بەڵکو بریتیە لە پەیوەندی (relation). شوێن بریتیە لە سیستەم و ڕێکخستنی بوون، پێکەوە. واتە بریتیە لە سیستەمی دیاردە هەبووەکان پێکەوە. هیچ شوێنێکی واقیع لە دەرەوەی جیهانی ماددیدا بوونی نی یە))[4] دوای ئەو (دۆرکهایم) وای دەبینێت کە ((شوێن شتێکی ڕێژەییە))[5] تەواو پێچەوانەی تیۆری (شوێنی ڕەها)ی نیوتن بوو. (دیکارت)یش وەکو

---

[1]- دراسات في الفلسفة الغربية الحديثة، صادق جلال العظم، ط٣، دار العوده، بيروت، ١٩٧٩، ص١٩-٢٠.

[2]- جماليات المكان في روايا جبرا ابراهيم جبرا، اسماء شاهين، دار الفارس للنشر والتوزيع، الاردن، ط١، ٢٠٠١، ص١١.

[3]-بنيه المكان – دراسه مقارنه بين روايتي (الجحيم المقدس) لبرهان شاوي و (هيلانه) لحسين عارف، سالار تاوەکوزي، ص٩.

[4]-موسوعة الفلسفية، د.عبدالرحمن بدوي، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ط١، ١٩٨٤، ص ص٤٦٢.

[5]- قضايا الفلسفة العامة ومباحثها، محمد علي المعطي، الاسكندرية، دار المعرفة الجامعية، ط٢، ١٩٨٤، ص١٣٣.

فەیلەسووفێکی ماددی سەرنجی خۆی لەبارەی شوێن دەربڕیوە و دەڵێت: ((شوێن لە خودی ماتریال پێک دێت. ناتوانرێت نکوڵی لێ بکرێت، چونکە ماتریال بوونی هەیە.))[1]

فەیلەسووفانی موسڵمانیش لەم بابەتەدا ڕای خۆیان دەربڕیوە، کاریگەری فەلسەفەی یۆنانییان پێوە دیارە. ((کندی) لەسەر ئەو ڕێبازەی ئەفلاتوون و ئەرەستۆ ڕۆیشتووە، لە ڕەتکردنەوەی بیرۆکەی ڤالاییدا (الفکره الخلاء) دوای ئەرەستۆ کەوتووە. ئەویش شوێن بە دوو ئاست دیاری دەکات، یەکەمیان (کۆتاییەکانی جەستە) و دووەمیان (بەیەک گەیشتنێکی ئاسۆییانەی دەوروبەر و ئەوەی دەوری دەدات (المحیط والمحاط بە.))[2] (فارابی)یش لەسەر نەهجی (کندی) ڕۆیشتووە و هەمان ئەو شتە دەڵێتەوە کە (کندی) گوتوویەتی. ئەو پێی وایە کە ((شوێن هەیە و دەبینرێت و هیچ جەستەیەک بەبێ شوێنی تایبەت بە خۆی بوونی نییە.))[3] هەروەها (ئەبو بەکری ئەلڕازی) وای دەبینێت کە شوێن ((دابەش دەبێت بۆ شوێنی سەرەکی یان ڕەها و شوێنی لاوەکی کە شوێنێکە بە (دامەزراو- المتمكن) ـەوە پەیوەستە.))[4] ئەمانە بۆچوونی کۆمەڵێک لە فەیلەسووفان بوو.

لەسەردەمی نوێ و لەسەدەی بیستەمدا (گاستۆن باشلار) بە پێشەنگی ڕەخنەگران لە بواری گرنگیدان بە شوێن دادەنرێت. (باشلار) لە پەرتووکەکەیدا بە ناوی (جوانکارییەکانی شوێن- جمالیات المکان)دا لە دووتوێ لێکۆڵینەوەیەکی دەروون شیکاریدا باس لە شوێن دەکات. گرنگیەکی زۆری بە ماڵ داوە، هەروەها چەندین بابەتی دیکەی وروژاندووە وەکو کۆگا و چەکمەجە و سندوق و دۆڵابی جل و بەرگ، هەروەها باس لە کاریگەری ئەوانە بەسەر دەروون و بیرۆکە و ڕەفتاری مرۆڤدا دەکات. سەبارەت بە ماڵ دەڵێت: ((بەم شێوەیە ئەگەر داوام لێبکرێت سوودی سەرەکی خانوو باس بکەم ئەوە دەمگوت: زیندە خەون و خەونبین (الحالم) دەپارێزێت و، ڕێگە بە مرۆڤ دەدات بەهێوری خەون ببینێت.))[5] هەروەها لە باسێکی ئیستاتیکیانەی ئەو شتانەی کە شوێنی شاردنەوەی شتەکانمانن، دەڵێت: ((کەنتۆرەکان بە ڕەفەکانیانەوە،

---

[1]- نظریه المكان في فلسفه الحسن بن هيثم الطبيعية، نعمة محمد ابراهيم، ص٥٢٣

[2]- رسائل الكندي الفلسفية، تحقيق: محمد عبدالهادي ابو ريده، دار الفكر العربي، مطبعة لجنة التاليف والترجمة والنشر، القاهرة، ١٩٥٠، ص١٦٧.

[3]- نظرية المكان في فلسفة ابن سينا، حسين مجيد العبيدي، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٧، ص٣٣.

[4]- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣-٣٤.

[5]-جماليات المكان، غاستون باشلار، ت.غالب هلسا، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٠، ص٣٧.

مێزەکان بە چەکمەجەکانیانەوە، سندۆقەکان بە بنەما ساختەکانیانەوە، ئامرازگەلێکی ڕاستەقینەی ژیانی سایکۆلۆژییانەی شاراوەمانن. بەبێ ئەم شتانە و هاوچەشنەکانیان، ژیان لە نموونەگەلی هۆگری بێ بەش دەبێت.))[1] لێرەدا یۆری لۆتمان تێبینی ئەوە دەکات دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕەوشتییەکان خەسڵەتی شوێنیان تێدایە. ((شوێن کۆمەڵە شتێکی گونجاوە لە دیاردە لە حاڵەت لە ئەرک یان شێوەگەلێکی گۆڕاو..هتد. پەیوەندییەک لەنێوانیاندا هەیە، شێوەی پەیوەندی شوێنی ئاسایی و باو وەک پەیوەندی پێوەکردن (الاتصال)، مەودایە (المسافة). پێویستە تێبینیەکی گرنگ بخەینە سەر ئەم پێناسەیە، ئەویش ئەوەیە گەر بێت و سەیری کۆمەڵە شتێکی پێدراو (المعطاه) بکەین، بەوەی کە شوێنن، ئەوا پێویستە هەموو خەسڵەتەکانی ئەم کۆمەڵە شتانە لابدرێن و تەنیا ئەوانەی کە ئەو پەیوەندییانە دەستنیشان دەکەن کە مۆرکێکی شوێنی لەخۆ دەگرن دەبێت ڕەچاو بکرێن.))[2] بەم شێوەیە هەر فەیلەسووفە و بەپێی بۆچوونی خۆی و لە ڕوانگەی جیاوازەوە پێناسەی شوێنی کردووە. ئەمە ئەوە دەردەخات کە چەمکی شوێن یەکێکە لەو چەمکانەی کە سەرنجی مرۆڤی بۆ خۆی ڕاکێشاوە. شوێن پەناگەیەکە بۆ مرۆڤ بە شتەکانیشەوە بە شێوەیەک کە هەر شتێک لە دەرەوەی شوێندا بێ، ئەوا بوونی نییە.

**ب- چەمکی هونەریی شوێن**

شوێن وەک بابەتێک دەکرێت لە چەند ڕوویەکەوە شرۆڤەی بۆ بکەین، لە ڕووی فەلسەفییەوە یان کۆمەڵایەتی یان هونەرییەوە بۆ ئەوەی شرۆڤەی چەمکی هونەری شوێن بکەین، وا پێویست دەکات کە سەرەتا پێناسەیەکی هونەر بکەین. هونەر چالاکییەکی مرۆییە، ((بریتیە لە بەکارهێنانی ئەندێشە بۆ دەربڕینی ئایدیا.))[3] ڕێگاکانی بەرجەستەکردنی ئایدیاش جۆراوجۆرە، شیعرە، ڕۆمانە، وێنەیە، تەلارسازیە،... هتد.

ئامانجی هونەر جوانییە، مەبەست لە چەمکی هونەری شوێن، لایەنی جوانی شوێنە ((سەرچاوەی جوانیش چێژە))[4] کەواتە لایەنی هونەری شوێن، لایەنی چێژی شوێنە کە ڕەهەندێکی ئیستاتیکی هەیە. ((لەسەر ئاستی هونەریدا شوێن جۆرێک لە ئیستاتیکای

---

[1]- سەرچاوەی پێشوو، ل٩١.

[2]- جماليات المكان، مجموعة من الباحثين، الطبعه الثانية، دار قرطبة، دار البيضاء، ١٩٨٨،ص١٠٣.

[3]- سەرەنجێک لەسەر ئیستاتیکا، مقداد حمه صالح، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی، ٢٠١٣، ل١٢.

[4]- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩

شێوازگەری تایبەتی هەیە، ئەو ئیستاتیکایەی کە زیاتر ئاراستەکەی بەرەو هەستە وەک لە زەین.))[١] هەست و ئەندێشەی هونەرمەند ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە بەرجەستەکردنی چەمکی هونەری (شوێن)دا. (وێنەی هونەری شوێن بریتیە لە جوگرافیای یادگە و مێشک کە جیاوازە لە شوێنی سروشتی، چونکە هەڵبژاردن و خەیاڵی تێدایە، بۆیە شوێنی هونەری جیاوازە لە شوێنی سروشتی.))[٢] هەروەها شوێنی هونەری ((بە چێژێکی ئیستاتیکیەوە کاریگەرە کە شوێنی واقیعی دەستەپاچە و لێی بێبەشە. بە بەردەوامی و ئاسانی لە گەیاندندا دەناسرێتەوە. شوێنی هونەری سەرچاوەیە بۆ زانستە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤایەتی. سروشتێکی ئەندێشەیی هەیە. قابیلی گۆڕانی بێ کۆتایی و گەیاندنی کاریگەرییەکانە. شوێنی هونەری لە شوێنی واقیعی جیاوازییەکەی زیاترە وەک لەوەی پێیەوە پەیوەست بێت.))[٣] وێنەی هونەریی شوێن لە چەندین کاری هونەری جۆراوجۆردا بەرجەستە دەبێت. لە شیعری شاعیرێکدا، لە ڕۆمانی ڕۆماننووسێکدا، لە تابلۆیەکی هونەری نیگارکێشێکدا، ڕەنگە هیچ گوتەیەک لەوە باشتر نەبێت کە (غالیب هلسا)ی نووسەر و ڕەخنەگری عەرەب لە پێشەکی پەڕتووکە بەناوبانگەکەی (جوانکارییەکانی شوێن – جماليات المكان)ی گاستۆن باشلاردا، لەسەر گرنگی شوێن لە پرۆسەی هونەریدا ئاماژەی پێداوە کە ((هەر کارێکی هونەری ئەگەر شوێن فەرامۆش بکات و بەهەند وەری نەگرێت، بێگومان تایبەتمەندی و ڕەسەنایەتی خۆی لە دەست دەدات.))[٤]

شوێن لە دەقی داهێنراودا لە بەکارهێنانە باوەکەی لایداوە، ئەو شوێنەی کە لە دەقێکی شیعری یان دەقێکی گێڕانەوەدا بەرچاو دەکەوێت، وەکو ئەو شوێنە نییە کە لە ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانیدا باسی لێوەدەکرێت. ((شوێن لە بەرهەمی ئەدەبیدا پانتاییەکی هزری کۆمەڵایەتی چێ دەکات کە تێیدا ڕێچکەی کەسەکان دیاری دەکات و جەخت لە ڕوودانی ڕووداوەکان دەکاتەوە لە دووتۆی زەمەنێکی ناوەکیدا و زەمەنێکی هەستی دەروونی کە دەچێتە ژێر ڕکێفی واقیعی ئەزموونێک لە بەرهەمی هونەریدا. شوێن

---

١- اشكالية المكان في النص الادبي، ياسين النصير، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٦،ص٣٩٧.

٢- شعرية المكان في رواية البحر، محمد علي كادار، المطبعة الاموية، دمشق، ١٩٩١، ص١٢.

٣- قضايا المكان الروائي في الادب المعاصر، صلاح صالح، ط١، دار الشرقيات للنشر والتوزيع، القاهره، ١٩٩٧، ص١٧-١٨.

٢- جماليات المكان، غاستون باشلار، ص٦

بەشێکە لە بونیادی بەرهەمی هونەری بە پەسنی ئەوەی ڕەگەزێکی سەرەکییە لە ڕەگەزەکانی ئەزموونی ئەدەبیدا.))[1]

شوێنی هونەری ((کۆتایی دارە، بەڵام لاسایی بابەتێکی بێ کۆتایی دەکاتەوە، ئەویش ئەو جیهانە دەرەکیەیە کە لە سنووری کاری هونەری تێدەپەڕێت.))[2] بۆ نموونە ((تابلۆیەک خۆرئاوابوون لە بیابانێکدا بەرجەستە دەکات، تابلۆیەکە مەوداو دوورییەکەی سنووردارە، بەڵام مرۆڤ ئاراستەی جیهانێکی بەرین دەکات، کە کۆتایی نایەت.))[3] چەمکی هونەری شوێن زەمینەیەکی ڕۆشنبیری و فیکری و ئیستاتیکی بەخۆوە گرێ دەدات، شوێن کاتێک لە نێو بەرهەمێکی هونەریدا دەردەکەوێت، دەبێتە تۆمارێکی نەمر و هەستەکانمان بە شێوەیەک لە شێوەکان تێکەڵی دەبێت، کە ئەستەمە لێی جیابکرێتەوە، ڕەنگە بەو شێوەیە دەرکەوێت کە بە گوێرەی خواستی دڵی ئێمە بێت. ئەوەی شوێنی هونەری جیادەکاتەوە ((لادان و ئاڵوگۆڕ و نەفی کردنی واقیعە، کەوا دەکات (شوێن)ـەکە بە شێوەیەکی دیکە لە دەقدا دروست بێتەوە.))[4]

چەمکی هونەری شوێن چەمکێکی چێژ بەخشە. بەرگێکی ئیستاتیکی لەبەر دەکات. دەلالەتی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێت. کاریگەری لەسەر دەروونی وەرگرە بەجێ دەهێڵێت، واتایەکی نوێ بە شوێنی واقیعی دەبەخشێت پەیوەندی بە داهێنانی هونەرمەندەوە هەیە کە ئەو شوێنە لە واتا فەرهەنگیەکەی دادەماڵێت بە ئەندێشە و خەیاڵی هونەرمەند دەڕازێنرێتەوە. ((توێکڵی واقیع تێدەپەڕێنێت، بۆ ئەو جێگەیەی کە ڕەنگە بە پێچەوانەی ئەم واقیعە بێت،))[5] شوێن لە هونەردا ناسنامەی جوگرافیی ڕووتی لێ دەسەنرێتەوە و ناسنامەی مێژوویی، نیشتمانی، دەروونی یان کۆمەڵایەتی،...هتد وەردەگرێت، هەڵگری خواست و هیوا و بیرە ئیستاتیکی و ڕۆشنبیرییەکانی هونەرمەندە.

---

[1]- المكان في الشعر العربي قبل الاسلام، حيدر لازم مطلك، (رسالة ماجستير) جامعة بغداد، كلية الاداب، قسم اللغة العربية، ١٩٨٧،ص١٧.

[2]- جماليات المكان جماعة من الباحثين، ، ص٦١

[3]- بلاغة المكان، فتحيه كحلوش، (قراءة في مكانية النص الشعري)،فتحية كحلوش، الطبعة الاولى، مؤسسة الانتشار العربي، بيروت، ٢٠٠٨،ص٢١.

[4]- جماليات المكان في ثلاثيه حنا مينة، مهدى عبيدي، منشورات الهيئه العامه السوريه للكتاب، دمشق، ٢٠١١،ص٣٣

[5]- بلاغة المكان، فتحية كحلوش، ص٢٤٣.

**٢- ا- شيعر و شوێن**

کاری ئەدەبی تاقیکردنەوەی جیهانێکە لە لایەن نووسەرەوە، کە خەڵکانی دیکە تاقیناکەنەوە، کرۆکی کاری ئەدەبی و پیادەکردنی، بریتیە لە دروستکردنی واقیعێکی گریمانەیی بە تەواوی ڕەگەزەکانییەوە. (شوێن)یش یەکێکە لەو ڕەگەزانە. کاری ئەدەبی بە گشتی بەبێ ڕەگەزی شوێن ناتەواو دەردەچێت. ڕەسەنایەتی خۆی لە دەست دەدات. ((لای "میشیل بۆتۆر" ئەدەب پێش هەموو شتێک (شوێن)ـە. لەبەر ئەوەی وەسف و دیمەن و بەدواداچوون و وردبوونەوەیە، ئەمە جگە لەوەی کە شوێنی بە بلیمەت داوەتە قەڵەم هەر وەکو لە ناونیشانی پەرتووکەکەیدا "بلیمەتی شوێن- عبقریە المکان" دەردەکەویت))[١] شوێن ڕەگەزێکی گرنگە و گرنگییەکی زۆری لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا پێدراوە، خاسیەت و تایبەتمەندییەکانی شوێن لە بەرهەمی ئەدەبیدا، بەو بیرۆکانەی لێیەوە هەڵدەقووڵێت بەو وێنانەی تێیدا لە دایک دەبێت و بەو مێژووەی کە لە ڕێگەیەوە دروست بووە، دیاری دەکرێت. (یاسین النصیر)ی نووسەر و ڕەخنەگری عێراقی بە جەخت کردنەوەی لە گرنگی و پێویستی شوێن لە کاری ئەدەبیدا دەڵێت: ((شوێن بونیادێکی دەرەکی نییە، جێگەیەکی دیاری کراو لە پانتاییش نییە، پێکهاتەیەک لە ژوور و پەرژین و پەنجەرەش نییە. بەڵکو بوونێکە لە فرمانی گۆڕاو و ڕێکەوتێک دەگرێتە خۆی.))[٢]

سەبارەت بە شوێن بە تایبەتی لەناو دەقی شیعریدا، لەبەر ئەوەی ((دەقی داهێنەر شتێک نییە جگە لە هەندێ هێما، لەسەر شێوەی وێنەیەکی زمانی بەرجەستەکراوە، هەڵگری کۆمەڵێک پێکهاتەی نەستییە، بەتاڵکردنەوەی هەڵچوونەکان و شتە چەپێنراوەکانی دەروونە لە بوارێکدا کە بە دەقی داهێنەر ناودەبرێ.))[٣] بۆیە بەکارهێنانی شوێن لە شیعردا دەبێتە ڕێکخستنێکی هزری و، ((لە ڕووی پێکهاتەوە تەنیا چەند ڕەهەندێکی ئەندازەیی و قەبارەیی نییە، بەڵکو سیستەمێکە لە چەند پەیوەندییەکی ڕووت.))[٤] شوێن بە کارلێککردنی لەگەڵ بابەتەکانی سەردەم و لەگەڵ

---

[١]- بینای شوێن لە دوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا (هیلانە- ئەژدیها)، تانیا ئەسعەد محمد صالح، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلیژی زمان، ٢٠٠٦، ل٢٤.

[٢]- اشکالیة المکان في النص الادبي، یاسین نصیر، ص٨.

[٣]- الشعر کیف نفهمه ونتذوقه، الیزابیث درو، ت.محمد ابراهیم الشوش، منشورات مکتبة منیمنة، مطبعة عیتاني الجدیدة، بیروت، ١٩٦١،ص١٥.

[٤]- جمالیات المکان، اعتدال عثمان، مجلة الاقلام، ع٢، ١٩٨٦، ص٧٦.

تێڕوانین و گۆشەنیگای نووسەرەکەوە، ئیستاتیکا لە چامەکەدا دروست دەکات. شوێن لە شیعردا بە هێما ڕەنگ دەداتەوە، ئەم دەلالەتە هێمایییە پەیوەستە بە کەسایەتی و حاڵەتە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی داهێنەرەوە. ((لە کاتی ڕاماڵینی شوێن لە مەدلولە هێمایییەکانی، ئەوا ئەو شوێنە دەبێتە وەسفێکی بەتاڵ، هیچ واتایەکی نابێت.))[1]

هەندێک لەو بڕوایەدان کە هیچ بەرهەمێکی شیعری قووڵ و دەوڵەمەند نییە، ئەگەر ڕەگەزی شوێنی تێدا نەبێت. ((گۆشەنیگای شیعری بۆ دەق هەرچەندە لە هەستیاری شوێن و ئامادەگیەکەی و دەرکەوتەکانی دوور بکەوێتەوە، هەرچەندە ڕۆچووبێت لە قووڵایی تێڕامان و تەسەوفە کوژەرەکەی بۆ دوورییەکان و سنوور و بوارەکانی، هەر پێویستی بە ئامادەگی شوێنێکی دیاری کراو و وێنەکێشێک هەیە بۆ ئەوەی دەقەکە بە نەزعەیەکی مرۆڤایەتی و پەیوەستییەکی ئیستاتیکی بارگاوی بکات و، بیخاتە سەر نەخشەی خاڵێک کە لەسەریدا جێگیر بووە.))[2] دەکرێت هۆنراوەیەک ڕەگەزی شوێنی تێدا نەبێت. ((لەوانەیە کاتێ باس لە شیعری لیریک دەکرێت، هەندێ جار شوێن بەخۆیەوە نەگرێت، چونکە هەڵقووڵاوی هەست و سۆزی شاعیرە بەرامبەر بە خۆشەویستەکەی هەست و سۆزەکەی تەنیا لە دەوری خودی خۆی و دڵبەرەکەیدا دەسووڕێتەوە، بۆیە مەرج نییە باس لە شوێن بکات.))[3] ئەم جۆرە شیعرە هەرچەندە باس لە شوێنیش نەکات، بەڵام کاتێ باس لە خۆی و یارەکەی دەکات، ئەوان خۆ لە بۆشاییدا نین، بەڵکو لە شوێنێکدان لەو کاتەی کە باسیان دەکرێت، بۆیە لەو حاڵەتەشدا شوێن لەناو دەقەکە بە ناڕاستەوخۆ ئامادەبوونی هەیە، جگە لەوەش شیعر بە تایبەتیش شیعری هاوچەرخ، بریتیە لە وێنەیەکی گشتی کە لە کۆمەڵە وێنەیەکی تاک و لێکدراو ئاوێتە بووە، شوێنیش یەکێکە لە ڕەگەزەکانی وێنە. بۆیە بەم پێیەش بێت شوێن لە شیعردا ئامادەبوونی هەیە.

بەکارهێنانی شوێن لە دەقی شیعریدا دەلالەتی جیاواز دەبەخشێت، زۆرجاران مەبەستێکی لە پشتەوەیە، هۆکاری ئەمەش ئاشکرایە، چونکە ((داهێنانی هونەری بە

---

[1]- الزمان والمكان في روايات غائب طعمة فرمان، د. علي ابراهيم، الطبعة الاولى، الاهالي للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق، ٢٠٠٢، ص٨٦

[2]- التشكيل الشعري (الصنعة والرؤيا)، م. محمد صابر عبيد، دار نينوى للدراسات والنشر والتوزيع، دمشق، ٢٠١١،ص٢٥.

[3]- دوالیزمی شوێن لە قەسیدەی (قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور)ی حەزرەتی نالی، د. سردار ئەحمەد گەردی، گ. ئەکادیمای کوردی، ژ.٢٢، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ل٩٣.

گوێرەی تێڕوانینی دەروونی، شتێک نییە جگە لەوەی دیاردەیەکی بایلۆژی دەروونییە، قەرەبووکردنەوەی ئارەزووە بنچینەییەکانە کە بەهۆی بەربەستەکانەوە لە جیهانی ناخەکی و دەرەکیدا بەبێ پەناگە ماوەتەوە.))[١] لە ستراتیژیەتی بە کارهێنانی (شوێن) لە شیعردا، ڕەنگە وروژاندنی پرسێکی نەتەوەیی یان سیاسی بێت. بە جۆرێک لە جۆرەکان بە کێشەی خاکەوە پەیوەست بێت. ((شیعر پرسی پەیوەست بوون بە (شوێن) لە ئاستی هەستکردنێکی ڕووت دەگوازێتەوە بۆ چەند جۆرێک لە بەها و بۆچوون و فیکرەی بەیەکاچوو.))[٢] هەندێک جار شاعیر تاسەی شوێنی ڕابردوو دەکات. ئەو شوێنەی کە هۆگریەتی و سەردەمانێک ژیانی تێدا بە ئاسوودەیی و دڵخۆشی تێدا گوزەراندووە، واتە شوێن لە شیعردا خەسڵەتێکی دەروونی لە پشتەوەیە لە ڕێگەیەوە شاعیر ((پەیوەندییە منداڵییە نامۆییەکەی بە گوندەوە وەکو هاودژ بۆ شاری مۆدرێن بەرجەستە دەکات. سادەیی شوێن و سەوزاییەکەی وەکو هاودژییەک بۆ دیاردەی دووکەڵی کارگە و شۆستەی شەقامەکان بەدیار دەخات.))[٣] واتە شاعیر دوالیزمێک لە نێوان شوێنی هۆگر و بێ ئۆقرەیی چێ دەکات. هەندێک جار شاعیر لە ئەنجامی هاوسۆزی و خۆشەویستی بۆ (شوێن)ێک، ئەو شوێنە دەکاتە بناغە و چامەکەی لەسەر بنیات دەنێت. ((لەو ستراتیژیەتانەی کە لە بەرجەستەکردنی شوێنی شیعریدا پەیڕەو کراوە، بریتیە لە دووبارە چێ کردنەوەی وێنەی شوێنی خۆشەویست.))[٤] هەندێک جار شوێنێکی پشتگوێ خراو یان ئەو شوێنەی کە لە یادگەماندا جێی بایەخ نەبووە، دەبێتە پاڵەوان و بە تان و پۆی هۆنراوەکەدا هات و چۆ دەکات، شیعر (شوێن)ی مردوو، زیندوو دەکاتەوە. ((شیعر مامەڵە لەگەڵ شوێنێکی مردوودا ناکات، هەموو ئەو شتە جێگیر (ثابت) و نەگۆڕانەی کە تێیدایە، ڕەتی دەکاتەوە.))[٥]

ئەرکی شوێن لە شیعردا بارگاوی کردنی یادگەیە بە بەردەوامی لە ڕێگەی چەندین وێنەوە. (شوێن)لە شیعردا دەربڕی هۆشێکی تایبەت بە شاعیرە بەرامبەر بە خودی خۆی یان دەوروبەرەکەی یان بەرامبەر بە مێژوو و ڕووداوەکان. ((شوێنی چیرۆک

---

[١]- الشعر بین الابداع والواقع، صبیح ناجي القصاب، دار الرشید للنشر، ١٩٧٩، ص١٢١.

[٢]- المكان في الشعر العربي قبل الاسلام، حیدر لازم مطلك، ص١٨٢.

[٣]- اشكالیة المكان في النص الادبي، یاسین النصیر، ص٣٩٤.

[٤]- الزمان والمكان في الشعر الجاهلي، د. بادیس فوغالي، الطبعة الاولی، عالم الكتب الحدیث، اربد، ٢٠٠٨، ص٦٠.

[٥]- اشكالیة المكان في النص الادبي، یاسین النصیر، ص٤٠٢.

یان چامە دەبێتە ناسنامەیەکی مێژوویی و نیشتمانی، دەبێتە هەڵگری هیوا و ئاواتە ڕۆشنبیرییەکانی نووسەر. وای لێ دەکات لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی ڕۆشنبیری بێت لەگەڵ سەردەمدا.))[1]

شوێن لە شیعردا دەبێتە نموونە بۆ بونیادی شوێنی جیهان، لەبەر ئەوەی شوێن لە شیعردا فرە دەلالەت و فرە ڕەهەندە، بۆیە بۆ تێگەیشتن لێی وا پێویست دەکات ((لەو واقیعە تێ بگەین کە ئەو شیعرەی لێ پەیدا بووە. ئەوەش بەرەو هەڵوەشاندنەوەی هێماکان و شیکردنەوەی دیاردەکان و وەستان لەبەردەم لێکدانەوەی ئەو دەلالەت و بەها هونەری و ئیستاتیکیانەمان دەبات، واتە تێگەیشتن لە شوێن لە تێگەیشتنی شیعرەوەیە.))[2] هەندێک جار (شوێن) بە جوانی سروشتەکەیەوە دەبێتە پاڵنەرێک تا هانی شاعیر بدات بۆ هۆنینەوەی شیعر، واتە ئیلهام لە سروشتەوە وەردەگرێت، هەموو جۆرە شوێنێک لە شیعردا جێگەی دەبێتەوە، هاوڕێیەکی نزیکی یادگەی شاعیرە، شوێن کاتێک کەوتە نێو دەقی شیعرییەوە، واتاکەی لە دەلالەتێکی جوگرافیانەی ڕووتەوە دەگۆڕێت بۆ بابەتێک کە ئەزموونی مرۆڤایەتی دەگوازێتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

[1]- بناء الرواية (دراسة مقارنة لثلاثيه نجيب محفوظ)، د.سيزا احمد قاسم، الهيئة المصرية للكتاب، ١٩٨٤، ص٩٩

[2]- المكان في الشعر العربي قبل الاسلام، حيدر لازم مطلك، ص١٩.

**٢-ب- واقیعیەتی شوێنی شیعری**

شوێن لە دەقی شیعریدا بەشێکە لە جیهانی واقیع. واتە ((هەرگیز نووسەر ناتوانێ شوێنێک پێشکەش بکات دوور لە ئەزموونی مرۆڤایەتی.))[١] بەڵام بە تەواوی تایبەتمەندییەکانی خۆی ناپارێزێت، کاتێک بۆ دەق دەگۆڕێت، چونکە شوێنی تەوزیف کراو لە دەقی شیعریدا بەهۆی بوونی بە جەستەیەکی زمانی، هەمیشە تێپەڕی واقیعی بوونی خۆی دەکات، ((واقیعیەتی شوێن لە دەقدا، واقیعیەتێکی زمانەوانییە. بە واتای واقیعیەتی جیهانی سروشتی نایەت. لەبەر ئەوەی بە ئەرکێکی بونیادگەرایی و دەلالی و جوگرافی ڕادەبێت.))[٢] هەروەها ((نووسەر بۆ بەرجەستەکردنی شوێن، سوود لە سەرچاوە مەتریالییەکانی سەر زەوی واقیع وەردەگرێت، بەڵام بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ مامەڵەیان لەگەڵدا ناکات، بەڵکو لە ڕێگەی ئەو وێنە شوێنییەی لە مێشکیدایە و بەهۆی زمانەوە بەرجەستەی دەکات.))[٣] ((ئەگەر واقیعیەتی شوێن سەرچاوەکەی (مرجعە) ڕامیاری، مێژوویی، جوگرافی یان چەندین سەرچاوەی دیکە بێت، ئەوا ئامادەگی ئەو شوێنە لە دەقی ئەدەبیدا وای لێ دەکات ببێتە خەیاڵی و تەجاوزی واقیع بکات و شوێن بگۆڕێت بۆ بیرۆکەیەک، لەبەر ئەوەی لە بوونێکی ماددییەوە بۆ بوونێکی زمانی دەگۆڕێت.))[٤] شوێن لە شیعردا پەیوەستە بە خەیاڵ و جووڵەی مێشکی شاعیرەوە، ئەمە وادەکات زۆر جیاواز بێت لە شوێنی سەر ئەرزی واقیع. شاعیر شوێن بە شتی خەیاڵی دەچوێنێت، سیفاتی خەیاڵی دەداتە پاڵ شوێن، هەندێک جار ((یۆتۆپیا))[٥] یەک چی دەکات، شوێن لە شیعردا ناتوانێت خۆی بەدوور

---

[١]- ڕەگەزەکانی چیرۆک لە داستانی (مەم و زین)ی خانیدا، نەوزەت ئەحمەد عوسمان زێباری، نامەی دکتۆرا، زانکۆی بەغدا، کۆلێژی پەروەردە (ابن ڕوشد) ١٩٩٩، ص١٠٨.

[٢]- دلالة المكان في رواية ،عابر سرير، لاحلام مستغانمي، سعدية بن يحيى، ص١٠.

[٣]- بیناى شوێن لە دوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا (هیلانە- ئەژدیها)، تانیا ئەسعەد محمد صالح، ل٤٦.

[٤]- دلالات المكان في الشعر الفلسطيني المعاصر بعد ١٩٧٠، جمال مجناح، رسالە دكتوراه،جامعة الحاج خضر، باتنة، كلية الاداب والعلوم الانسانية، قسم اللغة العربية وادابها، السنة الجامعية ٢٠٠٧-٢٠٠٨، ص٧٥.

[٥]- (یۆتۆپیا utopia لە دوو وشە پێکهاتووە لە (ou) بە واتای (نا) و (topas) بە واتای (شوێن) وشەکەش بەسەر یەکەوە بە واتای: شتێک لەو شوێنە نییە (ليس في المكان) بەڵام بە کەوتنی پیتی (o) نووسینەوەی وشەکە بە لاتینی (utopia) وای لێهات بەکارهێنانەکەی فراوانییەک لە واتای شوێنێکی ئەندێشاوی ببەخشێت، واتە ئەمە بە هەموو کۆمەڵگەیەکی ئەندێشاوی دەوترێت کە خێر و جوانی تێدا دەستەبەر بێت، ئازاد بووبێت لە ڕەزیلی و شەڕانگێزییەوە.) المكان والجسد والقصيدة (المواجهة والتجليات الذات)، د.فاطمة الوهيبي، ص٧٣-٧٤.

بگرێت ((لە زیادکردنی "خستنەسەری" هزر و میزاج و سۆزەکانی شاعیر بۆ سەری.))[1] بەو شێوەیە جۆرێک لە بەهای ئیستاتیکی پێ دەبەخشێت، شاعیر ((هەندێک جار لێی لادەدات، هەندێک جار بۆی زیاد دەکات، بۆیە هەمیشە لەبەردەم ژمارەیەک پێشبینی و تەوەقوع دامان دەنێت و، بەو شێوەیەش لێکدانەوەی شیعری تاکە دەلالەتێک تێپەڕ دەکات.))[2]

خودی نووسەران بۆیان دەرکەوتووە کە گواستنەوەی شوێنی ڕاستەقینە وەکو خۆی بەبێ گۆڕانکاری، بەهای هونەری لە دەست دەدات. بەڵکو ((لەسەر نووسەر پێویستە (شوێن) لە کارە ئەدەبیەکەیدا بە شێوەیەک دروست بکات کە واقیع بە بارگەی جۆراوجۆر لە هەست و سۆز و کەشی دەروونی بارگاوی بکات.))[3] هەر چۆنێک بێت نابێت ئەوە لەبیر بکەین کە شوێن لە دەقی شیعریدا ((هەر بە واقیعێکی پێشبینیکراو دەمێنێتەوە، چونکە پشکەکانی ڕاستەقینەن، بەڵام دەچنە ناو چوارچێوەی خەونەوە کە شێوەی جۆراوجۆری بێ شومار لەخۆ دەگرێت.))[4] خوڵقێنەری شوێن لە شیعردا، شاعیرە، شاعیریش بوونەوەرێکە لەنێو جیهانی واقیعدا دەژی، ئەو جۆرە شوێنانە دەبینێت کە لە واقیعدا هەیە، بەڵام ئەوە هەیە کە دەبێت ڕاستەوخۆ نەیگوازێتەوە بۆ نێو دەقەکە، بەڵکو لەگەڵ خەیاڵ و هەست و میزاجدا ئاوێتەی بکات، هەتاکو بتوانێت نرخێکی ئیستاتیکی و هونەری بە (شوێن)ـەکەی بە تایبەتی و بەدەقەکە بە گشتی بدات. کەواتە شوێن لە دەقی شیعریدا بە کاریگەری شوێنی واقیعی و ئەندێشەی شاعیرەوە دروست بووە. ڕەنگە ناوی شوێنەکان هەمان ئەو ناوانە بن کە شوێن لە واقیعدا هەڵگریەتی، بەڵام کاتێک دەکەوێتە نێو دەقەوە زۆرێک لە ڕەگەزە واقیعیەکانی خۆی بە شێوەیەکی ئۆتۆماتێکی لەدەست دەدات و، ئەو کاتە شوێن دەبێتە وەرگێڕانی هەستەکانی شاعیر.

**٣- ئیستاتیکای شوێن**

هەستکردن بە جوانیەکان و بیری جوانیناسی، هەر لە کۆنەوە لای مرۆڤ سەری هەڵداوە، جوانی دوو جۆرە، جوانییەکی سروشتی کە دەتوانین بە جوانی بنەڕتیش ناوی ببەین و جوانییەکی هونەری کە لە داهێنانی هونەرمەندایە. ئیستاتیک Aesthetic

[1] - بنية الشكل الروائي، حسن بحراوي، المركز الثقافي العربي، بيروت، دار البيضاء، ١٩٩٠، ص٥٣.

[2] - بلاغة المكان، فتحية كلحوش، ص٢٥.

[3] - بناء الرواية، سيزا احمد قاسم، ص٨٤.

[4] - جماليات المكان، اعتدال عثمان، ص٥١.

زانستی جوانیناسی یاخود فەلسەفەی جوانی لە دەورو خولی جوانییەکانی هونەردا دەسوورێتەوە. واتە بابەتی ئیستاتیکا جوانی هونەرییە نەک جوانی سروشتی.

ئیستاتیکا لقێکە لە لقەکانی فەلسەفە ((بریتیە لە مێژوو و فەلسەفەی هونەر و بایەخپێدان و هەڵسەنگاندنی بابەتەکانی هونەرە وەکو پەیکەر، وێنە، شیعر، مۆسیقا..هتد))[1] باسکردنی ئیستاتیکای (شوێن)یش باسکردنە لە دەسەڵات و دەلالەت و ناسنامەی شوێن. ئیستاتیکای شوێن لە لایەن مرۆڤەوە بە کردەوەکانییەوە و لە لایەن سروشتەوە بە کەش و هەوا و وەرزەکانییەوە دروست بووە. مرۆڤ ڕوو لە شوێن دەکات وەکو سەیرانگایەک، چەند ساتێکی خۆشی تێدا بەسەر دەبات. هەروەها مرۆڤ سوودی لە سروشت (چیا، ڕووبار، بیابان، ..هتد) وەرگرتووە. چەندین یاری وەرزشی لێوە داهێناون، کە جگە لەوەی سوودی بۆ تەندروستی دەبێت، کەیف و خۆشی بە مرۆڤیش دەبەخشن، ئەمانە هەموو بەرجەستەکردنی ئیستاتیکای شوێنن. ((مرۆڤ لە ڕێگەی جووڵەیەوە ڕادەبێت بە وێناکردنی ئیستاتیکای ئەو شوێنە، هەروەها مرۆڤیش جۆرێک لە چێژ و هەست و میزاج لە سروشت و وەرزەکانی وەردەگرێت، کە ئەمەش یارمەتی دەدات بۆ ئەوەی وێنای شوێنی پێ بکات.))[2]

شوێن نیشتمانە، مێژوو و ژیانە، بە شێکە لە غەریزەی ژیان و لەدەستدانیشی بەشێکە لە غەریزەی مردن. شوێن پانتاییەکی فراوانە بۆ هەموو بوونەوەرەکان، ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین ئەو شوێنانەی کە لە یادگەی مرۆڤدا بەنەمری دەمێننەوە، واتە شوێنە مەزنەکان، بە شێوەیەک لە شێوەکان بە ڕابردووەوە پەیوەستن، بە هۆی چەند هۆکارێکەوە هۆگریمان بۆیان هەیە. ((شوێن دەبێتە مۆزەخانەیەک بۆ سۆزەکان، چەندین چیرۆکی خۆشەویستی جۆراوجۆر بە خۆوە دەبینێت، یان دەبێتە مۆزەخانەیەک بۆ جل و بەرگ و گالیسکە، کەوا چەندین جەنگ و ململانێ و ناکۆکی و ڕووداوی جۆراوجۆری بەخۆوە بینیوە.))[3] شوێن چەمکێکی ڤاڵا نییە، بەڵکو ((بارگاوییە بە کات و بەوانەی کە پەیوەندییان پێیەوە هەیە لە ڕۆشنبیری و داب و نەریتەوە.))[4]

---

[1]- سەرنجێک لەسەر ئیستاتیکا، مقداد حەمە صالح، ل١١.

[2]- جماليات المكان في الرواية العربية، شاكر نابلسي، الطبعة الاولى، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٩٤،ص٩٦.

[3]- سەرچاوەی پێشوو، ص٤٤-٤٥.

[4]- المكان والجسد والقصيدة، المواجهة و تجليات الذات، د. فاطمة الوهيبي، ط١، المركز الثقافي العربي، ٢٠٠٥، ص١٧٣.

شوێنی ڕابردوومان، بیرەوەرییەکانی ژیانی گەنجییەتیمان دەپارێزێت. بۆ نموونە ئەو کەل و پەلانەی کە دەبنە شوێن بۆ شاردنەوە و هەڵگرتنی شتەکانمان، کیانێکی دەروونی لای مرۆڤ دەخولقێنین. زەنگێکی بیرخستنەوەی ژیانی ڕابردوومانە. بە کردنەوەی قوفڵی سندووقێک یان قوتوویەکی خشڵ حاڵەتێکی ڕۆمانسییانە مرۆڤ دادەگرێت. (گاستۆن باشلار)ی فەیلەسووف شرۆڤەیەکی دەروونی بۆ ئەم حاڵەتە کردووە و دەڵێت: ((کۆگەکان و ئەوەی تێیدایە، نووسینگەکان بە ڕێزبەندییانەوە، سندووقەکان بە ڕێساکانیانەوە، ئەوانە چەند کەل و پەلێکی ڕاستەقینەن بۆ ژیانی دەروونی نادیارمان، بەبێ ئەو کەل و پەلانە و هاوشێوەکانی، ژیان نموونە سۆزدارییەکانی ون دەکات.))[1]

شوێن داڵدەدان و پاراستن دەنوێنێت، هەستکردن بە ئەمان لای مرۆڤ چێ دەکات، مرۆڤ پەنا بۆ شوێن دەبات وەکو پەناگەیەک کەم و کورتیەکانی دەپۆشێت. یەکێک لەو شوێنانە (ماڵ)ی مرۆڤە. ماڵ سروشتێکی دایکانەی هەیە، هەست بە خۆشی و هۆگری دەکەین تیایدا، ((ماڵ جێگەیەکی گرنگی لە ژیانی مرۆڤدا داگیر کردووە، چونکە ماڵ دوای ڕۆژێک لە ماندووبوون و کارکردن، پەناگەی هەموو مرۆڤێکە، زۆربەی جار بریتیە لە سەرچاوەی خۆشی و پشوو و ئاسایش و دڵنیایی، کە هەموو کەسێک ئاواتی بۆ دەخوازێت. ماڵ پەیوەستە بە بیرەوەری گرنگ لە ژیانی کەسەکاندا، کە پشکداری لە دروستبوونی ئەو کەسایەتییەی دەکات.))[2] نزیکترین شوێن لە مرۆڤ، ماڵەکەیەتی. (حبیب مونسی) نووسەر و ڕەخنەگری عەرەب لەم بارەیەوە نموونەیەکی هێناوەتەوە: ((هەندێک لە ئەعرابییەکان کوڕێکیان بینی کە بەسەری گۆپاڵەکەی نەخشەی ماڵێکی دەکێشا، لێی هاتنە قسە و وتیان: "ئەی کوڕم ئەوە کراسەکەتە، ئەگەر بتەوێت فراوانی دەکەیت، ئەگەر بتەوێت تەسکی دەکەیتەوە."لە جووڵانەوەی ئەو ئەعرابییەدا کۆمەڵێک ڕاستی هەیە کە پەیوەستە بە فەلسەفەی (شوێن)ـەوە، سەرنجمان دەچێتە سەر ماڵ، کە ماڵی بە کراس چواندووە، شتێکی نوێی لەبارەی کێشەی شوێنەوە دۆزیوەتەوە. کراس زیاتر لە هەموو جلەکانی دیکە بە جەستەی

---

[1]- جماليات المكان، غاستون باشلار، ص٩٦.

[2]- جماليات المكان في ثلاثيه حنامينه، مهدي عبيدى، ص٤٨.

مرۆڤەوە دەنووسێت و گونجاوترە بۆی، وەکو ئەوەی ماڵێک بێت بۆی کە تایبەتمەندی کراسی وەردەگرێت.))[1]

ماڵ باوەشێکە بۆ کەسەکان و لەو ڕێگەیەوە دەتوانین خوێندنەوەی سایکۆلۆژی بۆ نیشتەجێبووەکان بکەین، هەروەها ((بۆ زانینی خاسیەت و تایبەتمەندییەکانی میللەتان، دەکرێت لە ڕێگەی بونیاتنانی خانووەکانیانەوە بزانرێت، لەبەر ئەوەی ڕێگەکانی بونیاتنانی شوێنی نیشتەجێ بوون بەرئەنجامی گۆشەنیگایەکی ئیستاتیکییە کە پەیوەندی بە دەرکەوتە شارستانییەتەکانی ئەو کۆمەڵگەیەوە هەیە، بۆیە شێوە و چەشنی خانووی گەلانی بیانی جیاوازە لە هی گەلانی جەمسەری باکوور،..هتد.))[2] شوێن بە تایبەتی شوێنە سەرنج ڕاکێشەکان وەکو پایتەختی وڵاتە پێشکەوتووەکان، شوێنە گەشتیارییەکان یان ئەو شوێنانەی کە شوێنەواری مێژوویی سەرنج ڕاکێشیان هەیە، چەندین ئەرک و تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی و ئابووری و دەروونی و شارستانی ئەرێنی لە خۆ دەگرن، سەرەڕای ئەوەی کە چەند ئەرکێکی نەرێنیش لەخۆ دەگرن، کەچی هەر مرۆڤ بۆ لای خۆیان کێش دەکەن و، دەبنە شوێنێکی خۆشەویست لای مرۆڤ، بەڵام هێشتا جوانتر و خۆشەویستر نین لە زێدی مرۆڤ خۆی کە هیچ کاتێک ناتوانێت دەستبەرداری بێت، سۆزی مرۆڤ بۆ زێد و نیشتمانەکەی چرایەکی داگیرساوە لە ناخیدا، مەگەر بە مردنی بکوژێتەوە. ((هەرچەندە مرۆڤ لە نیشتمانەکەیدا تاڵی و ناخۆشی هەبێت، هیشتا هەر پەیوەست دەبێت پێیەوە و هەر بە بەهەشتی دەزانێت وەک بیابان نشینیان، چەندێک ژیانیان سەخت و وشکە هێشتا ئەو ژینگەیە بە تاکە ژینگەی ژیان دەزانن و ناتوانن دەستبەرداری بن.))[3] مرۆڤ ئینتیمای بۆ زێد و نیشتمانەکەی هەیە و خۆشی دەوێن، ناوی شوێنەکانی (چیا و ڕووبار و شار و ..هتد) وەکو ناوی تایبەتی بۆ ناونانی کوڕان و کچان بەکار دەبات. ئەم کارەی لە خۆشەویستی بۆ شوێنەوە سەرچاوە دەگرێت.

---

[1]- فلسفة المكان في شعر العربي، قراءة موضوعاتية جمالية، د. حبيب مونسي، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠١، ص١٥.

[2]- المكان ودلالته في رواية (مدن الملح) لعبد الرحمن منيف، د. صالح ولعة، عالم الكتب الحديث، اربد، ٢٠١٠، ص١٦٥.

[3]- جاحظ، رسالة الحنين الى الاوطان، رسائل جاحظ، تحقيق عبدأ. مهنا، ج١١، دار الحداثة، بيروت، ١٩٨٨، ص١١.

((شوێن بریتیە لە باوەشێک، کە کەسایەتییەکان و ڕۆشنبیرییەکانی، هەروەها هەڵگری کەلتوور و جوگرافیا و مێژووە. مرۆڤ لەگەڵیدا کارلێک دەکات و، پەیوەندییەکانی دادەمەزرێنێت، کە بە چارەنوسساز و حەتمیەت دەناسرێتەوە، لەبەر ئەوە بەم سیفەتەوە واتای بە نیشتمان بوون دەبەخشێت. ئەگەرچی لەسەر ئاستی ماڵ یان گەڕەکێکی میللی یان شارێک یان دەریایەکیش بێت، ژیانی خۆی پیادە دەکات و داب و نەریت و ڕەوشتی لێ وەردەگرێت.))[1] مرۆڤی شوێنە ساردەکان جیاوازییان هەیە لە مرۆڤی شوێنە گەرمەکان لە ڕووی پۆشینی جل و بەرگ و خواردن و خواردنەوە و داب و نەریتی کارکردنەوە، ئەمە جگە لەوەی کە لە ڕووی فیزیکیشیەوە جیاوازییان هەیە، ڕەنگی پێست و چاویان ، بەژن و باڵایان. هەروەها شوێن زۆر جاران پیشەی مرۆڤەکە دیار دەکات. زۆربەی دانیشتوانی کەنار دەریاکان بە ڕاوەماسییەوە خەریکن، ئەوان شارەزاییەکی زۆرتریان هەیە لەبارەی شێوە و ناوی بەرهەمە دەرياییەکان.

شوێن پەیوەندییەکی سۆزدارانە لەنێوان تاکەکاندا دروست دەکات بە شێوەیەک کە ئەو تاکانەی هەموویان خەڵکی شوێنێکبن، پەیوەندی سۆزدارییان بۆ یەکتری بەهێزترە لەو تاکانەی کە هەر یەکەیان خەڵکی شوێنێکی جیاوازن. شوێن پەیوەندییەکی سۆزدارانەی نزیک لە پەیوەندی خزمایەتی دروست دەکات. ئەگەر باس لە ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا بکەین، ئەوا ئەو باسانە دەگرێتەوە کە ((لێکۆڵینەوە لەنێو دەقەکان و دەوروبەرەکەی و ئەوەی لە دەوروبەریتی لە دەرکەوتەکانی ئیستاتیکای شوێن و شوێنە جوانەکان بە هەموو چەشنەکانییەوە دەکات. بۆ هەموو ئەمانەش هەر شتێک بۆی ڕەخسابێت یان مومکین بووبێت لەبارەی تێڕامان و میتۆد و ئالیەت و تەکنیک و چەندین کاری جۆراوجۆری بەکارهێناوە لە پێناوی گەیشتن بە بارودۆخێک تا ئەو پەڕی جوانی کەوای کردووە شوێنەکە جوانتر و باشتر و ڕازاوەتر دەربکەوێت لە دەقی ئەدەبیدا بە شێوەیەکی گشتی لە شیعردا بە شێوەیەکی تایبەتی.))[2] ئیستاتیکای شوێن لە شیعردا پێگەیەکی گرنگ و زیندووی لە لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکانی ئەدەبدا وەرگرت، بە تایبەتی دوای بڵاوبوونەوەی پەڕتووکە بەناوبانگەکەی (جوانکارییەکانی شوێن-جماليات المكان)ی گاستۆن باشلار. کە لە دووتۆی لێکۆڵینەوەیەکی دەروون

---

[1]- المكان في رواية العربيه، عوض سعود عوض، مجلة المعرفة، العدد ٤٧٣، دمشق، ٢٠٠٣، ص٢٣٤.
[2]- التشكيل الشعري (الصنعة والرؤيا)م. محمد صابر عبيد، دار نينوى للدراسات والنشر والتوزيع، دمشق، ٢٠١١، ص٢٥.

شیکاریدا باس لە شوێن دەکات. ((هەڵسەنگێنرا بەوەی کە شۆڕشێکی کۆپەرنیکی لە بواری ئیستاتیکدا هەڵگیرساند. تا ئەو کاتە تەنیا شوێنی تاک ڕەهەند ئامادەیی هەبوو لە شوێنی جوگرافی خاڵیکراو لە مانا فەلسەفییەکەی تێپەڕی نەکردبوو و هەمیشە چەمکی سیاسی شوێن زاڵ بوو بەسەر چەمکی شیعری شوێندا، کە دەکاتە زاڵبوونی جوگرافیای سیاسی شوێن بەسەر جوگرافیای شیعری شوێندا. مەبەست لە باسکردنی شوێن مامەڵەکردنێکی فەلسەفیانە و ئیستاتیکییانەیە لەگەڵ شوێندا، ئەو شوێنەی کە چەمکی نەبینراو و دیوی دووەمی هەیە.))[١]

شوێن چ لە ئەدەبدا بێت یان لە دەرەوەی ئەدەبدا بێت، خاوەنی ئیستاتیکایەکی تایبەتە، لێکۆڵینەوە لە شوێن لە نێو دەقی ئەدەبیدا پەلی زۆر لە زانستە ئەنترۆپۆلۆژییەکان لە بوارەکانی دەروونزانی و کۆمەڵزانی و مێژوو، سیاسەت، ..هتد، بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت، چونکە دەرکەوتنی شوێن لە ئەدەبدا دەلالەتی جیاجیا وەردەگرێت. ڕەنگدانەوەی هزر و تێڕوانین و دەروونی بوونەوەرێکی زیندووە (شاعیر). لێکۆڵینەوە لە شوێن لەنێو دەقی ئەدەبیدا چەندین ڕووداو و بابەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و ..هتد، دەهێنێتەوە نێو بۆتەی نووسین، چونکە شوێن وەکو تۆمارێک وایە هونەر و هیوا و ئاوات و نهێنییەکانی مرۆڤی تێدا تۆمار دەکرێت، واتە شوێن چەمکێکی ڤاڵا نییە.

### ٤- جەدەلیەتی کات و شوێن

حەقیقەتی کات و شوێن پێش ئەوەی ببێتە هۆی سەرقاڵکردنی بابەتەکانی ئەدەبی، بیری فەیلەسووفانی سەرقاڵ کردبوو، لە فەلسەفەوە و لەنێو زانستەکانی دیکەوە گوازرایەوە بۆ هزری ئەدەبی، فەیلەسووفەکان لە ڕوانگەی جیاوازەوە دەڕواننە پەیوەندی نێوان کات و شوێن. هەندێکیان کات لە شوێن دادەبڕن، بە تایبەتی ئەوانەی کە لە ڕوانگەی خودییەوە لە کات دەڕوانن. ((هنری برگسۆن لە زۆربەی بۆچوونەکانیدا وەکو فەیلەسووفێکی ئایدیالیستی خودی مامەڵەی لەگەڵ کاتدا کردووە و، بە چەمکێکی دەروونی واتا خودی زانیوە. هەروەها (کات)ی بەستووەتەوە بە زەین (الذاکرة)ـەوە، هنری برگسۆن ئەو بۆچوونانە ڕەتدەکاتەوە کە کاتی ڕابردوو بە کاتێکی بەسەرچوو دادەنێن، چونکە لە ڕوانگەی ئەمەوە، ئەو بۆچوونانە لەسەر

---

[١]- چەمک و ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا، سەباح ئیسماعیل، چاپخانەی ئاراس، چاپی یەکەم، ٢٠٠١، ل٩.

بنەمای ئەو تێگەیشتنانە دامەزراون، کە کات دەکەنە دیاردەیەکی شوێنی، واتا مەودایەکی بابەتی دەبەخشن لە کاتێکدا کە کات لە لای ئەم، لە بۆچوونە دەروونییەکانی مرۆڤ ناچێتە دەرەوە.))[١]ئەمە بۆچوونی ئەوانەیە کە پێیان وایە کات لەناو عەقڵی مرۆڤدا دروست دەبێت نەک لە دەرەوەی ئەو عەقڵەوە، نکوڵی لەوە دەکەن کە جیهانی دەرەوە لە هۆشی مرۆڤ سەربەخۆ بێت. بەڵام کات بە هیچ شێوەیەک لە شوێن دانابڕێت، هەردووکیان لە پەیوەندییەکی دیالێکتیکیدا دەژین، جیاکردنەوەی کات و شوێن لە یەکتری لە دەرەوەی لۆژیکدایە، چونکە ((هیچ ڕووبەرێکی شوێن نییە کە ساتەکانی کاتی بەسەردا تێنەپەڕێت، هەروەها هیچ پانتاییەکی کاتیش نییە کە لە ڕووبەرێکی شوێندا دەرنەکەوێت.))[٢]

فەیلەسووف و زانایان، وای دەبینن کە ناکرێت کات و شوێن بە جیا لەیەکتر و سەربەخۆ هەژمار بکرێت، پرسی پەیوەندی نێوان کات و شوێن زیاتر بایەخی پێدرا بە تایبەتی دوای دەرکەوتنی تیۆری ڕێژەیی ئەنشتاین، وای دەبینێت کە ((شوێن و کات دوو گەوهەری سەربەخۆ نین، بەڵکو هەردووکیان لە سیفات و پەیوەندییە گشتگیرییەکانی پێکهاتە ماددییەکانن بەیەکەوە پەیوەستن و لەیەکتری جیاناکرێنەوە. واتە ئەوانە شیمەی پەیوەندییەکی شوێنی و کاتی ڕەها و یەکتان لە پرۆسەی گەردوونیدا، هەردووکیان پێکەوە واتە شوێن و کات پەیوەستبوونێکی چوار ڕەهەندی چێ دەکەن.))[٣](باشلار)ی فەیلەسووف خوێندنەوەی کات دەبەستێتەوە بە شتەکانی ناو شوێنەوە.((مرۆڤ ناتوانێت بە تەنیا لە ڕێگەی کاتەوە خۆی بناسێتەوە، واتە هەست بە گۆڕانەکانی خودی خۆی بکات، ئەگەرچی هەندێ جار بڕوای بەو شتەش هەبێت، چونکە هەموو ئەوەی کە مرۆڤ دەیزانێت بریتیە لە شتە نەگۆڕەکانی ناو شوێن کە نایەوێت لەناو بچێت و لە هەمان کاتدا جووڵانەوەی زەمەن ڕادەگرێت. لەبەر ئەوە کات بە چڕی لە شوێندا بە دەردەکەوێت.))[٤] پەیوەندی نێوان کات و شوێن پەیوەندییەکی یەکبوونییە، بەوەی کە هەر یەک لەوانە لەگەڵ ئەوەی دیکەدا یەک دەگرێت و پێی دەناسرێتەوە، هەردووکیان واتای یەکتر تەواو دەکەن.

---

[١]- بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردیدا، نەجم خالید نجم الدین ئەلوەنی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٢٦-٢٧.

[٢]- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥.

[٣]- معجم الفلسفي المختصر، ترجمة:توفيق سلوم، موسكو، دار التقدم، ط٤، ١٩٨٦، ص٤٧٤-٤٧٥.

[٤]- جماليات المكان، غاستون باشلار، ت.غالب هلسا، ص٤٦.

فەیلەسووفەکان بانگەشەی بەیەکەوە بەستنەوەی کات و شوێن لە ڕێی جووڵە یاخود ڕووداوەوە دەکەن، چونکە ((کات و جووڵە هەموو دەم لە یەکتر نزیک دەبنەوە، جا ئەوە لە ڕێگەی کارێک یان هێزێکەوە بێت.))[١] کاتێک مرۆڤ دەست دەکات بە ئەنجامدانی کارێک و کۆتایی پێدەهێنێت، یاخود کاتێک بەرەو دەوامی فەرمی خۆی بەڕێ دەکەوێت تا کاتێکی دیاریکراو لەوێ دەمێنێتەوە یان هەر کارێکی دیکە کە دەیکات، واتە ((هەموو کارێکی مرۆیی لە چوارچێوەی کات و شوێندا ڕوودەدات، چونکە جووڵەی مرۆڤ ناتوانێت لە دەرەوەی ئەمانەوە بێت.))[٢] کاتێک زەوی لە ماوەی بیست و چوار کاژێردا خولێک بە دەوری خۆیدا و لە ماوەی سێ سەد و شەست و پێنج ڕۆژدا خولێک بە دەوری خۆردا دەسووڕێتەوە، هەموو ئەمانە (جووڵە)ن لەنێو (کات)دا. هیچ تێگەیشتنێک بۆ کات نییە بەبێ تێگەیشتن لە جووڵە (ڕووداو). (غەزالی) کە فەیلەسووفێکی موسڵمانە ((گۆڕان و جووڵانەوەی کردووە بە بناغەی بوونی کات. جووڵانەوەش لای ئەم فەیلەسووفە توانای نەمان و وەستانی هەیە. بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەش بەسەرهاتی (اهل الکهف)ی بە نموونە هێناوەتەوە. تا ئەوە ڕوونبکاتەوە کە ئەو کەسانەی لەو ئەشکەوتەدا نوستبوون، هەستیان بە (کات) نەدەکرد، چونکە جووڵانەوەیان نەبووە.))[٣] لە بەر ئەوەی ((هەموو شتێک لە شوێنێکدایە و هەموو ئەوەی لە شوێنیشدایە، لە جووڵەدایە))[٤] کەواتە ((شوێن هەموو ئەو پێشبینیانە ڕەتدەکاتەوە کە پەیوەست بە جووڵە و کاتەوە نەبن.))[٥]

کات و شوێن ڕووی گەردوونن، بەوانەوە تەواو کامل دەبێت، ئەگەر لە ڕوانگەی جیهانی ماددییەوە تەماشای (کات و شوێن) بکەین، ئەوا دەبینین ((هەرگیز مادده ناتوانێت لە دەرەوەی شوێندا بوونی هەبێت، ئەمە پێناسەی شوێنە کە شێوەی بوونی ماددیە، هەرچی شتێک لە جیهاندا ڕوودەدات، لە چوارچێوەی (کات)دایە، کەواتە کاتیش شێوەیەکە لە بوونی مادده.))[٦] پەیوەندی (کات) و (شوێن) چووەتە نێو

---

[١]- المكان في الشعر العربي قبل الاسلام، حيدر لازم مطلك، ص١٦.
[٢]- قراءات في شعر محمود درويش، د. خالد عبد الرؤف الجبر، دار جرير، عمان، ٢٠٠٩، ص١٢١.
[٣]- الزمان في فلسفة الغزالي وابي بركات البغدادي، مجلة كلية الفقة، العدد الثاني، الجامعه الستنصرية، كلية الفقة، النجف الاشرف،١٩٨٣، ص٥١٥.
[٤]- الزمان والمكان في روايه –ذاكرة الجسد- لاحلام مستغانمي، خەندە انور حويز، رسالةماجستير، جامعة كويه، كلية اللغات، قسم اللغة العربية، ٢٠٠٨، ص١٦.
[٥]- اشكالية المكان في النص الادبي، ياسين نصير، ص١٩.
[٦]- چەمک و ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا، سەباح اسماعیل، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٩. ل٤٦.

جەدەلییەتێک لە کارتێکردن و کاریگەری کە کۆتایی نایەت. (("کات" بە شێوەیەکی ئاشکرا کار دەکاتە سەر "شوێن" بە شێوەیەک کە هێز و جەبەرووتی خۆی بەسەریدا دەسەپێنێت، کاریگەری "کات" لە سەردەمە جیاجیاکاندا "شوێن" وێران دەکات و دەبێتە هۆی گۆڕینیشی، ڕەنگە ئەو گۆڕانەش ڕیشەیی بێت.))[1] بۆ نموونە شوێن هەیە سروشتێکی تەڕ و سەوزی هەبووە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات بەسەریدا بۆ ماوەیەکی درێژ، دەبینین گۆڕاوە بۆ بیابانێکی گەرمی وشک. یان ئەوماڵەی کە بۆ ماوەیەکی زۆر بێ کەس ماوەتەوە، یەکسەر لەگەڵ یەکەم بینیندا هەست بەوە دەکرێ کە ئەو ماڵە یان ئەو خانووە لەنێو (کات)ێکی درێژدا بێ کەس ژیاوە و کەس ڕووی تێ نەکردووە. کەل و پەلەکانی ناوی تۆزیان لێ نیشتوون و کۆن بوون، ڕزیون، باخچەکەی یان وشک بووە یانیش زۆر ناڕێکە، ئاشکرایە کەل و پەلەکانی ناو (شوێن) بەشێک لە (شوێن)ـەکە پێک دێنن، یۆری لۆتمان لەم بارەیەوە پێناسەیەکی فراوانتری لەسەر شوێن پێشکەش کردووە و دەڵێت: ((شوێن کۆمەڵە شتێکی گونجاوە لە دیاردە، حاڵەت، ئەرک، یان شێوەگەلی گۆڕاو،...هتد.))[2]

(کات) هەوڵ دەدات بۆ گۆڕینی (شوێن) ((هێزی کات بەهێزترە لە شوێن، شوێن بە کردەی کات دەگۆڕێت و دەچێتە ژێر ڕکێفی کاریگەرییەی، بەبێ ئەوەی هیچ پەرچەکردارێکی هاوشێوەی بۆ هێزی کات هەبێت.))[3] بەڵام (کات) بێ بەش نییە لە کاریگەرییەکانی (شوێن) بە تایبەتی شوێنێکی وەکو زیندان، ((زیندان زەمەنێکی تایبەت بە خۆی هەیە، کە خودی زیندانییەکە ئەندێشاوی دەکات. زیندان جێگەیەکە بۆ خەم و خەفەت، لە ڕووی کاتیشەوە وەستاندنی ڕێڕەوی ژیانی تاکێکی دیاریکراوە.))[4] هەروەها گوزەراندنی کات لە ((گونددا جیاوازە لە کات لە شاردا، کە بزووتنەوەی ژیانی تێدا خێراترە.))[5] کات و شوێن بە هیچ شێوەیەک لە یەک جیاناکرێنەوە و لە وێناکردنێکی زانستیدا جمکن، هەموو ڕووداوێک کە ڕوودەدات، هەر دەبێ لە

[1]- الزمان والمكان وعلاقتهما في الشعر الحديث، فهد رجيل الناصري، المطبعة الهاجرية، البحرين، ٢٠٠٥، ص٢٤.

[2]- جماليات المكان، جماعة من الباحثين، ص١٠٣.

[3]- دلاله المكان في ثلاثية نجيب محفوظ، دحماني سعاد، رسالة ماجستير، جامعة الجزائر، كلية الاداب واللغات، قسم اللغة العربية وادابها، ٢٠٠٨، ص١٩٤.

[4]- فلسفة المكان في الشعر العربي، حبيب مونسي، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠١، ص٩٥.

[5]- جدلية المكان والزمان والانسان في الرواية الخليجية، د. عبدالحميد المحادين، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ٢٠٠١، ص٢٥.

شوێنێکی دیارکراو و کاتێکدا ڕووبدات، ئەم نزیکیەی کات و شوێن وای کرد ((هەندێک لە ڕەخنەگران زاراوەیەکی نوێیان لە دوو وشەی (کات) و (شوێن) بەهەرهەم هێنا، ئەویش (الزمكان-کاتشوێن) بوو، بۆ دەلالەت کردن لە بە ڕاستی پێویست بوونی شوێن بۆ هەستکردن بە ڕوودانی ڕووداو و تێپەڕینی کات.))[1] لەو ڕەخنەگرانەش، تویژەری فۆرمالیستی ناوداری ڕووسی (میخائێل باختین) بوو، هەوڵیدا کات و شوێن لە پەیوەندییەکی دیالێکتیکیدا بەیەکەوە ببەستێتەوە. ((لە ڕوانگەی (باختین)ـەوە (شوێن) و (کات) لە یەکتری جیاناکرێنەوە، بەڵکو تەواوکاری یەکترین، بۆیە زاراوەی لێکدراوی (chronotop)ی بۆ بەکارهێناون. کە واتای (شوێنکات) دەگەیەنێت. ئەم زاراوەیە پێکهاتووە لە (chro) یان (chrono) کە واتای کاتە و (top) کە ئەوەش بەشێکە لە وشەی (topography)بە واتای وێنە کێشانی وردی شوێن))[2]

بیرهێنانەوەی (کات)ی ڕابردوو، خۆی لە (شوێن)دا دەبینێتەوە. د. شجاع مسلم ئەلعانی دەڵێت: ((من کاتێک ژیانی ڕابردووم بە بیردێتەوە و دیمەنێکی دێتە بەرچاوم، بەڵکو ژوورێک یان شەقامێک یان قاوەخانەیەک یان شارێک دێتە بەرچاوم، بەکورتی (شوێن) ڕوودانی ئەو دیمەنەی ڕابردووە.))[3] پەیوەندی نێوان کات و شوێن، پەیوەندییەکی بەیەکداچووە، مرۆڤ لەنێو هەردووکیاندا دەژی و بە هەردووکیانەوە کاریگەرە. شوێن هەموو کاتێک مێژووی تایبەت بە خۆی هەیە، واتە شوێن هەمیشە بە کاتەوە پەیوەستە و بە پێچەوانەشەوە. مادده لە (شوێن)دا بوونی نییە، ئەگەر لە ساتێک لە ساتەکانی (کات)دا نەبێت، پەیوەندی نێوان کات و شوێن لە پەنای مادده یان لە پەنای جووڵە یان ڕووداودا خۆی ئاشکرا دەکات. هیچ جووڵەیەک یاخود ڕووداوێک بوونی نییە ئەگەر لە دەرەوەی کات و شوێندا بێت، دەرکەوتنی مادده لە شوێندا بەبێ دەرکەوتنی لە ساتێک لە ساتەکانی کاتدا نابێت، چونکە ئەمە دەکەوێتە دەرەوەی لۆژیکەوە.

---

[1]- الزمان والمكان في ڕوايە-ذاكره الجسد-لاحلام مستغانمي، ص١٦.

[2]- المبدأ الحواري(دراسه في فكر ميخائيل باختين) تزفيتان تودوروف، ت.فخري صالح، دار الشوؤن الثقافية، الطبعة الاولى، بغداد، ١٩٩٢، ص١٤٥-١٤٦

[3]- البناء الفني في الرواية العربية في العراق، شجاع مسلم العاني، ص٢٠.

## ٥- مرۆڤ و شوێن

شوێن لە ژیانی مرۆڤدا ڕۆڵی گرنگ و پیرۆزی گێڕاوە. مرۆڤ بۆ ئەوەی بتوانێت خواردن و خواردنەوەی خۆی دەستەبەر بکات، بۆ ئەوەی بتوانێ کاروچالاکییەکانی ڕۆژانەی پراوە بکات، بە کورتیەکەی بۆ ئەوەی بتوانێت بژی، پێویستی بە شوێن هەبووە، شوێن بووەتە سەرچاوەی ژیانی مرۆڤ. ((کۆی گۆی زەوی بریتیە لە شوێن و هەموو گیانلەبەر و زیندەوەر و ڕووەکانی لەسەر یان لە ژێر ئەم گۆی زەویەدا لە دایک دەبن و دەژین و دەمرن. مرۆڤیش وەکو بوونەوەرێک بە هەمان شێوە لە پانتایی و قەوارەی شوێندا لە دایک دەبێت و دەژییت و دەمرێت.))[١] بۆیە مرۆڤ وابەستەی شوێن دەبێت و ڕەگ و ڕیشەی تێدا دادەکوتێت و دەزانێت لە دەرەوەی شوێندا بوونی نامێنێت، مرۆڤ لە پەنای شوێندا دروست بووە، گەورەبووە و لە شوێنیشدا دیار نامێنێت، لە (گۆڕ)دا "شوێن" دەشاردرێتەوە.) ((هەر لەو ساتەی وەکو دڵەمەیەکە (نطفە) لە منداڵدانی دایکدا پراوەی دروستبوونە بایلۆژییەکەی و زیندەگییەکەی خۆی دەکات، هەتا ئەو ساتەی کە ئەو کۆرپەلەیە دێتە دنیاو یەکەم هەناسەی ئەو بوونە دەرەکییە هەڵدەمژێت، بۆیە بێشکە ئەو شوێنەیە کە تێیدا پەی پێ بردنەکان دەکرێنەوە و هەستەکان نەش و نما دەکەن. دوای بێشکە ڕەهەندە شوێنییەکان لای مرۆڤ بە شێوەیەکی ڕوونتر چێ دەبن، وەکو ماڵ و قوتابخانە و یانە و سینەما و گازینۆ و شەقام، جا ئەوە لە گوندبێت یان لە شار یان لە بیابان، بەڵکو لەنێو دەریا یان لە هەوا. ڕەنگە ئەوە قەبر بێت کە لە ڕاستیدا ئەوە کۆتایی یان وێستگەی کۆتایی هەر یەکێکیانە.))[٢] کەواتە مرۆڤ لە ژیانەوە بۆ مردن لە شوێندایە.

شوێن لە هەموو لایەکەوە دەورەی داوە، مرۆڤ زادەی شوێنە و لە باوەشیدا پێڵووی چاوەکانی هەڵێناوە، پەیوەندییەکی توند مرۆڤ بە دەوروبەرەکەیەوە دەبەستێتەوە. هەندێ جار وای لیدێت خۆی لەسەری بەکوشت دەدات و، ناتوانێت بە هیچ شێوەیەک دەستبەرداری بێت. ((مرۆڤ بە سروشتی خۆی شتێک نییە جگە لەوەی نەوەی شوێنەکەی خۆیەتی، ئەویندار و سەرگەردانی ئەو شوێنەیە. مرۆڤ لە ڕێگەی هەستەکانییەوە بەستراوەتەوە بەو شوێنەی کە تێیدا گەورە بووە و و ڕەگ و

---

[١]- جوانی و دزێوی شوێن لە چامە شامییەکەی نالي-دا، نەوزاد ڕەفعەت، گ.گەلاوێژ، ژ.٢، ٢٠١١، ل٨١-٨٢.

[٢]- جماليات المكان، جماعة من الباحثين، ص٥.

ڕیشەی داکوتاوە و هەموو هەستەکانی داگیر کردووە.))[١] شوێن تەنیا پانتاییەک یان پارچەیەک زەوی ڕووت نییە، کە هیچ واتایەکی بۆ مرۆڤ نەبێت، بەڵکو بەشێکە لە ژیانی و لێی جیانابێتەوە، شوێن ناسنامەی ئەو مرۆڤە دروست دەکات کە تێیدا دەژی، بۆیە مرۆڤ هەمیشە ((هەوڵ دەدات بۆ پارچەیەک کە ڕەگ و ڕیشەی تێدا داکوتێت و ڕەسەنایەتی و ناسنامەکەی تێدا بەدیار بخات.))[٢] چونکە دەزانێت نەبوونی شوێنێک چ ماڵ یان وڵات بێت، بە واتای سەرگەردانی و ئاوارەیی و سەختی دێت، هەروەها ((میللەتێک ئەگەر وڵاتەکەی یان خاکەکەی کە شوێنە لە دەست بدات، ئەوا پێناسەی بوونی نەتەوەیی لەدەست دەدات و بەرەو سڕینەوە مل دەنێت.))[٣]

شوێنەکان بە پێی تایبەتمەندییەکانیان ڕەنگدانەوەی جیاوازییان لە ژیانی مرۆڤدا هەیە. هەر شوێنە و دەلالەتی خۆی هەیە و بۆ مەبەستی جیاواز بەکار دەبرێت، ئەگەر ماڵ شوێنێک بێت بۆ سەقامگیری و خۆشی و حەسانەوە و خەوتن، ئەوا بە پێچەوانەی ئەوەوە، شوێنەکانی کارکردن، شوێنێکن بۆ جووڵە و چالاکی. لە ڕێگەی شوێنەوە دەتوانین کەسایەتییەکان بناسین ((ئەگەر باسی ماڵ بکەین، ئەوا باسی ئەو کەسانە دەکەین کە تێیدا نیشتەجێن.))[٤] بۆ نموونە کاتێک باس لە ماڵێک دەکەین، کەل و پەلەکانی ناوی گران بەهان و هەر یەکەیان لە جێگەی گونجاوی خۆیاندا دانراون، لە ڕووی خاوێنییەوە، پاک و خاوێنە، خانووەکە لە نێو ڕووبەرێکی گەورەدا بیناکراوە، باخچەیەکی پڕ دار و گوڵ و چیمەنی تێدایە. یەکسەر بۆمان دەردەکەوێت کە خاوەنی ماڵەکە کەسێکی دەوڵەمەندە لە ڕووی ئابوورییەوە، دیزاینەرێکی چاکە، حەز بە پیس و پۆخڵی ناکات، حەزی لە ژینگەیەکی سەوزە. هەروەها ((هەڵبژاردنی شوێن و ئامادەکردنی، جۆرێک لە بینای کەسایەتی مرۆڤ دەنوێنێ (پێم بڵێ کوێت خۆش دەوێت، پێت دەڵێم تۆ کێیت.))[٥]

شوێن و مرۆڤ لە بواری کاریگەری و کارتێکردندا پەیوەندییەکی دیالێکتێکی لەنێوانیاندا هەیە. ((پەیوەندی نێوان مرۆڤ و شوێن لەسەر بنەمای یاسای کردار و

[١]- جماليات النص الادبي، د. فيصل صالح القصيري، الطبعة الاولى، دار الحوار للنشر والتوزيع، اللاذقيه، ٢٠١١، ص٢٢.

[٢]- جماليات المكان، جماعه من الباحثين، ص٦٠.

[٣]- چەمک و ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا، سەباح ئیسماعیل، ل٦٧.

[٤]- الفضاء في روايات عبدالله عيسى السلامة، بان صلاح الدين محمد حمدي، مجله ابحاث كلية التربية الاساسية، مجلد ١١، العدد ١، ٢٠١١، ص٢٠٠.

[٥]- جماليات المكان، جماعة من الباحثين، ص٦٣.

پەرچەکردار دروست دەبێت. بەقەد ئەوەی شوێن کاریگەری هەیە و بە هەمان شێوەش تایبەتمەندییەکان و ڕووالەتەکانی لەخۆ دەگرێت، بەم شێوەیە ئەو دوو ئاستە (مرۆڤ و شوێن) بە پێی پەیوەندییەکی جەدەلی بەردەوام کارلێک دەکەن.))[1] لەنێو ئەو نووسراوانەی کە باس لە پەیوەندییەکانی مرۆڤ و شوێن دەکەن، ((نامەی "کاریگەرییەکانی کەش و ئاو و شوێن" بە کۆنترین نووسراو دادەنرێت کە گوزارشت لە بۆچوونی گریکەکان دەکات سەبارەت بە کاریگەری (شوێن) لەسەر بزووتنەوەی (مرۆڤ) لە ژیاندا، مێژووی نووسینی ئەو نامەیە بۆ سەدەی پێنجەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە و لە دووتوێی بەرهەمە پزیشکییەکانی (هیپۆکرات)دا پارێزراوە.))[2] ((ئەم نامەیە کاریگەرییەکانی شوێن لەسەر مرۆڤ بە پێی ناوچە چیاییەکان و ناوچە نزمە گەرمە شێدارەکان و ناوچە ناڕێکەکانی گۆی زەوی باس کردووە کە جیاوازی لە بونیاد و ڕەنگ و بەژن و سروشتی مرۆڤ دروست دەبن.))[3] جگە لەوەی کە شوێن کاریگەری لەسەر پێکهاتەی فیزیکی مرۆڤەوە هەیە لە هەمان کاتدا ((شوێن و تایبەتمەندییەکەی ڕۆشنبیرییەک بەسەر مرۆڤەکەدا دەسەپێنن، کە نەوەی شوێنەکە پراوەی دەکات. شوێن بە ڕۆڵێکی گرنگ ڕادەبێت لە پیادەکردنی کەسایەتی لە سرووتەکانیدا و جۆری جل و بەرگ و هەتا لە ئامرازەکانی هات و چۆشدا، بۆیە پەیوەندی کەسایەتی بە شوێنەوە لە سەر بنەمای بەردەوامیی وەستاوە و کەسایەتیش لە دەرەوەی (شوێن)دا بوونی نییە.))[4]

شوێن حوکم بەسەر مرۆڤدا دەکات کەچ جۆرە ڕەفتار و هەڵسوکەوتێک بنوێنێت، لە کوێدا دەتوانێت قسە بکات و دەنگ بەرزبکاتەوە، بۆ نموونە لە شوێنێکی وەکو بازاڕدا، لە کوێشدا دەتوانێت بێ دەنگ دابنیشێت و گوێ بگرێت، بۆ نموونە لە شوێنێکی وەکو مزگەوت یان لە هۆڵی خوێندن. واتە ((مرۆڤ ملکەچی پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان و

---

[1]- المكان ودلالته في رواية (مدن الملح) "لعبد الرحمن منيف، د.صالح والعه، عالم الكتب الحديث، اربد، ٢٠١٠، ص١١٤.

[2]- مختصر دراسة للتاريخ، ارنولد توينبي، ت.فؤاد محمد شبل، الجزء الاول، الطبعة الاولى، ١٩٦١، ص٩٥.

[3] - کاریگەرییەتی شوێن لەسەر بزووتنەوەی مێژوو، کامەران محەمەد قادر، گ.زانکۆی سلێماني، ژ٢٤، ٢٠٠٨، ل١٠٢-١٠٣.

[4]- جماليات المكان في ثلاثيه حنا مينه، مهدي عبيدي، منشورات الهيئة العامة السورية للكتاب، دمشق، ٢٠١١، ص١٩٢.

ڕێکخستن و ڕایەڵەکانی شوێنە.) )[1] شوێن کاریگەری لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤدا دادەنێت، خزمایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە گونددا چڕ دەبێتەوە، بەڵام شار بە تێکشکاندنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان مەحکوم کراوە، مرۆڤ لە شاردا گۆشەگیرە. بۆیە ((تێبینی جیاوازی ڕەفتاری کەسایەتییەک دەکەین کە لە گونددا نیشتەجێیە لەگەڵ ئەوەی کە لە شاردا نیشتەجێیە.))[2] جوانی شوێن و سروشتەکەی کاریگەری لەسەر دەروون و تەندروستی مرۆڤەوە هەیە. گۆڕانکاری لە شوێندا بۆ مرۆڤەکان پێویستە، هەندێک جار گواستنەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە، وەکو چارەسەری نەخۆشی، بە تایبەتی نەخۆشییە دەروونییەکان، لە لایەن بزیشکەکانەوە بۆ نەخۆش دەنوێنرێت، چونکە مرۆڤ بە گۆڕینی شوێن ((سروشت و باری دەروونی دەگۆڕێت.))[3]

ژینگە کار دەکاتە سەر کەسایەتی و وای لێدەکات ڕاببێت بە ڕووداوەکان و پاڵی پێوە دەنێت بۆ ئەنجامدانی کردەوەکان، شوێن هەمیشە بە گوێرەی خواست و دڵی مرۆڤ نەبووە و نییە، مرۆڤ هەوڵی داوە خۆی بگونجێنێت لەگەڵ شوێندا. ((نەسازی نێوان شوێن و مرۆڤ باشی ئەوەی هەبووە کەوای لە مرۆڤ کردووە پاڵ نەداتەوە و لە بارێکی دیاری کراودا دەق نەگرێت و هەمیشە چالاک و کارا بێت. بە واتایەکی دیکە بوونی نەسازی نێوان مرۆڤ و شوێن خاڵێکی گرنگی بەرەو پێشچوونی مرۆڤایەتی و بزووتنەوەی مێژوو بووە.))[4] گۆڕانکاری لە شوێن، گۆڕان لە پیشەی ئادەمیزاددا چێ دەکات، بیابانشینەکان ناتوانن بە کشتوکاڵکردنەوە خەریک بن، شارنشینەکانیش ناتوانن بە بەخێوکردنی ئاژەڵەوە (مەڕ و ماڵات) سەرقاڵ بن. ((جیاوازی شوێنە جوگرافییەکان کە لێیان نیشتەجێین، لە ڕووی سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژییەوە جیاوازی لەخۆ دەگرن، کار لە ڕەفتاری خۆویست و خۆنەویستمان دەکەن.))[5] شوێن بە مرۆڤەوە نووساوە. زۆرجاران ناوی ئەو شوێنەی کە زێدییەتی،

---

[1]- بناء الرواية، دراسة مقارنة لثلاثيه نجيب محفوظ، د. سيزا احمد قاسم، الهيئة المصرية للكتاب، ١٩٨٤، ص٥٧.

[2]- دلالة المكان في رواية – عابر سرير- لاحلام مستغانمي، سعدية بن يحيى، رسالة ماجستير، جامعة الجزائر، كليه الاداب و اللغات، قسم اللغة العربية و ادابها، ٢٠٠٨، ص١١.

[3]- چەمک و ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا، سەباح ئیسماعیل، ل١٨.

[4]- کاریگەرییەتی شوێن لەسەر بزووتنەوەی مێژوو، کامەران محەمەد قادر، گ. زانکۆی سلێمانی، ژمارە ٢٤، ٢٠٠٨، ل١٠٠.

[5]- بلاغة المكان قراءة في مكانية النص الشعري، فتحية كحلوش، ص١٤٥.

وەکو نازناو بە دوای ناوی خۆیدا کێش دەکات و بەو نازناوەوە دەناسرێتەوە، پێداویستییەکانی ژیانی مرۆڤ بە گوێرەی شوێنەکە دەگۆڕێت. ((جێگەی سەرسوڕمان نابێت ئەگەر لە وڵاتێکی بێ ڕووباردا بەلەم هیچ نرخێکی نەبێت، یان لە وڵاتێکی شاخاویدا هێسترێک لە ئۆتۆمبیلێک پێوستتر و چاکتر بێت یان لە بیاباندا پیرە حوشترێک نەگۆڕنەوە بە گەورەترین کەشتی دەریایی.))[1]

ئەوە تەنیا شوێن نییە کە کاریگەری بەسەر مرۆڤەوە هەیە، بەڵکو مرۆڤیش بە ڕۆڵی خۆی کاریگەری بەسەر شوێنەوە هەیە. سیماو ڕواڵەتی شوێن دەگۆڕێت و جوانی دەکات و ئاوەدانی دەکاتەوە یان بە پێچەوانەوە وێرانی دەکات. ((کەسەکان کاریگەرییەکی زۆرییان بەسەر شوێنەوە هەیە کەتییدا نیشتەجێن و هۆکارێکی کاریگەریش بنیات دەنێت، وێرانی دەکات، بەرە و پێشەوەی دەبات (تطور)، کاریگەرییەکەیشی هۆکارێکە لە چوارچێوەی ڕەهەندە جوگرافییە دیاری کراوەکانەوەیە.))[2] شوێنی ڤاڵا و چۆڵی گۆڕیوە بۆ شوێنێکی قەرەباڵغی پڕ لە ژیان. شوێن بە مرۆڤەوە ئیستاتیکایەکی دیکەی هەیە، هۆگری مرۆڤ بۆ شوێنێک لە شوێنەکان لە بوونی مرۆڤەکان لەو شوێنەدا خۆی دەبینێتەوە، ئەوە مرۆڤە شوێن ڕێکدەخات و ئامادەی دەکات. شوێن بەبێ مرۆڤ ژیانی تێدا ناگوزەرێت، چونکە کەس نییە ئاوەدانی بکاتەوە. ((ئەگەر شوێن ژیانی تێدا نەبێت یان شوێنی نیشتەجێبوون نەبێت، یان بە تێڕوانینێکی ڕووکەشییانە تێی ڕوانرابێت، قەوارە و جوگرافیای زیندووی خۆی لەدەست دەدات.))[3]

کاریگەرییەکانی مرۆڤ بۆ سەر شوێن تەنیا لە ڕووە پۆزەتیفانەکەیەوە نەوەستاوە، بەڵکو بە دیوێکی نیگەتیفانەشدا شکاوەتەوە، بەهۆی دامەزراندنی چەندەها کۆمەڵگەی پیشەسازییەوە و فرێدانی پاشماوەکانیان، ژینگەی پیس کردووە. هەروەها لە پێناو دابینکردنی پێداویستییەکانی خۆیدا ڕووی لە بڕینەوەی دار و درەخت کردووە، هاوسەنگی ژینگەیی گۆی زەوی تێکداوە و دەرەنجامێکی خراپی بۆ سەر ژیانی مرۆڤ خۆی هەبووە، مرۆڤ شوێنی بە ڕەنگەکانی خۆی ڕەنگ ڕێژ کردووە. ئەگەر بیەوێت بەو توانا و هۆشەی کە خودای گەورە پێی بەخشیوە، دەتوانێت سروشتێکی وشک و بیابانی بگۆڕێت بۆ پانتاییەک لە سەوزایی، بە پێچەوانەشەوە

---

[1]- چەمک و ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا، سەباح ئیسماعیل، ل٢٦.

[2]- الفضاء في روايات عبدالله عيسى السلامة، بان صلاح الدين محمد حمدي، ص٢٠٠.

[3]- اشكالية المكان في النص الادبي، ياسين النصير، ص٤٠٤.

ئەگەر بیەوێت، ئەوا جوانترین سروشت بۆ وێرانترینیان دەگۆڕێت. مرۆڤ لە پەنای شوێنی ئاوەدان و سەقامگیردا دەحەوێتەوە. گەشە بە شارستانیەت و هزر و تواناکانی دەدات، دیارە ناسەقامگیری شوێن شارستانییەتەکان دەڕووخێنێت. مرۆڤی دواکەوتوو بەرهەم دێنێت. بوونی مرۆڤ بەردەوام لە سایەی شوێنێکدا بەدی هاتووە. مرۆڤ لەنێو زنجیرەیەکی چەند ئەلقەیی شوێندایە کە منداڵدانی دایکی یەکەمین ئەلقەی ئەو زنجیرە و گۆڕەکەیشی دوایەمینیانە.

# بەشی دووەم:

# دوالیزمی شوێن لە دەقەکانی (نەوزاد رەفعەت)دا

تەوەری یەکەم: دوالیزمی شوێن

تەوەری دووەم: بە مرۆڤ کردنی شوێن

## أ- دواليزمی شوێن

دوالیزم یان دووانەیی کە لە زمانی ئینگلیزیدا (dualism)ی پێ دەوترێت. ((لە بنەڕەتدا وشەیەکی لاتینییە. لە زمانی لاتینیدا (duo) بە واتای (دوو) دێت ، دوالیزم حاڵەت (state)ی دوو شت یان دوو بەش کە تا ئەبەد پێچەوانەی یەکترن، دەردەخات))[1] وەک سارد و گەرم، تەڕ و وشک، بەرز و نزم، دوور و نزیک،... هتد. زانایان پێیان وایە گەردوون لەسەر بنچینەی دژەکان بنیات نراوە. (لیفی شتراوس) پێی وایە ((بنیاتی گەردوون خۆی لە کۆمەڵێک دوالیزمدا دەبینێتەوە. کەوا پێدەچێت دژ و پێچەوانە بن، بەڵام لە هەمان کاتدا تەواوکەری یەکترن، ئەو تەواو مەندییە نایەتەدی تەنیا لە ڕێی ئەو دژایەتییەوە نەبێت.))[2] زۆر شت یان دیاردە هەن کە بەردەوام لە دوالیزمدان، وەکو وەرزەکان (هاوین و زستان) یان (شەو و ڕۆژ) یان (ئاو و ئاگر) یان (زەوی و ئاسمان)..هتد. (شوێن)یش وەکو بوونێک بەردەوام لە دوالیزمدا دەژی. دوالیزمی شوێن دوو جۆرە. جۆرێکیان بەهۆی هەڵکەوتە جوگرافی و تۆبۆگرافییەکەیەوە دروست دەبێت، وەکو دوالیزمی شوێنی دوور و نزیک، شوێنی بەرز و نزم، شوێنی سارد و گەرم، شوێنی گەورە و بچووک، شوێنی تەڕ و وشک..هتد. جۆرەکەی دیکەشیان مرۆڤ یان ڕاستتر بڵێین هەست و دەروون و هەڵوێستی مرۆڤ دروستی دەکات، وەکو دوالیزمی شوێنی هۆگر و بێ ئۆقرە یان شوێنی کراوە و داخراو یان شوێنی دڵگیر و دڵتەنگ ..هتد.

هەست کردن بە هۆگری یان ترس یان داخراوی بەرامبەر بە شوێن، هەستێکی ڕێژەییە. ((دەشێت ئەو شوێنە سەبارەت بە کەسێک کراوە بێت، بەڵام هەمان شوێن داخراو بێت سەبارەت بە کەسێکی دیکە، پێوەریش لێرەدا بریتییە لە ئاستی کاریگەری و کارتێکردن و ئاستی ئازادی و سەربەستی و کۆت و بەندەکانە تێیدا.))[3] واتە هەندێک جار دوالیزمی شوێن بە گوێرەی دەروون و هەستی مرۆڤەکەیە. بۆ سروشتی مرۆڤەکە دەگەڕێتەوە، کە تا چەند لەگەڵ ئەو شوێنەدا دەگونجێت و کارلێک دەکات. ((ژیان بەسەربردن لە شوێنێکی جواندا و گواستنەوەی ئەزموون و تەجروبەکەی ، ڕاستەوخۆ خۆشیی ئەو شوێنە لە ئەندێشەدا دەوروژێنێت. پێچەوانەکەشی ڕاستە، چونکە ئەو زنجیرە نائومێدییانەی کە مرۆڤ لە شوێنێکدا بەدەستیانەوە دەناڵێنێت ئەو

---

[1]-http://en.wikipedia.org/wiki/dualism

[2] - النقد البنيوي والنص الروائي، محمد سويرتي، افريقيا الشرق، ط٢، ١٩٩٤، ص١٢١.

[3] - دلالة المكان في رواية – عابر السرير- لاحلام مستغانمي، سعدية بن يحيى، ص١٦-١٧.

شوێنه دەكاته شوێنێكی ناخۆش و بەم شێوەیه بەردەوام خۆمان لەبەردەم شوێنێكی پۆزەتیڤ و شوێنێكی نیگەتیڤدا دەبینینەوە، بۆیه بەگشتی هەموو شوێنەكان دەچنه چوارچێوەی ئەم به جەمسەر بوونه سەرەكییەوە.))[1]

هەڵوێستی مرۆڤ بەرامبەر به شوێن جێگیر نییه، له گۆڕانكاریدایه، ئەو شوێنەی پار پێی خۆش بووە، ئەمسال بەو شێوەیه نییه. ئەو نیشتمانەی كه ڕۆژانێک ئامادە بوو گیانی خۆی له پێناویدا بەخت بكات، ئێستا وا نەماوە بۆی. ڕەنگه له نیشتماندا شتی نەخوازراو ڕوودبات، هەست به نامۆیی و بێ ئۆقرەیی بكەین، له دەرەوەی نیشتماندا هەست به گەرم و گوڕی بكەین. ((هەندێ شوێن له ڕواڵەتدا وەكو شوێنێكی مەترسیدار دەبینرێت. بۆ نموونه شوێنی غەریبی، بەڵام خەڵكانێک هەن تیایدا هەست به هۆگری دەكەن. هەندێكی دیكەش له نیشتمانی دایک پێیان باشترە.))[2] بەڵام ئەم حاڵەته كاتییه، چونكه هیچ پەیوەندییەكی بەو شوێنەوە نییه، ئەو شوێنەی كه به (دال)ێكی پۆزەتیڤانه دەردەبڕدرێت بەو واتایه نییه كه خۆشنوودی و ئارامی دەگەیەنێت، هەر لەم بارەیەوە ڕەخنەگر خاتوو سیزا قاسم دەڵێت: (ڕەنگه شوێنه تەسكه داخراوەكان ڕەت بكرێنەوە، چونكه چوونه ژوورەوەیان دژوارە. ڕەنگه ڕەت نەكرێنەوە و بویسترێن، چونكه ئەو شوێنانه ئەو داڵده و پاراستنه دەنوێنن كه مرۆڤ پەنایان بۆ دەبات دوور له هەرا و هۆریای ژیان، وێنەیەک له سۆز و بەزەیی پێک دێنن.))[3]

مرۆڤ له دوو ژیانی جیاوازدا، له دوو باری دەروونی جیاوازدا دەژی. گۆڕانكارییەكانی ژیان له بوارە جیاوازەكاندا (ئابووری – كۆمەڵایەتی – سیاسی – ..هتد) وا له مرۆڤ دەكەن دەروونی شلەژاو و سات ساتی بێت. دەمێک ئاسوودە و دڵخۆشه دەمێكیش دڵتەنگ و بێزارە. دونیای بەرینی لێ دەبێته زیندان. لەبەر ئەو پەیوەندییه دیالێكتیكییەی كاریگەری و كارتێكردنی نێوان شوێن و مرۆڤەكه هەیه وا دەكات كه (شوێن)یش سەبارەت به دەروونی مرۆڤ، سەبارەت به ئازادی جووڵەی مرۆڤ، سەبارەت به كار و كاردانەوەكانی مرۆڤ، بەردەوام له دوالیزمێكدا بژی.

---

[1] – بلاغة المكان (قراءة في مكانية النص الشعري)، فتحية كحلوش، ص٢٦-٢٧.

[2] – بنية المكان (دراسة مقارنة بين روايتي (الجحيم المقدس) لبرهان الشاوي و (هيلانه) لحسين عارف، سالار عبدالله تاوكوزي، ص٢١.

[3] – جماليات المكان، مجموعة من الباحثين، ص٦٣.

## ب- دوالیزمی شوێن لە دەقەکانی (نەوزاد ڕەفعەت)دا

ئاشکرایە کە کردەی هونەری بە شیعریشەوە، ڕەنگدانەوەی هەستە دەروونییەکانە بە هەموو کێشمە کێشەکانییەوە. یەکێک لەو تیۆر و خوێندنەوە بەرچاوانەی کە بۆ پەیوەندی نێوان شیکاری دەروونی و داهێنانی ئەدەبی و هونەری لە ئارادایە، بیروڕاکانی دکتۆری نەمسایی (فرۆید ١٨٥٦-١٩٣٩)ە، لەلای فرۆید و شوێنکەوتوانی ((چالاکی ئەدەبی و هونەری بە جۆرێک لە نەخۆشی دەروونی تەماشا دەکرێت و لێک دەدرێتەوە. لەم ڕووەوە تێکڕای بەرهەمی هۆزانڤان و نووسەران، ئەمان بە ڕاپۆرت و یاداشتی سەر پێخەفی نەخۆشە دەروونییەکانیان دادەنا. جیاوازی شێوازەکانیان لە هەڵبژاردنی وشەکان و هەڵبژاردنی ڕەمزەکاندا، پەی بردن بە دیمەنەکان، پێناسەکردن و ناساندنی کەسایەتی چیرۆکەکان، بەردەوام بە نیشانەی باری دەروونیان دەژمێردرا.))[1]

بەهەمان شێوە دەقەکانی (نەوزاد ڕەفعەت)*یش هەڵگری کۆمەڵێک پێکهاتەی نەستەکییە، دەستەبەرکردنی ئارەزووەکانییەتی، بەتاڵکردنەوەی هەڵچوونە دەروونییەکانییەتی. شاعیر وەکو هەر دروستکراوێکی دیکە لە (شوێن)ێکدا ژیان دەکات، ئەم شوێنە کاریگەری وردی بەسەر دەروون و ڕەفتار و هەڵسوکەوتیدا بەجێ دەهێڵێت. شاعیر لە بەکارهێنانی (شوێن) بە هەموو جۆرەکانییەوە درێغی نەکردووە. ئەو شوێنانەی کە شاعیر پەنایان بۆ دەبات، پەیوەندییان بە دید و تێڕوانینی جوانناسی شاعیرەوە هەیە. (نەوزاد ڕەفعەت)یش، (شوێن)ی وەکو دەفرێک بەکارهێناوە کە دەکرێت هەستە دەروونییەکانی تێدا هەڵڕێژێت. (شوێن)لە دەقەکانیدا بە جۆرێک لە جۆرەکان بووەتە ئاوێنەی حاڵەتی دەروونیی ئەو. ئاشکرایە شوێن و شاعیر پەیوەندییەکی قووڵ لە نێوانیاندا هەیە. ئەگەر شاعیر دڵی خۆش بوو، ئاسوودە بوو، شوێنەکە ڕەنگی سەوز دەبێت، بە پێچەوانەوە ئەگەر شاعیر دەروونی ئاسوودە نەبوو، دڵتەنگ بوو، ئەوا شوێنەکە زەرد و وشک دەبێت. خەیاڵی شاعیر لە شوێنێکی هۆگرەوە بەرەو شوێنێکی بێ ئۆقرە دەڕوات. ماڵی لێ دەبێتە زیندان. گۆی زەوی لێ دەبێتە

---

[1] - فرۆید و ئەدەب، و. لە فارسییەوە: هاوار ئەحمەد، گ.ڕامان، ژ، ٧٥، ٢٠٠٢، ل١٤٥.

* (نەوزاد ڕەفعەت لە ساڵی ١٩٥١ لە شاری هەولێر لە دایک بووە، قوتابخانەی سەرەتایی لە قوتابخانەی (ئیبن خەلەکان) و ناوەندی لە قوتابخانەی (جمهوری)ی و ئامادەیی لە (ئامادەیی هەولێر) تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٥ لە بەشی کوردی زانستگای بەغدا دەرچووە، لە ساڵی ١٩٧٠ـەوە شیعر دەڵێت) چاوپێکەوتن لەگەڵ (نەوازاد ڕەفعەت)، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٣٢، ١٩٩٩، ل٦٥.

قەفەس. کۆشک و تەلاری لێ دەبێتە ژێر زەمین. ئەم گۆڕانە سەد و هەشتا پلەییانەی شوێن، گەلێک نموونەی (دوالیزمی شوێن)ی لەنێو دەقەکانیدا دروست کردووە.

شوێن لە دەقی شیعریدا بە دەلالەتی جیاجیا ڕەنگ دەداتەوە. ڕەنگە مەبەستی شاعیر لە بەکارهێنانی شوێن، وروژاندنی پرسێکی نەتەوەیی یان سیاسی بێت، یانیش ئەو شوێنانە بن کە شاعیر نەیتوانیوە لە جیهانی واقعیدا ئەزموونی تێدا هەبێت، ناچارە یاخود بەبێ ئاگایی شوێنێک چێ دەبێت کە خەونەکەی هێنابێتەدی. هەندێک جار شاعیر تاسەی ژیانی ڕابردووی دەکات. دەبینین ئەو شوێنانە پێ دەخەنە ناو شیعرەکانییەوە کە تەمەنی منداڵی یان گەنجیەتی تێدا بەسەر بردووە. زۆرجار ئەم دەلالەتانەی (شوێن) لە (دەق)دا بە هونەرکاری دوو جەمسەری (ناکۆک- متناقض) یان (دژگەر – تضاد) بەرجەستە دەبێت، وەک لە ڕووبەردا (فراوان و تەنگەبەر). لە مەودادا (دوور و نزیک). لە قەوارەدا (گەورە و بچووک)، لە پانتاییدا (کراوە و داخراو). هەروەها شوێنی (قات و قڕی و بە پیت و فەڕ)، (دەرەوە و ناوەوە)، (بەرز و نزم)..هتد. ئەم بەرجەستەبوونانەش مەبەستی شاعیر دەردەبڕێت بۆ پیشاندانی دوو دەلالەتی لەیەکتر جیاواز، کە تێیدا زەین و هەست و نەست کاریگەری خۆیان دەگێڕن. بە واتایەکی دیکە شاعیر بە ئاگایی و نائاگاییەوە موعاناتەکەی پێ دادەڕێژێت.

سەبارەت بەوەی کە ئەم دوالیزمە یان دوو جەمسەرییەی شوێن لەنێو دەقەکانیدا ڕەنگدانەوەی چ دۆخێکە، (نەوزاد رەفعەت)ی شاعیر وتی: ((ئەو ناکۆکی و دژگەرییەی هەردووک جەمسەر، کەشف کردن یان ڕووناک کردنەوەی تاریکی ناوەوەی شاعیر و تەقاندنەوەی ئەو ئازارەیە کە پێوەی دەتلێتەوە. دەبێت ئاماژە بەوەش بکرێت کۆمەڵێک فاکتەری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی خودی و بابەتی لە پشت ئەو حاڵەتەوەیە، چونکە پەیوەندییەکی ئۆرگانی توند و تۆڵ خود و بابەت پێکەوە گرێ دەدات و زۆر موعانات هەن خودین دەبنە بابەتی، لە هەمان کاتدا زۆر موعاناتی بابەتی هەن دەبنە خودی. ئەمەش هەستەوەری شاعیر بەرامبەر ڕووداو و تەنگەژەکانی ژیان و واقیع دەردەخات.))[١]

[١] – چاوپێکەوتن لەگەڵ شاعیر (نەوزاد ڕەفعەت)، ڕۆژی ٢٠١٤/١٠/١٥، کاژێر ٤ی پاش نیوەڕۆ هەولێر، ماجدی مۆڵ.

شاعیر باس لە جەدەلیەتی (شاعیر و خەڵک) یان (خود و بابەت) دەکات. هەندێک شت هەیە هی شاعیرە، دەبێتە هی خەڵک. بۆ نموونە چامەیەک دەنووسێت باس لە لایەنێکی ژیانی تایبەتی خۆیدەکات، خەڵکەک هەیە پێی کاریگەر دەبێت. هەندێک شتیش هەیە هی خەڵکە دەبێتە هی شاعیر، بۆ نموونە دەربڕین لە موعاناتی خەڵکی هەژار و ئاوارە دەکات. ڕەنگە شاعیر لە ژیانیدا هەژاری و ئاوارەیی نەدیتبێ، بەڵکو تەنیا بۆ دەربڕینی هاوخەمی ئەم چامەیەی نووسیبێت. واتە شاعیر خەمی خەڵک دەکاتە خەمی خۆی. دەربڕین لە خەمی ئاوارە و ڕاگوێزراوان و هەڵکەندنیان لە زێدی خۆیان و نیشتەجێکردنی زۆرەملێیان لە کۆمەڵگەکاندا و، هەروەها گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیەکان، هۆکاری سەرەکین لە چێ کردنی چەندەها نموونەی دوالیزمی شوێن لە دەقەکانی (نەوزاد ڕەفعەت)دا.

**١- دوالیزمی شوێنی دەرەوە و ناوەوە**

أ- شاعیر لە دەقی (باڵ گرتنەوە)دا دەڵێت:

بارانێکی خۆش دەبارێت

شەو درەنگە و لەنێو جێگاوە دەبینم

جەستەی کرژ هەڵاتووی شار

خوڕ خوڕ ئاوی لێ دەچۆڕێت

ترپەی ئاهەنگاویی باران

باڵ بە سیمرخی بیر دەگرێت

سیمرخی بیر

کۆتی کاتشوێن دەپچڕێنێت.. تخوب دەبڕێت

بەرەو ئاسمانی منداڵی

زەمانی پێش مەی و کەسەر و ژینتاڵی

بۆ دەرەوەی دیواری ئەم ژوورە ساردە

دەرەوەی جەوری ئەم بەندە:

ئەو جێیانەی هێشتاکە بەفری یەکشەوەن

پڕ پڵنگ و مێرگ و هەنگ و شینە شاوەن

بۆ گوێ ئاگردان و کۆڕی ڕەشماڵێکی بن زنارێک

بۆ هەوارێک

هەوارێکی بەقەدەر لەپی زارۆیەک

گەرم گەرم

بۆ خۆم کۆتر ئاسا تێیدا هەڵبکورمێم

ئازار نەدرێم

سیمرخی خەیاڵ دەگەڕێت

سەربەست دەفڕێت پەرییەکان هەڵ دەفڕێنمەوە ل١٠٣

شاعیر لەم دەقەدا دوالیزمی لەنێوان شوێنی ناوەوە و دەرەوەدا دروست کردووە. کێشەی شار و گوند لە پانتایی ئەم دەقەدا بەرجەستەکراوە. شوێنی ناوەوە (شار-ژوور)ـە، شوێنێکی دەروونییە واتە لە دووتۆی ئەو حاڵەتە دەروونییانەی شاعیری تێیدایە لە ڕێگەی دەروون و هەست کردنی خۆیەوە شوێنی ناوەوەی وێناکردووە. ژوورەکەی ساردە، بە گشتی شاری بە بەندیخانە چواندووە، شاعیر لە شوێنی ناوەوەدا هەست بە بێزاری دەکات. بارانێکی خۆش دەبارێت، ژوورەکەی ئەم لە جیاتی ئەوەی گەرم و گوڕ بێت، سارد و سڕە. کەواتە ژوورەکە بە گوێرەی خواستی شاعیرەکە نییە، بۆیە دەروونی ئاسوودە نییە، لەبەر ئەوە ئارەزووی دەرچوون بۆ دەرەوە دەکات. ((هەندێ شوێنی سەرنج ڕاکێش هەیە یارمەتیمان دەدات تێیدا جێگیر بین، شوێنیش هەیە دەرمان دەکات و ڕەتمان دەکاتەوە.))[١] لەم دەقەدا شاعیر لە شوێنی ناوەوەدا ڕەت دەکرێتەوە. لە شار بێزارە. ئاشکرایە شار بە قەرەباڵغی و چڕی دانیشتوان دەناسرێتەوە. سەرچاوەی بیروڕاکانە. دژایەتییەکان هەمەڕەنگترن و، پێداویستییەکانی ژیان و ئاستەنگەکانیش زیاترن. ((ئەگەر هەستێکی کۆن هەبێ لەوەی کە (ژیان) کێشەی مرۆڤە لە (گوند)دا، ئەوا لە (شار)دا هەستێکی تەواو هەیە کە مرۆڤ

[١] - جماليات المكان، مجموعة من الباحثين، ص٦٢.

خۆی کێشەی ژیانە.))[1] لەم دەقەدا شار نموونەی شوێنێکی بیزارکەرە. پایتەختی خەم و خەفەت و ژیانی ناخۆشە. واتای شار بە واتای بەندیخانەوە پەیوەست کراوە. شاعیر ئارەزووی دەرچوون لە شار دەکات. ژیانی شار فێری مەی خواردنەوەی کردووە. تووشی خەم و کەسەری کردووە. ئازادییەکان تا ڕادەیەکی زۆر سنووردارە. ئەمانە وادەکەن مەلی خەیاڵی لە شوێنی ناوەوە بەرەو شوێنی دەرەوە باڵ بگرێت. دەرەوە شوێنێکی فراوانە وەکو ناوەوە تەنگەبەر نییە. دەرەوە خۆی لە سروشتێکی خاوێندا دەبینێتەوە، ئیستاتیکای شوێنی دەرەوە خۆی لە ڕەگەزەکانی سروشتدا دەبینێتەوە. دەکرێ بڵێین شوێنی دەرەوە شوێنی بەرهەمهێنانە.* شاعیر لە ڕێگەی وەسفکردنی جوانییەکانی سروشتەوە، شوێنی دەرەوەی وێناکردووە. ئەو شوێنانەی کە پێچەوانەی ناوەوەن (ژوورەکەی- شارەکەی) ئەو جێیانەن کە پاکن، هێشتا بەفری یەکشەوەن. پڕ جوانییەکانی سروشتن. بوونەوەری وەک هەنگ و پڵینگ و شینەشاوەن. دەفڕن و دەگەڕێن و دەسووڕێنەوە. هەواری دەرەوە وەکو ژوورەکە سارد نییە، بەڵکو گەرم گەرمە، ئاسمانی شوێنی دەرەوە وەکو ئاسمانی منداڵی پڕە لە بەرائەت. دوورە لە مەی و کەسەر و ژینتاڵی. ئازاردانی باڵندە و مرۆڤەکان هیچ جێگەیەکی نابێتەوە. پێویست بە خواردنەوەی مەی ناکات بۆ دابڕان لە جیهانی هەست بۆ لەبیرکردنی خەم و خەفەت. دەروونی لە دەرەوەدا ئاسوودەیە. کەس ئازاری نادات، شوێنی دەرەوە شوێنێکی پڕە (تژی).* [2]

شاعیر ژینگەی دەرەوەی بە جۆرێک وێناکردووە کە هەستی مرۆڤ کێش دەکات بۆ خۆی. ئیستاتیکای شوێنی دەرەوە خۆی لە ئازادی، فرەوانی، خاوێنی، سروشت، گەرم و گوڕیدا دەبینێتەوە. هەرچی شوێنی ناوەوەیە، تەنگەبەرە، بەندیخانەیە، پیسکراوە، ساردە، خەم و خەفەت و ژیانی ناخۆشە.

---

[1] – الانسان وعالم المدينة في الشعر العربي الحديث، د.مناف منصور، المكتبة الشرقية مركز التوثيق و البحوث، بيروت، ١٩٧٨، ص٤٦.

*((شوێنی بەرهەمهێنان مادده سەرەتاییەکانی لە سروشت و مرۆڤەوە وەردەطرێت، دواتریش لە شێوەی ئیستاتیکادا بەرهەمی دێنێتەوە. ئەم جۆرە شوێنە لە ڕاقیترین جۆری شوێنە، ئیستاتیکاکەشی لە باشترین جۆری ئیستاتیکای شوێنە)) جماليات المكان في الرواية العربية، شاكر النابلسي، ص١٨.

[2] *((المكان الممتليء). ( شوێنی پڕ) ئەو شوێنەیە کە ئیستاتیکاکەی خۆی لە دووتۆی ئەو ژینگەوە کە دەورەی داوە و ئەو مرۆڤانەی تێیدا هاتوچۆ دەکەن، پێشکەش دەکات. گۆڕەپانێکی دەقی تایبەت بەخۆی هەیە.)) جماليات المكان في الرواية العربية، شاكر النابلسي، ص١٩

ب- شاعیر لە دەقی (زیندە خەو)دا دەڵێت:
پیرەمێرد وەختی چێشتەنگاو

ماندوو.. داماو

ئانیشکی داو تاوێک بۆرژا

دی وا هەمان نێریی جارانە و لەبەر دوا

تیشکی زەرکەفتی خۆرئاوا

دیارە بەقەد شاخێکی وەک ناولەپی مرۆڤ دەڕوات

بەفیزەوە سەر هەڵدەبڕێت

بە هەوراز و ڕەوەزاندا هەڵدەگەڕێت

نێری یاخی بۆ کوێ دەچێت؟......

کەچاوی چەپیشی نووقاند

ویستیشی سێرەی لێ بگرێت

باگاهاتەوە و بینی وا جگەرەکەی بووەتە سۆتەک

لە چوار لاوە

ئابلۆقەی داوە دیواری ژوورێکی تەنگ                    پەرەییەکان هەڵدەفڕێنمەوە  ل١١٤

شاعیر دوالیزمێکی لەنێوانی شوێنی دەرەوە و ناوەوەدا دروست کردووە. باس لە کەسێک دەکات دەیەوێت بنوێت، بەڵام پێش ئەوەی خەوێکی قووڵ بچێتە چاوەکانییەوە، وڕ دەبێت، بەلادا دێت، وەنەوزێک دەدات، تاوێک دەبۆرژێت، داڵغەیەکی هەیە، بە خەیاڵ دەڕوات، زیندە خەونێک دەبینێت. دەبینێت بووەتەوە هەمان نێری جاران، ئازادانە بە هەوراز و ڕەوەزاندا دەگەڕێت هەڵدەشاخێت. هەوراز و ڕەوەز شوێنی ڕەسەنی نێرین. نێری لەو شوێنانەدا، واتە لەو سروشتە فرەوان و بەرینانەدا نەبێت، ناحەوێتەوە. خۆخستنە قاڵبی نێری لەنێو ئەو هەموو گیاندارانەدا، بۆ ئەوەیە لەو ڕێگەیەوە بتوانێت

جارێکی دیکە بچێتەوە ئەو شوێنە فرەوان و بڵندانە، واتە ئەو شوێنانە شوێنی تاقیکراوەن. *[1] شاعیر زۆر تاسەی ئەو شوێنانە دەکات. چێژی لەو شوێنانە وەرگرتووە، ئەو شوێنانە بوونەتە بەشێک لە ژیانی و لە خەون و زیندە خەونەکانیدا ڕەنگدەدەنەوە. هەمیشە لە یادگەیدا ئامادەیە. کاتێک خەیاڵ بەو شوێنانەوە دەکات، دەروونی گەرمی فێنک دەبێتەوە. ((کاتێک خانووی ڕابردوو بیری خۆمان دەهێنینەوە هەست بەو فێنکی و هۆگرییە دەکەین، تەنانەت لە زیندەخەونەکانیشماندا بەهۆی بیرەوەری خانووە کۆنەکانەوە، بۆ نیشتمانی جێگیری منداڵییەتی دەگەڕێینەوە، ژیان گوزەراندن لەگەڵ بیرەوەرییەکانی پاراستنمان لەو شوێنانەدا وادەکات هەست بە شادی بکەین، سەر لەنوێ پشوومان پێدا بێتەوە.))[2] شاعیر بەبێ هۆ تاسەی ئەو شوێنانە ناکات، بەڵکو تێیدا هەستی بە دڵنیایی و ئاسایش کردووە، بۆیە خەونی پێوە دەبینێت، کەواتە شوێنی دەرەوە، شوێنێکی فرەوانە، بڵندایە، هۆگرە. هەرچی شوێنی ناوەوە هەیە لەو شوێنەوە دەست پێدەکات کە شاعیرەکە بەئاگا دێتەوە و لە دنیای خەیاڵ دێتە دەرەوە، دەبینێت لە چوارلاوە دیواری ژوورێکی تەنگ گەمارۆی داوە. وەسفکردنی ژوور بە تەنگەبەر، دەلالەت لە تەسکی لە ڕووبەردا ناکات، بەڵکو دەلالەتی شوێنێکی دەروونی دەبەخشێت. ئەو شوێنە (ژوورە تەنگەکە) پەیوەندی بە دەروون و میزاجی شاعیرەوە هەیە. دەلالەتە لە بێزاری، لە گەمارۆدان و دەستبەسەردا گرتن، لە دڵتەنگی. ((شوێن دەلالەتە لە کەسایەتی و لە هەڵوێستەکەیی و لە حاڵەتە هەستییەکەی.))[3] دیوارەکان لە جیاتی ئەوەی پێکهاتەیەکی بینای ژوورەکەبن، بوونەتە پێکهاتەیەک کە لە هەر چوار لاوە ئابلۆقەیان داوە، واتە بەندیان کردووە و نایەڵن دەربازی بێت، شوێنی ناوەوە، لەم دەقەدا لە دووتۆی هەستکردنە دەروونییەکانەوە وێناکراوە. شوێنێکە تەنگەبەرە، بێ ئۆقرەیە، نزمییە، بەم شێوە دوالیزمی شوێنی دەرەوە و ناوەوە لە ڕێگەی زیندەخەوێکەوە، لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ شوێنی ڕابردووەوە چێ بووە.

---

[1] * شاعیر پێشتر لەو شوێنانەدا ژیاوە. ((شوێنی تاقیکراوە "المكان المعاش" بەو شوێنە دەگوترێ کە نووسەر تێیدا ژیاوە، دوای ئەوەی لێی دوور کەوتۆتەوە، لە نووسیندا بە خەیاڵ تێیدا دەژێت.)) چەمک و ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا، سەباح ئیسماعیل، ل٣٣.

[2] -جماليات المكان، غاستون باشلار، ص٢٤-٢٥.

[3] -الزمان والمكان في رواية ذاكرة الجسد لاحلام مستغانمي، خەندە انور حويز، ص١١.

٢- دوالیزمی شوێنی تەنگەبەر و فرەوان

أ-  شاعیر لە دەقی (فریادڕەس)دا دەڵێت:

بە بامان نەگوت وەرەوە

تا پەڕ پەڕ دیرۆکی مەزنان لە قوڕ وەردات

بشکێنێت درەخت و چرا

خۆ پێلاومان بە ئاوەژوو دانەنابوو

تفمان نەکردبووە کانی

چەمۆڵەمان لە مەزارگە و ڕووی نوورانی نەگرتبوو

بۆ بەرد باری؟!

بۆ بووە قەفەس گۆی زەوی؟!                    پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە ل٢٤٥

شاعیر لەم دەقەدا دوالیزمێکی لەنێوان فرەوانترین شوێن (گۆی زەوی) و تەنگەبەرترین شوێن (قەفەس)دا چێ کردووە. ئەم دوالیزمە لەم ئاستە باڵایەدا، ئەم گۆڕانە سەد و هەشتا پلەییەی شوێن، دەلالەتە لەو پەڕی بێزاری و سەختی و نەهامەتی. شاعیر گلەیی دەکات، ڕووداوەکان و پێشهاتەکان بە گوێرەی خواستی دڵی ئەو نین، باس لەوە دەکات کە هیچ کارێکی خراپی نەکردووە، بۆچی وا دنیا گۆڕاوە. لەمیانەی دەربڕینی گلەییەکانیدا، دوالیزمێکی شوێن چێ بووە. گۆی زەوی شوێنێکی بێ کۆتاییە. لەو پەڕی فرەوانیدایە. شوێنی هەمووانە و کراوەیە، واتای شوێنی کراوە واتاکەی نزیکە لە ((واتاکانی ئازادی، خۆشی و شادی، باری دەروونی جێگیر.))[1] بەڵام ئەم شوێنە فرەوانە گۆڕاوە بۆ شوێنێکی تەنگەبەر.

شاعیر ئەوە دەخاتە ڕوو کە فرەوانی و تەنگەبەری شوێن، بۆ پانتایی لە ڕووبەری شوێندا ناگەڕێتەوە، بەڵکو ئەوە دەروون و هەست و میزاجی مرۆڤەکەیە کە فرەوانی و تەنگەبەری شوێن دیار دەکەن، بەردبارین دەلالەتە لەو پەڕی کاول بوون وبێزاری کە شاعیر ئاماژەی پێداوە، بارودۆخەکە ئەوەندە بێزارکەرە کە گۆی زەوی کردۆتە

[1] -الفضاء في روايات عبدالله عيسى سلامة، بان صلاح الدين محمد حمدي، ص٢٠٢.

قەفەسێکی تەنگەبەر، ئەم بێزارییەی دەروون کاریگەری هەبووە لەسەر تەوزیفکردنی (قەفەس) لە دەقەکەدا. واتە شوێنێکی وەکو (قەفەس) ڕەنگدانەوەی دەربڕی هۆشێکی تایبەت بە شاعیرە بەرامبەر بە ڕووداو و پێشهاتەکانی دەوروبەری. واتەکەی ((نزیکە لە واتاکانی گۆشەگیری، دابڕان، خەمباری، هەتا دەردەسەری و چەوسانەوە.))[١] قەفەس شوێنێکی بێ ئۆقرەییە، هیچ کەس و گیاندارێک تێیدا ناحەوێتەوە، دژ دەوەستێتەوە لەگەڵ ئازادیدا بە هەمان شێوە دژ دەوەستنەوە لەگەڵ گۆی زەویدا.

ب- شاعیر لە دەقی (باز)دا دەڵێت:

-چۆن لێرە دەحەوێیتەوە؟
شەوان دوور لە ڕەز و کانی و مێرگ و مێگەل
چۆن ڕۆژت لێ هەڵدێتەوە؟
ــ هەمیشە لێرە نیم
هەمیشە
لەنێوان بەرداشی
کات
و
شوێنی
ئێرە ناژیم
هەمیشە سیمرخی خەونم دێتە هانا
دەگەڕێمەوە شوێنەزا
دەسوورێمەوە باز ئاسا
لەم بەردەوە بۆ ئەو بەرد و
لەم چیاوە بۆ ئەو چیا                    پەرییەکان هەڵدەفرێنمەوە ل١٠٨

شاعیر لەم دەقەدا دوالیزمی لەنێوان شوێنی تەنگەبەر (ئێرە) و شوێنی فراوان (دەرەوەی ئێرە- شوێنەزا)دا دروست کردووە. شوێنە تەنگەبەرەکە مەبەست لێی شارە یان کۆمەڵگە زۆرەملێکانە یان هەر شوێنێکی دیکە کە شاعیر بێزارە لێی و خوا خوایە لێی دەربچێت. شوێنە فراوانەکەش شوێنی ژیانی ڕابردوویەتی، شوێنی پێش کاتی ئێستایەتی، لە خوێندنەوەی ئەم دەقەدا بۆمان دەردەکەوێت کە شاعیر نموونەی کەسێکە کە بە زۆر لە زێدی خۆی هەڵکەنراوە، چونکە زۆر بە داخە بۆی. زۆر تاسەی

[١] - الفضاء في روايات عبدالله عيسى سلامة، بان صلاح الدين محمد حمدي، ل٢٠٢.

دەکات. هەر کەسێک شوێنێکی ئەوەندە خۆش بوێت کە هەمیشە بەخەیاڵ تێیدا بژی، هەمیشە لە یادگەیدا بە زیندوویەتی بمێنێتەوە، ئەوا هەرگیز ئەو شوێنە بەجێ ناهێڵێت مەگەر بە زۆر نەبێت.شاعیر ئەو شوێنەی لە دەست دەرچووە، ئەو شوێنە بووەتە بەهەشتی لەدەست چووی (الفردوس المفقود) هیچ شوێنێکی دیکە ئەو شوێنەی بۆ قەرەبوو ناکاتەوە. ((ئەو شوێنانەی لە دەستمان چوونە، لە ناخماندا درێژە بە ژیان و گوزەراندن دەدەن، پاش لە دەست دانیان، گۆشار دەخەنە سەر ناخمان.))[1] هەمیشە بە خەیاڵ دەگەڕێتەوە بۆی، ناتوانێ لە ژیانی واقیعدا بگەڕێتەوە ناوی. لە یادگەیدا هەرماوە ئەگەرچی لە پێش چاویدا بزرە. ئەمە وای کردووە زیاتر هەڵوەدای بێت. ((مرۆڤ بە شێوەیەکی غەریزی دەزانێت کە ئەو شوێنەی پەیوەستە بە خودی خۆیەوە، شوێنێکی خۆشەویستە. ئەوەش کاتێک ڕوودەدات کە ئەو شوێنە لە ئێستادا بزر بێت. کاتێک دەزانێت کە داهاتوو بۆمانی ناگەڕێنێتەوە.))[2] شاعیر ناچار کراوە لەو شوێنەی ئێستایدا بژی، بۆیە هەستێکی بێزارکەری هەیە بەرامبەری. ڕقی لە هەموو شتەکانی ئەم شوێنە دەبێتەوە. ((مرۆڤ هەست بە جۆرێک لە دوژمنایەتی دەکات بەرامبەر بە شوێنە زۆرە ملێیەکان))[3] شوێنە تەنگەبەرەکە، ئێرەیە. ناتوانێت ئازادانە وەکو باز ئەم لاو لا بکات و بسووڕێتەوە. شوێنێک کە جوانییەکانی سروشت (کانی، ڕەز، مێرگ، مێگەل) تێیدا بزرە. خوڕەی ئاوی کانی و دیمەنی سەوز و جوانی ڕەز و باخ و سەیران و گەشتی نێو مێرگ و چیمەن، هەمووی بەجارێ بزر بووە لەپێش چاویدا. زۆر درەنگ شەوی لێ دەڕوا و ڕۆژی لێ دەبێتەوە. ژیان لەنێو کات و شوێنی ئێرەدا هیچ واتایەکی نییە، لێرەدا دوورە لە خزم و کەس و دۆستانی. ئەم هۆکارە نیگەتیڤانە کاریگەری خراپی لەسەر دەروونی جێهێشتووە، هەر بۆیەشە بێزارە لێی، تێیدا ناحەوێتەوە. هەمیشە بە خەیاڵ لێی ڕادەکات. دەچێتە شوێنێک پێچەوانەی ئێرەیە، فراوانە، سۆزی هەیە بۆی، تێیدا لەدایک بووە و گەورە بووە (شوێنەزا).* شاعیرەکە پەیوەندییەکی توندی بەو شوێنەوە هەیە کە شوێنی یەکەمە، ئەویندار و سەرگەردانییەتی، ڕەگ و ڕیشەی تیا داکوتاوە. هۆش و هەستی داگیر کردووە. ناتوانێت بۆ چرکە ساتێکیش

[1] - بلاغة المكان، فتحية كحلوش، ص١٤٥.

[2] - جماليات المكان، غاستون باشلار، ص٤٠.

[3] - بنية المكان (دراسه مقارنة بين روايتي (الجحيم المقدس) لبرهان شاوي و (هيلانه) لحسين عارف، سالار عبدالله تاوکوزی، ص٣٠.

*((شوێنی زێد "المكان الرحمي" ئەو شوێنەیە بە منداڵدانی دایک دەچێت کە گەرمی و پارێزگاری و دڵنیایی پێ دەبەخشێت لە ڕۆژانی منداڵیدا، وەکو ماڵی منداڵی و گوند. بە درێژایی تەمەن هەر لە یادەوەریدا دەمێنێتەوە.)) جماليات المكان في الرواية العربية، شاكر النابلسي، ص١٦.

دەستبەرداری بێت و لە یادگەیدا بیسڕێتەوە. یادگاری تاڵ و شیرینی لەنێو باخ و ڕەز و مێرگەکانیدا هەیە. دڵی بۆ ئاوی سازگاری کانییەکانی لێدەدات. گوێیەکانی بە تاسەوەن بۆ دەنگی زەنگوڵەی ملی میگەلەکەی. شوێنێکە فراوانە. ئازادانە دەجووڵێتەوە. ئەوە زیاتر خۆشەویستی کردووە لە لای. ((شوێن پەیوەندییەکی توند و تۆڵی بە چەمکی ئازادییەوە هەیە. ئازادیش لە سادەترین شێوەیدا بریتیە لە (ئازادی)ی جووڵە))[1] کە شاعیرەکە مومارەسەی دەکات لە شوێنە فراوانەکەدا. باز ئاسا دەسووڕێتەوە، بە کەیفی خۆی ئەم لاو لا دەکات. لە چوارچێوەیەکی دیاری کراودا قەتیس نەبووە. شاعیر لە وێدا دەحەوێتەوە. پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ هەموو شتەکانی ئەو شوێنەدا دروست کردووە. بە ناچارییەوە لەم شوێنە تەنگەبەرەدا دەژی. بەم جۆرە دەبینین شاعیر لە ڕێگەی فڕینی مەلی خەیاڵی شاعیرەوە ، دوالیزمی لەنێوان شوێنی تەنگەبەر و فراواندا چێ کردووە.

**٣- دوالیزمی شوێنی هۆگر و بێ ئۆقرە**

أ- شاعیر لە دەقی (ماڵ و خەوزڕان و بەرد)دا دەڵێت:

هەندە دەمان

ماڵم لێ دەبێتە زیندان

لێم دەبێتە دڕکەلانی ساتەکانی ماڵئاوایی و دەست.. لێک.. بەردان

ناچار بەلەز دێمە دەرێ و بەرهەڵدا دەسووڕێمەوە

لە کونجێک دەگیرسێمەوە

کەچی کە شەو تاریک و درەنگ دادێت و شار بۆنی مردنی لێ دێت

لە مەیخانە و شەقامەکان دەکشێمەوە

بەلارەلار

دەچمەوە هەمان کۆڵان و

هەمان ماڵ و هەمان نوێن

[1] – جماليات المكان، مجموعة من الباحثين، ص٦٢.

پێڵووی ئارامی و چێژێکی بێ ئەندازەم پێ لێکدەنێن پەرییەکان هەڵ دەفڕێنمەوەل١٠١

شاعیر لەم دەقەدا دوالیزمێکی لەنێوان شوێنی هۆگر (ماڵ) و شوێنی بێ ئۆقرە (زیندان)دا دروست کردووە. (ماڵ) نیشتمانی هۆگری و خۆشەویستی دەنوێنێت. شوێنی کۆکردنەوەی ئەندامانی خێزانە. ((گەردوونی یەکەممانە. ئەو گەردوونی ڕاستەقینەیە بە هەموو واتاو وشەوە. بەبێ ئەوە مرۆڤ بوونەوەرێکی پەرش و بڵاوە. ئەو ماڵەی تێیدا لەدایک بووین، تەنیا شوێنی حەوانەوەمان نەبووە، بەڵکو شوێنی دروست بوونی خەونەکانیشمان بووە.))[1] (ماڵ)ی مرۆڤ، شوێنێکە لە دڵ و دەروونی مرۆڤدا هەڵکەنراوە. دەبێتە بەشێک لە مێژوو و یادەوەرییەکانی مرۆڤ. شوێنێکە کەشێکی دایکانەی هەیە. تیایدا هەست بە دڵنیایی و پارێزراوی دەکەین.

زیندان، شوێنێکە تەواو پێچەوانەی (ماڵ)ـە. شوێنێکی بێ ئۆقرەیە. شوێنێکە مرۆڤ بێزار دەکات. زیندان شوێنێکە ((مرۆڤ ناچار دەکرێت تێیدا بژیت. هەموو شتەکانی ئەو شوێنە ئاماژەیە بۆ هەست کردن بە بەرتەسکی و بێزاری و شەڕانگێزی.))[2]

لەم دقەدا (ماڵ) لە دوالیزمێکدا دەژی. هەندێک دەم بووەتە زیندان لە شاعیر. ((دوور نییە ئەو شوێنەی کە پێی هۆگرە بگۆڕدرێ بە دژە شوێن. بۆ نموونە لەو ژوورەی هۆگری بووە، ماوەیەک دیل بکرێت، ئەوا لێی دەبێت بە دژە شوێن.))[3] ئەم حاڵەتە هەندێک جار ڕوودەدات، بەڵام حاڵەتێکی نائاساییە، لەدەست دانی ماڵ و هێلانە، وێڵی و سەرگەردانی بەدوای خۆیدا دەهێنێت. واتای ئەو پەڕی بێزاری لە ژیان دەگەیەنێت، چونکە ماڵ گرنگییەکی تایبەتی لە ژیانی مرۆڤدا هەیە. نزیکترین شوێنە لە مرۆڤ. بە شێکی زۆری ژیانی تێیدا بەسەر دەبات. سەربەستە لە هات و چۆکردن تیایدا. کەم و کورتیەکانی مرۆڤ دەشارێتەوە. خەون و نهێنییەکانی دەپارێزێت. لێیشی بێزار دەبێت، بەڵام هیچ کاتێک دەستبەرداری نابێت. وەک ئەوەی لەم دەقەدا هەستی پێ دەکرێت.

شاعیر بێزارە لە ماڵەکەی، وەکو ئەوەی لە زینداندا بێت و ناچار کرابێت تێیدا بژی، بە دڵنیاییەوە کە هۆکاری لە پشتەوەیە، دیارە چەند شتێکی ناخۆش تیایدا ڕووی داوە. زۆر بە پەلەیە بۆ جێهێشتنی، ناچار ڕوو لە مەیخانە و شەقامەکان دەکات وەکو

[1] - جماليات المكان، غاستون باشلار، ص٦١.

[2] - البناء الفني في الرواية العربية في العراق، د. شجاع مسلم العاني، ص٢٥٨-٢٥٩.

[3] - چەمک و ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا، سەباح ئیسماعیل، ل٤٦.

جێگرەوەیەک، بەڵام ئەو شوێنانە (مەیخانە، شەقام) تا سەر مرۆڤ ناگرنە خۆیان، بەڵکو تا کاتێکی دیاری کراو مرۆڤ دەتوانێت تێیاندا بمێنێتەوە. ئەو شوێنەی کە هەمیشە باوەشی کراوەیە، (ماڵ)ی مرۆڤ خۆیەتی. شاعیر دوای خواردنەوەی مەی لە مەیخانە و دوای گەڕان و سووڕان لە شەقامەکاندا، ڕوو دەکاتەوە هێلانەکەی (ماڵ)، چونکە پەیوەندییەکی سۆزداری بەهێز پێوەی پەیوەست کردووە کە ناتوانێ لێی جیابێتەوە. دەزانێت کە جگە لەو شوێنە (ماڵ) هیچ شوێنێکی دیکە پەنای نادات، جگە لە یادەوەری تاڵ و ناخۆش، بە دەیان بیرەوەری خۆشی تێدا هەیە. لە کۆتاییدا دەبینین شاعیر گەڕاوەتەوە هەمان ئەو ماڵەی کە پێشتر لێی بێزار بووە و جێی هێشتووە. واتە ئەم بێ ئۆقرەییەی شاعیر کاتییە و بەردەوام نابێت، لە ماڵەکەی خۆی لە ژوورەکەی خۆی لە نوێنەکەی خۆیدا خەوێکی خۆش پێڵووی چاوەکانی دادەخات. لێرەدا ماڵ بووەتە شوێنی حەوانەوەی. بەم شێوەیە (ماڵ) جارێک شوێنێکی نیگەتیڤ بووە بۆ شاعیر، کە وای لێ کردووە بە پەلە بەجێی دێڵێت، جارێکیش شوێنێکی پۆزەتیڤ بووە، پەنای داوە وحەوانەوە و ئاسایشی بۆ دەستەبەر کردووە.

ب- شاعیر لە دەقی (سێ شەوی مەستی)دا دەڵێت:

شەوانی وا پڕ وەڕسی
پڕ دڵەکوتە و برین و گێژەنی هۆش و مەترسی
بەدەم جگەرەکێشان و خواردنەوەوە
بەدەم بیستنی چڕینی ئەفسانەیی بێژەن -ەوە
گریانەوە
بۆ شوێنێکی دوور و بێ ناونیشان دەڕۆم
دەڕۆمەوە نێو قۆزاخەی جیهانێکی بەسەرچووی خۆم
ئەم قەپێلکە ئاسوودە و بچووکە نەبا
کێم دەهاتە هانا و فریا؟!
بۆ کوێ دەچووم؟!
چۆن لە دۆزەخی سەردنیا ڕزگار دەبووم؟! پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە ل١٠٠

شاعیر لەم دەقەدا دوالیزمی لەنێوان شوێنی هۆگر و بێ ئۆقرەدا دروست کردووە، ئەم دوالیزمە لە ڕێگەی فڕینی خەیاڵ لە شوێنی ئێستاوە بۆ شوێنی ڕابردووەوە دروست بووە. یانیش لە ڕێگەی تاسەکردنی شوێنی ڕابردووەوە دروست بووە.

شوێنی ئێستا، شوێنێکی بێ ئۆقرەیە، شاعیر بە (دۆزەخ)ی چواندووە، لێی بێزارە، وەڕسە، ئاسوودە نییە. تووشی ترس بووە. ئاماژەی بە جگەرەکێشان و خواردنەوە کردووە کە دەلالەت لەوە دەکەن کە خەم و خەفەتی زۆری هەیە و دەیەوێت بۆ چەند ساتێکی کەم لە جیهانی نەستدا بژی و ئەو خەم و خەفەتە لەبیر بکات، بەڵام هێشتا هەر دادی نادات، بۆ ڕزگاربوون لەم دۆخە و تەنیا فریاد ڕەس کە ئەم دۆخە چارەسەر بکات، (شوێن)ـە، کامە شوێن؟ شوێنێکی دوور و ئاسوودەی ژیانی بەسەرچوو کە دەکاتە شوێنی سەردەمی منداڵی. شوێنی سەردەمی منداڵی باشترین جۆری شوێنی هۆگرە، ئەو شوێنەی کە ((تێیدا ژیاوین. تێیدا هەستمان بە خۆشی و پاراستن و پارێزگاری کردووە. بە شێوەیەک کە ئەو شوێنە بۆتە بابەتێک لە یادەوەریمان. (ماڵ) بە تایبەتیش ماڵی سەردەمی منداڵیمان، باشترین جۆری ئەو شوێنەیە لە هۆگریبوون، وەکو دەزانین ئێمە هەمیشە لە ڕێگەی بیرەوەریمانەوە دەگەڕێینەوە بۆ ماڵی منداڵیمان و سەرەتای خۆشی یەکەم کە تێیدا پێی گەیشتووین و ئەو باوەشە گەرمانەی کە تێیدا حەساینەوە.))[١]

شوێنی سەردەمی منداڵی بووەتە بەشێک لە مێژووی ژیانی شاعیر. شاعیر کاتێک ئەو شوێنە وەبیر خۆی دەهێنێتەوە، پشووی پێدا دێنێتەوە. هۆکاری سەرەکی بۆ ئەم هۆگرییەی شوێنی سەردەمی منداڵی، بۆ تەمەنی مرۆڤەکە دەگەڕێتەوە. مرۆڤ لە تەمەنی منداڵیدا بەرپرسیارییەتی نییە. دالغەی نییە. هەر کە پێڵووی چاوەکانی خستە سەریەک، خەوێکی قووڵ چاوەکانی پڕ دەکەن. شاعیر لەم شوێنەدا هەستی بە ئاسوودەیی کردووە، بۆیە هەمیشە ماڵ و کوچە و کۆڵانی سەردەمی منداڵی لە یادەوەری مرۆڤدا بە زیندوویەتی دەمێنێتەوە. شاعیر شوێنی سەردەمی منداڵی وەکو شوێنێکی فریادڕەس پیشان داوە. بەهانایەوە هاتووە و لەم دۆزەخەی ئێستای ڕزگار کردووە.

پ-شاعیر لە دەقی (فریاد ڕەس)دا دەڵێت:

ئینانا- لەبەر دەروازەی حەوتەمیندا

خشڵ و مەمک و کچێنی لەبەر داماڵرا

یەک جۆللانە بۆ دڵدارەکان نەماوە

[١] - البناء الفني في الرواية العربية في العراق،د.شجاع مسلم العاني، ص٩٩.

پەپوولەی ساکار چوزانێت لە تیشکی مردن ئاڵاوە................

چ شوومییەک بەهشتی کردە کاولگە؟!

بۆ تەرازووی خێر و شەڕ هێندە لاسەنگە؟!　　　　پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە ل٢٤٦

شاعیر لەم دەقەدا دوالیزمێکی لەنێوان شوێنی ئەوسای هۆگر (بەهەشت) و بێ ئۆقرە (کاولگە)دا دروست کردووە، لەم دەقەدا تەواوی ڕووداو و گۆڕانکارییەکان لە (شوێن)دا زەق بوونەتەوە. واتە شوێن (بەهەشت- کاولگە) بۆتە چەقی دەرخستنی گۆڕانکارییەکان لە "ئەرێ" وە بۆ نەرێ. شاعیر وێنەی دوو شوێنی پێچەوانەی کێشاوە. شوێنێکیان خۆشەویستە. شوێنێکیان نەیارە. واتە جارێک لە چێژوەرگرتن لە (شوێن)دا بەشدارین، جارێکیش لە نەفرەت لێکردنیدا، تا ئەو کاتەی (ئینانا*، دڵدارەکان، پەپوولە) کە نموونەی بەرائەتن، ژیانیان لێ تێکنەچووە، خۆمان لەبەردەم شوێنێکی خۆشەویستدا دەبینینەوە کە بەهەشتە. بەڵام بە تێکچوونی بارودۆخی ئەوانە، خۆمان لەبەردەم شوێنێکی نەیاردا دەبینینەوە ئەویش کاولگەیە. شاعیر دوالیزمێکی شوێنی دەروونی چێ کردووە، واتە دوالیزمەکە لە دووتۆی ئەو ڕووداوانەی کە ڕوویانداوە و ئەو حاڵەتە دەروونییەی کە شاعیر تێیدایە، دروست بووە. شوێنێک لە لووتکەدایە لە جوانیدا و، دەروون تیایدا لەو پەڕی ئاسوودەییە. شوێنێکیش کە سەرتاپا بێزارکەرە، هیچ جوانیەک و خۆشەییەکی تێدا نەماوە، بەهەشت بەو وەسفەی کە لەسەرچاوە ئایینیەکانەوە لێی دەکرێت، لە سەرووی هەموو جوانییەکانەوەیە، پڕە لەو وێنە جوان جوانانەی کە لە سەرووی خەیاڵە. بۆیە بەهەشت شوێنێکی خۆشەویستە، بەڵام لەبەر ئەوەی جوانییەکان بەرە بەرە بەرەو بزربوون دەچن تیایدا، بۆیە دەگۆڕێت بۆ شوێنێکی بێ ئۆقرە. ((جۆرێکی تر لە شوێنی بێ ئۆقرەیی، شوێنێکی هۆگر بووە، دواجار ئەو هۆگرییەی ون کردووە. بۆتە ئەو شوێنەی کە ئۆقرەی تێدا ناگرێت.))[١] هەمان ئەو گۆڕانکاریەیە کە بەسەر بەهەشتی شاعیر هاتووە. بەهۆی نەمانی جوانییەکانەوە، گۆڕاوە بۆ شوێنێکی بێ ئۆقرە، کە کاولگەیە. شوێنێکە ((بنەماکانی ژیانی لەدەستداوە یان هەر تیایا نەبووە. بۆیە مرۆڤ هەرگیز تیایا هەست بە هۆگری

* لە خواوەندی جوانی و پیت و فەڕە، لە ئەفسانەی سۆمەری و ئەکەدیەکاندا.

[١] - البناء الفني في الرواية العربية في العراق، د. شجاع مسلم العاني، ص١٤٣.

ناكات و هەردەم نەفرەتی لێ دەكات.))١ گۆڕانكاری لە بوارە جیاجیاكاندا، گۆڕانكاری لە ڕیتمی شوێن چێ دەكات.

شاعیر لە دەقی (جۆشان)دا دەڵێت:

ئەم زێدە كانیی دیرۆكی سەر ئاگری و

لانەی لاوک و سترانی سەوداسەری ئەنجام تاڵە

ئەم زێدە تژی ئەفسانە و خڕ ڕۆمانی دێوی زاڵە

لە زەمینی وائاستەنگدا

لەچەرخی وەستاوی تەنگدا

خۆریش دەڕۆست تاریكایی ڕۆژگار نایێت

گوڵە مێخەكی لەشەڕگەی

پڕ سەدان لاشەی بۆن گرتووی

بێ نازكەوتوودا دادنادات

مەگەر بادی دڵنەوایی

هەوری تاریكی مەراق و ناتەبایی

بەردەم مانگی ئاسوودەیی بۆ دوور ڕادا

هەموو ڕانم دەرخواردی باوە سیمرخی

هەتاوی بەرهەڵدایی دا

بۆ وڵاتێک... لە جیاتی مشتووی شمشێران

مەچەكی منداڵ بگرێت شا

---

[1] – دوالیزمی شوێن لە قەسیدەی (قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەي بادی خۆش مروور)ی حەزرەتی نالی، د. سەردار ئەحمەد گەردی، ئەكادیمای كوردی، ژ.٢٢، چاپخانەی، حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢، ل٩٩.

سەرچاوەکە لەچاوی ژێردەستە نەبەستێت

وەرزی پەپووە سلێمانە و گوڵووکان دەگەڕێتەوە

پەلکەزێڕینە و ڕەنگاڵە

نێرگەجاڕ و گوڵاڵە
تێکڕا... تێکڕا... دەگرنەوە ڕەنگی ئەوسا
تەیر بەهێلکە دێنەوە و دەبڕێنەوە شوومی و پەتا
ئەها ... هەتاو چەند ئاڵ و کۆک هەڵهاتووە!!
ئای چ ڕۆژێکی پرشنگدار داهاتووە!! پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە. ل١٨٥-١٨٦

شاعیر لەم دەقەدا دوالیزمێکی لەنێوان شوێنی هۆگر و بێ ئۆقرەدا دروست کردووە. ئەو واقیعەی کە کارکتەر ئێستا تێیدا دەژی، واقیعێکی بێ ئۆقرەیە، ناجێگرە، جوانییەکان بزرن. ڕۆژگاری وەکو شەو تاریکە. شەڕ و ئاژاوە باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشاوە. بۆگەنی لاشەی مردووی بێنازکەوتووی ئەو ناوەی تەنیوە. تەنانەت بۆنی خۆشی مێخەکیش دەرەقەتی ئەو بۆگەنییە نایەت. دڵەکان پڕ مەراقن. شاعیر لەم بەشەی دەقدا، جوانکارییەکانی شوێنی بێ ئۆقرەی لەمیانەی باسکردنی ڕووداوە ناخۆشەکاندا خستۆتەڕوو، شوێنێکی دژە. شاعیر ((لەبەرامبەریاندا هەست بە هیچ هۆگرییەک ناکات. بەڵکو بە پێچەوانەوە هەست بە دوژمنداری دەکات.))[1] هەر بۆیە شاعیر دەیەوێ تەلبەندی واقیعی بێ ئۆقرەی ناخۆش بچڕێنێت و بەرەو شوێنێکی پێچەوانەی ئەم شوێنەی ئێستای بڕوات. ئەوەندە لەو شوێنە بێزارە ئامادەیە گیانی خۆی بخاتە مەترسییەوە، بەو مەرجەی لەو شوێنە ڕزگاری بێت. هانا بۆ سیمرخ دەبات. باڵندەیەکی خەیاڵییە لە ئەفسانەکاندا زۆر بەکارهاتووە. گۆشتی ڕانی خۆی دەرخوارد دەدات بۆ ئەوەی بیبات بۆ وڵاتێک کە بوار بەشەڕ و ئاژاوە نادرێت جێی خۆی خۆش کات. سەرکردە ئاگای لە گەورە و بچووکی گەلەکەیەتی، سروشتەکەی تژی لە جوانییە، دەستی ناحەز ناتوانێ بیشێوێنێت، باڵندەکان هێلانەیان تێک نادرێت. دوکەڵ و ڕەشایی جەنگ ئاسمانی وڵاتی داگیر نەکردووە، هەتاوێکی پرشنگداری زەرد ئاسمانی شینی تەنیوە. ئەم شوێنەی کە شاعیر ئارەزووی دەکات، شوێنێکی هۆگرە، ئەمە لەمیانەی وەسفەوە ئاشکرا بووە، وەسفکردنی شوێن و پێکهاتەکانی، یارمەتیدەرە

[1] - البناء الفني في الرواية العربية في العراق، د. شجاع مسلم العاني، د٢، ص١٢٩.

بۆ ناسینی شوێنەکە، وەسفی شوێن لەم بەشەی دەقەکەدا ئەرکی ڕازاندنەوەی شوێنی بینیوە. ((ئەرکی ڕازاندنەوە: وێنەگرتنی جوانی هونەری شوێنە، بە شێوەیەکی تایبەتی و دیار. خەیاڵی خوێنەر دەوروژێنێت و ئامادەی دەکات و چێژ لەم جۆرە وەسفە دەبینێت.))[١] بەم شێوەیە شاعیر لە ڕێگەی ئارەزووکردنی شاعیر بۆ دەرچوون لە شوێنێکی بێ ئۆقرەوە بەرەو شوێنێکی هۆگر، دوالیزمی شوێنی چێ کردووە.

## ٤- دوالیزمی شوێنی تایبەتی و گشتی

شاعیر لە دەقی (ئێواران هەور دەسووتێت)دا دەڵێت:

من و تۆ ئەو شەوە فێری عیشقی خاک و

ماڵ و دەواری خۆمان بووین

کە تا بەیان...

لە دەشتەکان ماینەوە و باران لێی داین دارستانی ئەو بنارە ل١٤

شاعیر لەم دەقەدا دوالیزمی لەنێوان شوێنی تایبەتی و شوێنی گشتیدا دروست کردووە، شوێنی تایبەتی خۆی لە (ماڵ، دەوار)دا دەبینێتەوە. دەکرێت هەر دوو شوێنەکە لەژێر ناوی (ماڵ)دا کۆبکەینەوە، کە شوێنێکی تایبەتییە. ((شوێنی تایبەتی دەسەڵاتی خودی تێدا بەگەڕ دەخرێت. بەرووی خەڵکیدا داخراوە، لەژێر ڕکێفی تاکدایە. وەک "ماڵ، ژوور، کێڵگە، دوکان، ...".))[٢] ئەم جۆرە شوێنە سنووردارە و پانتاییەکەی دیاری کراوە. دەتوانرێت ناوی (شوێنی من)یشی لێ بنرێت. (مۆڵ) و (ڕۆمێر) لە دابەشکردنی جۆرەکانی شوێندا، جۆرێکیان بەناوی شوێنی من دەستنیشان کردووە. ((شوێنی من ئەو شوێنە گەرم و گوڕەیە کە مرۆڤ هەموو دەسەڵاتێکی تێیدا هەیە.))[٣] ماڵ و خاک و دەوار پەناگەی مرۆڤن، گرنگی تایبەتییان لە ژیانی مرۆڤدا هەیە، ماڵ، دەوار، زنج، کوخ ((واتاکەی خۆی لە پارێزگاری و ستربوون و داخستنەوە وەردەگرێت، وەکو ئەوەی باوەڕ بە مرۆڤەکە دێنێت کە جێگەیەکی هەیە و دایدەبڕێت لە

---

[١] - بینای شوێن لە دوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا (هێلانە- ئەژدیها) تانیا ئەسعەد محمد صالح، ل١٨٨.

[٢] - سەرچاوەی پێشوو، ل١١٥

[٣] - بلاغة المكان، فتحية كحلوش، ص١٩

خەڵکی دیکە. ئەو دابڕانە دەیپارێزێت و ستری دەکات، لە لایەک حەسانەوە و ئاسایشی بۆ دەستەبەر دەکات، لە لایەکی دیکەوە نهێنی و خەوشەکانی دەشارێتەوە.))[1] بە داخەوە کە قەدری ئەم شوێنانە بەم هەموو گرنگی و چاکییەوە نازانین، هەتا وەکو لە دژە شوێنێکدا دەگیرسێینەوە. نموونەی ئەم شاعیرەیە لە دەقەکەدا. شاعیر قەدری ئەو شوێنانەی نەزانیوە هەتاوەکو لە شوێنێکی پێچەوانەی شوێنی یەکەمدا گیرساوەتەوە، کە (دەشت)ـە. شوێنێکی گشتییە. ((ئەو شوێنانەی کە لە ژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتی گشتیدان. تێیاندا هەست بە ئازادی دەکەین، بەڵام ئازادییەکی سنووردار.))[2] شوێنێکە کراوەیە. دەسەڵاتی شاعیر لەم شوێنەدا سنووردارە، ئەم شوێنە پەنای شاعیری نەداوە. تا بەرەبەیان باران لێی داوە. شاعیری ڕەتکردۆتەوە و بێزاری کردووە تیایدا نەحەواوەتەوە. شاعیر لە ڕێگەی شوێنەوە مێژوویەکی سەخت و دژوارمان بیردەهێنێتەوە. باسی ئاوارەیی دەکات. گەلی کوردستان بەهۆی زوڵم و ستەمی ڕژێمی بەعسەوە چەندین جار ئاوارە بوون و زێدی خۆیان بەجێهێشتووە و لە شوێنێکی دژدا گیرساونەتەوە. شاعیر ئەو سەختی و ناخۆشییانەی کە لەو شوێنەدا چەشتوویەتی وای لێکردووە کە تاسەی شوێنی یەکەمجاری بکات (ماڵ، دەوار، خاک) کە دەلالەت لە نیشتمانەکەی دەکەن ئەو شوێنەی کە لە سەرمای زستان و گەرمای هاوین پاراستوویەتی. دەسەڵاتی تەواوی هەبووە تیایدا، شوێنی حەوانەوەی بووە، شاعیر بۆی دەرکەوتووە کە هیچ شوێنێک لە خۆشیدا ناگاتە (ماڵ)ی مرۆڤ خۆی، شاعیر فێری خۆشەویستی ماڵ و دەروار و خاک بووە، چونکە هەر ئەوان پەنای دەدەن و دەبنە پەناگە بۆی.

### ٥- دوالیزمی شوێنی چۆڵ و قەرەباڵغ

شاعیر لە دەقی (ناخ)دا دەڵێت:

هەندێک بەیانی

ئەو وەختەی هێشتا

هەتاوی پیرۆز چاو هەڵدەگلۆفێت

هێشتا شار بۆنی هەوای خاوێنی شاخانی لێدێت

[1] -فلسفة المكان في الشعر العربي، حبيب مونسي، ص١١١

[2] - بلاغة المكان، فتحية كحلوش، ص٢٣.

بۆ خۆم لە سووچی چایخانەیەکدا

بە تاقی تەنیا

رووە و شەقامێک هەڵدەکورمێم و تێر ورد دەبمەوە

بە مەودای مێشک بیردەکەمەوە

دواییش پێش ئەوەی پەنگ بخواتەوە

یەق بداتەوە

بەدەم و چاو و گوێ و لووت بتەنرێن

دێمە دەرەوە و بەرە و چۆڵیی تر

دنیای تر هەڵدەێم

سوورە نەهەنگی ناخم خۆی وایە

لە کەنداوی پیس ناحەوێتەوە

ئەو دەڕوات... منیش لە دووی مل دەنێم پەرییەکان هەڵدەفرێنمەوە. ل١١٨

شاعیر لەم دەقەدا دوالیزمی لە نێوان شوێنی (قەرەباڵغ) و (چۆڵ) دا دروست کردووە، دوو وێنەی شوێنی دژ بە یەکی بۆ کێشاوین. وێنەیەکیان، وێنەی شوێنی چۆڵە کە خۆی لەم شوێنانەدا دەبینێتەوە، (١- شار، سبەینان زوو، ئەو کاتانەی جم و جۆڵ و هات و چۆ هێشتا دەستیان پێنەکردووە. ٢- چایخانە: ئەویش پێش ئەوەی قەرەباڵغ بێت، بەدەم و چاو و گوێ و لووت بتەنرێت.) ئەم وێنەیەیان خۆی لە وێنەی شوێنی خۆشەویستدا دەبینێتەوە لای شاعیر. ئەم شوێنانە شاعیری بۆ لای خۆی کێش کردووە، دەگونجێن، تەبان. وێنەکەی دیکە، وێنەی شوێنی قەرەباڵغە کە خۆی لەم شوێنانەدا دەبینێتەوە (١- شار، دوای دەستپێکردنی جم و جۆڵ و هات و چۆی دانیشتوان. ٢- چایخانە، دوای ئەوەی لە دۆخی ئاسایی خۆیدا دەژی، واتە لە مرۆڤدا پەنگ دەخواتەوە.) ئەم وێنەیەیان خۆی لە وێنەی شوێنی نەیاردا دەبینێتەوە لای شاعیر. لە ڕوانگەی شاعیرەوە ڕەت دەکرێنەوە. لێیان ڕادەکات، لەگەڵیدا ناگونجێن.

ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین شار و چایخانە لە دوالیزمێکدا دەژین کە لەم دەقەدا جارێک دەویسترێن و جارێکیش ڕەت دەکرێنەوە، ئەمەش حاڵەتێکی ئاساییە بۆ شوێن، چونکە شوێن پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بە دەروونی شاعیرەوە هەیە, لە کوێ دەروونی شاعیر ئاسوودە بێت، شوێنەکە سەوز دەبێت. پێچەوانەکەشی ڕاستە، لەبەر ئەوەی شاعیر لە دوو ژیانی جیاواز، لە دوو باری دەروونی جیاوازدا دەژی. هەر بۆیە (شوێن)یش لە دوالیزمێکدا دەژی. گۆڕان لە هەست و سۆزی شاعیر، گۆڕان لە ڕیتمی شوێندا دروست دەکات. شوێن وەک وەرگێڕانێکی هەستەکانی شاعیری لێهاتووە. شار لە دوالیزمدا دەژی لەم دەقەدا. سبەینان زوو شار لە بێدەنگیدا دەژی وەک شوێنێکی چۆڵەوانی وایە. هەواکەی وەک هەوای شاخە لە خاوێنیدا بووەتە شوێنێکی هۆگر، شاعیر حەز بە مانەوە دەکات تیایدا، بەڵام زۆر ناخایەنێت ئەم وێنەیە بزر دەبێت و شار وێنەی حەقیقەییەکەی خۆی پیشان دەدات. ئەو کاتانەی کە قەرەباڵغی و جم و جۆڵی هاووڵاتیان دەست پێ دەکات. ژینگەی خاوێن، پیس دادەگەڕێت. مرۆڤ هیلاک دەکات، ماندوو و بێزار دەبێت. ((مرۆڤ لە شاردا تاک و تەنیا و بزرکراوە، لەبەر زۆری ناوەکان، ناوی خۆی بزر دەکات، یان لەم بوونە زەبەلاحەدا بوونی خۆی بزر دەکات.))[١] ئیستاتیکای شار خۆی لە قەرەباڵغی و ئاڵۆزی و چڕی دانیشتواندا دەبینێتەوە، جگە لەوەش، بە دابڕانی کۆمەڵایەتیش مەحکوم کراوە. ((سایکۆلۆژییەتی شار، سایکۆلۆژییەتی تەنیایی و لێک دابڕانە.))[٢] شاعیر بەیانیان شاری بەلاوە پەسەندە. دەگەڕێت و دەسووڕێت. دەچێتە چایخانە. ڕووەو شەقامەکان هەنگاو هەڵدەنێت، بەڵام دواتر بەهۆی قەرەباڵغییەوە بەرەو دنیایەکی چۆڵتر لە بەیانیانی شار، هەڵدێت، شار لە شوێنێکی خۆشەویستەوە گۆڕاوە بۆ شوێنێکی بێزارکەر. (چایخانە)ش لە هەمان دۆخی (شار)دا دەژی لەم دەقەدا، چایخانە ((شوێنێکی کراوەیە، یان گریمان شوێنێکی کراوەیە، لە شار بێت یان لە گوند، بە مەڵبەندی کۆبوونەوەی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، بۆ چاوپێکەوتنی خەڵکان و یەکترناسینیان و قسەکردن لە نێوانیاندا. گۆڕینەوەی خەم و کۆڤان و ئەو پرسانەی سەرقاڵیان دەکات.))[٣] چایخانەکە هەتا چۆڵ بێت و لە مرۆڤدا نەتەنرابێت، تاقی تەنیا شاعیر خۆی تێدا بێت، ئەوا شوێنێکی خۆشە بە لایەوە. تێیدا

---

[١] - الشعر العربي المعاصر: قضايا و ظواهره الفنية والمعنوية، عزالدين اسماعيل، دار الفكر العربي، القاهرة، مصر، ١٩٧٩،ص٣٥٥.

[٢] - المدينة في قصص جليل القيسي، (قراءة سايكو- سوسيولوجيه)، نوزاد احمد اسود، رسالة ماجستير، جامعة السليمانية، كلية اللغات، قسم اللغة العربية وادابها، ٢٠٠٧، ص٤١.

[٣] -الزمان والمكان في رواية ذاكرة الجسد لاحلام مستغانمي، خەندە انور حويز، ص٢٥٢.

دەحەوێتەوە و بە مەودای مێشک بیردەکاتەوە، بەڵام ئەو کاتانەی کە پڕ دەبێ لە خەڵکی، چایخانەکە بە لایەوە دەبێتە شوێنێکی بێ ئۆقرە. هەر زوو دێتە دەرەوە و هەوڵی دیتنەوەی چۆڵەوانییەکی دیکە دەدات. واتە چایخانە دەمێک شوێنی خۆشەویستە لای شاعیر، دەمێکیش شوێنێکی بێزارکەرە بەلایەوە. تا ئەو کاتانەی چۆڵە، چایخانەکە خاوێنە، بەڵام هەر کە قەرەباڵغ بوو، چایخانەکە وەک کەنداوی پیسی لێدێت. وەک چۆن نەهەنگ لە ئاوی پیسدا ناحەوێتەوە، شاعیریش لە چایخانەی قەرەباڵغدا ناحەوێتەوە. ئەگەر شرۆڤەیەکی دەروونی بۆ شاعیر بکرێت، دەردەکەوێت کە کەسێکی گۆشەگیرە، حەز بەتەنیایی دەکات، چونکە (شار و چایخانە) بەقەرەباڵغی دەناسرێتەوە، چڕی و قەرەباڵغی، تایبەتمەندی سەرەکی ئەو شوێنانەن.

**٦- دوالیزمی شوێنی ژیان و مردن**

شاعیر لە دەقی (گۆدۆی چاوەڕێ)دا دەڵێت:

دەبێت ڕۆژێک دابێت ئێمەش

ماڵێکی وا بەرز و هێمنمان دەسکەوێت؟

یا لە دوا کاروانسەرادا

هەر لە دوا ماڵدا

لە گۆڕدا

لەژێر خۆڵدا

گیانی ماندوو و سەری جەنجاڵمان دەسرەوێت؟ پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوەل١٢٥.

شاعیر لەم دەقەدا دوالیزمی شوێنی لەنێوان (ماڵ) وەک (شوێنی ژیان، شوێنی حەوانەوەی مرۆڤ، شوێنی هۆگر، شوێنی دەستەبەرکردنی خەونەکانی) و (گۆڕ) وەک (شوێنی مردن، لەناوچوون، بێ ئۆقرە، شوێنی ناشتنی خەونەکان)دا دروست کردووە. ئەم دوالیزمەی شوێنی لە ڕێگەی ئارەزووکردنی بۆ شوێنێک کە گیانی ماندوو تێیدا بحەوێتەوە، سەری جەنجاڵ تێیدا بسرەوێت، دروستکردووە، ئەم دەقە دەربڕینی کۆنەست (اللاشعور الجمعی)ی خەڵکە. بە درێژایی مێژوو مرۆڤ هەوڵی داوە شوێنێک بۆ حەوانەوەی خۆی پەیدا بکات جا ((سروشتی ئەو شوێنی حەوانەوەیەش هەر

جۆرێک بێت "چادر، بەڵەم، تەلارە سەر لە هەورەکان"تاکەکانی پەیوەندییەکی سۆزداری هەڵچوونی بەهێز لەگەڵ ئەو شوێنەدا دروست دەکەن کە تێیدا نیشتەجێن.))[1] مرۆڤ لە ڕووی دەروونییەوە ئاوێزانی ماڵ دەبێت. ماڵ لە هەموو شوێنێک زیاتر پەیوەندی بە مرۆڤەوە هەیە. دوای ڕۆژێک لە گەڕان و سووڕان و ماندوو بوون پەناگەی هەموو مرۆڤێکە. ژیان بەبێ ماڵ دەبێتە هۆی کارەساتێکی دەروونیی توند، ماڵ سەرچاوەی خۆشی و دڵنیاییە. شوێنی پاراستنی مرۆڤ و خەونەکانییەتی. ئەمانە واتاکانی ڕاستەقینەی ماڵن کە شاعیر لە دەقەکەدا ئارەزووی (ماڵێکی بەرز و هێمن) دەکات بۆ ئەوەی جەستەی ماندووی تێدا بحەوێتەوە. سەری جەنجاڵی تێدا بسرەوێت، بەڵام گومانی هەیە لەوەی کە ئەم ئارەزووەی بێتەدی و شوێنێکی وای دەسکەوێت. بێ هێوا دەبێت و لەوە دەترسێت کە هەتا مردن ماندوویەتی جەستەی نەڕەوێتەوە. خەیاڵی ئاسوودە نەبێت، بۆیە شوێنێکی بەکارهێناوە کە دەلالەت لەو بێ هیواییە بکات ئەویش (گۆڕ)ـە، ((گۆڕ دوا شوێن و کۆتاییی مرۆڤ دەنوێنێت، بەڵکو بێشکەی کۆتایی مردووە، ڕێڕەوە بۆ ژیانێکی دیکە(ئاخیرەت)، هێمای دەستەپاچەیی و لاوازی مرۆڤە لە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ مردن و هێزەکەیدا، "قهرە".))[2] گۆڕ شوێنی ناشتنی مرۆڤە بە خەون و ئاواتەکانیشییەوە. شوێنێکی نامۆیە و حەزی پێناکرێت. ((سروشتی جوگرافی ئەم جۆرە شوێنانە ڕێگە خۆشکەرە بۆ لەخۆگرتنی خەم و تاریکی و نهێنییەکی زۆر.))[3] شاعیر دەپرسێت ئایا حەوانەوەمان، ئاسوودەییمان لە ژیاندا (ماڵ) دەستەبەر دەبێ یان تا مردن (گۆڕ) بە چاوی خۆمان نایبینین، ماڵ لێرەدا شوێنێکی ڕەمزییە. (المكان الرمزی) هێما بۆ شوێنێکی دیکە دەکات. مەبەستی لە ماڵ، نیشتمانە بریندارەکەیەتی، کە هەمیشە شەڕ و شۆڕ، پیلانی ناحەز و دوژمنانی یەخەی بەرنادەن. ڕۆڵەکانی هەمیشە لە تەنگانەییدا دەژین. هەمیشە ماندوون، لە ئاوارەییدان، لێناگەڕێن لە نیشتمانی خۆیاندا بحەوێنەوە، ئایا ئەم سەختی و ناخۆشییانە تەواو دەبن، ئایا ئیدی ماڵێکی بەرز و هێمن دەبێتە پەناگەیان یان تا مردن ئەمە بە چاوی خۆیان نابینن. شوێن دەربڕی هەستەکانی شاعیرە لەم دەقەدا.

---

[1] -پەیوەستبوون بە شوێن و چەمکی ماڵ، فرانسیس ت.ئاندرۆ، و. لوقمان باپیر، گ.مێرگ، ژ.٤٦، ٢٠٠٩،ل٦٣.

[2] - صورة المكان الفنیة في شعر احمد السقاف، بدر نایف الرشیدي، (رسالة ماجستیر)، جامعة الشرق الاوسط، كلیة الاداب والعلوم، قسم اللغة العربیة وادابها، ٢٠١١، ص٩١.

[3] - اشكالیة المكان في النص الادبي، یاسین النصیر، ص٣٣٦.

**٧- دوالیزمی شوێنی گەورە و بچووک**

شاعیر لە دەقی (بازنەی شەو)دا دەڵێت:

شەو درەنگان

تاوێک لەخۆم و ئاسمان

ورد بوومەوە و سەرم سوڕما

چۆن ئەو هەموو ئەستێرەیەم

لە نیگادا جێ بۆتەوە!

بزەم هاتێ

ئەی چۆن کە هەر بۆ کوێم مل نا

لەگەڵ خۆمدا

بە دڵێکدا

ئەو هەموو بەرد و کۆسارە دەگوێزمەوە! پەرییەکان هەڵدەفرێنمەوە ل١١٠

شاعیر لەم دەقەدا دووجار دوالیزمی لە نێوان شوێنی گەورە و بچووکدا دروست کردووە. شاعیر دوالیزمەکانی لە ڕێگەی جێ کردنەوەی (ئاخنین) شوێنی گەورە لە شوێنی بچووکدا دروست کردووە. شوێنە گەورەکان (ئەستێرە، بەرد و کۆسار)ن، شوێنە بچووکەکان (نیگا، دڵ)ن، کە دوو ئەندامی جەستەی مرۆڤن و هەمان ئەرکی شوێنیان کەوتۆتە ئەستۆ. واتە شوێنی جەستەیین، ((شوێنی جەستەیی کاتێک لە بنەمای دەقی ئەدەبیدا دەردەکەوێت، کە وێنەکانی، مامەڵە لەگەڵ ئەندامانی جەستەدا دەکات وەکو چۆن مامەڵە لەگەڵ یەکەکانی شوێندا دەکات.))[١] وەک چۆن شوێن شت لەخۆ دەگرێت، ئەم ئەندامانەش شوێنی زۆر گەورەیان لەخۆ گرتووە، کە (ئەستێرە، بەرد و کۆسار)ن، ((جەستەی مرۆڤ یان هەندێک جار جەستەی بوونەوەری دیکە دەبێتە شوێن و ڕووداوەکان تیایدا ڕوودەدەن، ئەمەش لە ڕێگەی شێوازەکانی ڕەوانبێژی و هونەری جۆراو جۆرەوە دەکرێت، وەکو لێکچوون و خوازە و خواستن و

[١] – الجسد المكان في ديوان (انا بهاء الجسد) لمحمد ادم، د. لطيف محمد حسن، مجلة جامعة تكريت للعلوم الانسانية، المجلد ٤، ٢٠١٠، ص٣٨٨.

ماسک و هێما و هاوکێشەی بابەتی (المعادل الموضوعی) و چەندین شێواز و تەکنیکی پەیڕەوکراو لە بونیاتی دەقی ئەدەبیدا، بە شێوەیەک کە جەستە دەبێتە شوێنێک بۆ نیشتەجێ بوون.))[1]

دوالیزمی یەکەم لەنێوان (نیگا) وەک شوێنی بچووک و (ئەستێرە) وەک شوێنی گەورە دایە. ئەستێرە هێمایە بۆ خەونەکانی مرۆڤ. شاعیر ئیستاتیکای (نیگا)ی مرۆڤی وروژاندووە. سەری سوڕماوە چۆن ئەو شوێنە گەورەیە (ئەستێرە) لە شوێنی بچووکدا (نیگا) جێی دەبێتەوە. نیگای مرۆڤ لە ئەستێرە گەورەتریشی تێدا جێ دەبێتەوە، بەڵام بە واتا مەجازییەکەی (خوازەییەکەی) نەک بە شێوە حەقیقییەکەی.

دوالیزمی دووەم لەنێوان (دڵ) وەک شوێنی بچووک و (بەرد و کۆسار) وەک شوێنی گەورە دایە، ئەم دوالیزمە لە ڕێگەی دەربڕینی خۆشەویستی شاعیر بۆ وڵاتەکەیەوە چێ کراوە. (بەرد و کۆسار) بە واتای وڵات و نیشتمان هاتووە. (بەرد و کۆسار) شوێنێکی هێماییە. شاعیر بە هێما بۆ شوێنێکی دیکە بەکاری دەهێنێت. (بەرد و کۆسار)= وڵات) شوێنێکی گەورەیە. (دڵ) شوێنێکی بچووکە ئەندامێکی گرنگی جەستەی مرۆڤە. شوێنی هەست و سۆز و مەشاعیرەکانیەتی. شوێنی خۆشویستنە. بە جۆرێک کە هەرچی لە دڵدا جێ ببێتەوە، واتە ئەو شتە خۆشەویستە. (دڵ) لە ڕێگەی هونەری ڕوونبێژی (خوازە)وە لە لایەک بووەتە شوێن و (بەرد و کۆسار)ی نیشتمانەکەی تێدا جێ بۆتەوە، لە لایەکی دیکەوە هەستی خۆشویستنی شاعیر بەرامبەر بە (وڵات)ـەکەی دەر دەخات.

شوێنی بچووک لەم دەقەدا بە واتا حەقیقییەکانی خۆیان بەکار نەهاتوون، بەڵکو واتای خوازەییان هەیە، چونکە نە دڵ و نە نیگاش (چاو) هێچکامیان جێی ئەو شتانەیان تێدا نابێتەوە (ئەستێرە، بەرد و کۆسار) دوالیزمی شوێن لە ڕێگەی باسێکی ئیستاتیکیانەی هونەرییەوە چێ کراوە. ئەمە کرۆکی ئەرکی شاعیرە کە شتە نەشیاوەکان بخاتە قاڵبی شیاو.

**٨- - دوالیزمی شوێنی باو و ناباو**

شاعیر لە دەقی (من ناوی تۆ لە ئێسقانم هەڵدەکەنم)دا دەڵێت:

---

[1] - الجسد المكان في ديوان (انا بهاء الجسد) لمحمد ادم، د. لطيف محمد حسن، مجلة جامعة تكريت للعلوم الانسانية، المجلد ٤، ٢٠١٠، ل٣٨٨.

گیانە هەموو خەڵک ناوی

دڵدارەکانیان لە درەخت هەڵدەکەنن

ئەی گیانە بۆ

من ناوی تۆ

لە ئێسقانم هەڵنەکەنم؟ دارستانی ئەو بنارە ل٩٠

شاعیر لەم دەقەدا دوالیزمێکی لەنێوان شوێنی باو (درەخت) و شوێنی ناباو (ئێسقان)دا دروست کردووە. هەموو شتێک لە گەردووندا دەتوانێت ببێتە شوێن، ئەویش ئەو کاتەی کە شتێکی دیکە لە خۆ بگرێت. بیری گرتنە خۆ و تێدا بوون زەقترین ڕەهەندە کە شوێنی پێ دەناسرێتەوە. درەخت و ئێسقان هەردووک هەڵگری ئەم بیرەن. نووسین و هەڵکەندن و هەڵکۆڵین لەسەر دار و دیوار خوویەکی باوە لای مرۆڤ. درەختیش وەک ڕەگەزێکی سروشت، بووەتە شوێنێکی باو بۆ هەڵکەندنی نووسین لەسەری. جا نووسینەکە یادەوەریەکی کورت بێت یان ڕێکەوتێک بێت یان ناوی دڵدارێک بێت کە لەم دەقەدا شاعیر باسی لێوەکردووە و وەکو شوێنێکی باو بۆ ئەم مەبەستەی بەکارهێناوە، (ئێسقان)یش شوێنێکی جەستەییە، بە جۆرێک لە جۆرەکانی شوێن هەژمار دەکرێت، بەڵام هەڵکۆڵینی ناوی دڵدار لەسەری، کارێکی ناوازەیە، تا ڕادەیەکیش خەیاڵییە، ئێسقانی مرۆڤ وەک شوێن بۆ هەڵکۆڵینی ناو، دەبێتە شوێنێکی سەیر و سەمەرە*[1] ئێسقان شوێنێکی باو نییە بۆ ئەم مەبەستە، جێی سەرسوڕمان و عاجباتییە، بەڵام شاعیر بۆ سەلماندنی دڵسۆزی بۆ خۆشەویستەکەی ناوی ئەم شوێنەی بردووە. شوێن (ئێسقان) بووەتە دەفرێک کە هەستە دەروونییەکانی خۆی بۆ دڵدارەکەی تێدا هەڵڕشتووە. دەیەوێت بڵێت کە زۆرم خۆش دەوێت. هەڵکەندنی ناوی دڵدار لەسەر ئێسقان وەک ئەندامە شوێنێک، ئیستاتیکاکەی خۆی لە دڵسۆزی و وەفاداریدا دەبینێتەوە، شاعیر دوالیزمی شوێنی باو و ناباوی لە دووتۆی باسکردنی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و خستنەڕووی هەستە دەروونییەکانی خۆیەوە چێ کردووە.

[1] * ((بەو شوێنە دەگوترێت کە عادەتی نییە، ناوهێنان و بەکاربردنی زۆجار دەچێتە قاڵبی ئەدەبی فانتازییاوە.)) چەمک و ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا، سەباح ئیسماعیل، ل٣٦.

### ٩- دوالیزمی شوێنی بەرز و نزم

شاعیر لە دەقی (پەیژە)دا دەڵێت:

سەری دانام

پەیژە ئاسا

بەرەو ژوورتر

پێی سەرکەوێت

کەچی گەمژە

هەر پێی دانا

سەر بەرەو ژێر

بۆ دۆزەخ و

گەرووی هەڵدێر

هەڵخلیسکا                                پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە ل١٠٧

شاعیر لەم دەقەدا دوالیزمێکی لەنێوان شوێنی بەرز (ژوور- بەرەو ژوورتر) و شوێنی نزم (ژێر-بەرەو ژێر)دا دروست کردووە. شوێن بە هێما ڕەنگی داوەتەوە لەم دەقەدا. شوێن هەڵگری مەدلوولی کێشەیەکی کۆمەڵایەتییە. (ژوورتر)دەلالەتە لە شوێن وەک بەرزی، بڵندایی، بەڵام وەک هێما بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات و هێز بەکارهاتووە لەم دەقەدا، (ژێر) دەلالەتە لە شوێن وەک نزمی، بەڵام وەکو هێما بۆ شکستخواردن بەکارهاتووە. هەروەها شوێنەکانی (دۆزەخ و گەرووی هەڵدێر) هێمای شکستن. شاعیر باس لە ڕەوشتێکی ناشرینی مرۆڤ دەکات کە ئەویش خۆپەرستییە. باس لەوە دەکات کە هەندێ کەس لە پێناو بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان، کەسانی دیکە دەکەنە قوربانی، بەڵام لێرەدا ئەم ئەمەی بۆ نەلواوە. پێشهاتەکان پێچەوانە بوونەتەوە لە جیاتی ئەوەی پلەکەی بەرزبێتەوە و سەرکەوێت بەرەو ژوورتر، نزمتر دەبێتەوە و شکست دەخوات و هەڵدەدێرێت سەر بەرەو ژێر، بۆ گەرووی هەڵدێر. شاعیر بۆ شرۆڤەی ئەم باسە سوودی لە شوێن وەرگرتووە. دوالیزمی شوێنی بەرز و نزم بووەتە خولقێنەری وێنەی ئەم کێشمە کێشە کۆمەڵایەتییە، یاخود شاعیر دوالیزمی شوێنی لە ڕێگەی

هەوڵدان بۆ چوونە شوێنێکی بەرز (بەرەو ژوورتر= دەسەڵات) بە بەربوونەوە بۆ شوێنێکی نزم (بەرەو ژێر= شکست، لەناوچوون) و دۆزەخ و گەرووی هەڵدێرەوە دروست کردووە.

**١٠- دوالیزمی شوێنی ئاسمانی و زەمینی**

شاعیر لە دەقی (پرۆشکی تووڕەیی)دا دەڵێت:

هەن دەبرێنە سەر دوندیش بەرز نابنەوە

هەشن شۆڕیش دەکرێنەوە چاڵ و بیران

سەر هەڵدەسوون لە ئەستێران                                شینی شالوور ل١١

شاعیر لەم دەقەدا دوالیزمی لەنێوان شوێنی ئاسمانی (ئەستێرە) و شوێنی زەمینی (چاڵ و بیر)دا دروست کردووە. ئەم دەقە کاریگەری بەسەرهاتی حەزرەتی یوسفی پێوەدیارە. شاعیر باس لەو کەسانە دەکات کە لە پێناو بەرز بوونەوە و بەدەست خستنی ئامانجەکەیاندا، ئێرەییان پێ دەبرێت. ئاستەنگی گەورە گەورە دێتە ڕێیان، کۆسپ و تەگەرە دەخرێنە پێشیان، سەرکوت دەکرێن، هەوڵی سڕینەوەیان دەدرێت، فڕێ دەدرێنە شوێنێکەوە کەس نەیانبینێت، بۆ ئەوەی لەبیر بچنەوە، بەڵام هەر بەردەوام دەبن و کۆڵ نادەن تا سەردەکەون. شاعیر لە دووتۆی دوالیزمی شوێندا ئەم باسەی وێناکردووە. شوێن بە هێما ڕەنگی داوەتەوە، بە پرسێکی کۆمەڵایەتییەوە پەیوەست کراوە (ئێرەیی بەیەکتری بردن.) شوێنە ئاسمانییەکە (ئەستێرە)یە، بەرزە، ڕووناکە، هێمایە بۆ شکۆمەندی و سەرکەوتن، بەڵام شوێنە نزمەکە (چاڵ ، بیر) شوێنی تاریکن، نزمن، قووڵن، شوێنی فەرامۆشین. حەزرەتی یوسف بۆ ئەوەی فەرامۆش بکرێت، فڕێ درایە ناوی هێمایە بۆ سەرکوت کردن و لەناوبردن، دەکرێت ناوی پانتایی چۆڵەوانی (الفضاء القفری)ی لێبنرێت.*[1] شاعیر تیۆرییەکی داهێناوە ئەویش ئەوەیە کە سەرکەوتنی مرۆڤ بەدەستی خۆیەتی، ئەگەر بیەوێت و هەوڵ بدات و بەردەوام بێت

*((پانتاییەکە سەرسوڕمان و ترس و تۆقاندن و خەم و پەژارە و دڵەڕاوکێ دەچێنێت و هەمیشە ڕەنگی ڕەش و زەرد لەخۆ دەگرێت.)) قال الراوي (البنيان الحكائية في السيره الشعبية) سعيد يقطين،المركز الثقافي العربي، بيروت، ١٩٩٧، ص٢٥٣.

لەسەر هەوڵدان، با لەلایەن کەسانی دیکەشەوە نزم بکرێتەوە، فڕێ بدرێتە چاڵ و بیران، ئەوا کاریگەری نابێت و لە بەرزییەوە لە ئەستێرەکانەوە سەر هەڵدەداتەوە. شوێن لەم دەقەدا پاشخانێکی فیکری وەرگرتووە.

**١١- دوالیزمی شوێنی فریادڕەس و فریودەر**

أ- شاعیر لە دەقی (نەگونجان)دا دەڵێت:

نووسیویەتی:
بوولێلێک گزنگی نەدا
بەسەر لقی ڕووتووقووتی چاوەڕوانییەوە نەگەڕا...
کوولەکەی ڕۆحی دێوانیش نەشکێنرا تا زەوی ستران بڵێتەوە
پاشان زانیم سەر خۆی گۆڕستانی خەونە....
ژیان دیوانی مامزان بوو
شەوێک گورگ
لەخوێن و بەفریان وەردا
لێم دەپرسێت:
پشتی نەهەنگ بوو ئەو ڕۆخەی
گەمیی فریادی لێ وەستا یا جوودی بوو؟ پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە
ل٢٣٤-٢٣٥

شاعیر لەم دەقەدا دوالیزمی لەنێوان شوێنی فریادڕەس و فریودەردا دروست کردووە. ئەم دوالیزمەی شوێن، دەوڵەمەندی هزر و زمانی شاعیر دەردەخات، دەقەکانی نەوزاد ڕەفعەت لە زۆر سەرچاوەی جیاوازەوە ئاویان خواردۆتەوە. ((تەوزیف کردنی ڕەمزی دێرین و ئەفسانە و داستان یان میتۆلۆژیا لەپێناو بەپیترکردنی شیعر و قووڵکردن و فراوانکردنی مەبەستەکانە، هەروەها بۆ لادانە لە زمانی ڕاستەوخۆیی و وتار ئامێزی...))[1] پشتی نەهەنگ شوێنی فریودەرە. شوێنێکە ناوهێنان و بەکاربردنی عادەتی نییە، لەو باسانەی کە لە ئەفسانەکاندا هەیە، سەرچاوەی گرتووە. ئەوانەی لە دەریادا گیرییان خواردووە و کەوتوونەتە حاڵەتی تەنگانەوە و پشتی نەهەنگییان چاوپێکەوتووە، وایان زانیوە کە دوورگەیە و پەنایان

[1] -چاوپێکەوتنی شاعیر لەگەڵ گۆڤاری ڕامان، گ، ڕامان، ژ.٣٢، ١٩٩٩، ل٦٣.

دەدات، دڵییان پێ خۆشبووە. کەچی وا دەرنەچووە. جووڵاوە و حەرەکەتی کردووە. بۆیان دەرکەوتووە کە دوورگە نەبووە. واتا پشتی نەهەنگ وەک شوێنێک خەڵکی فریوداوە. شوێنێکی جێگیر نەبووە (مستقر). جێی متمانە نەبووە، ئەو شوێنە دەرنەچووە کە ببێتە پەناگە و مرۆڤ تیایدا بحەوێتەوە. شوێنێک دەرنەچوو کە لە تەنگانەییدا فریادڕەس بێت و لە ئاست پێشبینییەکاندا بێت، پشتی نەهەنگ لەم دەقەدا هەمان ئەم دەلالەتانە دەگەیەنێت، دەقەکە سەرتاپا نامۆیی پێوە دیارە، شوێنی فریادڕەس کێوی (جوودی)یە. شوێنێکە کە کەشتییەکەی حەزرەتی نوح لەنگەری تێدا گرت، کە دەکەوێتە باکووری کوردستانەوە. لە قورئانی پیرۆزیشدا ناوی هاتووە، شوێنی ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی بوو، شونێکی جێگیر و فریادڕەس بوو، لە ئاست پێشبینی و داخوازییەکانی مرۆڤدا بوو، بووە پەناگە و مرۆڤ تیایدا ژیایەوە و حەوایەوە، پێچەوانەی شوێنێکی فریودەری وەکو پشتی نەهەنگە کە لە تەنگانەییدا پشتی کردە مرۆڤەکان و بەجێی هێشتن.

شاعیر پرسیار دەکات کە ئایا ئەو شوێنەی ئەم تیایدا گیرساوەتەوە، ئەو وڵاتەی ئەم تیایدا ژیان دەکات، پشتی نەهەنگ دەرچوو، یان کێوی جوودی. شوێنێک بوو کە فریوی داو هەڵیخەڵەتاند و پەنای نەداو و نەیهێشت جەستەی شەکەتی بحەوێتەوە، یان شوێنێک دەرچوو کە فریای کەوت و بووە پەناگە بۆی و تیایدا دەستی بە ژیانێکی نوێ و خۆش کردووە. بەکارهێنانی ئەم دوو جۆرە شوێنە لە لایەن شاعیرەوە، مەبەستێکی سیاسی و نەتەوەیی لەپشتەوەیە. ئایا ئەو خەباتەی کە شۆڕشگێڕانی کورد کردیان، توانیان شوێنێکی فریودەری وەک پشتی نەهەنگ بۆ ڕۆڵەکانیان دەستەبەر بکەن، یان شوێنێکی فریادڕەسی وەک کێوی جوودی.

ب- شاعیر لە دەقی (تۆڕ)دا دەڵێت:-

کە چاوم بڕییە ئاسمان و
یەک تاقە ڕیشۆلەی پارم
نەناسییەوە
سەیرم پێهات
دۆش دامام و وتم: دەبێت
لەهەندەرانیش تۆڕ هەبێت؟!          نیگەرانی ل٥٩

لەم دەقەدا هەندەران لە دوالیزمدا دەژی، هەندەران ئەو شوێنەی کە لای زۆرێکمان هێمای شوێنی ژیان و هاتنەدی خەونەکانە، زۆرێک بەو هیوایەوە نیشتمان و زێدی خۆیان بەجێهێشت و ڕوویان تێکرد. هەندەران لەکاتی تەنگانەدا پەنای زۆر کەسی لێقەماوی داوە. وەکو شوێنێکی فریادرەس بوو بۆ هەندێک، لەم دەقەدا شاعیر هەر بەو شێوەیە لە هەندەران گەیشتووە. شوێنێک کە هیچ سەختی ناخۆشییەک، هیچ ستەم و نایەکسانییەک جێی نابێتەوە تیایدا. بەڵام دوای ئەوەی کە لەوێدا دەگیرسێتەوە و واقیعەکە بەچاوی خۆی دەبینێت، بۆی دەردەکەوێت کە ئەو شوێنە لە ئاست پێشبینیەکانی ئەمدا نییە، هەندەران لای شاعیر بووەتە شوێنێکی فریودەر، شاعیر سەری سوڕماوە، پێی سەیرە کە چۆن لە هەندەراندا باڵندەکان ئازار دەدرێن، ریشۆڵە وەک هێما بەکارهاتووە. ئەم حاڵەتە شاعیری حەپەساندووە. ئەو بەو شێوەیە لە هەندەران نەگەیشتووە، هەندەران وەک شوێنی فریادڕەس مرۆڤ کێش دەکات بۆ خۆیی و وەک شوێنی فریودەر مرۆڤ ڕەتدەکاتەوە.

**١٢- دوالیزمی شوێنی ڕەش و سپی**

شاعیر لە دەقی (پەنجەرە)دا دەڵێت:

لێیەوە یەکەمین نەرمە با و
یەکەمین پڕیشکی گوڵاوی
هەناسەی سەحەرم لێدەدات......
لێیەوە ڕووناکی
ڕەشایی مۆتەکەی دزێوی جۆراجۆر لادەبات......
پەنجەرە نەبووایە
تەلار و کۆشک و زنج
دەبوونە ژێرزەمین
دەبوونە پارچەیەک لە زیندان
پەنجەرە نەبووایە خەونی خۆش دەبینران؟! پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە ل٢٦١-٢٦٢

شاعیر لەم دەقەدا دوالیزمێکی لە نێوان شوێنی سپی (کۆشک و تەلار) و شوێنی ڕەش (زیندان و ژێرزەمین)دا دروست کردووە، پەنجەرە لەم دەقەدا دەلالەت لە هیوای ئادەمیزاد بە ژیان و دواڕۆژ دەکات. ون بوونی ئەم هیوایە ژیان دەکاتە زیندان و ژێرزەمین. شاعیر لە ڕێگەیەوە دوالیزمەکەی پێ چێ کردووە، شاعیر ئیستاتیکای

شوێنە سپییەکانی لە ڕێگەی ڕۆڵ و گرنگی پەنجەرەوە باس کردووە، شوێنە سپییەکان لەبەر ئەوەی پەنجەرەیان تێیدایە، گەلێک لایەنی پۆزەتیف دەگرنە خۆیان. بەیانیان بایەکی خۆش، بۆنی گوڵ و باخچە بەناویاندا پەخش دەکات. مرۆڤ سەرمەست دەکات. دڵی خۆش دەکات. هەمیشە ڕووناکن. ڕۆژیان لێ ئاوانابێت، شتەکان ڕوون و ئاشکرا دەردەکەون، خەمۆکی و ڕەشایی دەروون دەسڕێتەوە، دەروونی مرۆڤ دەکرێتەوە تیایاندا، مرۆڤ دەتوانێت بە مەودای مێشک تیایاندا بیربکاتەوە. دیمەنی دەرەوەی لێوە دیارە و لە دەرەوەی دانابڕێت. شوێنە ڕەشەکان (زیندان و ژێرزەمین)، تاریکن، پەنجەرەی تێدا نییە، ئەگەریش تێیدا هەبێت، ڕۆڵێکی ئەوتۆی نییە لە ڕووناکردنەوەیاندا، بای فێنک و خۆش بەناویاندا هات و چۆ ناکات. هەوا قەتیس دەمێنێت. هەناسەی مرۆڤ دادەگیرێت. هەمیشە وەکو ئەوە وایە شەو بێت و هیچ وەخت ڕۆژی لێ هەڵنەیەت. جۆرێک لە ترس مرۆڤ دادەگرێت، شتەکان ئاشکرا و ڕوون دەرناکەون، لە جیاتی خەون، مۆتەکە دەبینێت. شوێنێکن دەرەوەی لێوە دیار نییە و مرۆڤ بێ ئاگا دەهێڵێتەوە لە دەرەوە. بە تایبەت زیندان ((شوێنێکە لە ڕووی پانتاییەوە، سنووردارە. بە بەرتەسکی دەناسرێتەوە. فەزایەکی لەناکاو دژ بە ڕاهاتوویە. مرۆڤ لە جیهانی دەرەوە دوور دەخاتەوە و لێشی دادەبڕێنرێت. ئازادییەکانی کۆت و بەند دەکات))[1] شوێنە ڕەشەکان نزمن و شوێنە سپییەکان بەرزن. بەرزی و نزمی شوێن کاریگەری لەسەر خەون و زیندەخەونی مرۆڤدا هەیە. گاستۆن باشلار دەڵێت: ((لەسەرەوەدا هۆشمەندی (تعقيل)، ترسەکەمان کەم دەکاتەوە، بەڵام لە بنمیچی ناوەوەدا (القبو) هۆشمەندی لەسەرخۆتر و کەمتر بەدیار دەکەوێت. لەسەرەوەدا ئەزموونەکانی ڕۆژ، ترسەکانی شەو دەسڕنەوە. لە بنمیچی ناوەوەدا (القبو) تاریکی ڕۆژ و شەو دادەگرێت.))[2] ئەم شوێنانە هەر بۆ خۆیان لە بنەڕەتدا دڵتەنگن، دڵگیرنین، بەڵام شاعیر لایەنە نێگەتیڤەکانی شوێنە ڕەشەکان (زیندان و ژێرزەمین)ی لە ڕێگەی نەبوونی پەنجەرە تیایاندا دەردەخات. وەلایەنە پۆزەتیڤەکانی شوێنە سپیەکانی (کۆشک و تەلار)ی لە ڕێگەی هەبوونی پەنجەرە تیایاندا دەرخستووە. شاعیر باس لەوە دەکات کە مرۆڤ ئەگەر هیوای بە ژیان و دوارۆژ نەبێت، با لە کۆشک و تەلاردا بژی، وەک ئەوە وایە لە ژێر زەمین و زینداندا بژی.

---

[1] – جماليات المكان في ثلاثية حنا مينه، مهدى عبيدي، ص٧٥.

[2] – جماليات المكان، غاستون باشلار، ص٥٦.

### أ- به مرۆڤ کردنی شوێن

(شوێن)مانەندی مرۆڤ سیمای ئەرێنی و نەرێنی هەیە، (شوێن) هەندێک لە سیفاتە مرۆییەکان لەخۆ دەگرێت. هەروەکو چۆن مرۆڤی بێ بەزەیی و دڵڕەق هەیە، بەهەمان شێوە شوێنیش هەیە بێ بەزییە. لەچەند ساتێکی کەمدا دەبێتە گۆڕی هەزارەها مرۆڤ، ئەوەش ئەو کاتەیە کە (شوێن) دوچاری کارەساتێکی سروشتی دەبێتەوە، وەکو بوومەلەرزە، زریان و لافاو، یان تەقینەوەی گرکانەکان. هەروەها چۆن مرۆڤ تووشی ترس دەبێت، (شوێن) هەیە تووشی ترس بووە، وەکو ئەو شوێنانەی کە کەوتوونەتە سەر هێڵی بوومەلەرزە، یان ئەو شوێنانەی کە لە گرکانەوە نزیکن.

(شوێن) هەندێک سیفاتی مرۆیی ئەرێنی لەخۆ دەگرێت. (شوێن) هەیە خاکەکەی بەپیتە، خزمەتێکی زۆری دانیشتوانەکەی دەکات. دانیشتوانەکەی بە برسییەتی ناهێڵێتەوە. بە وەفایە بەرامبەر بە ڕۆڵەکانی و هەموو ئەوانەی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بە ناویدا تێپەڕیون. شوێن هەیە وەکو مرۆڤ ئازا و خۆڕاگرە، لەگەڵ ئەوەی تووشی وشکەساڵی بووە، ئاژەڵەکانی کۆچییان کردووە، باڵندەکانی دوورکەوتوونەتەوە، قات و قڕی بەرۆکی گرتووە، بەڵام وەفادار دەمێنێتەوە. ((ئازایەتی شوێن لە خۆڕاگری، لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەینەتییەکان کە پێیەوە دەناڵێنێت، بەرجەستە دەبێت، هەوڵی بەردەوام دەدات لە پێناوی زاڵبوون بەسەریدا بە سووربوونێکی زۆرەوە تێیدەپەڕێنێت.))[١] دەبێتەوە خانەخوێیەکەی جاران، لە ساڵانی پێشووتر، ڕۆژی چاکتر دەخاتەوە ماڵی ڕۆڵەکانی، هەروەها ئەگەر ئیستاتیکیانە بۆ بابەتەکە بچین، شوێن سیفەتێکی دیکەی مرۆیی لەخۆیدا هەڵگرتووە، ئەویش سیفەتی دەربڕین لەخودە، شوێن بە شێوەیەک لە شێوەکان توانای ئەوەی هەیە دەربڕین لە خۆی بکات، شوێن هەڵگری دەلالەتی دەربڕینە لە دووتوێی دەنگ یان بۆنکردن یان وێنەوە، ((بۆ نموونە دەلالەتی دەربڕینی شوێن لە دووتوێی دەنگدا، ئەوەی لە دەنگی هەڵقوڵان و فیچقەکردنی ئاو لە تاڤگەکاندا دەیبینین، ئەوە جۆرێکە لە ناردنی جووڵە و لێدان و دەربڕینە لە ژیان، هەروەها ئەو دەنگەی کە لە دارستانەکانەوە بەهۆی باوە دەردەچێت، جۆرێکە لە ناردنی ترس و دڵەڕاوکێ. هەروەها شوێن هەڵگری دەلالەتی دەربڕینە لەدووتوێی بۆنکردندا، نموونەش لەسەر ئەوە وەکو بۆنی زەوی لەدوای باران بارین.))[٢] یان بۆنی

[١]- انسنة المكان في روايات عبدالرحمن منيف، د. مرشد احمد، الطبعة الاولى، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، الاسكندرية، ٢٠٠٣، ص٢٤.

[٢] - دلالة المكان في رواية –عابر السرير- لاحلام مستغانمي، سعدية بن يحيى، ص٢٢.

شوێنە پیسەکان یان زەلکاوەکان یان ئەو شوێنانەی کە بە گوڵ و گوڵزار ڕازێنراون. هەروەها شوێن دەتوانێت لە ڕێگەی وێنەوە واتە ڕواڵەتەوە دەربڕین لەخۆی بکات. بۆ نموونە وەرزەکانی ساڵ ((لە توانای شوێنێکدا هەیە بە چوار شێوە دەربڕین لەخۆی بکات لەماوەی وەرزەکانی ساڵدا. دەگۆڕێت بۆ چوار جۆر لە شوێن لە ڕووی ڕەنگ و بۆن و شێوە و میزاجەوە.))[1]

بە گشتی (بە مرۆڤکردن) یاخود (مرۆڤاندن) یان (بەکەسکردن) ((غەریزەیەکە لە غەریزەکانی ئادەمیزاد، لەو غەریزەیەی ئادەمیزادەوە ئەفسانە و حەکایەتەکان لەدایک بوون، کە پێشینان لە ئەستێرە و دار و دەریا دەیگێڕنەوە و گەلێ خاسیەتی ئادەمیزادیان دەدەنەپاڵ، وەک ئازایەتی و خۆشەویستی و منداڵ بوون و تۆڵەسەندنەوە و گەلێ ئارەزووی تر.))[2] واتە بە مرۆڤ کردن ((خستنەسەری سروشتی مرۆڤییە، یاخود زیادکردنی خاسیەتی ئادەمیزادە بۆ سەر ئەو شتانەی یاخود گیانلەبەرانەی کە ئادەمیزاد نین.))[3] یان ((پێدانی تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ بە نامرۆڤ.))[4] هونەری بە مرۆڤ کردن حاڵەتێکی دەروونی نیشان دەدات لای مرۆڤ. کەرتکردنی مەشاعیر و هەست و سۆزەکانی مرۆڤ خۆیەتی لەگەڵ ئەو بابەتەی کە بە (مرۆڤ)ی کردووە. وەک بڵێیت هاودەم و هاوڕێیەکی نوێ بۆ خۆی دەدۆزێتەوە.

بە مرۆڤ کردن (دیاردەیەکە) لە هونەردا بە گشتی و لە شیعردا بە تایبەتی دەردەکەوێت. لادانێکی واتاییە. ((لادانە لەو سیما واتاییانەی کە زاڵن بەسەر بەکارهێنانی لێکسیک لە زمانی خۆکاردا.))[5] بەهایەکی ئیستاتیکی تایبەتی بە دەقی شیعری دەبەخشێت. پێدانی خاسیەتەکانی مرۆڤ بەوشتانەی کە مرۆڤ نیین، ڕەهەندێکی ئەندێشەیی وەردەگرێت. زادەی خەیاڵی ڕووتی هونەرمەندە. ((هونەرمەند دەرکەوتەکانی جیهانی دەرەکی بە مرۆڤ دەکات و دەیخاتە نێو بۆتەی کارە هونەرییەکەیەوە و وای لێ دەکات بە ڕۆڵی مرۆڤێکی نوێ ڕاببێت. بۆ ئەوەی

---

[1]- دلالة المكان في رواية – عابر السرير- لاحلام مستغانمي، سعدية بن يحيى، ل٢٢.

[2]- بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا (١٩٧٠-١٩٩١) نامەی دکتۆرا، سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، زانکۆی سلێمانی، کۆلیژی زمان، ٢٠٠٢، ل٧٤.

[3]- الصورة الفنية في التراث النقدي والبلاغي، د. جابر احمد عصفور، مطبعة دار الثقافة، القاهرة، ١٩٧٤، ص٣٢٥.

٤-هەندێ لادانی زمانی لای سێ شاعیری نوێخوازی کورد، دلێر صادق کانەبی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٩، ل٤٤.

[5]- سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠.

بەشداری بکات لە دروستکردنی کەشێکی گشتیدا (المناخ العام) کە خەون بە بەدیهێنانیەوە دەبینێت و وای لێدەکات تەجاوزی مرۆڤ و هەست و سۆز و بیرۆکەکانی بکات، ئەو نزیکیەش لە ئەنجامی پێداویستییەکی خودی و هونەرییەوە پەیدا دەبێت.))[١] یەکێک لەو دەرکەوتە دەرەکییانەی کە هونەرمەند بە (مرۆڤ)ی دەکات، (شوێن)ـە، زیادکردنی ژیان بۆ سەر (شوێن). هونەرمەند چەند سیفەتێکی مرۆڤانە بە (شوێن) دەبەخشێت. واتە (شوێن) بە ڕۆڵێکی مرۆڤانە ڕادەبێت. شوێن لە ڕێگەی هونەری خواستنی درکاوەوە بە مرۆڤ دەکرێت، لە هونەری بە مرۆڤ کردندا شوێن بەواتا حەقیقییەکەی خۆی بەکار نایەت، بەڵکو واتایەکی مەجازی هەیە. گاستۆن باشلار لە باسێکی ئیستاتیکیدا چەند سیفەتێکی (ماڵ) بە سیفەتە چاکەکانی مرۆڤ دەچوێنێت، بە شێوەیەک لە شێوەکان ماڵی بە مرۆڤ کردووە. وەک چۆن مرۆڤ بەرەنگاری دەستدرێژییەکانی دوژمنەکەی دەبێتەوە. ((ماڵ یان خانوو ڕووبەڕووی دەستدرێژی دڕندانەی باهۆز و گەردەلول دەبێتەوە، چاکەکانی پاراستن و بەرنگاربوونەوەی کە هەیەتی دەبنە چاکە گەلی مرۆییانە، هێزی جەستەیی و ئەخلاقی لە جەستەی مرۆڤەوە وەردەگرێت. خۆی کۆدەکاتەوە کاتێک دڵۆپەی باران لێی دەدات، هەردوو بازووی هەڵدەماڵێت، بەرامبەر گەردەلوول دادەچەمێتەوە، بەڵام لەوە دڵنیایە کە لە کاتی گونجاودا ڕەوشی ئاسایی خۆی بەدەست دەهێنێتەوە.))[٢]

بە مرۆڤ کردنی شوێن، جگە لە بەخشینی ژیان بە شوێن، ئاوەزیشی پێ دەبەخشرێت و دەهێنرێتە ئاستی گەورەترین دروستکراوەوە کە مرۆڤە، ئەوەی مرۆڤ لە زیندەوەرەکانی دیکە جیادەکاتەوە، ئاوەزە، بە مرۆڤ کردنی شوێن وادەکات (شوێن)ـەکە ((هاوسەنگ بێت، هاوڕێک بێت لەگەڵ خودێکی ژیردا، بۆیە خودە ناژیرەکە دەبێتە خودێکی ژیر. لە ئەرکە بایلۆژییەکەی خۆی دەردەچێت. بۆ ئەوەی بە ڕۆڵێکی مرۆڤێنی نوێ ڕاببێت کە گونجاو بێت لەگەڵ خودە نوێیەکەدا.))[٣]

ڕێگەکانی بە مرۆڤ کردنی شوێن زۆرن، لەوانەش قسەکردن لەگەڵ شوێن، یاخود بانگکردنی یان دروستکردنی پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵیدا..هتد، هەندێکجار لە ڕێگەی پێدانی سیفەتی مرۆییانەوە چی دەبێت وەکو جوانی، ئازایەتی، ترس، ..هتد. هەندێک جاریش لە ڕێگەی بەخشینی ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ بە شوێنەوە

---

١- انسنة المكان في ڕوايات عبدالرحمن منيف،د. مرشد احمد، ص٨.
٢- جماليات المكان، غاستون باشلار، ت. غالب هلسا،ص٦٧.
٣- انسنة المكان في ڕوايات عبدالرحمن منيف، د. مرشد احمد، ص٨.

دروست دەبێت وەک بەخشینی دەست و چاو و گوێ و لووت و ..هتد بە شوێن. هەرچەندە کە ئەم ئەندامانە تەنیا تایبەت بە مرۆڤ نین، بەڵکو بوونەوەرەکانی دیکەش خاوەنی ئەم ئەندامانەن، بەڵام دەکرێت لەگەڵ بەخشینی ئەندامەکانی جەستەدا، سیفەتێکی مرۆیشی پێ ببەخشێ یانیش بە کردارێک ڕای پەڕێنێت. هەروەها دەکرێ لە ڕێگەی بەخشینی هەستەکانی مرۆڤ بە شوێنەوە چێ ببێت.

**ب- بە مرۆڤ کردنی شوێن لە دەقەکانی (نەوزاد ڕەفعەت)دا**

شاعیر خاوەنی ئەزموونێکی دەوڵەمەندی ڕۆشنبیرییە، شارەزاییەکی زۆری لە کەلتوور و ئەدەبیات و مێژووی گەلانی جیاوازدا هەیە. لە میانەی خوێندنەوەی شیعرەکانیدا ئەم ڕاستییەمان بۆ دەرکەوتووە، شاعیر خاوەنی شێوازی تایبەتی خۆیەتی لە شیعر نووسیندا. هونەری (بەمرۆڤ کردنی شوێن) یەکێکە لەو هونەرە ئیستاتیکیانەی کە شاعیر لە دەقەکانیدا بەکاری هێناوە. سیفەتی مرۆییانەی داوەتە پاڵ شوێن. وای لێ دەکات وەکو هەر مرۆڤێکی دیکە هەست بکات، بجووڵێت، هاوسۆزی هەبێت. شوێن وەکو مرۆڤ خۆی دەنوێنێت، هەندێک جار شوێن لای شاعیر توانای ئەوەی هەیە گوزارشت لە خودی خۆی بکات، هەست و سۆزی دەرببڕێت. هەروەها شوێن بە کردەی هاوسەرگیری هەستاوە هەر وەکو چۆن مرۆڤ هاوسەرگیری دەکات. یان (شوێن) ی وەکو بینەرێکی ڕووداوەکان دەرخستووە، دوو چاوی بینای پێ بەخشیوە، بینەرێکە کە ئاگەداری تەواوی ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانەیە کە لە ژیانی شاعیردا ڕوویانداوە و بەسەر شاعیردا هاتوون، شاعیر هەست و سۆز و مەشاعیری خۆی لەگەڵ (شوێن)دا دابەش دەکات. ڕازی دڵی خۆی بۆ شوێن باس دەکات هەر وەکو چۆن بۆ مرۆڤێکی باس دەکات. شاعیر زۆر وێنەی جوانی لە ڕێگەی بە مرۆڤ کردنی شوێنەوە خوڵقاندووە. شوێنی وەکو مرۆڤێک پیشانداوە. شوێن وەکو مرۆڤ ڕاز و نیازی هەیە، چۆن مرۆڤ سەر دەنێتە گوێی مرۆڤێکی دیکە و بە گوێیدا دەچرپێنێت، بە هەمان شێوە (شوێن) بە گوێی (شوێن)دا دەچرپێنێت. (شوێن) ی لە قاڵبی مرۆڤدا پیشانداوە، ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤی بە شوێن بەخشیوە، وای لێکردووە کە شوێن ملکەچی کارلێکێکی تەواو بێت لەگەڵ مرۆڤدا. لەسەر ئەم بابەتە چەند نموونەیەک لە دەقەکانیدا وەردەگرین و شرۆڤەی دەکەین.

**١- شاعیر لە دەقی (هێشتا درەختەکان سەوزن)دا دەڵێت:**

ڕۆژگارێک بوو

هات و تارمایی ون نەبوو

لە مۆتەکە و خەون دەچوو

جێ سمی لە لمی قەراخ بیرکردنەوەمدا بەجێهێشت

ئەستێرەکان ئاگادارن

دە بیاندوێنن

داستانیان پێ بگێڕنەوە

ئەوان لەوەتی هەن کۆستی من دەبینن (نیگەرانی ل٤٠-٤١)

لەم دەقەدا شاعیر (ئەستێرە)ی بە مرۆڤکردووە. (ئەستێرە) شوێنێکە لە ئاسمانەکاندا دەردەکەوێت، دووان یان قسەکردن تەنیا لە توانای مرۆڤدایە، هیچ گیاندارێکی دیکە توانای قسەکردن و گێڕانەوەی داستانی نییە، جگە لە مرۆڤ، بەڵام شاعیر ئەم توانایەی بە ئەستێرەکان بەخشیوە، شاعیر داوا دەکات پرسیار لە ئەستێرەکان بکەن، ئەوان داستانی ژیانی ئەم دەزانن و ئاگادارن لە حاڵی ئەم، هەروەها شاعیر (ئەستێرەکان)ی وەکو شایەتحاڵێکی ڕووداوەکان پیشانداوە، تەنیا (ئەستێرەکان) بوونەتە خاوەن دوو چاوی بینا، لەوەتی ئەوان هەن سەختی ژیانی ئەم دەبینن، دەزانن شاعیر چی لێ بەسەر هاتووە و چی کێشاوە. (ئەستێرەکان)ی لە قاڵبی مرۆڤێکدا پیشانداوە، کە توانای تۆمارکردنی زانیارییان لە یادگەیاندا و توانای گێڕانەوەی زانیارییەکانیشیان (داستان) هەیە. هەر چییەکیان لەبارەی شاعیرەوە لێبپرسی وەڵامت دەدەنەوە.

**٢- شاعیر لە دەقی (هەوێی مانگ)دا دەڵێت:**

مانگ

بریندارە

تووڕەیە

مانگ لەوەتی هەویی هەیە

ڕەنگ و ڕوخساری وەک بەیە ڕێی تاوسان -ل١٢٥

شاعیر مانگی بە مرۆڤ کردووە، (مانگ) شوێنێکە وەکو زەوی وەکو ئەستێرە، شوێنێکی دوورە دەستە، هەموو کەس ناتوانێت سەردانی بکات مەگەر لە گەشتێکی زانستیدا نەبێت کە زاناکان ئەنجامی دەدەن، لەنێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا مانگ هێمای جوانی ئافرەتە، لەم هۆنراوەیەدا شاعیر مانگی خستووەتە قاڵبی ئافرەتێکەوە و چەند سیفەتێکی مرۆییانەی بە مانگ بەخشیوە و کردوویەتی بە مێینەیەک کە بەکردەی هاوسەرگیری هەستاوە و، پاشان ژنی هاتۆتە سەر، ئەوەی زۆر پێناخۆشە و بریندار کردووە، جەستەی خوێنی لێ دێت، ئەم حاڵەتە تووڕەی کردووە. کاتێ مرۆڤ لە ژیانیدا تووشی بێزاری و ناخۆشی دەبێت، لە ڕەفتارییدا ڕەنگدەداتەوە، تووڕە دەبێت و دەگرییت، ئەم حاڵەتە لای زۆر لەو ئافرەتانەی کە ژنیان بەسەر هاتووە، دەبینرێت. لێرەدا ئەم حاڵەتە بەسەر (مانگ)دا هاتووە، دواتر شاعیر باس لە ڕەنگ و ڕوخساری مانگ دەکات کە وەکو (بەی) زەردە، ئەو کاتەی کە مرۆڤ خەفەتبارە یان تەندروستییەکی باشی نییە، ڕەنگی ڕوخساری دەگۆڕێت بۆ سوور یان زەرد یان هەندێک جار بەلای ڕەشیدا دەڕوات. لێوی مۆر دەبێت، هەموو دەلالەت لە شلەژانی دەروون و نەخۆشی دەکەن، ئەم شلەژانە دەروونییە لای مانگ بە ئاشکرا دەبینرێت. شاعیر لە ڕێگەی بە مرۆڤ کردنی مانگەوە، سایکۆلۆژییەتی ئەو ئافرەتانەمان بۆ دەردەخات کە ژنیان بەسەر هاتووە. شوێن (مانگ) بە تەواوی کارلێکی لەگەڵ مرۆڤدا (ئافرەت) کردووە. شاعیر دەقەکەی تێکەڵ بە ڕەوانبێژی کردووە بە تایبەتی یەکێک لە بەشەکانی ڕەوانبێژی، ڕوونبێژییە. لەوێشەوە (خواستن) مانگی خواستووە بۆ (ژن).

**٣- شاعیر لە دەقی (کوڵینگ وەشێن)دا دەڵێت:**

هۆ!! نیشتمان

ئەی هیلانەی بەستری و کەسەر چنراوم

ئەی ئەو بیر و ئەو زیندانەی

دایک و باوکم بۆ هەوەسێک.. چێژێک.. تێیان فڕێ داوم

ئەی ئەو تەلبەند و دۆزەخەی بەکرێ و باج لێی دانیشتم

ئەو گرکانە هار و هاجەی بە ناچاری لێی هەڵانیشتم..

دڵم نەهات

یەک تیشە شاخت بدۆشم

تۆزێک.. دەنکێک.......

خۆڵی پیرۆزت بفرۆشم

لە تۆران و توورەییشدا

پڵنگەکانی سەرکەیم نەپێکاویت

پەڕ پەڕ باڵی سیمرخم هەڵنەکێشاویت...

ئۆف!! نیشتمان

خۆت دەزانیت

ژیان.. ژیان..

کووپەیەکی پڕ لیرەی وەفا و ئەمەک بوو

پڕ نووری مەردی و نمەک بوو

لێیان دزین و بۆ خۆیان

قا.. قا.. قا.. قا.. تێر پێکەنین شینی شالوور- ل٨٤-٨٥

نیشتمان هێلانە گەورەکەی مرۆڤە، ماڵ هێلانە بچووکەکەیەتی، تێکچوونی بارودۆخی نیشتمان لە هەر ڕوویەکەوە ڕاستەوخۆ کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر ژیانی تاکەکانی کە تێیدا نیشتەجێن. شاعیر لەم هۆنراوەیەدا نیشتمانی بە مرۆڤ کردووە و نیشتمانی لە جێی مرۆڤێکی گوێگر(مخاطب) داناوە، کە گوێی بۆ قسەکانی ئەم شل کردبێت. ڕاز و دەردەدڵی خۆی بۆ نیشتمانەکەی هەڵ دەڕێژێت. سەرەتا شاعیر وەکو ئەوەی مرۆڤێک بانگ بکات، لە ڕێگەی ئامرازی بانگکردنی (هۆ) ـەوە بانگ لە نیشتمانەکەی دەکات. دەیدوێنێت و داوای لێ دەکات گوێی لێ بگرێت، مرۆڤ تەنیا بانگ لە مرۆڤ دەکات، چونکە دەزانێ کە هیچ شتێکی دیکە جگە لە مرۆڤ

وەڵامی بانگەکەی ناداتەوە، واتە سیفەتی گوێگری (مخاطب)ی داوەتە پاڵ نیشتمان ((لە گوتاری مرۆڤانەدا پێویستە هەر دوو کەسە دوێنراوەکە دوو کەسی ژیر بن، بۆ ئەوەی وەرگر توانای تێگەیشتنی گوتارەکەی نێرەری هەبێت، ئەگینا ئەو گوتارە دەبێتە جۆرێک لەوەهم یان شێتی.))[١]

مرۆڤ تەنیا گلەیی لە مرۆڤ دەکات، واتە تەنیا مرۆڤ جێگەی گلەیی لێ کردنە نەک بوونەوەرەکانی دیکە، شاعیر وەک چۆن گلەیی لە مرۆڤێک بکات، ئاوا گلەیی لە نیشتمانەکەی دەکات لە جیاتی ئەوەی هێلانەیەکی هۆگری گەرم و گوڕ بێت، کەچی بۆتە هێلانەیەکی تەنگەبەر وەکو زیندان وەکو بیر. لێی بۆتە دۆزەخ و گڕکان، نیشتمان لە ئاست داخوازی و هیواو ئاواتەکانی ئەم دانییە، ئەم گلەییانە هەمووی ئاراستەی نیشتمانەکەی دەکات بە بەکارهێنانی (ت)ی ڕاناوی کەسی دووەمی تاک کە بۆ نیشتمان دەگەڕێتەوە وەکو ئەوەی نیشتمان لەبەرامبەریا وەستابێت و ئەم قسەی بۆ بکات. پاشان شاعیر دڵسۆزی و نیازپاکی خۆی لە ڕێگەی چەند دێڕێکەوە بۆ نیشتمان دەردەبڕێت، وەک ئەوەی نیشتمان لە دڵسۆزییەکانی ئەم دەگات. دواتر بێزاری دەروونی خۆی لە ڕێگەی ئامرازی (ئۆف)ی سەرسوڕمانەوە، بۆ نیشتمانەکەی دەرخستووە، دەردە دڵی لەگەڵدا کردووە، وەکو ئەوەی کەسێک بێت کە لە دەرد و ئازارەکانی بگات. پاشانیش سیفەتی زانینی داوەتە پاڵ نیشتمان (خۆت دەزانیت) پێیوایە نیشتمان وەکو ئەم ئاگەدارە و دەزانێت، کە پێشتر ژیان چۆن بووە، وەفا و ئەمەک بایەخی خۆیان هەبووە. بەم شێوەیە دەبینین (نیشتمان) گوێگری باس و خواسەکانی دڵی شاعیرە.

**٤- شاعیر لە دەقی (دارستانی ئەو بنارە)دا دەڵێت:**

بینیم کەژ سەریان نابوو بە..

گوێی دەشت و لێرەکانەوە و دەیانچرپاند

بەسەرهاتی کوژانەوەی کەف و کوڵی

دەریایەکیان ڕادەگەیاند

ئێوارە بوو، باڵندە جووت جووت بۆت گەڕان

---

[١]- انسنة المكان في روايات عبد الرحمن منيف. د. مرشد احمد، ص٤١.

شەویش داهات تووشت نەبوون

گەڕانەوە

دەنووکیان نایە ژێر باڵ و کڕ هەڵکورمان....

گوێم لێیە ئەستێرەش دەڵێن:

((تا نەیەتەوە هەڵنابین.. ناجریوێنین))

منداڵ دەڵێن: ((تا نەیەتەوە هەڵناچین.. گەورە نابین))      دارستانی ئەو بنارە- ل٥٥-٥٦

شاعیر لە ڕێگەی بە مرۆڤ کردنی شوێنەوە تراژیدیایەکی مێژووی نەتەوەکەمان وەبیر دەخاتەوە. ((نسکۆکەی ساڵی ١٩٧٥برینێکی قووڵی تا سەر ئێسقانی لەسەر جەستەی نەوزاد ڕەفعەت دروست کردووە و لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. بە تایبەتی شیعری (دارستانی ئەو بنارە) کە بەرهەمەکەی بە ناوەوە ناو ناوە. بە شێوەیەکی تراژیدی حیکایەت لەو کۆستە گەورەیە دەکات.... دەشتەکان و لێڕەکان دوای نسکۆ بێ میوان مانەوە و پێشمەرگە نەما ڕوویان تێبکات، بێتاقەت بوون و هەواڵیان دەپرسی، کەژەکان بە چرپە پێیان ڕادەگەینن کە شۆڕش نەماوە. دەریا لەو وێنەیەدا بە واتای شۆڕشی ئەیلوول بەکارهێنراوە.))[1] سەبارەت بە مرۆڤ کردنی شوێن لەم دەقەدا، شاعیر (کەژ، دەشت، لێڕ، ئەستێرە)ی بەمرۆڤ کردووە، کەژ، چیا یان شاخیشی پێ دەوترێت. بەرزاییەکە لەسەر زەوی داکوتراوە. دەشت و لێڕیش زەویەکی تەخت و بەرینە. شاعیر ئەمانەی خستۆتە قاڵبی مرۆڤەوە. (کەژ)سەری ناوەتە گوێی دەشت و لێڕەوە قسەیان بەگوێدا دەچرپێنێت. (سەر و گوێ) دوو ئەندامی جەستەی مرۆڤن کە هەر یەک لە کەژ و دەشت و لێڕ بوونەتە خاوەنی ئەم ئەندامانە، بەڵام پێدانی ئەم ئەندامانە بە شوێن بە تەنیا بەس نییە بۆ بە مرۆڤ کردنیان، چونکە جگە لە مرۆڤ گیاندارەکانی دیکەش خاوەنی ئەم ئەندامانەن، ئەوەی کە ڕەهەندی مرۆڤ بوونی بەو شوێنانە بەخشیوە، سەرنانە گوێی یەکتری و چپاندنی قسە بە گوێی یەکتریدا و گێڕانەوەی ڕووداو و گەیاندنی بەسەرهاتە، باس لە کوژاندنەوە و دامرکانەوەی کەف و کوڵی دەریا دەکەن، واتە بە دوو چاوی سەر، ئەم ڕووداوانەیان دیتووە و بۆ یەکتری دەگێڕنەوە. جگە لە مرۆڤ هیچ گیاندارێکی دیکە ئەم توانایانەیان نییە، چۆن مرۆڤەکان لەنێو خۆیاندا بە گوێی یەکتریدا دەچرپێنن و هەواڵی نهێنی بە

[1] – چرپەیەک و خوێندنەوەی (دارستانی ئەو بنارە)، ژیار مەلا، گ.کاروان، ژ.١٢٨، ١٩٩٨، ل١٢.

یەکتری ڕادەگەیەنن، لێرەدا شاعیر هەمان دیمەنی پیشان داوە، بەڵام شاعیرەکان لە جیاتی مرۆڤ بن، شوێنن، هەر لەم هۆنراوەیەدا (ئەستێرە)ی خستۆتە قاڵبی مرۆڤێک کە قسە دەکات و شاعیر گوێی لە قسەکانیانە و دەڵێن: ((نەیەتەوە هەڵنابین.. ناجروێنین)).

**٥- شاعیر لە دەقی (نامە)دا دەڵێت:**

دوێنی وتیان:

((نامەیەک بۆ خۆر بنێرە

بڵێ: جارێک

تەنیا جارێک بێتە ئێرە!!)) دارستانی ئەو بنارە ل٨٩

خۆر وەکو ئەستێرە وەکو مانگ، شوێنێکی ئاسمانییە. شاعیر لەم دەقەدا خۆری بە مرۆڤ کردووە، شاعیر دووچاوی بینای بە خۆر بەخشیوە، خۆری لە قاڵبی مرۆڤێکدا پیشانداوە کە توانای خوێندنەوەی نامەی هەیە، چونکە پێیان وتووە کە نامەیەک بۆ خۆر بنێرە. هەروەها خۆر بووەتە خاوەن دوو قاچ. شاعیر توانای ڕۆیشتن و هات و چۆی بە خۆر بەخشیوە. لە نامەکەدا داوای لێ دەکرێت کە بێتە ئێرە. خۆر ڕۆڵی مرۆڤێک دەبینێت کە زۆر درەنگ درەنگ دەردەکەوێت. خۆی گران کردووە. هەموو بە تاسەوەن بۆ بینینی، ئارەزوو دەکەن بۆ جارێکیش بێت و دەرکەوێت. (خۆر) لە ڕێگەی هونەری ڕوونبێژی (درکە)وە، بە مرۆڤ کراوە، خۆر بە واتای حەقیقی خۆی بەکارنەهاتووە، ڕووناکی و گەرمی ببەخشێت، دەقەکە سەرەڕای بە مرۆڤ کردن واتای تریش هەڵدەگرێت، زمانی خوازە تیایدا باڵادەستە. خۆر سومبڵی ئازادییە. دەلالەتە لە رزگاری و شکاندنی بەندی و زوڵم و زۆر و داپڵۆسین. بانگەوازێکە بۆ سەربەخۆیی کوردستان و ئازادبوونی وەکو وڵاتانی دنیا.

٦- شاعیر لە دەقی (بازنەی شەو)دا دەڵێت:

ئای ئەم شەو مانگ

چەندە جوان خەرمانەی داوە!

چەند جوان بارانی ڕووناکی

بەسەر خڕ شاردا پرژاوە

سەیرە چۆن تا ئێستا ماوە!

مانگی هێژا

چۆن بەتیری ئیرەیی کوشندەی بەدێک

دەروون ڕەشێک نەکوژراوە!                    پەرەییەکان هەڵدەفڕێنمەوە ل١٠٩

شاعیر لەم دەقەدا (مانگ)ی بە مرۆڤ کردووە، مانگی خستۆتە قاڵبی مرۆڤێکی زۆر جوانەوە، کە خەڵکی دەروون ڕەش ئیرەیی پێ دەبەن. ڕۆڵی مرۆڤێک دەبینێت کە بەرچاوییە، وەسفی جوانی مانگ تەواوی شاری گرتووەتەوە، تەواوی شار بە ئاگان لە جوانییەکەی. شاعیر سەری سوڕماوە کە هێشتا ماوە و نەمردووە، باس لەوە دەکات کە چۆن بە چاوی پیسەوە نەبووە. چۆن لە دەستی مرۆڤە دەروون ڕەشەکان ڕزگاری بووە و نەکوژراوە، هەموو ئەمانە لە ئەنجامی خۆشویستنی (مانگ)ـەوەیە. شاعیر (مانگ)ی خۆشدەوێت، سۆزی بۆی هەیە، لەوە دەترسێت بە داوی ناحەزانەوە بێت. دەترسێت ئازار بدرێت و لەناو ببرێت. شاعیر چەند خاسیەتێکی مرۆیی داوەتە پاڵ مانگ. (ئیرەیی بردن بە مانگ لە لایەن بەد و دەروون ڕەشانەوە، بەزەیی پێداهاتنەوە بە (مانگ)دا، بەخشینی ژیان و مردن بە مانگ، خۆشویستنی مانگ) هەموو ئەو شوێنانەی کە بە مرۆڤ دەکرێن بە واتای حەقیقی خۆیان بەکار نایەن، بەڵکو واتایەکی مەجازییان هەیە.

## بەشی سێیەم:

# ڕەهەندەکانی شوێن لە دەقەکانی (نەوزاد ڕەفعەت)دا

١- ڕەهەندی دەروونی

٢- ڕەهەندی کۆمەڵآیەتی

٣- ڕەهەندی نەتەوەیی

٤- ڕەهەندی مێژوویی

٥- ڕەهەندی ئەفسانەیی

## ڕەهەندەکانی شوێن لە دەقەکانی (نەوزاد ڕەفعەت)دا

شوێن لە دەقی ئەدەبیدا بەهۆی ئەوەی کە خەیاڵی داهێنەر ڕۆڵی لە دروستکردنیدا هەیە، بۆیە ڕەهەندێکی سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و مێژوویی و هزری وەردەگرێت. ((شوێن لە دەقی شیعریدا هەڵگری کۆمەڵێک ناسنامەیە. بە چەند پەیوەندییەکی جیاوازەوە پەیوەستە کە ڕێگە بە وێنەی شوێن دەدات بخوێنرێتەوە و لێک بدرێتەوە. بەو شێوەیە ئەوە ناسنامەیەکی شیعری ئیستاتیکییە، پشکداری لە بەرهەمهێنانی جیهانی دەلالەتەکاندا دەکات. وەکو چۆن ناسنامەیەکی ئایدۆلۆژییە کە چەمک و تەسەوراتی ئینتیما و بوون لە شوێندا پێچەوانە دەکاتەوە، بە هەمان شێوە ناسنامەی ڕۆشنبیری و مێژوویی و هزرییە کە مرۆڤ بە پێکهاتە شارستانی و ڕۆشنبیرییەکانەوە گرێ دەدات.))[1]

بە شێوەیەکی گشتی شوێن لە دەقی ئەدەبیدا بێ بەش نییە لە دەلالەتێکی دیاری کراو. ڕەنگدانەوەی کارلێکە دەروونییەکانی نووسەرە، کە ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژووییەکان... هتد، هاوکێشەکانی ئەو کارلێکە پێک دەهێنن، دەرکەوتنی شوێن بە ڕەهەندی جیاوازەوە لەنێو دەقی شیعریدا پەیوەندی بە جیهانی دەرەوەی دەقەوە هەیە، کە خۆی لە جیهانی تایبەتی نووسەر و جیهانی گشتیی کۆمەڵگەدا دەبینێتەوە. ((بە تەنیا خوێندنەوەی خودی دەق، ڕەتکردنەوەی مێژووەکەیەتی یان بارە کۆمەڵایەتییەکەیەتی. بەرهەمی شیعری تەنیا ڕەنگدانەوەی دەروونی-خوودی-نییە، هەر وەک چۆن تەنیا ڕەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵایەتیش نییە، بەڵکو پێش هەموو شتێک تێکەڵەیەکی داهێنەرانەیە (مرکب ابداعی) کە لە تێکەڵەیەکی مرۆییانەوە بەرهەم دێت، شوێنیش بەرجەستەی ئەو بەیەکاچوونە دەکات لەنێو دەقی شیعریدا و ڕەهەندو دەلالەت بە دەقەکە دەبەخشێت و (خود)ی شاعیر بار (یحمل) دەکات))[2]، ئەو جۆرە شوێنە بەهایەکی ئەوتۆی نییە. ستاتیکای دەق دەشێوێنێت. لە کاتی پێوانی دەقدا تای تەرازوو بەلای شکستی دەقدا دەشکێنێتەوە. ئەو جۆرە شوێنانە سەرنجی خوێنەر بۆ خۆیان کێش ناکەن. ((بۆ ئەوەی شوێن لە کاری ئەدەبیدا کاریگەر بێت، پێویست دەکات

---

[1] - دلالات المكان في الشعر الفلسطيني المعاصر بعد ١٩٧٠، جمال مجناح، ص٩٦.

[2] - كلام البدايات، ادونيس، دار الاداب، ط١، بيروت، ١٩٨٩، ص٢٨.

دەلالەتی هەبێت. قسە لە شتێک بکات کە لە ناخی نووسەر یان خودە کۆمەڵایەتییەکەیدایە.))[1]

شوێن لە دەقی نوێدا بووتە بابەتێکی مەبەستدار ((شوێن لە شیعری نوێدا وەکو شتێکی دابڕاوی تاک یان پێکهاتەیەکی نایلۆنی ڕووت یان بونیادنانێکی وشک بەدیار ناکەوێت کە پێک بێت لە بۆشایی و دیوار و ژوور و سابیتە، بەڵکو وەکو پیادەکردن و چالاکییەکانی مرۆیی بەدیار دەکەوێت. کە بە کردەی مرۆییەوە پەیوەستن، لە دووتۆی خۆیاندا هەڵگری هەڵوێست و هەست و سۆز و جووڵە و هەڵچوونی بوونەوەری مرۆیین.))[2] هەندێک جار دەلالەت لە ئایدۆلۆژییای نووسەر دەکات. نووسەری خاوەن ئایدۆلۆژییای مارکسی زیاتر بەلای چینی زەحمەتکێش و ڕەنجدەردا هەڵدەلێت. تایبەتمەندییەکانی ژیانی ئەوان باس دەکەن، بۆیە ئەو شوێنانە لە دەقەکاندا ڕەنگدەداتەوە کە ئەو چینە کۆمەڵآیەتییە تێیدا ژیان دەکەن. کە بە زۆری گوند و گەڕەکە هەژارنشینەکانی شار دەگرێتەوە.

شوێن لە دەقەکانی (نەوزاد ڕەفعەت)دا چەند ڕەهەندێکی جیاوازی هەیە، مەگەر لەچەند دەقێکی کەمدا نەبێت، واتە بەگشتی ئەوە نییە کە شوێن واتایەکی جوگرافییانەی ڕووتی هەبێت، بەڵکو ڕەهەندی دەروونی و کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و مێژوویی وەرگرتووە، هۆکاری ئەمەش ئاشکرایە، چونکە شوێن لە دەقدا ((دەرئەنجامی ڕەنگدانەوەی واقیعی بابەتییانەیە بەسەر ئەندێشەی هونەرمەنددا، ئەمەش واتای ئەوە نییە کە هونەرمەند هەمان وێنەی واقیع پیت بە پیت، فۆتۆگرافییانە بگوازێتەوە، بەڵکو پشت بە ئەندێشەکانی دەبەستێت.))[3] شوێن بەشێکە لە ئەزموون و تەجروبەی ژیانی شاعیر. شاعیر شارەزای ئەو ڕووداوانەیە کە لە شوێندا ڕوویان داوە. شارەزای ئەو گۆڕانکارییانەیە کە بەسەر شوێندا هاتوون، شارەزای مێژووی ڕابردوو و ئێستای شوێنە، بارودۆخی کۆمەڵایەتی و مێژوویی و دەروونی و سیاسی، کاریگەرییان بەسەر دروست بوونی شوێنەوە هەیە لە دەقەکانیدا. دەربڕینی هەڵوێست لەبەرامبەر ڕووداو و پێشهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی و نەتەوەییەکان، ڕێگە خۆشکەر بووە لە

[1] - الرواية والمكان، ياسين النصير، ج٢، الموسوعة الصغيرة، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٦، ص١٦.

[2] - اشكالية المكان في النص الادبي، ياسين النصير، ص٣٩٣.

[3] - المكان في شعر ابن زيدون، ساهرة عليوي حسين العامري، رسالة ماجستير، جامعة بابل، كلية التربية، قسم اداب اللغة العربية، ٢٠٠٨، ص٢٦.

تەوزیفکردنی شوێن بە ڕەهەندی جیاوازەوە لە نێو دەقەکانیدا. لە یادی کارەساتێکی دڵتەزێندا کە بەسەر گەلەکەیدا هاتووە، شوێن بە ڕەهەندی نەتەوەییەوە خۆی لە دەقدا پیشان دەدات، هەروەها هەڵچوون و داچوونە دەروونییەکانی شاعیر، یاخود گەڕانەوە بۆ بیرەوەرییەکانی ڕابردوو و تاسەکردنی شوێن یان بێزاربوون لە دەست شوێن بە هەر هۆکارێکەوە بێت، وا دەکات شوێن بە ڕەهەندی دەروونییەوە خۆی بە دەقدا ئاوێزان بکات. شوێن لە سەر بنەمای هەستەکانی شاعیر بنیات نراوە، لەسەرچاوەی هەستەکانییەوە هەڵقوڵاوە. شوێن بە شێوەیەک لە شێوەکان ملکەچی جووڵەی دەروون و هۆش و خەیاڵ و هزر و میزاجی شاعیرە. دزەکردنی شوێن بۆ نێو دەقەکانی، لە ئەنجامی دەربڕینی هەڵوێستەکانییەتی. بە گشتی شوێن لە دەقەکاندا گۆڕاوە بۆ بەرهەمێک جێگرەوەی شوێنە، خەیاڵی شاعیر کاری خۆی کردووە. بەهای پێبەخشیوە. شوێن واتاو ڕەنگدانەوەی خۆی هەیە و بەچەند ڕەهەندێک ڕەنگی داوەتەوە لەوانەش:-

### ١- ڕەهەندی دەروونی

لێرەدا ئاماژە بە ڕەهەندی دەروونیی شوێن لەنێو دەقەکانی شاعیردا دەکەین، یەکێک لەو ڕەهەندانەی کە شوێن لە دەقدا هەندێک جار هەڵگرییەتی، ڕەهەندی دەروونییە، شاعیر لە ڕێگەی شیعرەوە باس لە شوێن دەکات. بۆ ئەوەی گوزارشت لە ڕاستی هەست و سۆزی خودی خۆی بکات، پەنا بۆ شوێن دەبات کارلێکێک دروست دەبێت لەنێوانیاندا. شیعرێکی شوێنی بەرهەم دێت کە هەڵگری زۆرێک لە پرس و دەلالەتی دەروونی و هەستی و خودی دەبێت. شوێن سەرەڕای ئەرکە سروشتییەکەی، کە لە خۆگرتنی شتەکانە یان ڕووداوەکان تیایدا ڕوودەدەن، هەندێک جار ڕەهەندی دەروونیش دەبەخشێت، ئەویش ئەو کاتەی کە گوزارشت لە دەروونی شاعیر بکات. شوێن وەکو ئەوەی لێدێت کە ((خەزێنەیەکی ڕاستەقینەی بیر و هەست و سۆز و بۆچوونەکان بێت. بە شێوەیەک کە پەیوەندییەکی گۆڕینەوە لەنێوان ئادەمیزاد و شوێندا دروست دەبێت. بە شێوەیەک کە هەر یەکەیان کاردەکاتە سەر ئەوەی تریان.))[١] شوێن ملکەچ دەبێت بۆ جووڵە دەروونییەکانی شاعیر، ڕەنگدانەوەی خەیاڵ و هەستە دەروونییەکانییەتی، ((لە دووتۆی شوێنەوە بەدوای تێڕامانی خودی (تاملات الذات) هۆگریدا دەگەڕێت.))[٢]ئەگەر شاعیر ((واتاکانی پاراستن و ئاسایش و خۆشیی لە شوێندا بەرجەستەکرد یان دۆزیوەتەوە، زیاتر پێیەوە دەنووسێت، دەبەسترێتەوە و هەر کاتێک

---

[١] - بنية الشكل الروائي، حسن بحراوی، ص٣١.

[٢] - دلالات المكان في الشعر الفلسطيني المعاصر بعد ١٩٧٠، جمال مجناح، ص٨٤.

ئەوە پێچەوانە بۆوە، ئەوا لێی ڕادەکات، بەڵکو ڕقیشی لێدەبێتەوە. قبووڵکردن و ڕەتکردنەوەی نابێت تەنیا بەهۆی حاڵەتێکی شعووری تایبەتەوە نەبێت کە تووشی شاعیرەکە بووە.))[1] بارودۆخی دەروونی شاعیر کاریگەری هەیە لەسەر دروست بوونی تەواوی پرۆسەی شیعری و لەنێویشیدا (شوێن)، ((جێگەی سەرسوڕمان نییە ئەو بارودۆخە دەروونییەی کە شاعیر تووشی دەبێت، کاریگەری دەبێت لە دروست کردنی تێڕوانین و گۆشەنیگایەکەی بۆ شوێن. شاعیر کاتێک تووشی حاڵەتێکی شعووری دەبێت بەرامبەر بە شوێنێکی دیاریکراو، هەمیشە پەنا دەبات بۆ تەرجومەکردنی ئەو هەست و سۆزەی کە گیرۆدەی بووە. بۆیە دەیگۆڕێت بۆ چەند دێڕە شیعرێک کە وێناندنێکی وردمان لەبارەی ئەو حاڵەتەوە پێشکەش دەکات، چونکە شاعیر لەسایەی شوێندا دەژی.)[2]

(نەوزاد ڕەفعەت)ی شاعیر چەند واتایەکی دەروونیی جیاوازی بۆ شوێن داڕشتووە، هەندێک جار ئاشتە لەگەڵ شوێندا و تاسەی دەکات، هەندێک جاری لێی ڕادەکات و یاخییە لێی، ڕەهەندە دەروونییەکانی شوێن بە گوێرەی پەیوەندی بە دەروونی شاعیرەوە بۆ چەند بەشێک دابەش دەکرێت:

**أ- نۆستالیژیای شوێن (الحنین الى المکان)**

نۆستالیژیا ((چەمکێکە بۆ وەسفکردنی تاسەی مرۆڤ بۆ ڕابردوو بەکاردێت، بنەچەی وشەکە بۆ زمانی یۆنانی دەگەڕێتەوە و بە مانای ئەو ئازارە دێت، نەخۆش لە ئەنجامی حەزی بۆ گەڕانەوە بۆ ژینگەکەی و ترسان لەوەی تا هەتایە نەتوانێت ئەو حەز و خواستە بهێنێتە دی، پێوەی دەتلێتەوە. نۆستالیژیا خۆی بریتیە لە خۆشەویستییەکی زۆر بۆ چاخەکانی ڕابردوو بە کەسایەتی و ڕووداوەکانییەوە.))[3]

نۆستالیژیای شوێن بە واتای تاسەکردن و بیرکردن و گەڕانەوە بۆ شوێنی ژیانی ڕابردوو دێت. ئەمەش ئەو کاتە دەبێت کە مرۆڤ (شاعیر) چ بە خواستی خۆی یان زۆرەملێ بێت، شوێنی جێهێشتووە و لێیەوە دوورە و لەپێش چاوی بزرە. لەم حاڵەتەدا هەست بە خەم و تێکشکان دەکات. بە جۆرێک لە جۆرەکان هەست بە نامۆیی دەکات.

---

[1] – المكان في الشعر الاندلسي عصر ملوك الطوائف، امل بنت محسن سالم رشيد العميرى، رسالة دكتوراه، جامعة ام القرى، كلية اللغة العربية، قسم الدراسات العليا العربية، فرع الادب، ٢٠٠٦،ص١٩.

[2] – سەرچاوەی پێشوو، ص١٩.

[3] – انترنيت ويكيپيديا، الموسوعة الصغيره، www. Ar.wikipedia.orgwiki, nostalgia

((نامۆیی گەورەترین کێشە بووە لای مرۆڤ بە درێژایی سەردەمە جۆراوجۆرەکان بە تایبەتی لەم سەردەمەدا کە وای کردووە مرۆڤ لە مرۆڤ و شوێن جیاکاتەوە. وە لە زەمەن دوور کەوێتەوە. ئازارچەشتن و هەستکردن بە تەنیایی و ون بوون و نەمان، لە سیما هەرە دیارەکانە کە لە کەسایەتی و ڕەفتاری کەسی نامۆدا دروست دەبێت، بۆیە نامۆبوون جۆرێکە لەو ئەزموونەی کە کەسی نامۆ تێیدا دەژی.))[1] دوورکەوتنەوەی شاعیران لە زێد و نیشتمانی خۆیان، هەستی نامۆبوون لە لایان دروست دەکات، کە ئەمەش هەندێک جار ڕەنگدانەوەیەکی ئەرێنی هەبووە لەسەر ئاستی پرۆسەی داهێناندا. توانا شاراوەکەی شاعیر ئاشکرا دەکات. جۆرێک لە ئەدەبیات بەرهەم دێت کە بە ئەدەبی ئاوارەیی دەناسرێت. ((ئەدەبی ئاوارەیی ئەدەبێکە تا ڕادەیەکی زۆر دوورە لە ڕیاکاری و بە زۆر شت دروست کردن و مێشک گوشین. ئەو ئەدەبە لە ناخی ناخەوە هەڵدەقوولێ و کە دێتە دەرەوەش بۆنسۆی ئاوارەیی لێدێت و مرۆڤ دەخاتە حاڵەتێکی تایبەتییەوە. شیعری غەریبی شیعرێک نییە بۆ دڵدارێکی نادیار گوترابێت، یان شاعیر تێیدا مەبەستی خۆبردنە پێشەوە و دەستکەوت و پلە و پایە و پارە بێت. شیعرێکە گەواهی ڕەسەنایەتی نیشان دەدات و لە ژیانە پڕ سفت و سۆیەکانی شاعیرەوە هەڵقولاوە.))[2] زۆرجار تاسەکردنی شوێن لە ئەنجامی بێزاربوونی مرۆڤە لە شوێنی ئێستای، هەندێک جاریش لە ئەنجامی تاسەکردن بۆ کەس و ڕووداو و شتەکانی ناو شوێنەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەم حاڵەتەش (نۆستالیژیای شوێن) لە هەندێک لە دەقەکانی (نەوزاد ڕەفعەت)دا بەدی دەکرێت. شاعیر بە خەیاڵ بۆ شوێنی ژیانی ڕابردوو دەگەڕێتەوە و تاسەیان دەکات. هەندێک جار شوێنی سەردەم و ژیانی تەمەنی منداڵین، هەندێک جار ئەو شوێنانەن کە بەسەفەر بۆی چووە، یان ئەو شوێنانەن کە جوانی سروشتەکەی وێنەیەکی خۆشەویستییان لە مێشکدا چەسپاندووە و تۆمارکردووە.

١- (دەربازبوون)

گەڕیدانە

بە چل ساڵەڕێ دەچمەوە بەهەشتی قۆزاخەی ئەوسا.......

---

[1] – الحنين والغربة في الشعر الاندلسي ((عصر سياده غرناطة: ٦٣٥-٨٩٧هجربه))، مهار وحي ابراهيم الخليلي، رسالة ماجستير، جامعة النجاح الوطنية، كلية الدراسات العليا، نابلس، فلسطين، ٢٠٠٧، ص١٣.

[2] – سۆزی غەریبي و سێ چامەی کوردی، حەمە صالح فەرهادی، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٦.

بەپێی پەتی

بەنێو لێڕەواری چڕدا

بەنێو دڕکەڵان و قوڕدا

تیژ.. تیژ.. تیژ.. کەروێشکی ڕاونراو ئاسا

لە کەند و لەند و خەرەندی بێ ئامانیش دەپەڕمەوە

دەچمەوە ژێر چەتری یەکەم گەرمەڵان و

چرپە چرپی گوڵدانەکانی سەر تارمە

چەقە چەقی چۆلکە داوەڵدزەکان دەبیسمەوە

دەفتەرێک گەوهەر بە مشتێک هەڵمات و جگ

بچەند گوێ شەیتانۆکەیەک دەگۆڕمەوە

رادەکەم و کۆللارە بابردووەکەی خۆم دەگرمەوە

دەچمەوە سەربانی ماڵێ

ئەی کێ پەری و

کێ کۆترە تاوسییە بن باڵ سوورەکان هەڵبدات؟ پەرییەکان هەڵدەفرێنمەوە ل١٦٨

شوێن لەم دەقەدا ڕەهەندێکی دەروونی دەبەخشێت. ئەو بارودۆخە دەروونییەی کە شاعیر لە سەردەمی منداڵیدا گوزەراندوویەتی ڕۆڵی هەیە لە دروست کردنی شوێن بە ڕەهەندی دەروونییەوە. ئەو شوێنەی کە شاعیر تاسەی دەکات، شوێنی سەردەمی منداڵییە. ڕووداوەکانی ناو شوێن ئەمەیان دەرخستووە. ئەمەش کاتێکە کە باس لە ڕاکردن بە پێی پەتی بەنێو لێرەوار و قوڕدا، هەروەها کۆللارە هەڵدان و چوونە سەر بانی ماڵان و کۆتر هەڵفڕاندن دەکات. کە هەموویان سیاقێکی منداڵانەن. ئەمە جگە لەوەی کە باس لە گەڕانەوە بۆ کاتێکی دوور لە کاتی ئێستا دەکات کە (٤٠) ساڵ لەمەو بەرە. ((دووبارە گەڕانەوەی (استعادە) وێنەی ماڵی منداڵی، تێڕامانی زیندەخەو بەرزدەکاتەوە بۆ ئاستی بەهای بوونگەرایی (القیم الوجودیە)، کە ئەوەش پەیوەست

دەبێت بە لەدایکبوون و ژیان. لەو ڕوانگەیەوەش شوێن و زەمەن نەک هەر پێکدا دەدەن، بەڵکو چەمکی شوێن دەگۆڕێت بۆ زەمەن.))[1] شوێن لەم دەقەدا شوێنێکی تاسەسازییە. ((ئەو شوێنەیە کە ڕابردوومان بیردەخاتەوە زۆرتر لەوەی خۆییمان بیربخاتەوە.))[2] فەزای شوێن بەستراوەتەوە بە گێڕانەوەی ڕووداوەکانەوە. ڕووداوەکان بەلای شاعیرەوە زۆر خۆش بوون، بۆیە شوێنەکەیان لە لا خۆش کردووە و ئێستا تاسەی دەکات. ڕووداوەکان ڕەهەندێکی دەروونییان بە شوێن بەخشیوە، بە (بەهەشت)ی چواندووە، ئەگەر ڕووداوەکان بە پێچەوانەوە بوونایە، ئەوا شاعیر هەرگیز تاسەی ئەو شوێنەی نەدەکرد، ئەمە پەیوەندی دیالێکتیکی نێوان شوێن و ڕووداو لە ڕووی ڕیتمەوە دەردەخات. ڕووداوی خۆش، ئاوازی شوێنەکە خۆش دەکات، پێچەوانەکەشی ڕاستە، پەیوەندی نێوان شوێن و ڕووداو بە شێوەیەکە کە ((هیچ شوێنێکی دیاریکراو پێشتر بوونی نییە، بەڵکو لە دووتۆی ڕووداوەکاندا شوێن دروست دەبێت. بەپێی ئەو خاسیەت و تایبەتمەندییانەی کە پاڵەوانەکان پێی ڕادەبن.))[3] ڕووداوەکانی ناو شوێنەکە، شوێنەکەی بە بەهەشت کردووە. تاسەکردنی شوێن لە ڕێگەی تاسەکردنی شاعیر بۆ ڕووداوەکانی ناو شوێنەوە دروست بووە لەم دەقەدا. شاعیر تەواوی واتاکانی خۆشی و یاری کردن و ژیانی لەو شوێنەدا بەرجەستەکردووە، بۆیە چل ساڵ هیچ، چلی دیکەشی بەسەردا تێپەڕێت، هەر لەبیر ناکرێت و هەمیشە تاسەی دەکات و ئاواتی بۆ دەخوازێت.

٢- (باز)

هەمیشە لێرە نیم

هەمیشە سیمرخی خەونم دێتە هانا

دەگەڕێمەوە شوێنەزا

دەسووڕێمەوە باز ئاسا

لەم بەردەوە بۆ ئەو بەرد و

لەم چیاوە بۆ ئەو چیا پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە ل١٠٨

---

[1] – دلالات المكان في الشعر الفلسطيني المعاصر بعد ١٩٧٠، جمال مجناح، ص٤٨٧.

[2] – جماليات المكان في الرواية العربية، شاكر النابلسي، ص١٥.

[3] – بنية الشكل الروائي، حسن بحراوي، ص٢٩.

شوێن لەم دەقەدا ڕەهەندێکی دەروونی دەبەخشێت. ئەو شوێنەی کە شاعیر بە خەیاڵ بۆی دەگەڕێتەوە و تاسەی دەکات، (شوێنەزا)یە. ئەو شوێنەی تێیدا لەدایک بووە و تەمەنی منداڵی تێدا بەسەربردووە. نەک هەر لای شاعیری دەق، بەڵکو لای زۆربەی مرۆڤ، شوێنی سەردەمی منداڵی هیچ کات لە یادگەدا ناسڕێتەوە و هەمیشە ئامادەگیی چالاکی لە خەیاڵ و لەنێو بیرەوەرییەکاندا هەیە. نۆستالیژیای شاعیر بۆ شوێن نۆستالیژیایەکی بەهێزە، شاعیر بۆیە تاسەی ئەو شوێنە دەکات، چونکە لەوێدا هەستی بە خۆشییەکانی ژیان کردووە. بە کەیفی خۆی باز ئاسا گەڕاوە و سووڕاوە. واتاکانی خۆشەویستی و پاراستنی لەو شوێنەدا دۆزیوەتەوە، بۆیە ناتوانێت لەبیری بکات. هۆکارێکی دیکەش ئەوەیە ((گەڕانەوە بۆ ڕابردوو وەک بەهەشتێکی لە دەستچوو، ڕێگەیەکە بۆ کەم کردنەوەی ناڕازیبوون لە جەهەنەمی ئێستا و دەرمانێکە بۆ دامرکاندنی ژانی سەرلێشێواوی لە بەرزەخی دنیای ڕاستەقینەدا.))[1] هەر چەندە کە ئێستا لێیەوە دوورە و لەپێش چاوی بزرە، بەڵام هەمیشە وەک بوونەوەرێکی خۆشەویست ئامادەیە لەلای سۆزی بۆ دەنوێنێت. ((سۆز نموونەی شەوقێکی ڕۆحییە بۆ شوێنێکی خۆشەویست، بە تایبەت ئەگەر ئەو شوێنە نیشتمانی ئولفەت و ئینتیمابێت، کە حاڵەتی پەیوەست بوون بە خاکەوە دەنوێنێت و پەیوەستە بە واقیعی ژیانی نەتەوە و خۆشی خەونەکانی شاعیرانەوە.))[2] لە ئەندێشەی شاعیردا جێگیر بووە، لە ناخیدا ڕەگی داکوتاوە. هەمیشە تاسەی دەکات و بە خەیاڵ بۆ ئەو شوێنە دەگەڕێتەوە.

٣- (ژوورێک)

ئەم ژوورە پڕ خەونی بەتاڵە
ئەم ژوورە پڕ درز و کتێب و بۆن مەی و
کاغەزی گەچراوی ڕەشنووس و
فلتەری جگەرە و دووکەڵە
تا ڕمان بڕبڕەی پشت دەخوات
لێرە کات: گالیسکەی بێ ئەسپ و چەرخەیە
لێرە کات: ڕەوڕەوەی قەدپاڵە... شەختەیە
رەوەزە بەرد دەڕوات؟

---

[1] - لەمەر نۆستالیژیاوە، محەمەد قاعید، و. محەمەد ئەحمەدی، (ساماڵ) ، گ. ڕامان، ژ١٩٦، ٢٠١٣، لا٩٤.

[2] - جماليات المكان، اعتدال عثمان، ص٧٧.

شەختەبەند گەرمایی ڕۆژ دەدات؟
مەملەکەتی سووڕانەوەی فڕفڕۆکە
مەملەکەتی هەلووکێن و کەلایانێ
مەملەکەتی فڕاندنی پۆلە کۆتر و کۆللارە
مەملەکەتی بەدواداچوونی زیکزیکە و خاڵخاڵۆکە
مەملەکەتی بێ (تاوان و سزا) و تەناف
مەملەکەتی شەوی حیکایەتی پەری و
دێوی ڕەشی پشت کێوی قاف
مەملەکەتی دۆزینەوەی زەڕنەقووتەش
بەرهەڵدایی و دەربازبوونە: یۆتۆپیایە
گەڕانەوەش بۆ قۆزاخەی یەکەم ماڵ و یەکەم کۆڵان
خۆشترین چێژ
چەقی ئارامیی دنیایە                    پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە ل١٩٨

شوێن لەم دەقەدا ڕەهەندێکی دەروونی دەبەخشێت، شاعیر لەنێو ژوورە شپرزە و بۆن ناخۆشەکەیدا شوێنی سەردەمی منداڵیی کەوتۆتەوەبیر. تاسەی شوێنی سەرەتاکانی ژیانی دەکات، ئەو هۆکارەی کە ئەو شوێنەی بیر شاعیر خستۆتەوە، ڕووداوەکانی ناو شوێنەکەیە. شاعیر تەنیا لە (شوێن)ـە جوگرافییە ڕووتەکە دوور نەکەوتۆتەوە، بەڵکو شتگەلێکی زۆری بەجێهێشتووە کە لە کاتی خۆیدا پەیوەندی خۆشەویستیی لەگەڵدا پەیدا کردوون، لەوانەش ئەو هاوڕێ و برادەرانەی کە یاریی هەلووکێن و کەلایانێی لەگەڵدا کردوون. ئەو شەوانەی کە بە گێڕانەوەی حیکایەتەوە بەسەری بردوون. واتە بەدیارکەوتنی خۆشەویستی و عەشقی شاعیر بۆ شوێن، بەهۆی ئەو یادەوەریانەوەیە کە لە منداڵییەوە هەڵی گرتوون. ((شوێن وێنەیەکی هونەرییە. کە بەبیرمان دێنێتەوە یان لە ناوماندا بەدوای بیرەوەری منداڵیدا دەگەڕێت. شوێنیش لە ئەدەبی مەزندا لە دەوری ئەم بیرۆکەیەدا دەخولێتەوە.))[1] شاعیر لە شوێنی سەردەمی منداڵیدا گەلێک بەسەرهاتی خۆشی هەیە، بۆیە شوێنەکەی لە لا خۆشە. هەستی تێکەڵ بەو شوێنە بووە، ئەستەمە لێی جیابێتەوە. هەمیشە هەروایە. ((کاتێک لەپێش ئەو ماڵەدا دەوەستین کە تێیدا لە دایک بووین، هەست بە چەندین پەیوەندی

[1] – جماليات المكان، غاستون باشلار، ت:غالب هلسا، ص٦.

ڕیشەیی دەکەین کە دەمان گەڕێنێتەوە بۆ نێو هەناوی خۆی، بۆیە شوێن دەگۆڕێت بۆ ڕیتمی هەستەکانمان کە چەندین ڕواڵەتی دیاریکراو لەخۆ دەگرێت، جا ئەوە ئەرێنی بێت یان نەرێنی، بەپێی هەستەکانمان و ئەو سۆز و خۆشەویستییەی کە پێمان بەخشیوە.))[1]مەملەکەتی سەردەمی منداڵی گۆڕاوە بۆ ڕیتمی هەستەکانی شاعیر و بووە بە ئاوێنەی ئەو هەستانە.

شوێن لەم دەقەدا بریتیە لە زنجیرەیەک لە ڕووداو کە ڕەهەندێکی دەروونییان هەیە. چونکە ((بوونی شوێن بەستراوەتەوە بە بوونی ڕووداوەوە. هاوکات بوونی ڕووداویش بەستراوەتەوە بە شوێنەوە، ڕووداو لە شوێندا ڕوودەدات.))[2] شاعیر لە مەملەکەتی سەردەمی منداڵیدا خۆشترین چێژی لە ژیان بینیوە. یەکەمین ماڵ و کۆڵان کە دەکاتە ماڵ و کۆڵانی تەمەنی منداڵی، جیهانێکی نموونەییە، بە یۆتۆبیا وەسفی دەکات. دوور لە هەموو شەڕ و ناخۆشییەک. تەواوی خۆشییەکانی ژیانی تێدا دەستەبەر کردووە. واتاکانی تاوان و سزا هیچ جێگایەکی نەبۆتەوە لەو مەملەکەتەدا. شوێنی سەردەمی منداڵی بۆتە گەواهیدەرێک بۆ ئەو ساتە شکۆدارانە.

٤- (هەڵگیرسان)

مەرگم زێیە

تریفەی مانگ و ساماڵی تیا دەبینی و

ئێواران قژی پێ دەشۆیت

مەرگم ڕێیە و دەمباتەوە

ئەو هەوارەی خۆشم دەوێت

دەمباتەوە ئەو کەنارەی

شەتڵە ڕەیحانەی ژیانی تێدا دەڕوێت. دارستانی ئەو بنارە ل٧٠

شاعیر تاسەی شوێنی ڕابردوو دەکات. هەستی نۆستالیژیا بۆ شوێن بە ئاشکرا دیارە ((ئەو هەستەی کە دڵ لە یادی بەرەکەتێکی لەدەستچوودا ئاخ بۆ ڕابردوویەکی

---

[1] - الزمان والمكان في الشعر الجاهلي، د.باديس فوغالي، ص١٨٢.

[2] - بینای شوێن لە دوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا (هێلانە- ئەژدیها) تانیا ئەسعەد محمد صالح، ل١٥٥.

تیپەڕیو هەڵکێشێ یان خەفەتبار بێ بە بۆنەی دوورکەوتنەوە لە نیشتمان، شوێنێکی ڕاستی یان گریمانەیی، کە تاک لە مانەوە تێیدا بێ بەش کرابێ، بە هەستی نۆستالیژیا دەناسرێ.))[1] ئەو هەوارەی پێشووی خۆش دەوێت و وابەستەی بووە، چونکە شوێنێک بووە تژی لە ژیان لە جوانییەکان. بۆنی گوڵ و ڕەیحانە سەرمەستی کردووە. پێدەچێت بەهاکانی ژیانی لەوێدا بەرجەستە کردبێت، بۆیە ڕازییە ئەگەر بە مەرگیش بێت، بگەڕێتەوە ئەو هەوارە و بە خاکی ئەو شوێنەی بسپێرن. مەرگ دەبێتە شارێگەیەک و دەیباتەوە هەواری کۆنە عیشق و ئەوین و ئەو شوێنە دڵگیرەی چەندان ژوانی لێ گرتووە و تا ئێستاکەیشی لەگەڵدا بێت ناتوانێت دەستبەرداری بێت، هەروەها لە هەموو بیرەوەرییەکانیدا ئامادەگی هەیە.

٥- (سەربەستی)

گەر ڕۆژێک بایەکی کۆیلە

سەری خۆی بۆ دانەواندی

چ فەرمانێکی گرنگی پێ دەسپێریت؟

-فەرمانی چی!

کۆتی لەمل دەکەمەوە و

دەڵێم: فەرمو بڕۆرەوە

لای چۆلەکە و پەپولە و پونگی دەو جۆگان

هەڕۆوە کن چرا و گەڵا و

نمەی ئارەقی گەردن و

قژی خاوی شۆڕەژنان

هەڕۆوە کن هەوری خۆشڕۆ

سەربەست بەو بۆ کوێت پێ خۆشە

---

[1] - لەمەر نۆستالیژیاوە، محەمەد قاعید، و. محەمەد ئەحمەدی، (ساماڵ) ،گ. ڕۆمان، ژ١٩٦، ٢٠١٣، لا٩٠.

ڕەهەندی شوێن، لە تاسەکردنی دەروونی شاعیر بۆ شوێنەوە سەرچاوە دەگرێت، بۆیە ڕەهەندێکی دەروونی دەبەخشێت. (چۆلەکە، پەپوولە، پونگی دەو جۆگان، چرا، گەڵا، ئارەقی گەردن، قژی خاوی شۆڕەژنان، هەوری خۆشڕۆ) ئەمانە ئەو شتە ماددییانەن کە شوێنیان لێ پێک هاتووە لەم دەقەدا. واتە ((شوێن بریتیە لە زنجیرەیەک لە چەند جۆرێک لە شتی دابەشکراو کە جێگەیەک داگیر بکات. کە ڕەهەند و تایبەتمەندی ماددی هەیە. بەوەش شوێن دەبێتە چوارچێوەیەک بۆ شتەکان. لێی پێک دێت و بەدیاری دەخات. بەوەش دەربڕین لە شوێن دەبێتە دەربڕینێک لە تایبەتمەندییەکانی بابەتە ماددییەکان کە دەوریان داوین کە زۆر بە خێرایی پەیوەندییەکانی تێکەڵ بە ئێمە دەبێت.))[١] شاعیر سۆزی بۆ شوێنە جوگرافییە ڕووتەکە نییە. سۆزی شاعیر بۆ شتە ماددییەکانی ناو شوێنە. ((لە ڕاستیدا ئێمە پەیوەندیمان بە باخچەیەکەوە پتەوتر دەبێت کە باڵندەکان لێی نیشتەجێ بن))[٢]شاعیر لە دڵی خۆیەوە تەماشای (با)ی کردووە. خۆی بیری ئەو شتانەی ناو شوێن دەکاتەوە، وادەزانێت (با)یەکەش هەروایە، بۆیە داوای لێ دەکات بڕواتەوە لای ئەو شتانە. شاعیر واتاکانی خاوێنی ژینگە و جوانی سروشت و ئافرەتی لەو شوێنەدا دۆزیوەتەوە، بۆیە لەبیری نەکردووە.

**٦- (هەستە درۆزنە)**

ئای خۆ گوڵ نەبوون!

بەڵکو بەفر بوو

لە لق و پۆپی ڕووتی نیشتبوو

دیارە دوێنی شەو

من خەوتبووم و بەفر باریوە

تەماشا بەفر

---

[١] – عبقريه الصورة والمكان، طاهر عبد مسلم، ط١، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان، الاردن، ٢٠٠٢، ص١٦.

[٢] – جماليات المكان، غاستون باشلار، ت. غالب هلسا، ص١٠٥.

چەند جوان كۆڵان و ڕەز و باخی دێ و

شاخی شیشار- و

ڕێی دەرە شیر- و

هەورێ- ی پۆشیوە پەرییەكان هەڵدەفڕێنمەوە ل١٤٧

(شیشار- دەرەشیر- هەورێ) هەرسێک ناوی چیانە. دەكەونە ناوچەی دۆڵی بالیسانەوە. ئەم شوێنانە شوێنی نیشتەجێ بوون نین، بە هەر هۆكارێكەوە بێت، جێی خۆیان لە دەروونی شاعیردا كردووەتەوە. (( دەسەڵاتی شوێن لە دەسەڵاتی یادوەریەوەیە. شاعیر ناتوانێ خۆی لەژێر كۆنترۆڵی دیلیەتی شوێندا ڕزگار بكات تەنیا بە دووبارە بەرهەم هێنانەوەی شوێن لە شیعرٚكدا نەبێت. بە پێی ئەو پێكهاتە ئیستاتیكیانەی كە مانەوە بۆ دەقەكە مسۆگەر دەكات و نەمریش بۆ شوێنەكە لە یادەوەری شیعرەكە و یادەوەری كۆمەڵدا دەستەبەر دەكات.))[1] شاعیر سۆزی بۆ ئەو شوێنانە هەیە. ئەو شوێنانە وێنەی شوێنی خۆشەویست لای شاعیر پێكدێنن.

**ب- هەڵاتن لە شوێن (النفور من المكان)**

شاعیران بوونەوەری هەستەوەرن، لە هەموو كەس زیاتر درك بە شتەكان دەكەن. لە هەموو كەس زیاتر ڕووداوەكان كاریگەری بەسەر دەروونییانەوە جێ دەهێڵن، هەر گۆڕانكارییەكی ئەرێنی یان نەرێنی ڕوودەدات، ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی بەسەر دەروونیاندا دەبێت. هۆكارگەلێک هەن وا دەكەن دەروونی شاعیر لەگەڵ شوێندا ناتەبا بێت و شاعیر لە شوێن ڕابكات. ئەمەش هەندێک جار بەهۆی تایبەتمەندی شوێنەكەوەیە، وا ڕێدەكەوێت سروشتێكی نەگونجاوی هەبێت و مرۆڤ (شاعیر) دەردەكات. هەندێک جار بەهۆی بینای ئەندازەیی شوێنەكەوەیە. یان بچووكە و تەسكە یان تاریكە و لە نزمایيدایە. هەندێک جاریش بەهۆی شتێكی ناخۆش یان ڕووداوێكی نەخوازراوەوە كە لەو شوێنەدا ڕوویداوە، شوێنەكە لای شاعیر دەبێزێنێت. ((شوێن چەند خۆشەویست بێت لای شاعیران، ڕەنگە ئەوەندەش قێزەون بێت و خەڵكەكەی لێی ڕابكات. بۆیە دەبینین هەندێک لە شاعیران هەڵوێستێكی دژوار و ناحەزییان بەرامبەر بەو شوێنە لا دروست دەبێت و ڕەتی دەكەنەوە تێیدا ژیان بكەن. جا یان لەبەر ئەوەی

[1] - جماليات المكان في الشعر الجزائري المعاصر، محمد الصالح خرفي، رسالة دكتواره، جامع منتوري قسنطينة، كلية الاداب واللغات، قسم اللغة العربية وادابها، ٢٠٠٥-٢٠٠٦،ص١١٥.

ئەو شوێنە داخراوە و بە ئاسوودەیی ژیان تێیدا ئەستەمە، وەکو زیندان، یان لەبەر ئەوەی سەقامگیری و خۆشی و ئاسایشی تێدا نییە. یان هەموو ئەوانەی تێدایە. بەڵام خودی کەسەکە ئەو شوێنە ڕەتدەکاتەوە. لە پێناو هەستکردنیان کە ئەوە نیشتمانی حەقیقی ئەوان نییە. یان لەبەر ئەوەی ئەوان لە نیشتمانێکی نامۆدان. هەموو ناخیان گیرۆدەی گەڕانەوەی نیشتمانی ڕاستەقینەی خۆیانن. یان لەبەر ئەوەی ئەو شوێنە بەرەو مەترسی و سەرگەردانییان دەبات.))[١]

دیارترین هەڵاتنی شاعیران لە شوێن لە نێو مێژووی ئەدەبیاتدا، جێهێشتنی شاعیرانی ڕۆمانسی لە شارەوە بەرەو گوند بوو. بەلای شاعیرە ڕۆمانسییەکانەوە شار ((ئەو شوێنە جوگرافییە کە تەنیا ئەو کەسانە نیشتەجێن کە خەسڵەتی مرۆییان نەماوە و بوونەتە ئامێر بۆ بەرنگاربوونەوەی بەها مرۆییەکان. شار شوێنێکە ژیان وەدەردەنێت. جیهانی داپچڕان و هەست کردن بە ونبوون دەنوێنێت.))[٢] ((هەستکردن بە نەبوونی سۆز فاکتەری سەرەکی بووە بۆ ئەوەی شاعیرانی ڕۆمانتیکی لە کەشی شار بێزابوون و بەرەو لادێ هەڵدەهاتن، تا لە چنگی کۆمەڵی ئامێر و ماددە ڕزگارییان بێت و، بچنە ناو سروشتی ڕووتەوە، چونکە نەیانتوانی لەگەڵ کەشی شاردا ڕابێن، چ لەو کەشە کۆمەڵایەتییە هەست و نەستە سارد و سڕە، یان کەشی سیاسی خنکێنەر.))[٣] شوێن پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بە دۆخی دەروونی شاعیرەوە هەیە. (نەوزاد ڕەفعەت)ی شاعیر بەکاریگەری ئەو ڕووداوانەی کە لە شوێندا ڕوودەدەن، چ لە ژیانی تایبەتی خۆی بێت، یان لە ژیانی گشتی کۆمەڵگەکەیدا بێت، دەبینین هەندێک جار لە شوێن یاخییە و لێی ڕادەکات. ڕاکردن لە شوێن لای شاعیر بەستراوەتەوە بە شەڕ و ناخۆشی و ستەمەکانی ژیانەوە، کە لە شوێندا دووچاری دەبێت.

**١- (نەگونجان)**

نووسیویەتی:

بووڵێڵێک گزنگی نەدا

بەسەر لقی ڕووتوقووتی چاوەڕوانییەوە نەگەڕا.....

---

[١] - المكان في الشعر الاندلسي عصر ملوك الطوائف، امل بنت محسن سالم رشيد العميري، ص٤٣.

[٢] - بلاغة المكان، فتحية كحلوش، ص٢١٨.

[٣] - الشعر العربي المعاصر، عزالدين اسماعيل، ص٣٢٧.

پاشان زانیم سەر خۆی گۆڕستانی خەونە

پاشان زانیم شوشەی پڕ شکێنران بۆوەی

مەیکەدە نەچنە مەیخانە

هێلکەکان دزران تا هەڵۆی بەرەبەیان

نەگەڕێنەوە هێلانە

تا لافاوی کانیاوی چاوهەڵنەساوە

تەلیسمی ڕێ دەشکێنم و

لە سنووری توو کونەفرەت دەپەڕمەوە

چیتر قل قل فرمێسکی زێ ناژمێرمەوە

ژێرزەمین هەڵنابژێرمەوە

سبەینان شەقام بەشەقام

بە کوورە کووڕ

لاشەی ڕیشۆڵەی کوژراوی

تەقەی شەو هەڵناگرمەوە

دەپەڕمەوە لە تەلبەندی کەڵبەو برین

ئەو هەموو گوڵە گریاوە

ئەو هەموو لێوە بەبارە

ئەو هەموو کەوە هەتیوەم

پێ ناهێنرێنە پێکەنین                    پەرییەکان هەڵدەفرێنمەوە   ل٢٣٤-٢٣٦

ڕووداوەکان دەسەڵاتیان هەیە لە بەخشینی ڕەهەند بە شوێن، شوێنیش وەکو دەفرێکە کۆمەڵێک ڕووداوی ناخۆش و بێزارکەری لەیەک کاتدا لەخۆگرتووە. لەوانەش گریانی مرۆڤەکان کە دەلالەت لە نائاسوودەیی دەروونیان دەکات. دڵخۆش نیین. لێو بەبارن. زەردەخەنە و پێکەنین باریان کردووە. چاوەکان تەڕن و فرمێسکیان وشک نابێتەوە. باڵندەکان (ریشۆڵە- کەو- هەڵۆ) ئازاردەدرێن. شەقامەکان بەلاشەی باڵندەکان تەنراون. شاعیر هیوای بە هاتنەدی خەونەکانی نییە. واهەست دەکات لە شوێنێکی تەنگ و تاریکی وەک ژێرزەمیندایە. شتەکان لە دۆخی ئاسایی خۆیاندا ناژین. شوێنەکە ئاسایش و خۆشی تێدا نییە, ئەم دۆخە کاریگەری نەرێنی لەسەر دەروونی شاعیر جێهێشتووە و شوێنی لەپێش چاو خستووە، بۆیە شاعیر لێی یاخییە و ڕەتی دەکاتەوە لە شوێنێکی وادا بژیت. هەر بۆیە بڕیاری داوە ئەو سنوورە جێبهێڵێت. ناونیشانی دەقیش دەلالەت لەم نەگونجانەی دەروونی شاعیر لەگەڵ شوێندا دەکات. ((ناونیشان بە گەیەنەرێکی زمانەوانی دادەنرێت. هەروەها لە ساتی نووسین و خوێندنەوە پێکەوە بە دەقەوە دەبەسترێتەوە. ناونیشان بۆ دەق وەکو سەر بۆ جەستە وایە، هەروەها لە لایەکی تریشەوە ناونیشان بە هەندێک تایبەتمەندیی دەربڕین و جوانکاریی وەکو سادەیی لە گوزارە و چڕی لە واتا بەخشین دەناسرێتەوە.))[1] ناونیشانی دەق گوزارشتی لە دەقەکە کردووە هەر لە سەرەتاوە بە بابەتی دەقی ئاشنا کردووین.

**٢- (دەربازبوون)**

ئەوا قەد قەد گۆشتی ڕانم

یان زمانم

دەبەخشمە ئەو سیمرخە فریادڕەسە میهرەبانەی

بە تەمامە پێی کۆرپانەی لە قەپێلکی هێلکەی پیسی

زەمانی زڕ

لە ئاگردانی دۆزەخی پڕ بێ گوناە

بترازێم و بێمەدەرێ

[1] - سيمولوجيا النص السردي، مقاربة سيمائية لرواية الفراشات والغيلان، ذويبي خثير الزبير، الحلقة الاولى، سطيف- الجزائر، رابطة اهل القلم، ٢٠٠٦،ص٢١.

لە تەوتەمی ژێرزەمینی تاریکی سڕ

لە کێوی قافی دالآشی جگەرخۆرە

لە چاوەڕوانیی بێهوودە و قووڵایی وشکی ئەم بیرە

دەربازبم و زریانانە بکەومەڕێ          پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە ل١٦٧

ڕەهەندی شوێن لەم دەقەدا بەهۆی وەسفە نێگەتیفەکانی شوێنەکانەوە دەرکەوتووە. وەسفەکان دەلالەت لە شوێنێکی مەترسیدار و بێزارکەر دەکەن. مرۆڤ لەو جۆرە شوێنانەدا ناحەوێتەوە. ئەگەر بۆی بلوێت، لێی ڕادەکات. شاعیر شوێنی بە (هێلکە) چواندووە. شوێنێکی تەسک و سنووردارە. بە (پیسی) وەسفی کردووە. بووەتە دۆزەخ بۆ بێگوناهان. تاریک و ساردو سڕە وەکو ژێرزەمین. (هێلکەی پیس، ئاگردان، دۆزەخ، ژێرزەمین، کێوی قافی دالآشی جگەرخۆرە) ئەمانە زیاتر لەوەی شوێنێکی سروشتی بن، حاڵەتێکی دەروونین. پاڵنەرە دەروونییەکان ڕۆڵیان هەیە لە دروست کردنی وێنەی شوێن لەم دەقەدا. ئەم وەسفانەی شوێن هەڵقووڵاوی هەستکردنەکانی شاعیرن. شاعیر هەست بە مەترسی دەکات لەو شوێنەدا. ئەو شوێنە بەرەو هەڵدێری دەبات، بۆیە هەوڵی ڕاکردن و دەربازبوون دەدات. ناونیشانی دەقەکەش ڕاستییەکی ئاشکرا کردووە. کە پەیوەندی بە ناڕەزایی شاعیر بە شوێنەوە هەیە.

**٣- (گۆدۆی چاوەڕێ)**

ئێستا درەنگانی شەوە

هەر خێزانە و نوقمی خەوە

مام گۆدۆ-ی ڕیش بستێک هاتووش

لەسەر شۆستەیەکی ساردا

لەپاڵ دیواری شێداری ئیستگەکەدا

هەنیە گرژ و لێو بەبار و هەڵتروشکاو

ئەژنۆی بە سینگیەوە ناوە

بەینا و بەین

خرینگۆ هۆڕی قورینگ و قیڕەی پۆلە قازی کێوی

لە کەژاوەی سەران دێن و پەردەی بێدەنگی دادەڕن

ئەمیش چاوێک بە ئاسمانی بێ کۆتاییدا دەگێڕێت:

ئەمشەو کۆچییان بەسەر شاری گۆڕستاندا تێدەپەڕێت

کاروانی تیژڕەوی هەور

بەرەو بڵندان هەڵدەکشێت

منیش ئەگەر باڵم هەبا

ئاوا بێ پەروا ڕێم دەگرت لەگەڵیاندا پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە ل١٢٥-١٢٦

ئەو بارودۆخە دەروونیەی کە شاعیر بەهۆی نەبوونی شوێنی حەوانەوەوە (ماڵ) دووچاری بووە، ڕۆڵی سەرەکی بینوە لە دروستکردنی هەڵوێستی شاعیر بەرامبەر بە شوێن. لە دەستدان یان نەبوونی پەناگە (ماڵ) کارەسات دەخولقێنێت. ((ژیان بەبێ ماڵ، بە ڕووداوێکی ژیانی هەڵچوونئامێز بەهێزی نائارام دادەنرێ و دەبێتە هۆی کارەساتێکی دەروونی توند. ئەو کەسانەش کە مەئوایەکیان نییە، هەمیشە نیشانە ئاساییەکانی شڵەژانی شەکەتی دوای کارەسات دەردەخەن. هەروەها تەریکی کۆمەڵایەتی و خەمۆکی و بەدخۆراکی کە لەگەڵ بێ مەئوایی دان، دەبنە هۆی نەخۆشییە عەقڵییەکان و تلیاک خۆری و خواردنەوەی مەی.))[١] درەنگانی شەوە، کاتێک کە خەڵک لە ماڵی خۆیاندا لەناو جێگەی گەرم و نەرمدا نوقمی خەون، شاعیر لەسەر شۆستەیەکی ڕەق و تەق، ساردو سڕ، بە خەبەرە، شارەکەی بە گۆڕستان وەسف کردووە. خەڵکەکەی ویژدانی مردووە ئاگایان لە حاڵی هەژاران نییە. ئاوات دەخوازێت مرۆڤ نەبوایە و باڵندە بوایە، بەڵکو باڵی دەگرت و لەو شوێنە دەربازی دەبوو.

**پ-لاواندنەوەی شوێن**

بە گشتی شیعری لاواندنەوە ((بەوە ناسراوە قەسیدەیەکە سەر شارە یان پڕە لە عاتیفە و هەستی ڕۆمانتیکی و جۆرێک لە خەمباری کە وەک سیمایەکە بۆ هەستە

[١] - پەیوەست بوون بە شوێن و چەمکی ماڵ، فرانسیس ت.ئاندرۆ، و.لوقمان باپیر، گ.مێرگ، ژ.٢٠٠٩،٦٤،ل٦٥.

ڕۆمانتیکییەکە))[1] مرۆڤ پەیوەندییەکی سۆزئامێز لەگەڵ شوێن و کەل و پەلەکانی ناویدا دروست دەکات. بەهۆی ئەم پەیوەندییەوە، هەر گۆڕانکارییەکی نەرێنی لە شوێندا ڕووبدات، دەروونی ئەم ئازار دەدات. شاعیریش وەک مرۆڤ هاوخەمی خۆی بۆ شوێن لە ڕێگەی چەند دێڕە شیعرێکەوە دەردەبڕێت. ((شوێن ئەگەرچی وشک و بێ گیان بێت، بەڵام لای شاعیران بوونەوەرێکی زیندووە وەک مرۆڤ. ئەگەر شاعیر شوێنەکەی خۆی ون بکات و حەسرەت و گریان و هەڵچوونەکانی بۆ ئەو ونکردنە بەدیار بخات، ئەوە دەبێتە جەخت کردنەوە لە بەهێزی و قووڵی ئەو پەیوەندییە خۆشەویستییەی نێوان شاعیر و شوێنەکە.))[2] لاواندنەوەی شوێن، جۆرێک لە دەربڕینی خۆشەویستییە بۆ ئەو شوێنەی کە تووشی حاڵەتێکی نەخوازراو بووەتەوە. جۆرێک لە هاودەردی کردنە لەگەڵیدا، ئەم حاڵەتە لە دەقەکانی (نەوزاد ڕەفعەت)دا بەرچاو دەکەوێت.

(ئێوارە وەختێکی درەنگ):

ئێوارە وەختێکی درەنگ

مرۆڤێکی دڵ بەقەد زیندانی تار تەنگ

بە کۆمە کۆم دەڕۆیشت و

لەناخیدا، لەگەڵ دەوروبەردا، لەگەڵ خۆیدا دەدوا:

(هەمان شەقامی جارانە... دەڵێیت تەرمە ڕاکشاوە

هەمان دار تەل

هەمان ڕیزەماڵی ئەوسان

هەمان کوکوختی و دار کاژن

واگۆن و کولیلکە نیسان

ماتن خۆڵەمێشی من و ئیشتار- یان پێوەرکراوە

---

[1] - شیعری لاواندنەوە، د. موحسین ئەحمەد عومەر، گ. ڕامان، ژ١٣٠، ٢٠٠٨، لا١٥٧.

[2] - المكان في الشعر الاندلسي عصر ملوك الطوائف، امل بنت محسن سالم رشيد العميرى، ص٤٨.

ئەوەتا وا

هەر سایە و پەنا دەوەنن

موچوڕکم پێدا دەهێنن

بومەلەرزەن دەمهەژێنن

ئەم شوێنانە چی بەبیردا ناخەنەوە!

چ ئاگرێک لە مێشکدا ناکەنەوە!

کوانێ خۆ هێڵێکی ئاسنین

لێرەوە بەرەو خوار دەکشا!

جار جار پیرە شەمەندەفەر

فیتوویێکی دوور و درێژی دەکێشا

گوڵە حاجیلەکان نابزوون

ڕەنگاڵەکان کپن.... مردوون؟!

چریکەیەک

کزەبایەک

خشپەیەک

سرتەیەک نایەت

تارمایی کەسێک نابینرێت

تیشکە مەلی بەختی شایان بۆ کوێ چووە؟!

لە کوێ بەداوەوە بووە؟!

بۆکوێ هەڵێم؟!

هێلانەیەک لە کوێ دانێم؟!

دنیام پێ ناسووتێت دەبا جگەرەیەک داگیرسێنم

پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە ل١٢٧-١٢٩

شوێن لە کۆمەڵێک شتی یەک لەدوای یەک پێکهاتووە لەم دەقەدا. وێنەی شوێن لە ئێستادا پێچەوانەی وێنەی شوێنە لە ڕابردوودا. شوێنێکی قەرەباڵغ و پڕ جم و جۆڵ گۆڕاوە بۆ شوێنێکی بێ دەنگ و کش و مات. وەکو ئاشی لەئاو کەوتوو. ئەم حاڵەتە کاریگەری لەسەر دەروونی شاعیردا جێهێشتووە. شاعیر ئاگەداری تەواوی وردەکارییەکانی ناو شوێن بووە لە ڕابردوودا، بۆیە ئێستا کە دەبینێ هەموو شتەکان شێواون، دەروونی ئازاری پێگەیشتووە، پڕە لە عاتیفەی هەڵچوو کە شاعیر موچڕکەی پێدا دێت. ئاگری لە مێشکدا کردۆتەوە. بۆیە هاوخەمی بۆ شتەکان لە چوارچێوەی شوێندا دەردەبڕێت. یەک یەک شتەکان دەلاوێنێتەوە. لاواندنەوەی شوێن لە لاواندنەوەی پێکهاتەکەیەوە، وەکو (شەقام، دارتەل، ڕیزەماڵ، کوکوختی، کولیلکە نیسان، هیڵی ئاسنین، شەمەندەفەر، ....) سەرچاوەی گرتووە. د.شجاع مسلم العانی دەڵێت: ((بەتەنیا سۆزداریمان بۆ شوێنێک بەبێ کەل و پەلەکانی کە تێیدایە، نابێت، بەڵکو بەو شتانەی کە تێیدایە سۆزمان بۆی هەیە، هەندێ لەو کەل و پەلانە ماڵی نهێنییەکانمانە کە ناتوانین بەبێ ئەوانە بژین.))[1] شاعیر یەک بە یەک لەدۆخی ئەوانەی ڕوانیوە، دەردی هەر یەکەیان هەست پێ دەکات. دڵی شاعیر لەم دەقەدا قسە دەکات، ئەمەش تایبتمەندی شیعری لاواندنەوەیە، (("نیکۆلا بوالو"کە لە سەردەمی ئەمدا شیعری لاواندنەوە Elegie زۆر باوبووە، بۆ پیشاندانی مەرجێکی باشی نووسینی ئەم جۆرە شیعرە دەڵێت: (دەبێ تەنیا دڵ لە شیعری لاواندنەوەدا قسە بکات.))[2]ئاگاداری، پێشتر چۆن بوون و ئێستا چۆنن، دڵی بە حاڵیان دەسووتێت و هیچ دەسەڵاتێکی نییە بۆ چارەسەرکردنی دۆخەکە، ئەگەر لە دەستی بێت دنیا دەسووتێنێت. ئەم هەستەی شاعیر لە ئەنجامی ئەو پەڕی خۆشویستن و هاو خەمی کردنی شوێنەوەیە.

**٢- (شوێنکات)**

ئاشەکەی ئەو بەر ناگەڕێت

ژەنگنن و پەنجەرە و دەرگا

---

[1] - البناء الفني في الرواية العربية في العراق، شجاع مسلم العاني، ١٩٨٧، ص٣٢٨.

[2] - شیعری لاواندنەوە، د. موحسین ئەحمەد عومەر، گ. ڕامان، ژ١٣٠، ٢٠٠٨، ل١٥٩.

دیوار و سواندەکان کووڕن

زۆربەی خانووەکان خاپوورن

نەقەڵغانی کووژەیەک

نووکە تیری چاوپیسان دەگێڕێتەوە

نەفڕفڕۆکەی ڕەنگاوڕەنگ

بەدەم باوە جوان و تیژ دەسووڕێتەوە

نە درزی دەرگای کچی شەنگ

بە بیانوویێک بۆ چاوبڕکێ دەکرێتەوە

نە ئاشناو ناسیاوێکیش بەرەو ماڵ دەگەڕێتەوە

گەڕەک ئاشکرا ڕنۆکی دڕندانەی دەور و زەمانی پێوەیە

ئەو دڕندە ناقۆڵایە بۆ ڕووخسار و ڕۆحی منیش بەڕێوەیە؟

پەرەییەکان هەڵدەفڕێنمەوە ل٢٠٤-٢٠٥

ڕەهەندی دەروونیی شوێن لە دووتۆی هاوخەمی کردنی شاعیر بۆ ئەو وێرانکارییانەی کە بەسەر شوێندا هاتوون، سەرچاوەی گرتووە، وێنەی شوێن لەم دەقەدا لە ڕێگەی جووڵەی دەروون و هەست کردنەکانی شاعیرەوە ڕەنگڕێژکراوە. باسکردنی دۆخی هەر یەک لە (ئاش، خانوو، دەرگا، پەنجەرە، گەڕەک) لە ئەنجامی زک سووتان و بەزەیی پێداهاتنەوەیە بۆ شوێن. شاعیر رەگەزی شوێنی گۆڕیوە بۆ ئامرازێک کە دەربڕین لە هەڵوێستی دەکات. شاعیر بۆ ماوەیەکی درێژ شوێنی جێهێشتووە و لێی دوور بووە، بەڵام کە گەڕاوەتەوە ناوی، دەبینێت بەو شێوەیە نەماوە کە ئەم جێی هێشتبوو. شاعیر وێنەیەکی شێواوی شوێنی پیشانداوە. شوێنەکە لە دۆخی ئاساییدا ناژی، بە هەر هۆکارێکەوە بێت تووشی وێرانکاری بووە. تایبەتمەندییەکانی شوێنێکی پشت گوێخراوی هەڵگرتووە. دەرکەوتنی شوێن بەم ڕواڵەتە کزوماتەوە هەستی شاعیری جووڵاندووە، بۆیە دەست بە لاواندنەوەی دەکات.

وشەکان دەربڕینێکن لەو مەرگەساتە. خەم باراندنە بەسەر ئەو شوێنە وێرانبووەدا یان ئەو شوێنەی کە کەسی تێدا نەماوە.

### ٢-ڕەهەندی کۆمەڵایەتی

یەکێک لەو ڕەهەندانەی کە بونیادی شوێن دەتوانێت لەنێو دەقی ئەدەبیدا دەلالەتی لێ بکات، ڕەهەندی کۆمەڵایەتییە. ئەویش ئەو کاتەی کە ((چەندین ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و ئەزموونی خود لە (شوێن)دا کۆدەبێتەوە.))[١]، ((شوێن لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە بریتیە لە کیانێکی کۆمەڵایەتی، لە کورتەی کارلێک لەنێوان مرۆڤەکان لە کۆمەڵگەکانیاندا پێک دێت، بۆیە کاری شوێن هەمان کاری هەر بەرهەمێکی کۆمەڵایەتییە و هەڵگری بەشێک لە ئاکار و بیر و هۆشیاری دانیشتوانەکەیەتی.))[٢]بە شێوەیەکی گشتی قەرەباڵغی مزگەوتەکان دەلالەت لە دینداری خەڵکەکەی دەکات. قەرەباڵغی پارک و شوێنە گەشتیارییەکان دەلالەت لە کەشێکی ئارام و خۆشگوزەرانی دانیشتوانەکەی دەکات. کەمترین هاتوچۆی هاووڵاتیان بۆ نەخۆشخانە و کلینیکە پزیشکیەکان، دلالەت لە تەندروستی کۆمەڵگە دەکات.

شاعیر بارودۆخی کۆمەڵگە و کار و کاردانەوە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگەی شوێنەوە وێنادەکات. ((لە ڕێگەی شوێنەوە وێنای ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە دەکات کە کەسایەتی و بەهاو نەریت و سروشت و ئاستی گوزەرانییان بەیەکەوە دەبەستێتەوە. هەروەها ئەو کێشە و پرسانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.))[٣] پرسە کۆمەڵایەتییەکان لە شوێندا زەق دەبنەوە، شاعیر هەندێک جار لایەنی ئەرێنی ئەو بابەتە کۆمەڵایەتییانە دەگوازێتەوە و ستایشییان دەکات. هەندێک جار بە پێچەوانەوە ڕەخنەیان لێدەگرێ و ڕەتیان دەکاتەوە. شوێن هەندێک جار وەکو ئاوێنەیەکە دەقاو دەق پرسە کۆمەڵایەتییەکەی تێدا دەردەکەوێت. شوێنەکە دەبێتە ((هەڵگری سروشتێکی کۆمەڵایەتی لە بارەی واقیعی میللەتانەوە.))[٤]شوێن دەبێتە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی و هەڵگری چەمکە کۆمەڵایەتییەکان لەوانەش دابونەریت و سروشتی هەڵسوکەوتی کەسایەتییەکان لەنێو خۆیاندا. بۆ نموونە دەڵێن خەڵکی فلانە شوێن دەستبڵاون یان میواندۆستن...هتد. لەژێر کاریگەری شوێندا ئەم سیفەتانەیان دەبێت. شوێنی بە پیت و

[١] - دلالات المكان في الشعر الفلسطيني المعاصر بعد ١٩٧٠، جمال مجناح، ص٨٤
[٢] - الرواية والمكان، ياسين النصير، ج٢، ص١٦.
[٣] - صورة المكان الفنية في شعر احمد السقاف، بدر نايف الرشيدي، ص٧٧.
[٤] - سەرچاوەی پێشوو، ل٧٧.

فەڕ خەڵکەکەی کەشخەتر و خۆشخۆرترن لەو خەڵکانەی کە لە شوێنێکی بێخێردا گیرساونەتەوە.

هەندێک پرسی کۆمەڵایەتی هەیەکەوابەستەیە بە شوێنەوە و لە شوێندا دیتەدی، لەوانەش چاوپێکەوتن و یەکترناسین و گۆڕینەوەی بیروڕا لەنێو کەسایەتییەکاندا. شوێن هەیە تایبەت بۆ ئەو مەبەستە دروستکراوە، مەبەستییەتی دەقاو دەق ئەو ئەرکە بە ئەنجام بگەیەنێت. لەو شوێنانەش وەکو چایخانە، یانە، هۆڵی بۆنە و ئاهەنگەکان،...هتد. سروشتی ئەم شوێنانە ڕێگە خۆشکەرن بۆ جێبەجێ کردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نوێ.

بینای ئەندازەیی شوێن ڕۆڵی هەیە لە دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتیی گونجاو یان نەگونجاو. ((نشینگەی تەسک ڕێگە بە خاوەنەکەی نادات خۆشەویستانی داوەت بکات. بەرتەسکی ماڵەکە تەنگی پێ هەڵدەچنێت. ئەگەر لێکۆڵینەوە بکرێت لەبارەی پچڕانی سۆز و بەزەیی، ئەوا دەبینین بەرتەسکی شوێنەکە دەستێکی باڵای تێدایە پێش ئەوەی دەستکورتی دەستپێشخەر بێت.))[1] شوێن هەیە دەلالەت لە گەورەیی و بەهێزی دەسەڵاتی خاوەنەکەی دەکات وەکو کۆشک و تەلار و باخات و ڕیزە دووکان...هتد. بە پێچەوانەوە شوێنیش هەیە دەلالەت لە بێ دەسەڵاتی خاوەنەکەی دەکات وەک خانووی کۆن و تاریک. یان شوێنی پشکنەر لە پرسگەدا بە بەراورد بە ژووری بەڕێوەبەر لە فەرمانگەیەکدا.

شوێن لە دەقەکانی (نەوزاد ڕەفعەت)دا لەم ڕەهەندەش بەشی بردووە. هەندێک جار بەچەند بەهایەکی کۆمەڵایەتییەوە گرێدراوە، شاعیر لە ڕێگەی شوێنەوە هەندێک نەریتی کۆمەڵآیەتی پیشانداوین. واتە شوێن بە شێوەیەک ئامادە کراوە کە دەلالەت لە پرسە کۆمەڵایتییەکانی نێو واقیعی کۆمەڵگە بکات. شوێن بۆتە ئاوێنەیەک کە هەندێک لە دابونەریت و سروشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تێدا دەردەکەوێت.

**١- (خانەخوێ)**

تا شەو ڕاشکا

ئەنیی خانەخوێ

لە پێشوازیمان

[1] – فلسفة المكان في الشعر العربي، د. حبيب مونسي، ص١٦.

خورڕ خورڕ ئارەقی گەرمی لێ تکا

تا چاو چووە خەو

بە پێوە وەستا.....

یاخوا خانەخوێ

قەت ئاگردانت نەکوژێتەوە...

بەڕێوە و هێشتا بای شەفەق لەپی

پاش دەست گوشینی سارد نەکردبۆوە

وشەی ماڵئاوا

لەدەم و لێوان کاڵ نەبوو بۆوە

لەخۆمم پرسی:

(دەبێ بە پیریش

جارێکی تریش

گەر ڕێم بەم کێو و کوێستان و ماڵە بکەوێتەوە

خانە خوێی گۆڕین بمناسێتەوە؟

هەر بەهەمان ڕێز ڕام بگرێتەوە؟)                    پەرییەکان هەڵدەفرێنمەوە ل ١٤٨

پرسێکی کۆمەڵایەتی لەم دەقەدا چڕ بۆتەوە، ئەویش ڕێزگرتن لە میوان و خزمەت کردنییەتی، ئەوەی زیاتر ڕەنگی ئەم پرسانەی تۆختر کردۆتەوە، (شوێن)ـە، شوێن لەم دەقەدا ماڵێکە لەو کێو و کوێستانە. واتە کەوتۆتە گوندێکەوە، ئەمە وادەکات لە بابەتی میوانداریکردندا یەکسەر بیرمان بۆلای لایەنە جوانەکان بچێت لە میوان و خزمەتکردنیدا. هەمیشە ئەمە لە خەڵکی گوند دەوەشێتەوە. هەمیشە واتاکانی گوند نزیکن لە واتاکانی شەرەف و بەرائەت و ڕاستگۆیی و سەخاوەتمەندی. ئەمانە تایبەتمەندی کەسایەتیی زۆربەی گوندنشینانن.((کۆمەڵگەی دێهاتی بە ئابوورییەکەیی و

ژیانە سادەکەیەوە، وەکو پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی دایکایەتییە))[1] ئەم میوان دۆستی و ڕێز لەمیوان گرتنەی خانەخوێ کە لە بەرامبەر شاعیردا نواندوویەتی، لە ژینگەی کۆمەڵایەتیی گوندەوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە سروشتی گوند و خەڵکی گوند بە شێوەیەکە کە ڕێگە بە پەراوێزخستنی میوان نادات. (گوند) شوێنێکی خۆشەویست و ستایشکراوە لای مرۆڤ، چونکە ((گوند بەرهەم هێنی خێر و خۆشییە. گوند کاردەکات و هەوڵ دەدات و ماندوو دەبێت و ڕەنج دەدات لە سروشتدا لەپێناو زیادکردنی بەرهەمدا.))[2] شوێن لەم دەقەدا ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی هەیە، هەڵگری بەهایەکی کۆمەڵایەتییە. گوزارشت لە واقیعی سروشتی خەڵکی گوند دەکات، شوێن بۆتە ((ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی کە کۆی کاریگەرییەکانی داب و نەریت و عورف و جۆری کاری باوە لە کۆمەڵگەدا.))[3] شوێنەکە جێی خۆی لە دڵی شاعیردا کردۆتەوە، ڕەنگە بۆ چەند جاری دیکەش سەردانی بکاتەوە. خۆشەویستی شاعیر بۆ شوێن بەهۆی ڕەوشتبەرزی خانەخوێیەکەوەیە. دەکرێت لە ڕێی شوێنەوە (گوند) پەی بە داب و نەریتەکان ببەین.

**٢- (حەوت تێرامان)**

چایخانەیە و

کەسیان ئەوی تر ناناسێت

پاش ماوەیەک

مووشە دەمەی ئاگردانی دەنگ و باسێک

سەفەرنامەی کەشتیی زەریای چارەنووسێک

داشی دامەی مشتومڕێک

لێکیان نزیک دەخاتەوە و

دەیانکاتە دۆست و هاوڕێ                پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە ل١٤

---

[1] - اشكالية المكان في النص الادبي، ياسين نصير، ص٣٣٧.

[2] - المدينة في شعر احمد عبد المعطي حجازي، محمد صابر عبيد، رسالة ماجستير، جامعة موصل، كلية الاداب، قسم اللغة العربية،١٩٨٦، ص٦٦-٦٧.

[3] - علم الجمال الاجتماعي، محمد عزيز نظمي سالم، دار المعارف، القاهرة، ص٩٠.

شوێن (چایخانە) نەک هەر لەم دەقەدا، بەڵکو بەگشتی ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی هەیە. ئەم جۆرە شوێنە تایبەتمەندی خۆی هەیە. ((بە مەڵبەندی کۆبوونەوەی کۆمەڵآیەتی دادەنرێت. بۆ چاوپێکەوتنی خەڵکان و یەکترناسینیان و قسەکردن لەنێوانیاندا. گۆڕینەوەی خەم و کۆڤان و ئەو پرسانەی سەرقاڵیان دەکات.))[1] شاعیر ڕوویەکی واقیعی کۆمەڵایەتیی لە ڕێگەی شوێنەوە پیشان داوە. چوونە چایخانە نەریتێکی کۆمەڵآیەتییە لە زۆر لە کۆمەڵگەکاندا باوە. چایخانە بە قەرەباڵغی و دەنگە دەنگ و بۆنی چا و نێرگەلە دەناسرێتەوە. کەسایەتییەکان لە پیر و گەنج بۆ بەسەربردنی کات ڕووی تێدەکەن. لەوێدا ئاشنای دەم و چاوی نوێ دەبن. ئاگاداری ڕووداوەکانی ڕۆژ دەبن. بیروڕا لەگەڵ یەکتر دەگۆڕنەوە. سروشتی ئەم شوێنە بەو شێوەیە ((هەر هەمووومان وەردەگرێت و هەر هەمووومان لەخۆ دەگرێت بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە پێش مەرجێکی هەبێت یان هیچ وادە و ژوانێکی لە پێشینەمان هەبووبێت.))[2] هەروەها ئەم شوێنە ئەرکێکی کۆمەڵایەتی بینیوە و هەستاوە بە ناساندن و نزیک خستنەوەی کەسایەتییەکان لەیەکتری.

**٣- (بازنەی شەو)**

شاعەباس-یش هەموو شەوێک

سەردەخاتە

سەر شمشێری خوێناویش و ئارام دەنوێت

تەنانەت مەلیش ناوێرێ

بەلای باخوباخاتییەوە

بەلای کۆشک و تەلارییەوە

تێبپەڕن          پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە ل١١١

[1] - الزمان والمكان في رواية ذاكرة الجسد لاحلام مستغانمي، خەندە انور حوين، ص٢٧٢.
[2] - جماليات المكان في الرواية العربية، شاكر النابلسي، ص١٩٩.

شوێن لەم دەقەدا دەلالەت لە باسێکی کۆمەڵایەتی دەکات، ئەویش باسی هێز و دەسەڵات و سامانە. ئەم شوێنانە (باخ و باخات- کۆشک و تەلار) ناسنامەی دەسەڵاتداری و دەوڵەمەندی بە خاوەنەکەی دەبەخشن. ((شوێن ناسنامەی ئەو مرۆڤەی کە تێیدا دەژی، بە تەواوی دروست دەکات. هەروەها کاردەکاتە سەر مرۆڤ و ناسنامەی تایبەتی بۆ دەستەبەر دەکات.))[١]

ئێمە لە ڕێگەی ئەم شوێنانەوە تێدەگەین کە خاوەنەکەی کەسێکی دەسەڵاتدار و دەوڵەمەندە لە ڕووی سامانەوە. ((شوێن دەستی یارمەتیمان بۆ درێژدەکات لە ناسینی کەسایەتییدا. دیارە خوێندنەوەی دەلالییانەی شوێن ڕواڵەتی کەسایەتییەکانمان بۆ ڕوون دەکاتەوە.))[٢] شوێن بە پلەیەکی بەرزی دەسەڵاتەوە پەیوەست کراوە لەم دەقەدا. لە ڕێگەی شوێنەوە تێدەگەین کە مرۆڤ سەر بە چ چینێکی کۆمەڵایەتییە. ئەوە پاشایە بۆیە کۆشک و تەلار و باخ و باخاتی هەیە.

**٤- (بڵێسەش گەڵاو گوڵ دەگرێت)**

ڕووم نەدەیتێ

دەچمە زیارەتی دارتووە پیرۆزەکەی مەزارمان و

لە ژێریدا

ڕێژنەی پشکۆی فرمێسکەکان هەڵدەڕێژم

دڵم بشکێنێت بە غاردان

هانا دەبەمە بەر قاپیی تیتروانسکێکی نامراد

گلەیی لە لا دەبێژم

بەشەو.. بەبا.. بە مانگ دەڵێم:

ئەی پیری پیران.. دەزگیران.. دڵڕەق بووە.        شینی شالوور    ل٣٩

شوێن جۆرێک لە پیرۆزی پێبەخشراوە. ڕێگە خۆشکەرە بۆ بەئەنجام گەیاندنی هەندێک نەریتی کۆمەڵایەتی. چوونە سەر مەزاری پیاوچاکان نەریتێکی باوە لە هەندێک

[١] - المكان في شعر ابن زيدون، ساهرة عليوي حسين العامري، ص١٥.
[٢] - المكان ودلالته في روايه (مدن الملح) لعبدالرحمن منيف، د.صالح ولعه، ص٥٥.

لە کۆمەڵگەکاندا. هەندێک کەس ئەم نەریتە پیادە دەکەن و بڕوایان پێی هەیە. بە ئومێدی هاتنەدی هیوا و ئاواتەکانیان، دەپاڕێنەوە. هەندێک جاریش دار و درەخت ئەو ڕۆڵە دەبینن. واباوە پارچەیەک پەڕۆ یان داوێک لە چڵی دارێک گرێ دەدەن، (ئەو دارەی کە بەهەر هۆکارێکەوە بێت پیرۆزە لە لایان)، باوەڕیان وایە بە کرانەوەی گرێیەکە، گرێی بەختیان دەکرێتەوە. نەریتەکان جۆراوجۆرن. بە گوێرەی ئایین و مەزهەب و نەتەوە..هتد، دەگۆڕین. شاعیر بۆ ئەوەی دەزگیرانەکەی دڵی نەرم بێت و ڕووی بداتی، ڕووی لە شوێن کردووە لەوێدا دەپاڕێتەوە. گلەییەکانی خۆی هەڵدەڕێژێت، بەڵکو دەزگیران دڵی نەرم بێت و ڕووی بداتێ. بڕوای وایە ئەگەر لەو شوێنەدا نەبێ، نزاو پاڕانەوەکانی گیرا نابێت، ئەو شوێنانە (شوێنی دارتووەکە، بەردەم قاپیی تیترواسکە نامرادەکە) تایبەتمەندی (هاتنەدی و گیرابوون)ی نزایان بەدەستهێناوە. شوێن بە نەریتێکی کۆمەڵایەتییەوە گرێدراوە لەم دەقەدا. نەریتەکە لە شوێندا دێتەدی. شوێن هەڵگری بەشێک لە نەریتە بڕوایی و ئۆلییەکانی شاعیرە.

**٥- (نەگونجان)**

ئێوارە کز و ڕووژاکاو

بێزار و سەرقژ شێواو

بەرەو دەرگای مەیخانەیەک ڕووم وەرگێڕا

لە ڕێگاشدا

مشتی توورەم ڕادەوەشا

کەچی کە چوومە ژوورەوە و

پاش دانیشتن چاوم گێڕا

بینیم هایهوو!! زۆر لە مێژە

لەمن کز و بێزارترێک

بێ وارترێک

یەکەمین پێکی هەڵداوە

بە مژی قووڵی جگەرە

چۆتە ژێری و

بۆ یۆتۆپیا...

ئەسپی دارینەی تاوداوە پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە ل٢٣

مەیخانە ((لە گرنگترین شت کە پێی بناسرێتەوە ئەوەیە کە شوێنی پشوودان و ئازادی کەسایەتییەکانە. هەروەها شوێنێکیشە بۆ خواردنەوە و ڕاکردن لە هەموو واقیعی ژیان و گوزەران... کاتێ کەسێک پەنا بۆ مەیخانەیەک دەبات، ئەوا شوێنێکی خۆشی بۆ دەستەبەر دەبێت کە تێیدا هەست بە چێژ و خۆشی دەکات لە دەرئەنجامی هەستکردن بە ماندووبوون کە پێش ئەوەی بگاتە ئەو شوێنە.))[1] خواردنەوەی مەی لای هەندێک کەس باوە بە تایبەتی ئەو کاتانەی کە هەست بە بێزاری دەکات و کێشەکانی ژیان تەنگی پێ هەڵچنیوە. مەیخانە وەکو شوێنێکی فریادڕەس بۆ تێپەڕاندن و بەرەنگاربوونەوەی بێزاری و ناخۆشیەکانی ژیان دەرکەوتووە لەم دەقەدا. شوێن بە بابەتێکی کۆمەڵایەتییەوە پەیوەست کراوە. بووەتە کۆکەرەوەی ئەو کەسانەی کە بێ وارن، بێزارن لە ژیان.

**٣- ڕەهەندی نەتەوەیی**

وروژاندن و بەرجەستەکردنی بابەتی نەتەوەیی و نیشتمانی لەنێو دەقی ئەدەبیدا بە گشتی و لە دەقی شیعریدا بە تایبەتی، کارێکی باوە بەتایبەت لای ئەو نووسەرانەی کە نەتەوەکەیان ڕووبەڕووی قڕکردن و پاکتاوی نەژادی و دەست درێژی بووەتەوە لە لایەن نەتەوەی دیکەوە. لەگەڵ دەستپێکردنی ئاڵۆزی و ناکۆکییەکاندا، هەر کە هەست بە مەترسیی دەست درێژی دوژمن دەکرێت، بە دەیەها دەقی نوێ کە هەڵگری ئەم ڕەهەندەن، بۆ سەر خەرمانی ئەدەبیات زیاد دەبێت. شاعیران هەر یەکەیان بە پێی تێڕوانینی خۆیان، بە گوێرەی توانایان لەم بوارەدا ئەزموونی خۆیان تاقی دەکەنەوە. شاعیر هەستیارەو بێ ئاگا نامێنێتەوە. ((خەمی نەتەوەیی بەردەوام پاڵەپەستۆ لەسەر هۆشیاری شاعیر دروست دەکات و وای لێدەکات کە هەست بە ئازارەکانی گەلەکەی و هەست و سۆزەکانیان بکات. هەتا وای لێکردووە شیعرەکانی ڕێچکەی نەتەوەییان

[1] - صورة المكان و دلالاته في روايات واسيني الاعرج/ جوادى هنية/ رسالة دكتوراه، جامعة محمد خيضر بسكره، كلية الاداب واللغات، قسم الاداب واللغة العربية،٢٠١٢-٢٠١٣، ص١٢٦.

گرتووە.))[1] هاو خەمی و دڵسۆزی خۆیان لە ڕێگەی وشەوە لەنێو دەقدا نیشان دەدەن. ((وڵات بیرۆکەیەکی نووستووە. کەس وەئاگای ناهێنێت تەنیا شاعیران نەبێت، ئەویش بە گۆرانی و سۆز و خۆشەویستی بۆی.))[2] بەڵام ئەوە تەنیا شاعیران نین کە ڕەهەندی نەتەوەیی لەنێو داهێنانەکانیاندا ڕەنگ دەداتەوە، بەڵکو نیگارکێش لە ڕێگەی ئەو نیگارەی کە وێنای دەکات، پەیکەرتاش لە ڕێگەی ئەو پەیکەرەی کە دروستی دەکات، دەتوانن لە هونەرەکانیاندا دەربڕین لەو خۆشەویستییە بکەن کە بۆ نەتەوە و نیشتمانەکەیان هەیانە. لەگەڵ ئەوەشدا کەسانێک هەن گیانیان بە نیشتمانەکەیان بەخشیوە.

دەقی شیعری لە هەستەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، هەستە نەتەوەییەکانی شاعیر هانی شاعیر دەدەن دەستی ئەو بابەتانەی کە پەیوەندییان بە ژیانی نەتەوەکەیەوە هەیە، بۆ نێو دەق ڕابکێشێت. باسکردنی ئەو جۆرە بابەتانە لەنێو دەقی شیعریدا خۆی لە خانەی ئینتیمای شاعیر بۆ نەتەوە دا دەبینێتەوە. ((نەتەوەییبوون بریتیە لە ئینتیما بۆ نەتەوەیەکی دیاری کراو و وابەستەبوون پێیەوە، بنەماکانیشی بریتیە لە زمان و خاک و ڕەچەڵەک و هەستکردن بە ئینتیما بۆ ئەو شوێنە.))[3] هەندێک جار شاعیر خەمی پەرتەوازەبوون و دابەشبوونی نەتەوەکەیەتی، بۆیە وەکو خەم خۆرێک بۆ نەتەوەکەی خۆی، باس لە یەکێتی و یەکبوونی نەتەوەیی دەکات، بە پەرۆشەوەیە بۆ یەکێتی و یەکبوون لەنێو وڵاتدا.

ڕێگەیەکی دیکەی بەرجەستەکردنی ڕەهەندی نەتەوەیی لەنێو دەقدا، تەوزیفکردنی کەسایەتییە، هەندێک جار کەسایەتییەکی نەتەوەیی، سەرکردە و پێشەوایەک، کاریزمایەک، شۆڕشگێڕێک لەنێو دەقەکەدا ئامادەیە. شاعیر بە ئازایەتی و جوامێرییدا هەڵدەڵێت. شانازی پێوەدەکات وەکو هێمایەکی نەتەوەیی ئاماژەی بۆ کراوە.

ڕەگەزێکی دیکە کە دەتوانێت ڕەهەندی نەتەوەیی هەڵبگرێت، شوێنە، ئەویش ئەوکاتەی کە لەنێو کێڵگەی هەستە نەتەوەییەکانی شاعیرەوە چەکەرەی کردبێت. شوێنێک نییە ژیان و خۆشییەکانی سەردەمی منداڵیمان بیرخاتەوە، یان شوێنێک نییە بۆ مەبەستی ئابووری یان گەشتیاری لەنێو دەقدا ئامادەگیی هەبێت. بەڵکو شوێنێکە

---

[1] - صورة المكان الفنية في شعر احمد السقاف، بدر نايف الرشيدي، ص٦٦.
[2] - تحولات الشعرية العربية، صلاح فضل، دار الاداب، لبنان، ط١، ٢٠٠٢، ص٥٥.
[3] - الفضاء المكاني في القصص القراني، عبدالغني المارودي، المكتبة التعاونية الاشتراكية، اليمن، ١٩٨٧، ص٧٢.

لەگەڵ ناوبردنیدا، لەگەڵ بیستنیدا هەستە نەتەوەییەکانمان دەجووڵێنێت. هەستی بەرگریکردن و خۆبەخت کردنمان لەپێناو نەتەوەدا لە لا دروست دەکات. نەتەوەکەمان لە لا خۆشەویستتر و بە بەهاتر دەکات. شوێن بە واتاکانی نەتەوەوە پەیوەست دەبێت. بۆ نموونە شوێنێکی وەکو شاری مەهاباد یان مەیدانی چوار چرا یان شاری کەرکووک. وەکو هەر شوێنێکی دیکەی ئاسایی نییە، ژیانی گەلێکی پێوە پەیوەستە. وەکو سیمبۆلێکە کە خەبات و بەرخودانی نەتەوەی پێوە دەناسرێتەوە، شوێنێکە چەندین برینی پێوەیە. خوێن لە جەستەی دەتکێت. لەنێو شوێندا جێگەیەک هەیە کە لە هەمووی زیاتر خەسڵەتی نەتەوەیی دەبەخشێت، ئەویش بە (نیشتمان) ناوزەد کراوە، یەکێکە لە بنەماکانی نەتەوە، دەکرا لە جیاتی ڕەهەندی نەتەوەیی، ڕەهەندی نیشتمانی بەکاربێت. نیشتمان وشەیەکە هەندێک وای بۆ دەچن کە دەلالەت لە پارچە زەوییەک یان شوێنی لەدایکبوون دەکات، بەڵام ئەگەر لە ڕووی ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان نیشتمان و هاونیشتمانیدا هەیە، تەماشاکەین دەبینین واتاکەی زۆر لەوە فراوانترە، بەهایەکی گرنگی لە ژیانی هاونیشتمانیەکانیدا هەیە، نیشتمان کاریگەری هەستکردن بە هاووڵاتی بوون لای مرۆڤ دروست دەکات. مرۆڤ هەمیشە سوورە لەسەر بەرگریکردن لە نیشمانەکەی، واتە سوورە لەسەر ناسنامەکەی.

مامەڵەکردنی شاعیران لەگەڵ نیشتماندا بە درێژکراوەی ئەو سۆزە دادەنرێت کە مرۆڤ بۆ شوێن هەیەتی. ((شاعیر لە ڕێگەی جەختکردنەوە و قووڵکردنەوەی ڕەهەندی ئینتیما بۆ شوێن پەیوەندی یەکێتی نێوان مرۆڤ و شوێن ئاشکرا دەکات، هەروەها لە ڕێگەی دیاری کردنی بەهای ئیستاتیکی ئینتیما بۆ شوێن- نیشتمان- کە پێیەوە پابەند دەبێت و ئەویندداری دەبێت، هەروەها لە پێناویدا لە دژی هێزی دوژمندا خۆی بەخت دەکات.))[١]

ئامادەبوونی شوێن بە ڕەهەندی نەتەوەییەوە لەنێو دەقدا بە دوو بەهای گرنگەوە وابەستەیە. بەهایەکیان پەیوەندی بە نێرەرەوە هەیە. ئینتیمای شاعیر بۆ نەتەوەکەی دەردەخات و دەیسەلمێنێت کە شاعیرێکی نیشتمانپەروەرە, بەهاکەی دیکەیان پەیوەندی بە وەرگرەوە هەیە. ئایدۆلۆژیایەکی نەتەوەیی لای تاکی وەرگر دروست دەکات.((چەکەرەی ئینتیمای نیشتمانی لە بازنەی ئینتیما لە ناخی مرۆڤدا فراوان دەکات و بونیادی هۆشیاری ئینتیما لە لای بەهێزتر دەکات و لە ناخیدا هەستی سۆزداریی

[١] - المكان في الرواية الكويتية عند ابراهيم الملا، ناصر السعيد، دار العروبية، الكويت، ١٩٨٨، ص١٩١.

نەتەوەیی بەجۆشتر دەکات.))[1] هەمیشە ئەو کەسەی کە ئینتیمای بۆ نەتەوە و نیشتمانەکەی هەیە، جیاوازە لە کەسانی دیکە. ((هەست کردن بە ئینتیما بۆ نیشتمانە شوێن، پیادەکردنێکی چالاک و پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی بەرز بە تاک دەبەخشێت و وای لێدەکات خەڵکانی دیکە بە بونیادنەر ئاماژەی بۆ بکەن وەکو ئەوەی بڵێن لە وڵاتێکی ئاوەها و لە خێڵێکی ئاوەهادا پێگەیشتووە.))[2]

(نەوزاد ڕەفعەت)ی شاعیر ڕۆڵەی ژینگەکەیەتی، ڕۆڵەی شوێنەکەیەتی بە ڕووداوەکانییەوە، بە مێژووەکەیەوە بە نیگەرانییەکان و دەرد و ئومێدییەوە، بە ڕابردووی و بە ئێستایەوە کاریگەرە. داهێنانەکانی لە دایکبووی ئەو زەمینە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی و ژینگەییە سەرەڕای ئەزموونی خودی. شوێن لە بەشێک لە دەقەکانیدا ڕەهەندی نەتەوەیی هەڵگرتووە، ئەویش ئەو کاتەی کە شاعیر (شوێن)ی وەک هێمای شۆڕش و بەرخودان نیشانداوە. واتای شوێن بە واتای ئەو زوڵم و ستەمەوە بەستراوەتەوە کە دەسەڵاتدارانی سیاسی لە دژی کورددا ئەنجامییان داوە. چەمکی ئێش و ئازارەکانی نەتەوەکەی بە چەمکی شوێنەوە گرێداوە، گلەیی و ناڕەزاییەکانی لە بەرامبەر واقیع لە (شوێن)دا هەڵڕشتووە، شاعیر هەست بە ئازارەکانی گەلەکەی دەکات. بەو پێیەی کە کوردستان بە چەندین بارودۆخی سیاسی توندا تێپەڕیوە، کیان و وڵاتی کوردانی لەرزاندووە، چەند جارێک ئەم نیشتمانە وێران کراوە. ڕووداوە دڵتەزێنەکان، نائارامییەکانی ناوچەکە، شۆڕشە یەک لە دوای یەکەکانی نەتەوەکەی، خەم و ئازاری تێکشکانی ئەو شۆڕشانە، ئەمانە هەمووی لە شوێندا بەرجەستەکراون، بەو هۆیانەوە شوێن هەندێک جار ڕەهەندی نەتەوەیی وەرگرتووە.

١- هەڵدێر
کوردستانم تۆش ببوورە
لە کۆنەوە کۆرپەلەی خەونمان ناشتوویت
چەندان خەرەندی دڵڕەقی و
تیغی گوناە و هەڵەمان
لە جەستەدا بەجێ هێشتوویت
خەرەندی ئەم برینانە

---

[1] - المكان في الرواية الكويتية عند ابراهيم الملا، ناصر السعيد، دار العروبيه، الكويت، ١٩٨٨، ص١٩١.
[2] - المكان في الشعر العربي قبل الاسلام، حيدر لازم مطلك، ص٢٠٦.

ئەم جێ داغە دێرینانە
بە هەتوانی گیراوە لە سووتووی شەوەی
مەلۆتکەی پاش نەزۆکی چاخ چاک دەبنەوە
ئەی ئەم هەڵە و گوناهانە
پەڵەکانی  ئەم بەڵایە ناگەهانە
بەچەند تۆبە و زیکری خەڵوەت
بەچەند پارانەوە و نزا
بەچەند نوێژی دڵڕا.. پاک دەبنەوە؟؟                پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە ل١٧٩-١٨٠

(کوردستان) ئەو شوێنەیە کە بەکارهێنانی لەنێو دەقدا ڕاستەوخۆ ڕەهەندی نەتەوەیی دەبەخشێت. دەلالەتی تایبەت وەردەگرێت تێپەڕی شوێنی جوگرافی و ئەندازەیی بۆ شوێنی شیعری دەکات. (کوردستان) ئەو ناوە شیرینەی کە کورد چەندین ساڵە خەبات دەکات بۆ ئەوەی وەک ناوی دەوڵەتێک لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەژمار بکرێت. چەندین جار شۆڕشی کردووە، بە هەزارەها قوربانی داوە لەو پێناوەدا، بەڵام بە داخەوە ئەم خەونەی هێشتا نەهاتۆتەدی. کۆمەڵێک کۆسپ لەبەردەم هاتنەدی ئەم خەونەدا هەبووە، لەوانەش، هەندێک جار پەیوەندی بە نەتەوەی کورد خۆیەوە هەبووە، ئەویش ناپاکی و خیانەتی ناوخۆیی بووە کە لە هەمووی مەترسیدارتر و داخی گرانتر بووە، چەندین شۆڕشی کورد بە هۆی خیانەتی ناوخۆییەوە شکستی خواردووە. شەڕ و دووبەرەکی و نەبوونی گیانی لێبووردەیی لەنێو کورددا کۆسپێکی دیکەیە لە ڕێی نەهاتنەدیی ئەم خەونەدا.

هەر لەو ڕوانگەیەوە دەقی شیعری یان بزووتنەوەی ئەدەبی، بەڵگەیەکە پەیوەندی بە بارودۆخی نیشتمانی و کۆمەڵایەتییەوە هەیە، شاعیر (نووسەر)ی هەستیار لە دووتۆی بەرهەمەکەیەوە گوزارشتی لێ دەکات. لەم سۆنگەیەوە کاتێ ئەم دەقە دەخوێنینەوە هەست بەمە دەکەین، چونکە شاعیر پرسێکی نەخوازراوی وروژاندووە، ڕاستییەکی ئاشکرا کردووە کە پەیوەندی بە نەتەوەکەیەوە هەیە، ئەویش خیانەت و ناپاکی کردنە لەبەرامبەر شوێن (کوردستان)دا. شاعیر خۆی بۆتە کوردستان و هەست بەو ئازارانە دەکات کە کوردستانەکەی چەشتوویەتی، ئاگادارە کە چەندی ئازار بینیوە، چەند تیغیان بە جەستەیدا چەقاندووە. برینێکی قووڵیان دروست کردووە کە بە ئاسانی

سارپێژ نابێت. شاعیر داوای لێبووردن لە کوردستان دەکات و هەوڵ دەدات ئەم نیشتمانە زیزە ئاشتبکاتەوە.

ئەم دەقە هەڵگری تایبەتمەندییەکی دەستە جەمعییە (جماعی). شاعیر بەم کارەی دەربڕین لە پەشیمانی هەمووان دەکات. ئەم دەقە پەرچەکرداری شاعیرە بۆ ئەو خیانەت و ناپاکییەی کە دەرهەق بە کوردستان کراوە. خۆشەویستی و دڵسۆزی و هاوخەمیی کردن بۆ نیشتمان، پاڵنەر بووە بۆ لەدایکبوونی ئەم دەقە. ئەم دەقە لە ڕێگەی شوێنەوە، بۆتە هەڵگری پرسێکی نەتەوەیی. هەر لێرەوە دەبینین شوێن ئامانجی خۆی پێکاوە لە گەیاندنی ڕەهەندی نەتەوەییدا. شاعیر هۆشداری دەدات لەوەی کە کوردستان بە سەختی بریندارە و خەریکە لەدەست دەردەچێت، پێویستە تەوبە بکەین و دووربکەوینەوە لە هەر کارێک کە بە خراپە بۆ کوردستان بشکێتەوە. نزای چاکبوونەوەی بۆ بکەین، بیپارێزین و ئاوەدانی بکەینەوە. ئازاردانی کوردستان هاوواتا دەبێت لەگەڵ خیانەت و ناپاکیدا، ئەم دەقە بۆ نیشتمان نووسراوە، ئەو دەقانەی کە بۆ نیشتمان دەنووسرێت هەمیشە بە نەمری لەنێو دەقەکاندا دەمێنێتەوە.

**٢- نیشتمان**

هەندێک کەڕەت نیشتمانم
سۆفەیەکە و لەتاو ترسی باشووکەیەک
خۆی لە باخەڵم دەکوتێت
یا وەک ئاسکی زستانێکی سەهۆڵبەندان
لە سەرمانا
خۆی لە کۆختەکەی من دەنێت
هەندێک جاریش وەک زێ وایە
سەدان کۆسپ و یاڵ و هەڵەتی بێتە پێش
خۆی ڕێی خۆی دەدۆزێتەوە
بەڵەدە و ڕووگەی ژیان و مەرگی خۆی دەناسێتەوە
پڕوشکە ئاگرێکی سوورە و هەرکە دای گرت
هەموو دنیا
هەموو دنیا دەگرێتەوە. نیگەرانی ل٦١- ٦٢

(نیشتمان) وەک شوێن دەلالەتێکی نەتەوەیی بەخشیوە لەم دەقەدا. نیشتمان لە ڕێگەی هونەری ڕەوانبێژیی خوازەوە جگە لە واتا بنچینەییەکەی خۆی، بە واتایەکی دیکەی نزیک لە واتای خۆی بەکارهاتووە، بە چەمکی (نەتەوە) وە گرێدراوە، شاعیر جگە لە وشەی (نیشتمان) هیچ وشەیەکی دیکەی گونجاوتری وەک هاوواتا بۆ وشەی (نەتەوە) نەدۆزیوەتەوە و، لە ڕێگەی هونەری لێکچواندنەوە، لە دوو وێنەی جیاوازدا پیشانی داوە. بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە کە نەتەوەی کورد بە درێژایی مێژوو ناحەقی پێکراوە، خاکەکەی وێران کراوە. ماڵ و سامانی بەفیڕۆ دراوە. وێنەی یەکەمی نیشتمان ئەم بابەتەی وێنا کردووە. (نیشتمان) بۆتە بوونەوەرێکی بێ تاوانی بێ دەسەڵات کە لە لایەن ناحەزانییەوە ئازار دەدرێت.

لە وێنەی دووەمیاندا (نیشتمان) نواندنی بوونەوەرێک دەکات کە زوڵم و ستەم قبووڵ ناکات، ئەگەر هیممەت بکات، هیچ شتێک بەرگەی تووڕەبوونەکەی ناگرێت. لافاوی تووڕەیی هەموو ناحەزێک دەخنکێنێت. ئەم وێنەیە ئەو شۆڕش و ڕاپەڕینانە دەدرکێنێت کە هەر چەندە بە ئاگر و ئاسن سەرکوت کراوە، بەڵام هەر نەوەستاوە و بەردەوام بووە تا نزیک بۆتەوە لە ئامانجەکەی.

(نیشتمان) وەکو شوێنێکی خوازراو بە واتای نەتەوە بەکارهاتووە، بارودۆخ و بەسەرهاتی نەتەوەکەمان ئاشکرا دەکات، لە لایەک ئێش و ئازارەکان و زوڵم و ستەمەکان، لە لایەک قارەمانییەتی نەتەوەکەمان دەردەخات، هەموو ئەمانە بۆتە ئاوێنەیەک و ئەو ڕووداوانەی لە ڕابردوودا ڕوویانداوە، دەخاتەوە پێش چاومان.

### ٣- کوڵینگ وەشێن

هۆ!! نیشتمان..
ئەی هێلانەی بەستری و کەسەر چنراوم
ئەی ئەو بیر و ئەو زیندانەی
دایک و باوکم بۆ هەوەسێک.. چێژێک.. تێیان فڕێ داوم
ئەی ئەو تەلبەند و دۆزەخەی بەکرێ و باج لێی دانیشتم
ئەو گڕکانە هار و هاجەی بەناچاری لێی هەڵنیشتم
نیشتمانی پڕ دڕکەڵانی دڵتەنگی
نیشتمانی پڕ دەست ڕەشی بەخوێن سەرخۆش
نیشتمانی پڕ هەورنشینی بێ هۆش

دڵم نەهات
یەک تیشە شاخ بدۆشم
تۆزێک.. دەنکێک..
خۆڵی پیرۆزت بفرۆشم
لە تۆران و توورەییشدا
پڵنگەکانی سەرکەشیم نەپێکاویت
پەڕ پەڕ باڵی سیمرخم هەڵنەکێشاویت
ئەدی بۆ مۆرانەی حەسرەت ئێسکم دەخوات؟!
بۆ جۆگەلەی لیڵی مرازی خائینان
خوڕ .. خوڕ.. سەرە و هەوراز دەڕوات؟
چ ئەفسوونێک
ماسی لەبەرچاوی ئاو خست؟
ئۆف!! نیشتمان..
خۆت دەزانیت
ژیان.. ژیان..
کووپەیەکی پڕ لیرەی وەفا و ئەمەک بوو
پڕ نووری مەردی و نمەک بوو
لێیان دزین و بۆ خۆیان
قا..قا..قا.. قا.. تێر پێکەنین شینی شالوور ل٨٤-٨٥

شوێن لەم دەقەدا نیشتمانی شاعیرە. نیشتمان وەک شوێن بۆتە بابەت و شیعری نیشتمانی بەدیار کەوتووە. شاعیر نیشتمانەکەی بە کۆمەڵێک شوێنی تەنگ و ناخۆش و بێزارکەر چواندووە. ناوزەدکردنی نیشتمان بەو شوێنانە، لە ئەنجامی ڕووبەڕووبوونەوەی شاعیرە بۆ ئەو وێرانەیەی تووشی نیشتمانەکەی بووە، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نیشتمانی شاعیر چواردەوری بە دوژمن تەنراوە. هەموو دەم پیلانی ناحەز و دوژمن، خۆشی و ئارامییەکانی تێکداوە.. لە شوێندا شتی پێچەوانە و نامۆ ڕوویداوە. شاعیر کاریگەر دەبێت بەو ڕووداوانەی کە لە شوێندا (نیشتمان)دا ڕوویانداوە. ئەمە وادەکات شوێن دەلالەتی تایبەت وەربگرێت. ((کاتێ شاعیر سەرقاڵ دەبێت بۆ بەدواداچوونی ڕووداوە سیاسییەکان، بۆیە واتا و ئەو

ڕەهەندانەی کە وڵات وەریدەگرێت، دەبێتە هاوواتایەک بۆ ئەو ناخۆشی و خەم و وێرانکاری و ڕەشبینیە. لەبەر ئەو ڕووداوانەی کە ڕوویانداوە.))[1]

نا ئارامی لە شوێندا دەوری شاعیری داوە، لە نیشتمانەکەی خۆیدا هەست بە نامۆیی دەکات. زمانەکەی دەربڕی ئەو نەهامەتی و چەرمەسەرییانەیە، ئاشکراکردنی نادادپەروەری و ستەم و هەموو ئەو هۆکارانەیە کە ئازادی مرۆڤ و نیشتمانەکەی دووچاری بوون. جارێک بە زیندان و بە بیر دەچوێنێت، جارێک بە تەلەبەند و دۆزەخ وەسفی دەکات. شاعیر ڕۆچۆتە ناو هەندێک پرسەوە کە پەیوەندی بە نادادپەروەری کۆمەڵایەتییەوە هەیە. شتە دزێوەکانی ناو شوێنی ئاشکرا کردووە. شاعیر بەم کارەی دەربڕین لە ناخی هەمووان دەکات. وروژاندنی ئەم باسانە لە هاوخەمی کردنی شاعیر بۆ نیشتمانەکەیەوە سەرچاوەی گرتووە.

کاریگەری دەروونی لێرەدا بە ئاشکرا دیارە. هەوڵی داوە ئەوەی لە ناخیدایە لە هەست و سۆز بەرامبەر بە نیشتمانەکەی، دەریببڕێت. ئەو عەشقەی کە شاعیر بۆ نیشتمانەکەی ڕوئیای کردووە، عەشقێکی پاک و ڕاستەقینەیە. لەگەڵ ئەوەی کە ژیانێکی خۆش و ئاسوودەیی لە نیشتماندا بۆ دەستەبەر نەبووە. نیشتمانەکەی پڕە لەو کەسانەی کە دەستیان بە خوێنی ڕۆڵەکانی میللەتەکەی سوورە، خائینانیش بێ ترس تێیدا دەگەڕێن و دەسووڕێنەوە، هەموو کارێکیان بۆ ڕایی کراوە و مرازییان هاتۆتەدی، کەچی ئەم بەکرێ و باج تێیدا نیشتەجێیە. (کرێچییەتی) (ڕەنگە مەبەستی لاوازی باری ئابووری بێت)، گلەیی لە دایک و باوکی دەکات کە هێناویانەتە دنیاوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە هەستە نەتەوەییەکەی زاڵە بەسەریدا، هیچ کات بیر لەوە ناکاتەوە دەستبەرداری بێت. خیانەت و ناپاکی بەرامبەر بکات. خۆڵەکەی لەلا پیرۆزە، دڵی نایەت سروشتەکەی بشێوێنێت. ئەمەش ڕاستە هەندێک جار شوێن دەگۆڕێت بۆ گۆڕستانێک مرۆڤ هەوڵ دەدات ڕەتی بکاتەوە و لە ژیانی خۆیدا دەری بکات، بەڵام ناتوانێت، شاعیر هەمان وێنەی لەم دەقەدا کێشاوە.

**٤- چیا:-**

ڕەنگدانەوەی چیا بە ڕەهەندی نەتەوەییەوە لەنێو دەقی شیعریدا، بۆ ئەو ڕۆڵە ئەرێنییە دەگەڕێنێتەوە کە چیا لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازی کورددا گێڕاویەتی،

[1] - جماليات المكان في الشعر الجزائري المعاصر، محمد الصالح خرفي، رسالة دكتوراه، جامعة منتوري قسنطينة، كلية الاداب واللغات، قسم اللغة العربية وادابها، ٢٠٠٥- ٢٠٠٦، ص١٤٢.

هەر لە زووەوە وتراوە کە چیاکان باشترین دۆستی کوردن، چونکە ((کەژەکانی کوردستان جێگای بارەگای حەوانەوەی پێشمەرگە و سەرکردایەتی شۆڕش بوون. پێشمەرگە لەوێوە دائەبەزین بۆ چالاکی نواندن.))[1] ئەگەرچی بەهۆی ئەو سروشتە سەختەی کە هەیەتی و بەهۆی بارینی بەفرێکی زۆر لە زستاندا، دەبووە گۆڕ بۆ پێشمەرگە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی چیاکان پشتێکی بەهێز و سەنگەرێکی قایمی پێشمەرگە بوون لە ڕۆژانی خەباتدا. دوژمن زۆر بە ئەستەم چاری پێشمەرگەی کردووە لەو ناوچانەدا، مەگەر لە ڕێگەی فڕۆکەوە، ئەگینا هەمیشە سەرکەوتن بەشی پێشمەرگە بووە. چیا تاقە پەناگەیەگ بووە کە پێشمەرگەی لەخۆ گرتووە و داڵدەی داوە. چیاکانی کوردستان وێنەیەکی پیرۆزییان لە یادگەماندا تۆمارکردووە، بە نەمری لە دڵماندا دەمێننەوە.

لەم دەقانەی خوارەوەدا چیا ئامێرێکی مۆسیقییە، ئاوازی نەتەوەیی دەژەنێت، واتا فەرهەنگییەکەی خۆی ون کردووە. چیا وەک شوێن لەم دەقانەدا ئەرکە ڕاستەقینەکەی خۆی کە گرتنەخۆ و تێدا بوونە، نەبینیوە، بەڵکو چیا وەک وشەیەک لەنێو دەقی شیعریدا ئەرکی ڕاستەقینەی خۆی بینیوە. وشە لەنێو دەقی شیعریدا ئاماژەیە بۆ واتایەکی دیکە. ((لە دیدی سارتەردا شاعیر زمان دەگەڕێنێتەوە سەر دۆخی ئەو ماددەیەی شێوەکارێک بەکاری دەهێنێت. ئیدی وشە لە شیعردا ئاماژە نییە بۆ خودی ماناکان، ئیدی وێنەکان بانگ ناکاتەوە، بەڵکو شتێکی تر و جیاوازتر بانگ دەکاتەوە کە تەنیا لە فەزای قەسیدەکەدا مانای هەیە.))[2] چیا بە پرسێکی نەتەوەییەوە گرێدراوە. بۆ نموونە:

أ- چیا

ئەو چیایە چەند سەرکێشە!
چ بەوەجە!
ئێستا پاش تێکەڵاوبوونی تێگەیشتم
ئەوەی بۆ دزینی تاجی
پێیدا هەڵژنێت چەند گەوجە! پەرییەکان هەڵدفڕێنمەوە ل٢٢٢

---

[1] - چرپەیەک و خوێندنەوەی دارستانی ئەو بنارە، ژیار مەلا، گۆڤاری کاروان، ژ ١٢٨، ١٩٩٨، ل١٢.
[2] - گەڕان بۆ ماناکانی دیکەی شیعر، بەختیار عەلی، گ.رامان، ژ٧٢، (٥)ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٢، ل٩.

چیا لەم دەقەدا ئەو بەرزاییە نانوێنێت کە زمان ناوی ناوە، بەڵکو چیا ئاماژەیە بۆ کورد- کوردستان. شاعیر ئەوەی ئاشکرا کردووە کە کورد نەتەوەیەکی قارەمانە، هیچ وەختێک ژێر دەستەیی قبووڵ ناکات. چاونەترسە. لە شۆڕش و بەرخودان بەردەوامە، هەر کەس بیەوێت سەروەریی پێشێل بکات، مافی بخوات، بە تەواوی بەهەڵەدا چووە، خۆی زەرەر دەکات. واتای چیا بە واتای نەتەوەیەکی قارەمانەوە بەستراوەتەوە.

**ب-چیا**

بازی چاوم ڕاهاتووە
هەموو ڕۆژێک بە تاسەوە
لە چیای نوقمی سپیاتی و مژ و بەفردا بگەڕێ
بە ئاسمانی بەرهەڵدا دا
بست بست هەڵگەڕێ و داگەڕێ
چیا.. دەترسم ئەوەندەت ئاوێزان بم
هێندەت سەرنج دەم پەڕ کووڕی
دیدەشم سپی هەڵگەڕێ. پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە ل٢٢٢

دەقەکە دەربرینێکی دڵدارانەی شاعیرە بۆ چیا. چیا وێنەی بوونەوەرێکی خۆشەویست لای شاعیر پێکدێنێت. ئەم گەرم و گۆڕییەی نێوان شاعیر و چیا (شوێن) بۆ ئەو بەها بەرزە دەگەڕێتەوە کە چیا لای شاعیر هەیەتی بەهۆی ئەو ڕۆڵە ئەرێنییەی کە بینیویەتی لە بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەیدا. گڕکانی هەستە نەتەوەییەکانی شاعیر تەقیوەتەوە لەم دەقەدا.

**پ- تەنیا باڵ**

زەندەقم لە / دەنگ و باس و
بینینی گەردەلوول چووە
گەردەلوول
زبڵ و
ئێزگیل و
پووشەکان دەباتە حەوا

چاوی بازیی منیش پڕ تۆز و خۆڵ دەکا
چیاش داچۆڕان... کوا پەنا؟! شینی شالوور ل٦-٧

چیا لەم دەقەدا وەکو پەناگەیەک دەرکەوتووە کە لە باهۆز و گەردەلوول دەیپارێزێت. ئەگەرچی گەردەلوول هەڵکات، جیاوازی ناکات لەنێوان چیا و دەشت و دۆڵ، شار و گوند، واتە گەردەلوول چیاکانیش دەگرێتەوە، بەڵام گەردەلوول لەم دەقەدا لە ڕێگەی هونەری ڕەوانبێژیی خوازەوە بە واتای دوژمن بەکارهاتووە. دلالەتێکی درێوی هەیە. ئەمە خەسڵەتی ڕاستەقینەی وشەیە لە شیعردا. ((وشە لە شیعردا هەمان ئەو شتانە ناونانێت کە زمان وەک سیستەمێکی ئاماژە ناویان دەنێت، وشە لە شیعردا ئاماژە نییە بۆ دەرەوە، بەڵکو ئاماژەیە بۆ ناوەوە.))[1]

شاعیر چیای وەکو تاقە پەناگە لە قەڵەم داوە کە لە دەست دوژمن دەیپارێزێت. ئەگەر چیا نەمێنێت، پەناگەی دیکە کامەیە، هیچ پەناگەیەکی دیکەمان نییە. وروژاندنی ئەم بابەتە لە لایەن شاعیرەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کورد زۆرجار پشتی بەم و بەو بەستووە، بەڵام لایەنی بەرامبەر لەبەر بەرژەوەندیی خۆی، پشتی بەرداوە. دواتر بەڵای شکستی کورددا شکاوەتەوە. تەنیا چیا پشتی کوردی بەرنەداوە. شاعیر شوێنی (چیا)ی بە ئەرکێکی نەتەوەییەوە گرێداوە. ئەرکی پەنادانی پێشمەرگەیە. ئەگەرچی شاعیر ناوی (دوژمن، پێشمەرگە) نابات، باسی خیانەت لە کورد ناکات، بەڵام شیکردنەوە و خوێندنەوە بۆ دەق، هەمیشە بەکراوەیی دەمێنێتەوە. ((جیهانی دەقی دەلالی بە تەنیا شاعیری داهێنەر دروستی ناکات، بەڵکو وەرگر بە پێشینەی زانستییەوە بەشداری تێدا دەکات، بۆیە خوێندنەوەی ئیستاتیکیانەی دەق بە بەردەوامی بەکراوەیی دەمێنێتەوە. هەندێ بنەمای هاوڕێک و شیفرەی ژێرەوە پێشکەش بە توێژینەوەکە دەکات بۆ هێنانەدی چەند مەبەستێکی دوانەیی.))[2]

**ب-سێ باڵندە**

تیترواسک
چی ڕووی داوە؟!
بەم ئێوارەیە ناوەختە
چ ترسێکی لێنیشتووە

[1] - گەڕان بۆ ماناکانی دیکەی شیعر، بەختیار عەلی، گ.رامان، ژ٧٢، ساڵی ٢٠٠٢، ل٩.
[2] - جماليات المكان في الشعر الجزائري المعاصر، محمد الصالح خرفي، ص١٢١.

دیسان تیترواسکی شەوگەڕ
درکی بە چ مەرگ و پێشهاتێک کردووە؟!
کێ لە دەوشەرغە بانگ دەکات؟!
جگە لە من کێ لەم دەڤەرە شک دەبات؟!
کێ دەبێتە هاوبرین و برادەری؟!
ئەستێرەناس و ڕێبەری
کێ لە فیغانی تێدەگا و پەنای دەدات؟!
منی بابردە و پەڕپووت نا
مەگەر خودا..
مەگەر چیا..                    پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە ل١٥٣

ئەم دەقە وێناکردنی واقیعێکی تاڵی پڕ لە ترس و دڵەڕاوکێیە. کە هەمیشە لە ژیانی کورددا دووبارە بۆتەوە. شاعیر وشەی (دیسان)ی بەکارهێناوە، چونکە مەرگ و پێشهاتەکان، ڕووداوە دڵتەزێنەکان پێ لە کورد نابڕن، یەخەی بەرنادەن. شەڕ و شۆڕ و ئاوارەبوون نابڕێتەوە، بەڵام شاعیر بێ ئومێد جێی نەهێشتووین. لە دوای (خوا) شتێک هەیە کە ئومێدەوارمان دەکات. دەستی یارمەتیمان بۆ درێژ دەکات ئەویش شوێنە (چیا). چیا لەم دەقەدا دیسان وەکو پەناگەیەک هەژمار کراوە. شاعیر بە جۆرێک لە جۆرەکان سیفەتی شوێنێکی ئەمن و ئەمان و دوور لە مەترسی بە چیا بەخشیوە. شوێن بۆتە ئەو بوونەوەرە زیندووەی کە هاوخەمیمان لەگەڵدا دەکات. لە دەردمان دەگات و پەنامان دەدات. لێکۆڵینەوە لەم شێوە دەرکەوتنەی چیا دەستی بابەتی دیکە بۆ باسکردن ڕادەکێشێت. لە پەیوەندی بەم بابەتەوە، ئاوارەبوونی ئێزیدییەکان و ڕۆڵی چیای شەنگال نزیکترین مێژووە لێمانەوە، سەلماندی کە چیا پەناگەیە.

**٥-ڕێ**

بە سەرما و سۆڵ بڵێن: نەیێت
بە بەفریش بڵێن: نەکەوێت
با ڕێوبان سەختتر نەبن و
هاوڕێکانم ڕەق نەبنەوە لە بن کێوێک
بە مانگیش بڵێن: زوو هەڵبێت

چونکە قۆناخ گەلێک دوورە و
هاوڕێکانم نیازە بەشەو بکەونەڕێ
دەنا با بەفر لە خاکم سەرهەڵگرێت و
با مانگیش
چیدی لەو کەل و ئاسمانە
دەرنەکەوێت                    پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە ل١٤٩

ئەم دەقە پەیوەستە بە وێنەیەکی ڕۆشنبیری نەتەوەییەوە. لە کەشێکی شۆڕشانەدا دەژی پەیوەندی بە ژیانی پێشمەرگەوە هەیە لە سەردەمی شاخدا. ئەو شوێنانەی کە شاعیر بەکاری هێناوە (ڕێوبانی سەخت، بن کێو، خاک) لەگەڵ ژیانی پێشمەرگایەتی و خەباتی نەتەوەییدا ئاشنایەتییان هەیە. شاعیر ئاگەداری واقیعی شوێنی پێشمەرگەیە. ئەو سەختی و نەهامەتییانەی کە پێشمەرگە هەندێک جار لە دەست نەسازی شوێندا چەشتوویەتی، هەست پێکردووە. شوێن یاسای خۆی هەیە. لەکاتی گونجاوی خۆیدا بەفری لێدەبارێت، مانگی لێ ئاوادەبێت، ڕۆژی لێ هەڵدێت، بەڵام شاعیر داوا دەکات یاساکان بگۆڕێت. ((شاعیر کەسێکە یاسا بۆ مەملەکەتە خەیاڵییەکان دادەنێت، یاساکانی بە گوتەی (چیللی) دانیپێدانانرێت. چونکە لە بنەڕەتدا ئەو جیهانەی ئەو یاسای بۆ دادەنێت، جیهانێکی نهێنی نەناسراوە.))[1] هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خەمی برادەرەکانییەتی. دەترسێت نەسازی شوێن بەهۆی کەش و هەواکەیەوە مەترسی بێت لەسەر ژیانی هاوڕێکانی . دەترسێت شوێن ببێتە هاوەڵ و هاوسەنگەری دوژمن. (شوێن)ی بە شێوەیەک دەرخستووە کە هەژموون و دەسەڵاتی هەیە، دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە سەرخستنی پێشمەرگەدا، بە پێچەوانەشەوە، لەوانەیە پشتی پێشمەرگە بەربدات. شوێنی بە لێپرسراو لە گیانی هاوەڵانی لەقەڵەم داوە. داوا دەکات یاسای نوێ بۆ خۆی دابنێت, بەو شێوەیەی کە گونجاو بێت لەگەڵ ژیانی هاوڕێکانیدا، بۆیە هۆشداری دەداتە شوێن.

### ٦-جۆشان

ئەم زێدە کانیی دیرۆکی سەدئاگری و
لانەی لاوک و سترانی سەوداسەری ئەنجام تاڵە
ئەم زێدە تژی ئەفسانە و خڕ ڕۆمانی دێوی زاڵە

[1] – گەڕان بۆ ماناکانی دیکەی شیعر، بەختیار عەلی، گ.ڕامان، ژ٧٢، ساڵی ٢٠٠٢، ل١٦.

وامسی ترسشکێنی منداڵانیش
شێوەی هەمان ڕمووزن و دێوزمە لەخۆ دەگرێت
چەکوشی کێ دڵی ڕەقی دێوانی پێ نەرم دەکرێت؟
چەند نائاسایی و نەخۆشە ئەو تەوتەمەی
چێژ لە ناڵە و شینی مێینەی
بێ نێرەوەز و جۆگەلەی ئەشکی کناچان وەردەگرێت!
چ عەزیایەکی حەوت سەرە
ئەو خود پەرستەی بەری زێی شار دەبەستێت!
لەو لاشەوە ڕۆخانەی خوێن هەڵدەبەستێت
لە زەمینی وا ئاستەنگدا
لە چەرخی وەستاوی تەنگدا
خۆریش دەرۆست تاریکایی ڕۆژگار نایێت
گوڵەمێخەکیش لە شەڕگەی
پرسەدان لاشەی بۆن گرتووی
بێ نازکەوتوودا داد نادات
مەگەر بادی دڵنەوایی
هەوری تاریکی مەراق و ناتەبایی
بەردەم مانگی ئاسوودەیی بۆ دوور ڕادا پەرییەکان هەڵدەفرێنمەوە. ل١٨٤

شوێن لەم دەقەدا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕەهەندێکی نەتەوەیی هەڵگرتووە. شاعیر وێنەی شوێنی لە چوارچێوەی کۆمەڵێک وەسفی تراژیدی و ڕووداوی دڵتەزێندا نیشانداوە. شوێن بە کۆمەڵێک وەسفی نامۆوە بەستراوەتەوە. وەسفەکان یارمەتیدەرن لە تێگەیشتنمان بۆ شوێن ((کە ئەوەش ئامرازێکی کارا دەبێت لە ناساندنی شوێن و شیکردنەوەی گەوهەر و بەرجەستەکردنی ناواخنە شارستانیەکەیەوە.))[١] لە دووتۆی وەسفەکانەوە تێدەگەین کە شوێنەکە چۆنە و لە چ دۆخێکدا دەژی. وەسف لێرەدا ئەرکی دەربڕینی بینیوە، کە دەربڕین لە بارودۆخی شوێن دەکات.

لە دۆخی ناجێگیری سیاسی و ناتەبایی نێوان لایەنەکان و جەنگ و شەڕ و شۆڕدا شوێن باجەکەی دەدات، هەموو بەهاکان تێیدا ڕووخاوە وێنەی شوێن بە کۆمەڵێک

[١] – صورة المكان ودلالاتة في روايات واسيني الاعرج، جوادي هنية، ص٢٠٦.

ڕەنگی ڕەش و ترسناک نەخشێنراوە. شوێن بۆتە شەڕگە و پڕە لە سەدان لاشەی بۆنگرتووی بێنازکەوتوو. بۆنی خوێن مرۆڤی هەراسان کردووە. مرۆڤەکان لەنێو ترسێکی گەورەدا دەژین. شوێن بۆتە گۆمێکی شڵەقاو هەر کەس لەناویدا مەلە بکات، دەخنکێت. دەتوانین شوێن بە بینایەک دابنێین کە لە دروست بوونیدا پشتی بە کۆمەڵێک ڕووداوی تراژیدی بەستووە.

ئەم دەقە وەکو هەر دەقێکی دیکەی ئەدەبی وەکو بەڵگەیەکە پەیوەندی بە بارودۆخی نیشتمانی و کۆمەڵایەتییەوە هەیە ((دەقی شیعری لە دایکبووی هەردوو مەرجی مێژوویی و ئایینیە- لە هەموو حاڵەتەکاندا- هەر لەوانەوە دەردەچێت و هەر دەربڕین لەمانەش دەکات. هەر دەقێک هەوڵدەدات پەیوەندییەکی ڕیشەیی دروست بکات، لەسەر ڕابردوو و ئایندە جێگیر دەبێت.))[1] شاعیر لە دووتوێی دەقدا وێنای ڕاستەقینەی شوێنی کردووە. شوێن (ئەم زێدە) خاوەن مێژووییەکی دەوڵەمەندە بە ڕووداوە دڵتەزێنەکان. ئەو ڕووداوانە وەکو پاڵنەرێکی گرنگ وایە پاڵ بە شاعیرەوە دەنێت دەقگەلێک بەرهەم بهێنێت کە دەربڕین لەو پشێوی و نەهامەتی و نائومێدیانە بکات، ئەم شێوە دەرکەوتنەی شوێن دەرئەنجامی ئەو بارودۆخە سیاسی و نەتەوەییەیە کە شوێن (ئەم زێدە) پێیدا تێپەڕیوە، بە دواداچوونی شاعیرە بۆ ئەو ڕووداوانە. شاعیر شاهێدە لەسەر ڕووداوەکانی کە ئەم شوێنە پێیدا تێپەڕیوە و پێیەوە کاریگەر بووە. بە سەرییەوە تێپەڕی نەکردووە. یادگەی خوێنەری بە زانیاری پەیوەست بە شوێنەوە ئاشکرا کردووە، هەر چەندە کە شاعیر لە کورتیدا دەیبڕێنێتەوە و هەموو ئەو حەقیقەتانەی کە خوێنەر دەیەوێت لەبارەی ڕووداوەکانەوە بیزانێت، ئاشکرا ناکات. ئەو ڕووداوانەی وا دەکەن شوێن ڕەهەندێکی سیاسی و تراژیدی وەربگرێت. بە شێوەیەک لە شێوەکان دەربڕینێکی نیشتمانییانە هەڵدەگرێت.

### ٥- ڕەهەندی مێژوویی

یەکێک لەو ڕەهەندانەی کە دەکرێت شوێن هەڵگری بێت، ڕەهەندی مێژووییە. شوێن بەهۆکاری جیاوازەوە لە هەگبەی مێژوودا جێی بۆتەوە. بۆتە هەڵگری مێژووی وڵات و نەتەوە. ڕووداو و پێشهاتەکان بە ڕەهەندی سیاسی و کۆمەڵآیەتی و ئایینیەکانەوە کە لە شوێندا ڕوودەدەن، وا دەکەن شوێن پاشخانێکی مێژوویی بۆ دروست بێت، هەندێک

---

[1] - جماليات المكان في الشعر الجزائري المعاصر، محمد الصالح خرفي، رسالة دكتوراه، جامعة منتوري قسنطينة، كلية الاداب واللغات، قسم اللغة العربية وادابها، ٢٠٠٥-٢٠٠٦،ص١٥٠.

جار بەهۆی کارەساتێکی سروشتیی یان بەهۆی ململانێ و جەنگەوە یان بەهۆکاری پێشکەوتن و بنیاتنانەوە ناو ودەنگ پەیدا دەکات. سیفەتێکی مێژوویی وەردەگرێت. شوێن هەیە لە بواری تەلارسازیدا مێژووییەکی دێرینی بۆ خۆی دروست کردووە. کە هێز و توانای مرۆڤ پیشان دەدات، وەکو ئاوێنەیەکە بۆ مێژووی مرۆڤایەتی. مێژووی شوێن، مێژووی مرۆڤە. شوێن بە پاشخانی مێژووییەوە ((هەستکردن بە مێژوو یان ئەو ڕووداوە گرنگانەی کە لە ژیانی مرۆڤ و میللەتدا دەگوزەرێت، دەوروژێنێت.))[١] بەم شێوەیە شوێن وەکو بەڵگەیەک وایە تواناکانی مرۆڤی سەدەکانی ڕابردوو بە مرۆڤەکانی ئەم سەردەمە ئاشنا دەکات. ((شوێن بەشێکە لە پێکهاتەی مرۆڤ و مرۆڤایەتی، لکاوە بە مێژووەوە، بە شارستانییەتەوە. شاهێدێکی زیندووی پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکانە و تۆمارگەیەکی ڕاستگۆی کارەکانمانە. کاری ئەوانەی پێش ئێمەیە.))[٢] بەم شێوەیە شوێن کۆگایەکە مێژووی مرۆڤایەتی لەخۆیدا عەمبار دەکات، بەڵام لە هەمان کاتیشدا شوێن هەیە نەیتوانیوە مێژوویەک بۆ خۆی دروست بکات و وێران بووە و لەناوچووە و کەس ئاوڕی لێنەدەواتەوە و لە یادەوەری هیچ گەل و میللەتێکدا نەماوە.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو شوێنانەی کە ڕەهەندێکی مێژووییان هەیە ئەوەیە کە هەمیشە ڕابردووی بەخۆیەوە بەستۆتەوە. ((ڕەهەندێکی زەمەنی دیاری کراوی لە دوو تۆی خۆیدا هەڵگرتووە.))[٣] زنجیرەی بیرکردنەوەمان لە ئێستادا دەپچڕێنێت و بەرەو ڕابردوو دەیگێڕێتەوە. ((پێکەوە بەستنەوەی ئێستایە بە سەردەمێکی ڕابردوو یان لەبەر ئەوەی نیشانەیەکە لە پێکهاتەی زەمەندا، بەم شێوەیە شوێن کەسایەتییەکی زەمانی وەردەگرێت.))[٤] کە چەمکی کاتی ڕابردووی بەسەردا زاڵە.

هەندێک جار شوێن بە پاشخانێکی مێژووییەوە لەنێو دەقی شیعریدا دەردەکەوێت. دەقی شیعری جیاناکرێتەوە لە مێژوو و مەرجەکانی، بەڵام شیعر ئاوێنە نییە بۆ مێژوو. دەقا و دەق بێ کەم و زۆر ڕووداوەکانی بخاتە ڕوو، چونکە ((گەڕانەوە بۆ مێژوو مەبەست لێی تەنیا نووسینەوەی ئەو مێژووە نییە بە شێوەی هەڵسەنگاندنێکی نوێوە، ئەوە کاری شاعیر نییە، بەڵکو دووبارە خوێندنەوەی ئەو مێژووە و واقیعەکەیەتی بە

[١] - المكان في الشعر العربي قبل الاسلام، حيدر لازم مطلك، ص٢٦.
[٢] - بینای شوێن لە دوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا (هیلانە-ئەژدیها) تانیا ئەسعەد محمد صالح، ل٣٩.
[٣] - الزمان والمكان في رواية –ذاكرة الجسد- لاحلام مستغانمي، خەندە انور حوێز، ص١٥.
[٤] - حركية الابداع ، د. خالدة سعيد، الطبعة:٢، دار العودة، ١٩٨٢، ص٣٠.

پێی ڕوانگه و تێڕامان و هەڵوێستی شاعیر و لە هەمان کاتیشدا بە پێی ئەو تێڕامان و ڕوانگەیەی یەکانگیرە لەگەڵ گیانی شیعر و، هەروەها لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی نووسینەوەی شیعرەکە.) )[1] گەرەکە ئەوەش بزانین کە شاعیر لەبەردەم بەرپرسیاریەتییەکی مێژووییدایە، ناتوانێت مێژوو بشێوێنێت، بەڵام دەتوانێت ڕاستییەکان بە شێوەیەکی شاعیرانە، ئەدەبیانە سەر لەنوێ داڕێژێتەوە، واتە دەقەکە دەقێکی ئەدەبی دەبێت نەک دەقێکی زانستی مێژوو. شاعیر وەکو هەر نووسەرێکی دیکەی پرۆفیشناڵ ((-لە هەر کات و شوێنێکدا- بێت، پێویستییەکی زۆری بە کەمێک مێژوو دەبێت، ئەو پێویستییەش زیاد دەکات هەتا قەیرانی ناسنامە لای ئەندامانی کۆمەڵگە چەند بارە ببێتەوە و هەست کردن بە لەدەستدانی نیشتمان قووڵتر ببێتەوە، هەتا شاعیران هەست بە ڕاگوێزانیان بکەن لە زێدی خۆیان و نامۆبوون لەسەر خاکەکەیان.))[2]

(نەوزاد ڕەفعەت)ی شاعیر خوێنەرێکی باشی مێژووی نەتەوەکەیەتی و شارەزایی هەیە لەو بوارەدا. پەیوەستە بە سومبلی نەتەوەکەی و پڕ چەکە بە ڕۆشنبیرییە مێژووییەکەیەوە، پەیوەندییەک لەنێوان شاعیر و مێژوودا دروست بووە، هەندێک لەو شوێنانەی کە لە دەقەکاندا بەکاری هێناون، دەلالەتی مێژووییان هەیە. مێژووی کۆنی نەتەوەکەمان بۆ باس دەکەن. لە هەندێک لە دەقەکاندا پشتی بە پاشخانی مێژوویی شوێن بەستووە. نەتەوەی شاعیر مێژووەکی دەوڵەمەندی لە شەڕ و شۆڕ و شۆڕش و هەڵبەز و دابەزی سیاسیدا هەیە. شاعیر توانیویەتی لە ڕێگەی شوێنەوە ئەم مێژووە تاڵ و شیرینە، ڕەش و سپییە بە خوێنەر ئاشنا بکات. ئەمەش هەندێک لەو شوێنانەن کە لەنێو دەقەکانیدا مەزراندوویەتی و ڕەهەندێکی مێژووییان هەیە.

**١- مەهاباد**

هەموو شەوێکی سی و یەکی مارت
بروسکەی دەنگێک
شاری مەهاباد ڕادەهەژێنێت
((با پاش مەرگی من
کچان چاوی جوان بەگریان نەشۆن

---

[1] - جماليات المكان في الشعر الجزائري المعاصر، محمد الصالح خرفي، ص١٥٠-١٥١.
[2] - سەرچاوەی پێشوو، ل١٥١.

خەمم بۆ نەخۆن
با لەجێی شین و پرچ کردنەوە
خۆ ڕنینەوە
هەڵسن وڵاخان و سواران زین کەن
بۆ هەمان هەوار بەڕێیان خەن))
سبەینێش هەموو خەڵک دەبینن
شار دار و بەردی
کووچە و دیواری
بەخوێن پاراون
به زەبر و زەنگی ئەرتەش تەنراون.                    نیگەرانی ل٩٢-٩٣

ئەم دەقە بە کات دەستپێدەکات. مێژووەکە ڕۆڵی لە ناساندنی شوێنەکە هەیە. ڕەهەندی مێژوویی شوێن شاری (مەهاباد) بۆ دامەزراندنی کۆماری کوردستان دەگەڕێتەوە کە شاری (مەهاباد) پایتەختی ئەو کۆمارە بووە، بە مێژوویەکی تراژیدیمانەوە دەبەستێتەوە لەم دەقەدا. دامەزراندنی کۆماری کوردستان بە ڕووداوێکی گرنگی مێژوویی لە مێژووی هاوچەرخی کورددا هەژمار دەکرێت. دەستکەوتێکی مەزن بووە بۆ گەلەکەمان. ((لەم کۆمارە بەهۆی وشەی (کۆمار) پیرۆزییەکی زێدەی وەرگرتووە. ئەم وشەیە لە هزری نەتەوەدا واتای دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەگەیەنێت.))[1] دەوڵەتی سەربەخۆ خەونی لە مێژینەی نەتەوەکەمانە. بەردەوام لەو پێناوەدا خەباتی کردووە. دامەزراندنی ئەم کۆمارە ڕۆڵێکی مەزنی هەبووە لە گەشەپێدانی هەستی نەتەوەیی لای تاکی کورد. ئەزموونێکی مێژووییە لە حوکمڕانی خۆماڵیدا، بەڵام بەداخەوە تەمەنێکی زۆر کورتی هەبووە و زیاتر لە یازدە مانگی نەخایاندووە.*

[1] - کۆماری کوردستان دوای ٦٩ ساڵ (ئاوڕدانەوەیەکی ڕەخنەگرانە) ، د.سەعدی عوسمان هەروتی، گ.رامان، ژ٢١٤، ٢٠١٥، ل١٢٦.

* ((ئینگلیز و ئەمریکا لە ڕێی یارمەتیدانی حکوومەتی مەرکەزی و ئەرتەشە سەر لەنوێ تەیارکراوەکەی شاهەنشاهی کارییان کردووە بۆ داگیرکردنەوەی کوردستان و کۆتاییهێنان بەم ئەزموون و ئازادییە نوێیە، تا سەرنجام لە ڕۆژی حەڤدەی مانگی دوازدەی ساڵی ١٩٤٦ بە داگیرکردنەوەی مەهاباد، جمهووری ڕووخاو بەهاری موکریان بووە بە خەزان و بەهەشتەکەی لێبووە بە دۆزەخ.)) دەوڵەتی جمهوری کوردستان (نامە و دۆکۆمێنت) محمود مەلا عزت، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠٣، لVI.

دامەزرێنەری ئەم کۆمارە کە پێشەوا (قازی محەمەد) بوو لە بەرواری سی و یەکی مارتی ساڵی ١٩٤٧ لە شاری مەهاباد لە سێدارە درا. ئەمە ئەو مێژووە دڵتەزێنەیە کە شاری مەهاباد بەخۆوەی ئاوێزان کردووە. بەم هۆیەوە دەبینین شاری مەهاباد بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ پەیوەست بووە بە دەقی شیعرییەوە. وەک بەهەشتێکی لەدەست چووی لێهاتووە لای شاعیران. هەتا ئێستاش لای هەندێک لە شاعیرەکانمان لە سەردەمی ئێستادا دەوترێتەوە. (مەهاباد) بۆ جوانکاری دەقەکانیان بەکاردەبەن. بەو شێوەیەی کە لە دڵ و مێشکیاندا هەیە لەنێو دەقەکانیاندا دەردەکەوێت. شاری مەهاباد لای کورد هاوشێوەی شاری (قودس)ـە لای عەرەب. بۆتە سیمبۆلێکی مێژوویی نەتەوەیی. پەیوەست بووە بە هەست و سۆزی تاک و کۆمەڵ و ڕێڕەوی مێژوویی کۆمەڵگەی کوردییەوە.

شاعیر بە شێوەیەکی ئەدەبیانە مێژووی نەتەوەکەی، ئەو زوڵم و ستەمەی کە دەسەڵاتدارانی سیاسی دەرهەق بە نەتەوەکەی کردوویانە، لەگەڵ گیانی شیعردا یەکانگیر کردووە. دەقێکی نوێی شیعری بەرهەم هاتووە، شاعیر وەکو سندوقێکی پڕ مامەڵەی لەگەڵ شوێندا کردووە. هەوڵیداوە پێکهاتەکانی ناو ئەم سندوقە لە شتومەک بخاتە ڕوو. وێنەی شوێنەکە و ڕووداوەکانی ناوی نیشان دەدات. لە سێدارەدانی پێشەوا "قازی محەمەد"، خەم و گریان و شیوەن و ڕۆرۆی کچان و دایکان، سوورهەڵگەڕانی دارو بەرد و کوچە و کۆڵانی شار بە خوێنی ڕۆڵەکانی، زوڵم و ستەمی سوپای داگیرکەر. ئەگەرچی ڕووداوەکان کت و مت بەم شێوەیە نین کە شاعیر وەسفی کردووە، بە دڵنیاییەوە کە ئەوە کاری شاعیر نییە. چونکە شاعیر وەسفی واقیع ناکات وەکو هەبووە یان هەیە، بەڵکو بەو شێوەیە وەسفی دەکات کە خۆی دەیەوێت. ڕاستە لە سێدارەدان و کوشتار ڕوویانداوە، بەڵام بەو شێوەیە نەبووە کە شاعیر وەسفی دەکات. دار و بەرد و کوچە و کۆڵانی شار بە خوێن پاراون. باس لە هەستانی جۆگەلە خوێن دەکات. ئەمەیان خوێندنەوەی شاعیرە بۆ واقیعەکە بە پێی ڕوانگە و تێڕامانی خۆی.

**١- مەرگ لە زامی مندا دەڕوێت**

چۆلەکەکان هەموو شەوێک
بۆ درەخت دەگەڕێنەوە
ئەستێرەکان ئاوا دەبن و

هەموو شەوێک
لە گۆمی ئاسمانی شیندا هەڵدەبنەوە
هەموو بەهارێک بەفر
مەمکی وشکی ڕووبار پڕ شیر دەکاتەوە
شەونم جۆگەی تینوێتی گوڵ دەخواتەوە
کەچی هەزار شەو دێ و دەڕوات
چۆلەکەیەکی چاوی تۆ
لەسەر لقێکی برژانگی چاوی مندا هەڵنانیشێت
ئەستێرەیەکی چاوی تۆ
لە ئاسمانی خەمی شەو و
مێرگی خەونی دووری مندا ناجریوێنێت
هەزار بەهار تێدەپەڕێ و
قەڵای دمدم
بۆ تاوێک بارانی تەڕ تەڕ دەناڵێنێت
گوڵی بۆتان
بۆ تنۆکێک شەونمی ڕوون
جۆگەی فرمێسک هەڵدەکەنێت                    دارستانی ئەو بنارە   ل٨٤-٨٥-٨٦

بەکارهێنانی شوێنێکی وەکو (قەڵای دمدم) شێوەیەکی سادە نابێت، واتە تەنیا ناوی شوێنەکە ببرێت، بەڵکو بەکارهێنانی لەم دەقەدا گرنگییەکی مێژوویی خۆی هەیە، چونکە ((مۆرکێکی مێژوویی پێوەیە و ڕۆژێ لە ڕۆژان خەڵکێک بەرگرییان لێکردووە و بە خوێن ڕەنگرێژییان کردووە و بە نەمری لە ویژدانیاندا ماوەتەوە. هەر ئەمەش وای کردووە بە نەمری لە مێژوودا بمێنێتەوە.))[١] ئەو مێژووەی کە قەڵای دمدم بە خۆوەی ئاوێزان کردووە نزیک نییە لە ڕۆژگاری ئێستامان، بەڵکو بۆ ڕابردوویەکی دوور دەگەڕێتەوە. بە جۆرێک لە جۆرەکان وەکو چیرۆکێکی ئەفسانەیی لێهاتووە، بەڵام ئەم شوێنە مادام شاعیران بانگی بۆ دەکەن، هیچ کاتێک لەبیر ناکرێت و لە مەترسی لەبیرچوونەوە ڕزگاری دەکەن. ((بەشێکی زۆری ئەدەبیاتی کوردی لە چیرۆک و حیکایەتی ئەفسانەیی و بەشێکیش لە بەیت و لاوک و حەیرانی خاوەن ناوەرۆکی

---

[١] - دوالیزمی شوێن لە قەسیدەی (قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور)ی حەزرەتی نالی، سەردار ئەحمەد گەردی، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ٢٢، ل٩٧.

مێژوویی جۆراوجۆر پێکهاتووە.))[١]بەیتی دمدم* لەنێو ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردیدا بابەتێکی فراوانە. لە لایەن چەندین شاعیر و دەنگبێژەوە بە شێواز و گێڕانەوەی جیاوازەوە دەوترێتەوە.

(نەوزاد ڕەفعەت)ی شاعیر زیرەکانە لە سێ دێڕی کورتدا پەرژاوەتەوە سەر ئەم بابەتە، ئەم سێ دێڕە شیعرە باسێکی مێژوویی چەند دێڕی هەڵدەگرێت.

لەنێو ڕووداوەکانی قەڵای دمدمدا شاعیر پەرژاوەتەوە سەر یەکێک لە هۆکارەکانی کەوتنی قەڵاکە ئەویش کەمبوون و نەمانی ئاوە بەهۆی وشکە ساڵییەوە، ئاماژەی بۆ قەدەرێکی ناخۆش کردووە، کە سروشت لە یاسای خۆی لایداوە. وەرزی بەهار کە

---

[١] - کورد و کوردستان، کەمال بورکای، و. عەلی فەتحی، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٢٢٥.

*{((قەڵای دمدم قەڵایەکی مێژووییە لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا لە ئێران و کەوتۆتە ڕۆژئاوای دەریاچەی (ورمێ)وە. قەڵای دمدم پێش هاتنی ئیسلام بنیاتنراوە و، دواتر لە ساڵی ١٦٠٩ بە دەستی ئەمیر خانی لەپزێڕین سەرداری برادۆست لەسەرەتاوە دروست کراوەتەوە.)) ٧:٤٤ی ١٢ی ئابی ٢٠١٤ نوێکراوەتەوە. قەڵای دمدم/ ckb. Wikipedia. Org / wiki

لەمەڕ ڕووداوی قەڵای دمدمەوە ((دوو جۆر گێڕانەوە لەبەردەست دایە، یەکیان گێڕانەوەیەک کە ئەسکەندەر بەیگ سکرتێر و مێژوونووسی سەردەمی عەباسی سەفەوی لە کتێبیی (عالەم ئارا)ی عەباسیدا باسی کردووە و ئەوەی دیکەشیان بەیتی کوردی (دمدم)ـە کە کەس یان کەسانێکی نەناسراو هۆنیویانەتەوە و لە سەردەمی سەفەوییەوە سینگ بە سینگ گێڕدراوەتەوە هەتا گەیشتۆتە ئەمڕۆ.))بەیتی دمدم و بەراوردی دوو گێڕانەوە، یونس قوربانیفەر و شەریف فەلاح، گ.رامان، ژ١٨٩، ٢٠١٣، ل٩٥.

((شەڕی دمدم شەڕێک بوو لەنێوان سەفەوییەکان و کوردە سوننەکانی دەوڵەتی عوسمانی، شەڕەکە لە تشرینی دووەمی ١٦٠٩ دەستی پێکردووە و لە هاوینی ١٦١٠ کۆتایی هاتووە. بەپێی سەرچاوەکان شەڕەکە لە ناوچەی برادۆست لە دەریاچەی ورمێ لەبەری کوردەکان ئەمیر خانی لەپزێڕین سەرکردە بووە و لە دژی ئەوانیش شاعەباسی سەفەوی و حاتەم بەگ سەرکردەی بەرەی سەفەوییەکان بوون. تا ئێستاش هیچ سەرچاوەیەکی زانستی ئاماری کوژراوانی شەڕەکەی نەسەلماندووە.))٦:٥٤ی ١٢ی ئابی ٢٠١٤ نوێکراوەتەوە. شەڕی دمدم/ ckb. Wikipedia. Org / wiki. }

*((ئاوی قەڵا لە ئەستێرێکی گەورەدا ئەنبار دەکرێت کە بەفر و بارانی ساڵ ئاوەکەی دابین دەکەن، بەڵام لای باکوورەوە لەنێو گلێدا، نزیکی قەڵا، کانییەک هەیە ئاوەکەی زۆر کەمە، ئەمیر خان جۆگەی بۆ کێشاوە و ڕێی بۆ کردووەتەوە و خستوویەتە سەر ئەستێرەکە.... لەبەر وشکە ساڵی و کەم بارانی ئاوی ئەستێرەکەی قەڵا زۆری لە کەمی دابوو، ئەوەی مابووش بۆنی گرتبوو بۆ خواردنەوە نەدەبوو، قەڵا نشینەکان لەبەر کەم ئاوی سەخڵەت ببوون و وەک ماسی نێو تۆڕ هەڵبەز هەڵبەزیان بوو.))
ww. Kurdclick.net/vb/showthread.php?t= 162612,4/22/2015, 3/7

وەرزی بارانە گۆڕاوە بۆ وەرزێکی وشک و بێ ئاوی وەک هاوین.* شاعیر لە ڕێگەی سەرەقەڵەمێکەوە، تەنیا بە ناوبردنی شوێنەکە، چەند ڕووداوێکی مێژووییمان بیر دەخاتەوە، شاعیر مێژوو دەشیعرێنێ. ڕووداوەکە بەو شێوەیەی کە ڕوویداوە دەقا و دەق باس ناکات، بەڵکو بۆی زیاد دەکات یان لێی لادەدات. ڕاستە وشکە ساڵی ڕوویداوە، بەڵام نەک هەزار بەهار باران نەبارییێ. هەست و سۆزی شاعیر، بیر و ئەندێشە، کاریگەرییان لەسەر چۆنیەتی باسکردنی ڕووداوی مێژوویی لەنێو دەقدا دەبێت.

**١- هێشتا درەختەکان سەوزن**

تۆ ڕووبارمیت
عەردیت.. پێمەوە نووساویت
چاومیت.. هەمیشە لەگەڵمایت
تۆ ئارامی و سەرهەڵدانەوەی برینمیت
خۆڵەمێش و هەڵبوونەوەی ئاگری داغی دێرینمیت
جار جار سەرم پێ هەڵدەگریت
هەندێک جاریش
لەژێر تەمی ڕۆژگارەوە.. دەتبینمەوە و
دەنگی دوعا و نزایەکی لە تاوێر بە تەمەنتر و
لە پەرستگاکان کۆنترم پێ هەڵدەبڕیت..........
ئەوەی تۆی خۆش بوێ و تیشکی
ئەستێرەی پێ بکەوێت.. دەبێت
تا دەمرێت باری نوشستی و
خەفەتی بەکۆڵەوە بێت                                        نیگەرانی ل٢٦-٢٨

شاعیر لەم دەقەدا کەسی بەرامبەر (مخاطب)، دڵدارەکەی یان هەر کەسێکی دیکە بێت، دەباتە ڕیزی کۆمەڵێک شتی پڕ بەهاوە. لەوانەش (عەرد- ڕووبار- چاو). چاو ئەندامێکی گرنگی جەستەی مرۆڤە. (عەرد- ڕووبار) کە دیوەکەی دیکەیان (خاک-

---

[١] - * ئەم شۆڕشە بەناوی ئەو شوێنەی کە تێیدا سەری هەڵداوە ناونراوە. ((شۆڕشی ئاگری کە لە ساڵانی (١٩٢٧-١٩٣٠)دا لە چیای ئاگری و دەوروبەری هەڵایسا، بە ئەزموون و سەرکردایەتی ڕێکخراوی خۆیبوون دێتە گۆڕێ.)) خۆیبوون و شۆڕشی ئاگری، ڕۆهات ئالا کۆم، و.شوکور مستەفا، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٠،ل٤٩.

ئاو)ـە، دوو شوێنی زیندەگین. ژیان بەبێ ئەوانە ئەستەمە. لەم نێوەندەدا شوێنێک لە خەیاڵی شاعیردا لە هەست و سۆزی شاعیردا توانیویەتی خۆی بگەیەنێتە ئاستێک کە هاوتا و هاوسەنگە لەگەڵ شتە پیرۆز و خۆشەویستەکان لای شاعیر ئەویش (ئاگری داغی)یە. (ئاگری) ناوی چیایە لە باکووری کوردستان. (داغ) وشەیەکی تورکییە و بە واتای (چیا) دێت. (ئاگری داغی) واتە چیای ئاگری. ئەم بەها پیرۆزەی کە شوێنێکی وەک (ئاگری داغی) لای شاعیر هەیەتی، بۆ پاشخانە مێژووییەکەی دەگەڕێتەوە. ((چەشنێکی دیکەمان هەیە لەبارەی شوێنی مێژوویی ئەویش شوێنێکە بەسەر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییدا بە دۆخێکی زەمەنی یان مێژوویی دیاریکراودا ڕەنگ ڕێژ دەکرێت لە پاراستن و چاودێرکردنیدا، کە وای لێ دەکات ئەو شوێنە لە ویژدانی ئەو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییەدا بە نەمری بمێنێتەوە، پێش ئەوەی نەمر بێت لەنێو مێژووی خۆیدا. زۆربەی جار ئەو جۆرە شوێنانە لەکاتی جەنگە نەتەوەییەکاندا دروست دەبێت بە تایبەتی جەنگە نارێکخراوەکان، واتە ئەو سوپا نارێکخراو و هەرەمەکییانەی لەلای هەندێ لەو میللەت و نەتەوانەدا هەیە بەهۆی وەبەرهێنان و خاسیەتی شوێنە جوگرافییەکەی، بە تایبەتی لە چیا و ئەشکەوتەکان کە ئەمەیان دەبێتە هۆکارێکی یارمەتیدەر لە جەنگە پارتیزانییەکان.))[1] شۆڕشی ئاگری *[2] کە یەکێکە لە شۆڕشە گرنگەکانی کورد، دەبێت بە بابەتی هێندێ ئەدەبیاتیش.

شوێنەکە لە شوێنێکی ماددی جوگرافی دیاری کراوەوە گۆڕاوە بۆ شوێنی شەڕ و شۆڕ و کوشت و کوشتار کە هەڵگری ڕەهەندێکی مێژوویی کۆگاکراوە بە مێژووی گەل و نەتەوەوە. پاشخانی شوێن بەم مێژووە دڵتەزێنەوە کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر چۆنیەتی دەرکەوتن لەنێو دەقدا. ئەم مێژووە وای کردووە (چیای ئاگری) بچێتە ڕیزی کۆمەڵێک شتی پڕ بەهاوە.

**٢- سێ باران**

گیانە ئاوی دەریا دیسان

بۆ نساری شاخ هاتەوە

---

[1] – البناء الفني في الرواية العربية في العراق، شجاع مسلم دغيم العاني، رسالة دكتوراه، جامعه بغداد، كلية الاداب، اداب اللغة العربية، ١٩٨٧، ص٣١٦.

[2] - * سەرهەڵدانی ئاگری وەکو زۆربەی سەرهەڵدانەکانی دیکەی کورد نەگەیشتە قۆناغی ڕزگاری. ((شۆڕشی ئاگری لە ساڵی ١٩٣٠ دا بە شێوەیەکی زۆر تەواو عەیار سەرکوت دەکرێ.... شۆڕشگێڕانی شۆڕشی ئاگری بە مەرگ مەحکوم کران.))سەرچاوەی پێشوو ل٤٩- ٥٦-٥٨-٦٠.

باران نم نم

بۆ گوڵووک و باخ هاتەوە

خۆر بۆ ئاسۆی کەونارای جاران هاتەوە

تا سالم-یش ڕێگای گرت و

بۆ خاکی بابان هاتەوە

تۆ کەی بۆ لای من دێیتەوە؟

تۆ کەی بۆ لای من دێیتەوە؟ پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە ل١٥٨

شاعیر لەنێو کەشی بەیەکگەیشتن و بەیەک ئاشنابوونەوەی شتەکاندا، ئاماژەی بە بەیەکگەیشتنی دوو سیمبۆلی مێژوویی (کەسایەتی- شوێن) کردووە. (سالم)ی شاعیر بەهۆی شیعرەکانییەوە مێژوویەکی بۆ خۆی دروست کردووە. خاکی بابانیش پاشخانێکی مێژوویی هەیە. ((ئەو شوێنەی کە بۆنی سەدە و نەوە و ڕابردوویان لێدێت.))[١] دەمانگێڕێتەوە بۆ ڕۆژگارانی زوو بۆ ئەو سەردەمانەی کە کورد لە چوارچێوەی میرنشیندا نیمچە دەسەڵاتێکی خۆ بەڕێوەبردنی هەبووە.

شاعیر پەیوەندی نێوان کەسایەتی (سالم) و شوێنی (خاکی بابان)ی وەکو پەیوەندی نێوان دوو خۆشەویست پیشانداوە. خاکی بابان زێدی (سالم)ی شاعیرە و لەوێدا چاوی بە دنیا هەڵێناوە، بەڵام هەموو زێدێک پاشخانی مێژوویی نییە، پاشخانی مێژوویی خاکی بابان بۆ دامەزراندنی میرنشینی بابان دەگەڕێتەوە. میرنشینی بابان*[٢]

---

[١] - الفظاء الروائي عند جبرا ابراهيم جبرا، ابراهيم جنداری، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ٢٠٠١، ص١٢١.

[٢] - * میرنشینی بابان ((قەدیمترین و بەهێزترین میرایەتی باشووری کوردستان بووە. لە کتێبی شەرفنامەدا باسی ڕیفۆرمی نوێ دەکرێت کە میرانی ئەو دەسەڵاتدارییە لە بارەی حوکمڕانی و ئیداریدا بە ئەنجامیان گەیاندبوو.)) کورد و کوردستان، کەمال بۆرکای، و عەلی فەتحی، ل٣٦٤. ((بنکەی قەڵەمڕەوی بابان لە سەرەتادا (دارەشمانە) بووە کە دەکەوێتە نێوان شارەکانی قەڵادزە و سەردەشتی ئێستاوە، وەکو دەڵێن ماوەیەکیش لە (ماوەت) و ئینجا لە (قەڵاچوالان) بووبێت. دواتر ئێجگاری ناوەند و پایتەختی قەڵەمڕەوییەکەیان لە ساڵی ١٧٨٤زاییینیدا هێنایە (سلێمانی)ی ئێستا.)) میرنشینی ئەردەلان- بابان- سۆران لە بەڵگەنامەی قاجاریدا (١٧٩٩-١٨٤٧)، محەمەد حەمە باقی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢، ل٤١.

وەکو ئەستێرەیەکی پڕشنگدارە لە ئاسمانی مێژووی کورددا دەدرەوشێتەوە. ئەوەی زیاتر مێژووی ئەم میرنشینەی پرشنگدارتر کردووە، دروستکردنی شاری سلێمانی بوو. ئەم شارە مەڵبەندی ڕۆشنبیری بووە. چەندین زانا و کەڵە شاعیری لێ هەڵکەوتووە. بەردی بناغەی قوتابخانەی شیعری کلاسیزمی کوردی بە زاری کرمانجی ناوەڕاست لەم شارەدا دانراوە. ئەم شوێنە بەڵگەیە لەسەر شارستانییەت و هێز و دەسەڵاتی نەتەوەیی کورد لە ڕابردوودا. بەم شێوەیە شاعیر ئەو ڕاستییە مێژووییە ئاشکرا دەکات کە خاکی بابان بەهۆی تایبەتمەندییەکانییەوە ئەوساش و ئێستاش، شوێنێکی خۆشەویست بووە لای دانیشتوانەکەی. هەروەها ناهێڵێت ئەوە لە بیر خوێنەر بچێتەوە کە سالم، شاعیری میرنشینی بابان بووە و سەر بە میرنشینەکانی دیکە نەبووە، یاخود سالم شاعیرێکی هاوچەرخ نەبووە. ((خوێنەر ئەو هەڵگرە مێژووییانە وەردەگرێت کە لەنێو دەقەکەدا دروست کراوە لە لایەک و ئەو هەڵگرەش پەخش دەکاتەوە لە لایەکی دیکەوە. سوود لەو کۆگا مێژووییە گشتییە و کەسایەتییە وەردەگرێت. خوێنەر بە هەستە قووڵ و ڕەخنەییەکەیەوە درک بەو پەیوەندییە دروست بووەی نێوان شاعیر و مێژوو دەکات.))[١]

**٣-ڕەهەندی ئەفسانەیی**

ئەفسانە چەمکێکی بەیەکاچوو و ئاڵۆزە. هەر ئەفسانەیەک هەڵگری چەندین شیکردنەوە و توانای تێگەیشتنی جیاوازە. ((ئەگەر لە ڕوانگەی تێڕوانین لێکدانەوەی میسۆلۆژیستە نوێیەکانیشەوە سەیری دەور و نرخی ئەفسانە بکەین، دیسان دەبینین جیاوازییەکی گەورە لە نێوان نرخاندنیان بۆ ئەفسانەی دنیای کۆن بەدی دەکەین، هەندێک لەوانە وەک چیرۆک و داستانێکی وەهمی پایە نزم و کەم نرخ سەیری ئەفسانە دەکەن و هەندێکیشیان لەو باوەڕەدان کە ئەفسانەی دنیای کۆن، یەکێک لە کردارە هەرە گەورەکانی ئادەمیزاد دەنوێنێت و دروستکردنێکی سروش بەخشی عەقلێ شاعیرانەی بەهرەدارە.))[٢] لە بواری ئەدەبیشدا ((ئەدیب و لێکۆڵەرانی ئەدەبیش لە ڕوانگەی ئەدەبییەوە ئەفسانە پێناسە دەکەن و بە چاوی ئەدەبەوە لە ئەفسانە دەڕوانن.

---

[١] - جماليات المكان في الشعر الجزائري المعاصر، محمد الصالح خرفي، ص١٥٢.

[٢] - ئەفسانە لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا،کەریم شارەزا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری،هەولێر،٢٠٠٥، ل٨.

ڤیکتۆر شکلۆڤسکی نەک هەر تەنیا ئەفسانە بە شیعر دەزانێت، بەڵکە لای وایە کە ئەفسانە شێوەی یەکەمی شیعرە.))[١]

ئەوەی کە شیعر بە ئەفسانە دەبەستێتەوە ئەو سەرچاوەیەیە کە هەردووکیان لێوە هەڵدەقووڵێت ئەویش خەیاڵە. ((بە پێی لێکدانەوەی ئەفسانە لە ڕێگەی شیکردنەوەی سایکۆلۆژییانە کە دەڵێت: ((ئەفسانە وەک خەون وایە و جۆرێکە لە دەربڕینی ئارەزووی هەڵچووی (لاشعوری) شاردراوە.))[٢] ((شیعریش دەربڕی خەیاڵە))[٣] بەم شێوەیە شیعر و ئەفسانە لە یەک نزیک

دەبنەوە و ئاوێتەی یەکدی دەبن، هەندێک لە لێکۆڵەرەوان شیعر بە ئەفسانە دادەنێن. ((ڕێگادان بە شیعر، شیعری هاوچەرخ، واتا ڕێگادان بە ئەفسانە بە واتای ڕێگا خۆشکردن بۆ ئەفسانە.))[٤]((شیعر بەرەو دەربڕینی ئەفسانەیی دەڕوات تا خۆی دەبێت بە ئەفسانەیەکی تازە.))[٥]

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین ئەوە داهێنەرە کە ڕۆڵی هەیە لە ئاراستەکردنی شیعر بە ئاقاری ئەفسانەدا، ((دەبێت ئەو ڕاستیەش بڵێین کە شاعیر ئینسانێکە ئەفسانە تایبەتییەکانی خۆی بە هەموو بەهرە و سروش و هێزە ئەندێشە دروستکەرەکانییەوە دەخولقێنێت، ئەم هێزەش نە لە شەیتان و نە لە خواوەندی شیعر و نە لە ئاسمانەوە بۆ دێت، بەڵکو لە دەروونی خۆیەوە بۆی هەڵدەقووڵێت و هەر ئەمەشە سەرچاوەی ئەفسانە و هەر ئەمەشە بێئاگایی (لاشعور).))[٦] لێرەدا پێویست ناکات بە قووڵی بچمە نێو بابەتی ئەفسانەوە، بابەتی لێکۆڵینەوەکەم ئاوڕ لە ئەفسانە ناداتەوە وەکو دیاردەیەکی هونەری شیعری سەربەخۆ، بەڵکو لە پەیوەستی شوێن بە ئەفسانەوە دەکۆڵێتەوە. چ کاتێک شوێن ڕەهەندی ئەفسانەیی وەردەگرێت. ئەو کاتەی کە شوێن بە ڕووی کۆمەڵێک پاڵەوان یان کەسایەتی ئەفسانەیی وەکو ((پەری، فریشتە، لاکەرتک،

[١] – گەڕان بەدوای نەمریدا، مەولود ئیبراهیم حەسن، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ل٣٢.

[٢] – دراسات في الفلكلور، د.احمد ابوزيد وجماعتة، القاهرە، ١٩٧٢، ل١٣.

[٣] – بینای وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا، هاوژین سلێوە عیسا، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٣١٨.

[٤] – افلاطون والاسطورة، د. محمد عباس، دار التنوير للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، ٢٠٠١، ص٥٩.

[٥] – ڕەهەندی ئەفسانەیی لە شیعرەکانی (نەوزاد ڕەفعەت)دا، بێریڤان صەمەد حەوێز، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی زمان- هەولێر، ٢٠١١، ل٩٨.

[٦] – فن الشعر، د.احسان عباس، بيروت، ١٩٥٩، ص١٥٨.

مرۆڤی سەرحەیوان، یا حەیوانی سەر مرۆڤ و.... زۆری تر.))[1] یان بە ڕووی ڕووداو یان کردە تێپەڕ (خارق)ـەکانی وەکو ((چوونە ئاسمان، چوونە ژێر زەوی، دروستکردنی کۆشکێک لە خشتی زێڕ و زیو لە یەک شەودا، بە بەردکردنی مرۆڤ لە چاو قووچانێکدا،...زۆری تر.) )[2] شوێنەکە دەبێتە شوێنێکی ئەفسانەیی ((شوێنی ئەفسانەیی: ئەو شوێنەی مرۆڤ تێیدا نە پیر دەبێت و نە دەمرێت و نە کار دەکات و زۆر جۆری تر.))[3]

((شوێن ئەو وێنە سەرەکیەیە کە هەموو کەشە واتاییەکان بە دەوریدا کۆدەبێتەوە.))[4] ڕەهەندی ئەفسانەیی شوێنیش لە کرانەوەی شوێن بە ڕووی هێما ئەفسانەییەکانی وەکو کەسێتی یان بیر یان کاری ئەفسانەییدا سەرچاوە دەگرێت. شوێن لە هەندێک لە دەقەکانی نەوزاد ڕەفعەتدا ڕەهەندی ئەفسانەیی هەیە.

شاعیر سوودی زۆری لە ئەفسانەی بیانی (سۆمەری- یۆنانی) و ئەفسانەی خۆماڵی بینیوە. شاعیر بە پشت بەستن بە بۆماوە ڕۆشنبیرییەکەی، کەرەستە ئەفسانەییەکانی وەکو کەسایەتی یان ڕووداو یان بیرۆکەی لەو ئەفسانانە وەرگرتووە و لەنێو بینای چامەیەکەیدا بەکاری هێناوە. هەروەها هەندێک جار شاعیر بۆ خۆی ئەفسانەی نوێی خوڵقاندووە. ((عەقڵی شاعیر لە بنەڕەتدا عەقڵێکە کە ئەفسانە دروست دەکات.))[5] هەندێک لە ڕەخنەگران ئەرکی داهێنەر لەوەدا دەبیننەوە ((هەر ئەوەشە ئەرکی شاعیری نوێکار، یان ئەفسانە دادەڕێژێتەوە یان ئەفسانەی نوێ دەخوڵقێنێت))[6] بەم شێوەیە لەم جۆرە دەقانەدا شوێن بۆتە دەفرێک واتا ئەفسانەییەکانی تێدا کۆبۆتەوە.

### ١- شکان

نەڕۆینە دەرەوە

پێش دەرگا دۆزەخە

---

[1] – گەڕان بەدوای نەمریدا، مەولود ئیبراهیم حەسەن، ل٢٤.
[2] – سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤.
[3] – سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤.
[4] – دلالات المكان في الشعر الفلسطيني المعاصر بعد ١٩٧٠، جمال مجناح، ص٣٨٠.
[5] – الاسطورة في الشعر العربي، د. يوسف حلاوي، ط١، دار الحداثة، لبنان، ١٩٩٢، ص٣٩.
[6] – ئەفسانە لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، کەریم شارەزا، ل١١١.

بچینە دەرەوە

بروسکەی خواوەند چۆڤ دەتخوات

شەپۆلی توورەیی خواوەندە نپتیۆن دەتنێژێت

کالبسۆ-ی بووکی ئاو دەتگرێت

هاوار بەزەیی مێنرڤا داد نادات

بچینە دەرەوە

لە شۆستە و

بن دیواری شارێکدا دەتۆپیت

کەس لاشەی گەنیوت هەڵناگرێت پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە ل٢٦٣

شاعیر وێنەی شوێنێکی بۆ کێشاوین کە هاوشێوەی لە واقیعدا نییە. شوێنێکە تەنیا لە نێو ئەفسانەکاندا دەیبینینەوە، ئەو ڕووداوانەی کە ڕوودەدەن، ئەو پاڵەوانانەی کە ئامادەگییان هەیە، ئەستەم دەبێت ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ ئەوەی کە لە ژیانی واقیدا ڕوودەدات. (چۆڤ، نبیتۆن، کالبسۆ، مێنرڤا) ئەمانە ئەو کەرەستە ئەفسانەییانەن کە شاعیر بە سوود وەرگرتن لە ئەفسانەی گریکی لە دەقەکەیدا تەوزیفی کردووە.

دەرکەوتنی ئەو هێما ئەفسانەییانە لە شوێندا، وێنەی شوێن لە واقیعەوە بۆ ئەفسانەیی دەگۆڕێت، چونکە شوێن لەنێو دەقدا ((کارلێکی نێوان دەرهاویشتە ستاتیکییەکان و چەمکە جۆراوجۆرەکانە. جۆرە کەلتوورێک دەخاتە ڕوو، جیهانی شوێن بۆ جیهانێکی دەلالی و واتایی دەگۆڕێت، ئەمەش کاریگەری بەسەر بەرهەمهێنانی واتا و دەرهاویشتەکانیدا دەبێت.))[1]

شاعیر وێنەی شوێنێکی ترسناکی بۆ کێشاوین. ئاماژەی بە چەند خواوەندێک کردووە کە ڕەمزی شەڕن. هەروەها ئاماژەی بە دیاردەیەکی ترسناک کردووە باس لەوە دەکات کە هەر کەس بچێتە دەرەوە ئەوا ڕووبەڕووی مەرگ دەبێتەوە تەنانەت بە شێوەیەکە کە کەسیش نییە لاشەکەی هەڵگرێتەوە.

---

[1] - دلالات المكان في الشعر الفلسطيني المعاصر بعد ١٩٧٠. د.جمال مجناح، ص٨٦.

شاعیر سوودی لە کەرەستەی ئەفسانەیی بینیوە و وێنەی واقیعە مەترسیدارەکەی سەردەمانی رژێممان پیشان دەدات کە لە بەر گرتن و ئازاردان خەڵکی نەیانتوانیوە لە ماڵ بڕۆنە دەرەوە.

## ٢- جەزبەی پیران

شەو کە بەدەم شەونخوونی و لە گەردوون وردبوونەوە

بە خەیاڵمدا دێتەوە و بیر لە چاوە دەریاکانی دەکەمەوە

پێم نەنگە چۆن خواوەند ئەفرۆدۆتی شەنگ

لە ئاست ڕەشە ڕاوی کێوی و مامزاندا

هەتا نهۆ

کڕ و بێدەنگ

دەستە و ئەژنۆ ڕاوەستاوە!

چۆن قامچییەکی نەفرەتی بوون بە بەردی

لە دڕندە و ڕاوچی و پاشایەک نەداوە! پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە ل١١٦

ئەم دەقە یەکێکە لەو دەقانەی کە شوێن بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەرنەکەوتووە. (دەرکەوتن و دەرنەکەوتنی شوێن لەنێو دەقدا بابەتێکە کە لە بەشی یەکەمدا لە تەوەری (شوێن وشیعر)دا ئاماژەی بۆ کراوە). شاعیر لەم دەقەدا باسێکی ئەفسانەیی وروژاندووە. کەسایەتییەکی ئەفسانەیی (ئەفرۆدیت) کە شاعیر بە (ئەفرۆدۆت)*[١] بە

[١] * ((لە ئەفسانە یۆنانییەکاندا خواژنی (الهه) خۆشەویستی و شەهوەت و جوانییە. یەکسان دەبێتەوە بە (ڤینۆس) لە ئەفسانەی ڕۆمانییەکاندا. سەبارەت بە لە دایک بوونی ئەم خواوەندە ئەفسانەکە دەڵێت کە (کورونوس) هەستا بە برینی ئەندامی زاوزێی (ئۆرانۆس) و فڕێی دایە ناو ئۆقیانووسەوە، بووە هۆی دروست بوونی کەف و گلۆپە aphro بەسەر ئاوەکەوە. دواتر ئەفرۆدیت بە تەواوی پێکهات، وەکو لوئلوئەیەک لەنێو گوێچکە ماسیەکدا لەو پەڕی جوانیدا دەرکەوت. هەر لەو کاتەوە گوێچکە ماسی کراوە بە سومبۆلی ئەم خواوەندە.)) ناوی تەواوی خواوەندەکە (ئەفرۆدیت)ـە، بەڵام شاعیر برگەی (دیت)ی بە (دۆت) گۆڕیوە. (دۆت، دوێت) ل هەندێک لە شێوەزارەکانی زمانی کوردیدا بە واتای (کچ) دێت. واتە شاعیر شێوەیەکی کچانەی بە وشەک بەخشیوە.

ar.wikipedia.org.wiki/ افرودیت/page1/1,5/28/2015.

کاریهێناوە بەهۆی کەرەستەیەکی ئەفسانەییەوە (قامچی نەفرەت)کارێکی ئەفسانەیی (بە بەردکردن) کردووە.

شاعیر ئەفسانەی کردووە بە دەمامکێک و لە پەنایدا ئەوەی دەیەوێت گوزارشتی لێدەکات. مەبەستی شاعیر لە دڕندە و ڕاوچی ئەو کەسانەن کە زوڵم و ستەم بەرامبەر بە کچان ئەنجام دەدەن ئەو شوێنەی کە شاعیر تێیدا دەژی شوێنێکە کە ئافرەت نەیتوانیوە بە مافە رەواکانی بگات. هەمیشە لەژێر زوڵم و ستەمی رەگەزی بەرامبەر چەوساوەتەوە.. یەکێک لە مەبەستەکانی بەکارهێنانی ئەفسانە لای شاعیران ((شاعیران چارەسەری بابەتی سیاسیی و کۆمەڵآیەتی و واقیعیەکانیان پێکردووە.))[1] شاعیر ئەفسانەی بۆ مەبەستی دەربڕینی ململانێی نێوان هێزی خێر و شەڕ بەکارهێناوە. دەخوازێت خواوەندی خۆشەویستی و جوانی دەستبەجێ هێزی شەڕ و خراپەکاری لەناو ببات. ((ئەفسانە لاساییکردنەوەی ئەو کردارانەیە کە ئارەزووەکان گوزارشتی لێ دەکەن.))[2] دەرکەوتنی هەر یەک لە کەسایەتی و کار و بیری ئەفسانەیی، لە (شوێن)دا پێک دێت، (قوام دەگرێ). شوێنیش ناتوانێت سەربەخۆبێت لەو دیاردە ئەفسانەییانە. تایبەتمەندی و خاسیەتی شوێن لەم دەقەدا بەو وێنە ئەفسانەییانەی کە تێیدا لەدایک بووە، دیاری دەکرێت. شوێنێکی ئەفسانەیی ئامادەگی هەیە. دەکرێت چەندین وێنەی خەیاڵی دیکە لەخۆ بگرێت. ڕەنگە هیچ کات ڕۆژی لێ ئاوا نەبێت یان مرۆڤ وەکو باڵندە بفرَێت یانیش گیاندارەکان لەگەڵ مرۆڤدا ئاسایی قسە بکەن. ئەمانە و چەندان وێنەی ئەفسانەیی دیکە، ئەو خەسڵەتانەن، کە (شوێن) لەم دەقەدا دەکرێت هەڵگری بێت، چونکە شوێنێکی ئەفسانەییە.

**٣- فریادڕەس**

ئێرە کێوی قافە قوربان

هەموو پەرییەکان خوراون

ئێرە کەڕوڵاڵ نشینە

گشت هوزار و سترانبێژەکان تۆراون

---

١- دلالات المكان في الشعر الفلسطيني المعاصر بعد ١٩٧٠. د.جمال مجناح، ص٣١

[2] - ئەفسانە و ئەدەب، د.رانیا سەمارە، و.حسێن سابیر عەلی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٨. ل٣١.

ئێرە جیهانی تاریکی سەرەوەیە

هەموو مانگەکان گیراون

تەواو... تەواو...

مارەکان گیاکەیان دزی

گلگامش-یش بۆ خۆی لە تاوان گیانی دا

ئینانا- لە بەردەروازەی حەوتەمیندا

خشل و مەمک و کچێنی لەبەر داماڵرا

یەک جوللانە بۆ دڵدارەکان نەماوە

پەپوولەی ساکار چوزانێت لە تیشکی مردن ئاڵاوە    پەرییەکان هەڵدەفرێنمەوە ل٢٤٥

شوێن لە سێ ڕێگەوە بە ڕووی ئەفسانەدا کراویە لەم دەقەدا. لە ڕێگەی یەکەمیاندا شاعیر هێمایەکی ئەفسانەیی بەکارهێناوە و هیچ بوارێکی بۆ شوێنی واقیعی نەهێشتۆتەوە. سەرتاپا شوێنی واقیعی لە شوێنێکی ئەفسانەی وەکو (کێوی قاف)*[1] دا تواندۆتەوە. کێوی قاف لەنێو ئەدەبیاتی کوردیدا، شوێنێکی دوورە، مەڵبەند و نیشتمانی دێوانە.

ئەم لێکچواندنە مەبەستێکی لە پشتەوەیە. ئەم هێما ئەفسانەییە (کێوی قاف) لە پەیوەندی بە واتای جۆراوجۆرەوە بەدەر نییە. شاعیر سەرکەوتووانە ئەفسانەی بۆ مەبەستی پیشاندانی ئەو واقیعەی کە تێیدا دەژی، بەکارهێناوە. ئەمە ناڕەزایەتییەکانی شاعیر بەرامبەر بەو شوێنەی کە تێیدا دەژی، دەردەخات. ڕژێم و سیخوڕەکانی کە وەک سەگی هار بەربوونەتە گیانی خەڵکی بێتاوان و نیشتمانپەروەر، شوێن لای

* کێوی قاف (کێوێکی ئەفسانەیی سەخت و بڵندە. دەوترێت لەمسەر بۆ ئەو سەری زەوی داپۆشیوە. خۆر لە پشتی ئەم کێوەوە هەڵدێت. لە ئەفسانەکاندا هاتووە کە خۆر، (شەو) لە چاڵێکدا لە پشتی کێوی قافدا دەشارێتەوە. لە کێوی قافدا هیچ مرۆڤێک ناژی. تەنیا شوێنی نیشتەجێبوونی سیمرغ و عنقایە. لێکۆڵەران پێیان وایە کە دروست بوونی ئەم ئەفسانەیە لە ناو شوێنی زنجیرە چیاکانی قەفقاسەوە ئیلهامی گرتووە.))

fa; wekipidia. Org/wiki/ / page1-2/2,5/28/2015.

شاعیر دەبێژێنێت. واتە ئەفسانە لەم دەقەدا پارێزگاری لە ئەرکی (دەمامک) یان پاشخانی هێماگەری کردووە.

لە ڕێگەی دووەمیاندا شاعیر بە ئەندێشەی قووڵی و بەهرەی شاعیری خۆی شوێنێکی ئەفسانەیی خوڵقاندووە. دیسانەوە شوێنی واقیعی بە شوێنێکی ئەفسانەیی کە بۆ خۆی خوڵقێنەریەتی، چواندووە. ڕووداوە نەخوازراوەکان شوێنەکەیان لە پێش چاو تاریک کردووە. چواندنی شوێن بە جیهانی تاریکی دەلالەت لە بێزاری شاعیر لە شوێن دەکات. دەلالەت لەوە دەکات کە ئەو شوێنە مەترسیدارە هەموو چەمکە ناشیرین و نەخوازراوەکانی تێدا کۆبووەتەوە، شوێنێکە کە تەواوی دانیشتوانەکەی کەڕولاڵن، ئاسمانەکەی لە (مانگ)ێک زیاتری هەیە و هەموویان گیراون. شوێنێکە هەڵگری تایبەتمەندی ئەفسانەییە. شوێنێکە لە ئەفسانەدا نەبێ لە هیچ کوێی دیکەدا نابینرێ. ((هەموو شتێک دەشێت لە هەقایەتی ئەفسانەییدا ڕووبدات.))[1] شوێن کارلێکی نێوان چەمکە جۆراوجۆرەکانە، ڕەهەندی ئەفسانەیی شوێن لە ڕێگەی ئەو وێنە ئەفسانەییانەی کە تێیدا لە دایک بووە، سەرچاوەی گرتووە.

لە کۆتاییدا دەبینین شوێن بە ڕووی ئەفسانەی سۆمەریدا کراوەیە. لە کەش و هەوای ئەفسانەی سۆمەریدا خوڵقێنراوە. ئەفسانەی گلگامش ((ئەفسانەیەکی زۆر کۆنی سۆمەریەکانە. کۆنترین و تەواوترین و گرنگترین نموونەی پاڵەوان و چیرۆکی گەڕانە بەدوای نەمریدا، کە پاڵەوانەکەی گلگامش دوو بەشی لەشی خواوەند و بەشێکی مرۆڤە. باس لە زۆر کێشەی مرۆڤایەتی دەکات کە ئەمڕۆ وەک دەقێکی ئەدەبی ئەفسانەیی مێژوویی جیهانی لەبەردەستە.))[2] بیری نەمری بیرێکی ئەفسانەییە، چونکە هیچ مرۆڤێک نییە تامی مردن نەچێژێت، بەڵام مرۆڤ ئەو ئارەزووانەی کە لە واقیعدا بۆی دەستەبەر نابێ، لە ئەفسانەکاندا دایدەڕێژێتەوە. ((ئەفسانەکان یارمەتیدەرن بۆ پەنجە خستنە سەر ڕەهەندی واقیعی و مرۆڤایەتی و هاتنەدی چالاکی ئەرکی هێمایی خەیاڵ.))[3] کۆمەڵێک هێمای ئەفسانەیی دەرکەوتووە لەم دەقەدا.

سەرچاوەی ئەفسانەکان ڕۆژهەلاتی بن یان ڕۆژئاوایی، لە گەوهەردا ڕەنگدانەوەی بیرۆکەی مرۆڤە بۆ شرۆڤەی دیاردەکانی گەردوون. شوێن لێرەدا دەچێتە خانەی

---

١- ئەفسانە و ئەدەب، د.رانیا سەمارە، و. حسین سابیر عەلي، ل٣٢.

[٢] - داستانی گلگامش، ئەحمەد شاملۆ، و.ئیدریس شێخ شەرەفی، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٤، ل١٣٣.

[٣] - ئەفسانە و ئەدەب، د.رانیا سەمارە، و.حسێن سابیر عەلی، ل٢٠.

شوێنی ئەفسانەییەوە. شاعیرسوودی لە کۆمەڵێک کەرەستەی ئەفسانەیی بینیوە و هەوڵی داوە لە ڕێگەیانەوە گوزارشت لەو واقیعە بکات کە تێیدا دەژی.

# ئەنجامەکان

## ئەنجامەکان

دەکرێ گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە پێیگەیشتووین لەمانەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە:

١- شوێن لە شیعردا، هزر و هەستەکانی شاعیری تێکەڵ دەبێت. جیاوازە لە شوێنی واقیعی لەنێوان (خود) ی داهێنەر و (شوێنی واقیعی)دا شوێنێکی جیاواز دەردەکەوێت.
٢- شوێن چەمکێکی ڤاڵا نییە، بەڵکو بارگاوییە بەو شتە ماددییانەی پەیوەندییان پێیەوە هەیە. هەڵگری کەلتوور و مێژووە. شوێن ناسنامەی کۆمەڵایەتی و نیشتمانی دیاری کردووە.
٣- شوێن بە تەنیا پانتاییەکی جوگرافی یان ڕووبەرێکی ئەندازەیی نییە. مرۆڤ هیچ کات وابەستەی شوێنێکی ڕووتی جوگرافی نابێت، بەڵکو شوێن کارلێکی نێوان چەمکە جۆراوجۆرەکانە. کۆمەڵێک شتە، کۆمەڵێک ڕووداوە. کۆمەڵێک کەسایەتییە. دەربڕین لە شوێن دەربڕینە لە تایبەتمەندییەکانی بابەتە ماددییەکان. سۆزی مرۆڤ بۆ شوێن، سۆزی مرۆڤە بۆ شتە ماددییەکانی ناو شوێن.
٤- شوێنی سەردەمی منداڵی یان شوێنی زەمانی ڕابردوو، ڕۆڵی پاڵەوان دەگێڕێت لەنێو شوێنەکاندا. شاعیر لە زۆر لە دەقەکاندا تەرکیزی خستۆتە سەر پانتاییەکی گەورەی لە دەقەکاندا داگیر کردووە. ئەم شوێنە ڕەنگدانەوەی سۆز و خۆشەویستی و ژیانە.
٥- شوێن لە دەقەکاندا وەکو بەڵگەیەکە دەربڕین لە تێڕوانینی نووسەر لەبەرامبەر بە واقیع و ژیان دەکات. ڕەنگە گرنگترین ئەنجام لێرەدا باسی بکەین ئەوەیە کە پەیوەندی بە ڕوانینی بەشێکی زۆر لەو دەقانەوە هەیە کە لە لێکۆڵینەوەکەدا شیکارکراون. ئەم ڕوانینەش بەردەوام لە هەستکردن بە لەدەستدانی شوێنی گەرم و گوڕ و گیرسانەوە لە شوێنی تەواو جێی نارەزامەندیدا کورت دەبێتەوە. لە دەقەکاندا شوێن بەدەنگ هاتووە، بە دەنگێکی ئاشکرا پێمان دەڵێ کە شاعیر لە شوێنی ئێستادا ناجێگیرە. دەقەکان بەردەوام سیستەمی شوێنی ئێستا ڕەتدەکەنەوە و بەدوای شوێنی ڕابردوو یان شوێنی سەردەمی منداڵیدا دەگەڕێن، چونکە لەگەڵ ئەو ئارەزووانەدا گونجاوە کە لە دڵی شاعیردایە. ڕاکردن لە شوێنی ئێستا و هانابردن بۆ شوێنی ڕابردوو لە تایبەتمەندییە هەرە گرنگی دەرکەوتنەکانی شوێنە لە لای نەوزاد ڕەفعەت.

٦- شوێنی لەدەستچوو بەهۆی چەند وێنەیەکی جۆراوجۆرەوە لە پێکهاتەیەکی زمانەوانیدا زیندووکراوەتەوە. شوێن هاوڕێیەکی نزیکی یادگەی شاعیرە. شاعیر نەیتوانیوە خۆی لەژێر هەژموون و دەسەڵاتی شوێندا ڕزگار بکات، تەنیا بە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی شوێن لە شیعردا نەبێت.

٧- شاعیر کاتێک هەستی بە لەدەستدانی شوێن کردووە، هەوڵی داوە بە سروشتەکەی قەرەبووی بکاتەوە. بۆیە ئەو کاتانەی کە حەسرەتی بۆ شوێنی لەدەستچوو هەیە، هەمیشە وێنەی سروشتەکەی کێشاوە. وێنەگرێکی بە توانای دیمەنەکانی سروشت بووە.

٨- بەخەبەرهێنانی هەندێک شوێن لەنێو دەقدا بەهۆی ئەو پاڵنەرە دەروونییەوەیە کە شاعیر پێیدا تێپەڕیوە. دەبینین شوێن لە ڕێگەی هەست و سۆز و هەڵچوونەکانییەوە فۆرمی گرتووە.

٩- ڕووداوەکان (سیاسی، نەتەوەیی، کۆمەڵایەتی) کە لە شوێندا ڕوودەدەن، دەسەڵات و ڕۆڵیان هەیە لە دیاری کردنی واتا و ڕەهەندەکانی شوێندا.

١٠-شاعیر کۆمەڵێک کەرەستەی ئەفسانەیی بەکارهێناوە تا لە ڕێگەیانەوە لایەنە نەرێنییەکانی واقیعی کۆمەڵگاکەمان لە لایەک و هەروەها واقیعی دەسەڵاتی سیاسی رژێمی بەعسمان لە لایەکی ترەوە پیشان بدات.

١١- شاعیر زیرەکانە هونەری بە مرۆڤ کردنی شوێنی بەکارهێناوە. هەندێک جار بۆ گوزارشت کردن لە هەستە نەتەوەییەکانی خۆی و هەندێک جار بۆ پیشاندانی سایکۆلۆژیای مرۆڤ لە کاتی ڕووداو و پێشهاتەکاندا بەکارهێناوە. شوێن بە تەواوی کارلێکی لەگەڵ شاعیردا کردووە لە هەندێک لە دەقەکاندا شوێن شایەتی لەسەر ژیانی شاعیر دەدات ئاگاداری تەواوی ئەو داستانانەیە کە لە ژیانی شاعیردا هەنە.

١٢-خۆشەویستی بۆ شوێن لە <u>چوارچێوەی</u> خاک و نیشتماندا، بەگرنگترین هۆکار دادەنرێت کە کاریگەری لە دەروونی شاعیر کردووە بۆ مەزراندنی شوێن بەو هەموو واتایانەوە کە خۆی لەم تەوەر و باسانەدا دەبینێتەوە. (دوالیزمی شوێن، بە مرۆڤ کردنی شوێن، رەهەندەکانی شوێن.)

# سەرچاوەکان

## سەرچاوە کوردییەکان

### أ- دیوانە شیعرییەکان:-

١- پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە (دیوانە شیعر) نەوزاد ڕەفعەت، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.

٢- دارستانی ئەو بنارە، نەوزاد ڕەفعەت، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٤.

٣- ڕێی تاوسان، نەوزاد ڕەفعەت، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١

٤- شینی شالوور، نەوزاد ڕەفعەت، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، بڵاوکراوەی ئایندە، هەولێر، ٢٠٠٨.

٥- نیگەرانی، نەزاد ڕەفعەت، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣.

### ب- کتێبەکان

١- ئەفسانە و ئەدەب، د. ڕانیا سەمارە، و. حسێن سابیر عەلی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٨.

٢- ئەفسانە لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، کەریم شارەزا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٥.

٣- بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری (شێرکۆ بێکەس)دا، هاوژین سلێوە عیسا، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٤- بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردیدا، نەجم خالید نەجم الدین ئەلوەنی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٥- بینای هونەری چیرۆکی کوردی لە سەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، پەرێز سابیر، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١.

٦- خۆیبوون و شۆڕشی ئاگری، ڕۆهات ئالا کۆم، و. شوکور مستەفا، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٠.

٧- چەمک و ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا، سەباح ئیسماعیل، چاپخانەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠١.

٨- داستانی گلگامش، ئەحمەد شاملۆ، و. ئیدریس شێخ شەرەفی، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٤.

٩- دەوڵەتی جمهوری کوردستان (نامە و دۆکۆمێنت)، مەحمودی مەلا عزەت، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠٣.
١٠-سەرنجێک لە سەر ئیستاتیکا، میقداد حمە صالح، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی، ٢٠١٣.
١١-سۆزی غەریبی و سێ چامەی کوردی، حەمە صالح فەرهادی، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠٠٦.
١٢-کورد و کوردستان، کەمال بۆرکای، و. عەلی فەتحی، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٨.
١٣-گەڕان بەدوای نەمریدا، مەولود ئیبراهیم حەسەن، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
١٤-میرنشینی ئەردەلان- بابان- سۆران لە بەڵگەنامەی قاجاریدا ١٧٩٩-١٨٤٧، محمد حەمە باقی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢.
١٥-هەندێ لادانی زمانی لای سێ شاعیری نوێخوازی کورد، دلێر صادق کانەبی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٩.

**پ-گۆڤارەکان:-**

١- ئیستاتیکای شوێن لە ڕۆماندا، و.سەردار ئەحمەد گەردی، گ.پێشکەوتن، ژمارە١٥٢، بەهاری ٢٠٠٨.
٢- بەیتی دمدم و بەراوردی دوو گێڕانەوە، یونس قوربانیفەڕ، و.شەریف فەلاح، گ.ڕامان، ژ١٨٩، ٢٠١٣.
٣- پەیوەستبوون بە چەمکی شوێن و چەمکی ماڵ، فرانسیس ت.ئاندرۆ، و.لوقمان باپیر، گ.مێرگ، ژمارە ٤٦، ٢٠٠٩.
٤- جوانی و دزێوی شوێن لە چامە شامییەکەی نالی-دا، نەوزاد ڕەفعەت، گ.گەلاوێژ، ژمارە ٢، ٢٠١١.
٥- چاوپێکەوتن لە گەڵ (نەوزاد ڕەفعەت)، گ.رامان، ژمارە ٣٢، ١٩٩٩.
٦- چرپەیەک و خوێندنەوەی دارستانی ئەو بنارە، ژیار مەلا، گۆڤاری کاروان، ژ١٢٨، ١٩٩٨.

٧- دوالیزمی شوێن لە قەسیدەی (قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور)ی حەزرەتی نالی، د.سەردار ئەحمەد گەردی، گ.ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ٢٢، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر،
٨- شیعری لاواندنەوە، د. موحسین ئەحمەد عومەر، گ. ڕامان، ژمارە١٣٠، ساڵی ٢٠٠٨.
٩- فرۆید و ئەدەب، و:لە فارسییەوە: هاوار ئەحمەد، گ. ڕامان، ژمارە ٧٥، ساڵی ٢٠٠٢.
١٠-کۆماری کوردستان دوای ٦٩ ساڵ (ئاوڕدانەوەیەکی ڕەخنەگرانە)، سەعدی عوسمان هەروتی، گ.رامان، ژ٢١٤، ساڵی ٢٠١٥.
١١-کاریگەرییەتی شوێن لەسەر بزووتنەوەی مێژوو، کامەران محمد قادر، گ. زانکۆی سلێمانی، ژمارە ٢٤، ٢٠٠٨.
١٢-گەڕان بۆ ماناکانی دیکەی شیعر، بەختیار عەلی، گ.رامان، ژ٧٢، (٥)ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٢.
١٣-لەمەڕ نۆستالیژیاوە، محەمەد قاعید، و. محەمەد ئەحمەدی (ساماڵ) گ. ڕامان، ژمارە ١٩٦، ٢٠١٣.

### ت- نامە زانکۆییەکان:

١- بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا (١٩٧٠-١٩٩١)، سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلیژی زمان، ٢٠٠٢.
٢- بینای شوێن لە دوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا (هێلانە- ئەژدیها) تانیا ئەسعەد محەمەد صالح، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلیژی زمان، ٢٠٠٦.
٣- ڕەگەزەکانی چیرۆک لە داستانی (مەم و زین)ی خانیدا، نەوزەت ئەحمەد عوسمان زێباری، نامەی دکتۆرا، زانکۆی بەغدا، کۆلیژی پەروەردە، (ابن رشد) ١٩٩٩.
٤- ڕەهەندی ئەفسانەیی لە شیعرەکانی (نەزاد ڕەفعەت)دا، بێریڤان سەمەد حەوێز، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلیژی، زمان، هەولێر، ٢٠١١.

## سەرچاوە عەرەبییەکان:

### أ- کتێبەکان:-


١- اشكالية المكان فى النص الادبي، ياسين النصير، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٦.

٢- افلاطون والاسطورة، د.محمد عباس، دار التنوير للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، ٢٠٠٨.

٣- الاسطور فى الشعر العربى، د. يوسف حلاوي، ط١، دار الحداثة، لبنان، ١٩٩٢.

٤- الانسان وعالم المدينة فى الشعر العربى الحديث، د. مناف منصور، المكتبة الشرقية، مركز التوثيق والبحوث، بيروت، ١٩٧٨.

٥- التشكيل الشعري (الصنعة والرؤيا) م. محمد صابر عبيد، دار نينوى للدراسات والنشر والتوزيع، دمشق، ٢٠١١.

٦- الرواية والمكان، ياسين النصير، ج٢، الموسوعة الصغيرة، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٦.

٧- الزمان والمكان فى الشعر الجاهلي، د.باديس فوغالي، الطبعة الاولى، عالم الكتب الحديث، اربد، ٢٠٠٨.

٨- الزمان والمكان وعلاقتهما فى الشعر الحديث، فهد رجيل الناصري، المطبعة الهاجرية، البحرين، ٢٠٠٥.

٩- الزمان والمكان فى روايات غائب طعمة فرمان، د.علي ابراهيم، الطبعة الاولى، الاهالي للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق، ٢٠٠٢.

١٠- الشعر العربي المعاصر قضايا وظواهره الفنية والمعنوية، عزالدين اسماعيل، دار الفكر العربي، القاهرة، ١٩٧٩.

١١- الشعر بين الابداع والواقع، صبح ناجى القصاب، دار الرشيد للنشر، ١٩٧٩.

١٢-الشعر كيف نفهمه ونتژوقه، اليزابيث درو، ت:محمد ابراهيم الشوش، منشورات مكتبة منيمنة، مطبعة عيتاني الجديدة، بيروت، ١٩٦١.

١٣-الصورة الفنية فى التراث النقدي والبلاغي، د.جابر احمد عصفور، مطبعة دار الثقافة، القاهرة، ١٩٧٤.

١٤-الكليات- معجم المصطلحات والفروق اللغوية لابى البقاء ايوب موسى الحسيني الكوفى، عدنان درويش ومحمد المصري، منشورات وزارة الثقافة والارشاد القومي، دمشق، ١٩٨٩.

١٥-المبدأ الحواري (دراسة فى فكر ميخائيل باختين) ترفيتان تودوروف، ت: فخزي صالح، دار الشؤون الثقافية، الطبع الاولى، بغداد، ١٩٩٢.

١٦-المكان والجسد والقصيدة، المواجهة والتجليات الذات، د.فاطمة الوهيبى، ط١، المركز الثقافي العربي، ٢٠٠٥.

١٧-المكان ودلالته فى رواية (مدن الملح) لعبدالرجمن منيف، د.صالح ولعة، عالم الكتب الحديث، اربد، ٢٠١٠.

١٨-النقد البنيوي والنص الروائي، محمد سويرتي، افريقيا الشرق، ط٢، ١٩٩٤.

١٩-انسنة المكان فى روايات عبدالرحمن منيف، د. مرشد احمد، الطبعة الاولى، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، الاسكندرية، ٢٠٠٣.

٢٠-بلاغة المكان (قراءة فى مكانية النص الشعرى) فتحية كحلوش، الطبعة الاولى، مؤسسة الانتشار العربي، بيروت، ٢٠٠٨.

٢١-بناء الرواية (دراسة مقارنة لثلاثية نجيب محفوظ) د.سيزا احمد قاسم، الهيئة المصرية للكتاب، ١٩٨٤.

٢٢-بنية الشكل الروائي، حسن بحراوي، المركز الثقافي العربي، بيروت، دار البيضاء، ١٩٩٠.

٢٣-تاريخ الفكر الفلسفي، ارسطو، د. محمد على ريان، الدار القومية للطباعة والنشر، القاهرة، ١٩٦٦.

٢٤-جاحظ، رسالة الحنين الى الاوطان، رسائل جاحظ، تحقيق عبدا مهنا، ج١١، دار الحداثة، بيروت، ١٩٨٨.

٢٥-جدلية المكان والزمان والانسان فى الرواية الخليجية، د.عبدالحميد محايدين، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ٢٠٠٠.

٢٦-جماليات المكان، غاستون باشلار، ت:غالب هلسا، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٠.

٢٧-جماليات المكان، مجموعة من الباحثين، الطبعة الثانية، دار قرطبة، دارالبيضاء، ١٩٨٨.

٢٨-جماليات المكان فى الرواية العربية، شاكر النابلسى، الطبعة الاولى، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٩٤.

٢٩-جماليات المكان فى روايات جبرا ابراهيم جبرا، اسماء شاهين، دار الفارس للنشر والتوزيع، الاردن، ط١، ٢٠٠١.

٣٠-جماليات المكان فى ثلاثية حنا مينة، مهدي عبيدي، منشورات الهيئة العامة السورية للكتاب، دمشق، ٢٠١١.

٣١-جماليات النص الادبى، د.فيصل صالح القصيرى، الطبعة الاولى، دار الحوار للنشر والتوزيع، اللاذقية، ٢٠١١.

٣٢-حركية الابداع، د.خالدة سعيد، الطبعة:٢، دار العودة، ١٩٨٢.

٣٣-دراسات فى الفلسفة الغربية الحديثة، صادق جلال العظم، ط٣، دار العودة، بيروت، ١٩٧٩.

٣٤-دراسات فى الفلكلۆر، د.احمد ابوزيد وجماعته، القاهرة، ١٩٧٢.

٣٥-رسائل الكندي الفلسفية، تحقيق: محمد عبدالهادي ابو ريدة، دار الفكر العربي، مطبعة لجنة التاليف والترجمة والنشر، القاهرة، ١٩٥٠.

٣٦-سيمولوجيا النص السردى، مقاربة سيمائية لرواية الفراشات والغيلان، ذويبي خثير الزبير، الحلقة الاولى، سطيف، الجزائر، رابطة اهل القلم، ٢٠٠٦.

٣٧-شعرية المكان فى رواية البحر، محمد على كادار، المطبعة الاموية، دمشق، ١٩٩١.

٣٨-عبقرية الصورة والمكان، طاهر عبد مسلم، ط١، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان، الاردن، ٢٠٠٢.

٣٩-علم الجمال الاجتماعي، محمد عزيز نظمي سالم، دار المعارف، القاهرة.

٤٠-فلسفة المكان فى الشعر العربي، قراءة موضوعاتية جمالية، د.حبيب مونسى، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠١.

٤١-فن الشعر، د.احسان عباس، بيروت، ١٩٥٩.

٤٢-قال الراوي (البنيان الحكئاية، فى السيرة الشعبية) سعيد يقطين، المركز الثقافى العربي، بيروت، ١٩٩٧.

٤٣-قراءات فى شعر محمود درويش، د.خالد عبدالرۆوف الجبر، دار جرير، عمان، ٢٠٠٩.

٤٤-قضايا الفلسفة العامة ومباحثها، محمد علي المعطي، الاسكندرية، دار المعرفة الجامعية، ط٢، ١٩٨٤.

٤٥-قضايا المكان الروائى فى الادب المعاصر، صلاح صالح، ط١، دار الشرقيات للنشر والتوزيع، القاهرة، ١٩٩٧.

٤٦-كلام البدايات، ادونيس، دار الاداب، ط١، بيروت، ١٩٨٩.
٤٧-مختصر دراسة للتاريخ، ارنولد توينبي، ت:فؤاد محمد شبل، الجزء الاول، الطبعة الاولى، ١٩٦١.
٤٨-معجم الفلسفي المختصر، ت:توفيق سلوم، موسكو، دار التقدم، ط٤، ١٩٨٦.
٤٩-موسوعة الفلسفية، د. عبدالرحمن بدوي، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ط١، ١٩٨٤.
٥٠-نظرية المكان فى فلسفة ابن سينا، حسين مجيد العبيدي، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٧.

**ب- گۆڤارەکان بە زمانی عەرەبی:**

١- الجسد المكان فى ديوان (انا بهاء الجسد) لمحمد ادم، د. لطيف محمد حسن، مجلة جامعة تكريت للعلوم الانسانية، المجلد ٤، ٢٠١٠.
٢- الزمان فى فلسفة الغزالي وابي بركات البغدادي، نعمة محمد ابراهيم، مجلة كلية الفقه، العدد الثاني، الجامعة الستنصرية، كلية الفقه، النجف الاشرف، ١٩٨٣.
٣- الفضاء فى روايات عبدالله عيسى السلامة، بان صلاح الدين محمد حمدي، مجلة ابحاث كلية التربية الاساسية، مجلد ١١، العدد ١، ٢٠١١.
٤- المكان فى رواية العربية، عوض سعود عوض، مجلة المعرفة، العدد ٤٧٣، دمشق، ٢٠٠٣.
٥- جماليات المكان، اعتدال عثمان، مجلة الاقلام، العدد ٢، ١٩٨٦.
٦- عالم الزمان والمكان عند قدماء العراقيين، زهير محمد، مجلة افاق عربية، العدد١٨، لسنة ٩، بغداد، ١٩٨٤.
٧- نظرية المكان فى فلسفة الحسن بن هيثم الطبيعية، نعمة محمد ابراهيم، مجلة الاداب المستنصرية، عدد١٢.

**أ- رسائل الدكتوراه:**

١- البناء الفني فى الرواية العربية فى العراق، د.شجاع مسلم العانى، رسالة دكتوراه، جامعة بغداد، كلية الاداب، قسم اللغة العربية، ١٩٨٧.

٢- المكان فى الشعر الاندلسي عصر ملوك الطوائف، امل بنت محسن سالم رشيد العميري، رسالة دكتوراه، جامع ام القرى، كلية اللغة العربية، قسم الدراسات العليا العربية، فرع الادب، ٢٠٠٦.
٣- جماليات المكان فى الشعر الجزائرى المعاصر، محمد الصالح خرفي، رسالة دكتوراه، جامع منتوري، قسنطينة، كلية الاداب واللغات، قسم اللغة العربية وادابها، ٢٠٠٥-٢٠٠٦.
٤- دلالات المكان فى الشعر الفلسطينى المعاصر بعد ١٩٧٠، جمال مجناح، رسالة دكتوراه، جامعة الحاج خضر، باتينة، كلية الاداب والعلوم الانسانية، قسم اللغة العربية وادابها، السنة الجامعية ٢٠٠٧-٢٠٠٨.
٥- صورة المكان و دلالاته فى روايات واسينى الاعرج، جوادي هنية، رسالة دكتوراه، جامعة محمد خيضر بسكرة، كلية الاداب واللغات، قسم الاداب واللغة العربية، ٢٠١٢-٢٠١٣.

**ب- رسائل الماجستير:**

١- الزمان والمكان فى رواية -ذاكرة الجسد لحلام مستغانمى، خندة انور حويز، رسالة ماجستير، جامعة كوية، كلية اللغات، قسم اللغة العربية، ٢٠٠٨.
٢- الحنين والغربة فى الشعر الاندلسي (عصر سيادة غرناطة: ٦٣٥- ٨٩٧هجرية) مهار وحى ابراهيم الخليجي، رسالة ماجستير، جامعة النجاح الوطنية، كلية الداراست العليا، نابلس، فلسطين، ٢٠٠٧.
٣- المدينة فى شعر احمد عبدالمعطي حجازى، محمد صابر عبيد، رسالة ماجستير، جامعة موصل، كلية الاداب، قسم اللغة العربية، ١٩٨٦.
٤- المدينة فى قصص جليل القيسى (قراءة سايكو- سوسيولوجية) نوزاد احمد اسود، رسالة ماجستير، جامعة السليمانية، كلية اللغات، قسم اللغة العربية وادابها، ٢٠٠٧.
٥- المكان فى شعر ابن زيدون، ساهرة عليوي حسين العامري، رسالة ماجستير، جامعة بابل، كلية التربية، قسم اداب اللغة العربية، ٢٠٠٨.
٦- المكان فى شعر العربى قبل الاسلام، حيدر لازم مطلك، رسالة ماجستير، جامعة بغداد، كلية الاداب، قسم اللغة العربية، ١٩٨٧.
٧- بنية المكان، دراسة مقارنة بين روايتي (الجحيم المقدس) لبرهان شاوى و (هيلانة) لحسين عارف، سالار عبدالله تاوةكوزى، رسالة ماجستير، جامعة صلاح الدين، كلية اللغات، قسم اللغة العربية، اربيل، ٢٠١٢.

٨- دلالة المكان فى ثلاثية نجيب محفوظ، دحماني سعاد، رسالة ماجستير، جامعة الجزائر، كلية الاداب واللغات، قسم اللغة العربية وادابها، ٢٠٠٨.
٩- دلالة المكان فى رواية عابر سرير–لحلام مستغانمي، سعدية بن يحيى، رسالة ماجستير، جامعة الجزائر، كلية الاداب واللغات، قسم اللغة العربية وادابها، ٢٠٠٨.
١٠- صورة المكان الفنية فى شعر احمد السقاف، بدر نايف الرشيدي، رسالة ماجستير، جامعة الشرق الاوسط، كلية الاداب والعلوم، قسم اللغة العربية وادابها، ٢٠١١.

**لینكه ئینتەرنێتییەكان:**

1- ar.wikipedia. org.wiki/افروديت
2- ckb.wikipedia. org/wiki/شەڕی دمدم
3 - ckb.wikipedia. org/wiki/قەڵای دمدم
4- fa. wikipedia. org/wiki/كوەقاف
5-forum. 30warld. Com/archive/ index.php/t-3165
6-http://en.wikipedia.org/wiki/dualism
7-www.ar.wikipedia.orgwiki/nostalgia

زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# Indication of Place in NAWZAD RAFAAT texts

**A Thesis**

Submitted to the Council of the College of Education Salahaddin University- Erbil in Partial Fulfillment of the Requirements for the Degree of Master of Arts in Kurdish Literature

***By***

**Maria Jalal Abdul Mahammad**

B.A in Salahaddin University- 2004

***Supervised by***

**Prof. Dr. Sardar Ahmed Gardi**

Erbil, KURDISTAN

October 2015

# Abstract

This thesis, titled (Indication of Place in NAWZAD RAFAAT texts), is an effort towards reading and analyzing such meanings and purposes contained in place and location within the texts. It investigates the greatness and effects of place in human's mind generally, and especially in the poet's opinion. The research consists of three parts:

First part of it further consists of five sections; the first one narrates the concept of place according to understandings of some philosophers, second section particulates such narration into the poetry. Third section analyses the indications, authority and identification of the place in general, while the fourth section explains the relationship between time and place. The final section of part 1 explains the mutual impacts and effects between place and human.

Second part consists of two sections, first section explains the dualism of place, we have paid special attention to those texts and scripts which are mostly affected by place dualism. We also indicated some sorts of place dualism in addition to investigating poet's relationship with place, this section has revealed the psychological ups and downs of the poet have affected the place dualism. Such verses, where a place is described as a human, are also indicated.

The third part explains the expansion and aspects of place in Nawzad Rafaat texts, they are divided into five aspects; psychological, social, national, historical and mythical. The place is a reflection of subjective reality on the poet's thoughts, that is why it doesn't vary within the same poem. This part has identified the place within Nawzad rafaat's poems, it firstly explains the place theoretically, then it analyses such verses and texts which include a place with the aforesaid aspects.

Finally, the most significant conclusions of the research have been highlighted. Then the sources references have been listed.